# گەشتێک بەرەو مەککە

نـــــاوی کتێب:  گەشتێك بـــەرەو مەککـــە
ناوی نووســـــەر:  مــــــوراد هـــــۆفـمـان
ناوی وەرگـــــێڕ: عـــەبدولقـــــادر عـــەلـــی
دیزاینی نـاوەوە و بەرگ:  زەردەشـت کـاوانـی
نۆبــــــەتی چـــاپ:  یــەکــــــــەم ٢٠٢٠
چــــــــــاپ:  نــــــاوەندی ڕێنـــوێـــن
تـیــــــــراژ:  ١٠٠٠ دانــــــــــــــە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی ( ١٢٨٩ ) ی ساڵی ٢٠٢٠ پێدراوە

07501269689  07701932749

renwen2009@yahoo.com
hakem1423@yahoo.com

سلێمانـی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانـی ژمارە (٦٦)

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن ©

# گەشتێک

# بەرەو مەککە

نوسینی

**مـوراد هۆفمـــان**

وەرگێڕانـی

**عـەبدولقـــادر عەلی**


بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٩٢ کە کتێبی ـ الاسلام کبدیل ـ م لەلایەن دەزگای ـ دیترش ـ ی ئەڵمانی بڵاوبۆوە، ئەوا لە دەزگاکان و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و پارتەکان و پەرلەمان باس و هەرای زۆری لێ کەوتەوە. قەبوڵ کردنی ئەو قسانەم بەلاوە پەسەند نەبوو، چونکە بەسەر کەسایەتی خۆمدا تێپەڕی بوو زۆر پێیان لێ ڕاکێشابوو. هەڵمەتی شێواندن و ناوزڕاندنمی بە شێوەیەک بەرنامە بۆ داڕێژراو ڕێکخرابوو، و زۆر لەسەروو کەسایەتی نووسەران هەڵکشابوو. نووسەر لەو کتێبەیدا ـ الاسلام کبدیل ـ ویستوویەتی بەشێوەیەکی عەقڵگەرایی هەموو ئەو بوختان و بیروبۆچوونە نالۆژیکیانە وەلا بنێت کە زەرەرمەندانە لە ناخ و هەناوی هەر ئەڵمانییەکدا بەرامبەر ئیسلام چەکەرەی کردووە، بەڵام ئەم کتێبە ـ ڕێگای بەرەو مەککە ـ مەبەستی شتێکیترە، ئەویش قسەکردن و گرنگیدانە بە حەقیقەتی ئیمان و باوەڕ، وەک ئەوەی نووسەر لەگەڵی ژیاوە و دەژی هەروەک دەیەوێت ببێتە کارای یاریدەدەری هەستکردن بەو هێزە پاڵنەرەی کە مسوڵمان لە ئاینەکەیەوە وەری دەگرێت و وە چۆن پێی شکۆمەند دەبێت، هەروەک دەیەوێت ئەو کاتەی مسوڵمان دەستی بە ئاینەکەیەوە گرت.

## فەسڵی یەکەم

# گەشت بەرەو مەککە

دوای ئەوەی جانتا و کەلوپەلی سادەی سەفەرمان تەسلیم کرد تاوەکو بەرەو جەدەی ڕەوانە بکەن، لە فڕۆکەخانەی ـ دار البیضاء ـ دوای چاوەڕوانییەکی زۆر و چوونە سەرە گرتنەوە. لەپڕ کارمەندێکی هێڵی شانشینی مەغریبی بێ هیچ پێشەکییەک هەواڵی داینێ کەوا لە نێوان گەڕانەوە بۆ ـ الرباط ـ لە دوری ١٢٥کم و مانەوە لە ـ دار البیضاء ـ خۆمان یەکلابکەینەوە.

ئەمەش لەبەرئەوەی هەواڵی ئەوەی پێدابن کەوا فڕۆکەی ـ جامبۆ ـ ی هێڵی ئاسمانی سعودیە نەگەشتۆتە ـ داکار ـ کە لەوێوە دەهات بۆ ـ دار البیضاء ـ ئیتر  ئەمە هەر خۆی بەسە بۆئەوەی سەرنشینان و گەشتیاران دووچار بە ناڕەحەتی و توڕەبوون ببنەوە، بەڵام ئەم گەشتە و ئەم بارودۆخە جیاوازە هەموو گەشتیارەکان حاجین، و زۆرینەشیان ئافرەتن کە بە نیازی حەج کرن بەرەو مەککە دەڕۆن. کەواتە کارەکە جیاوازە لەبەرئەوەی قورئانی پیرۆز فێریان دەکات کە:

﴿ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ ۚ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِى ٱلْحَجِّ ۗ وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ۗ وَتَزَوَّدُوا۟ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ ۚ وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ البقرة: ١٩٧.

ئەمەش واتای ئەوەیە کە حاجی دەبێت کەسێکی بە ئارام و خۆگربێت و نابێت بکەوێتە دەمەبۆڵە و هات و هاوار، بگرە نزیکیشی نەکەوێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەسەری حەرام کراوە کەسێک بریندار بکات یان زیان بە شتێک بگەیەنێت، گیایەک هەڵکەنێت، مێشوولەیەک بکوژێت، لەبەرئەوە بارودۆخ ئارام بوو هەڵسوکەوت لە چوارچێوەی ڕەفتارێکی شارستانیانەدا بوو، ئیتر بە دواخستنی گەشتەکەمان لە ئێوارەی ٢٨ حوزەیران/ ١٩٩٢ بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی کۆتایی هات، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لەو حاجیانە فڕۆکەخانەی ـ محمد الخامس ـ یان جێ نەهێشت. کێ دەتوانێت سەرکێشی بەوەوە بکات هەلی لەدەستدانی گەشتێکی ئاوای ژیانی لەدەست بدات. دوای ئەوەی لەلایەن خزم و کەسوکارەوە ماڵئاواییان لێ کرابوو وە بەڕێ خرابوون. ئەوە لە بیرنەکەین کە گەشتی ـ مەغریب ـ یەک بۆ وڵاتی ـ حیجاز ـ کاتی خۆی ساڵی پێ چووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بۆ زۆرێکیان گەشتی بێ گەڕانەوە بووە!!! کەس نەیدەویست پێش ئەوەی حەج بکات لە مەککە و نەبێتە حاجی بەرەو ـ الرباط ـ بگەڕێتەوە. دوای نوێژی خەوتنان فڕۆکەخانەی ـ دار البیضاء ـ دەبووە مزگەوتێکی گەورە و فراوان. هەمان جۆر لە نوێژی بەیانیشدا دووبارە بۆوە. ئافرەتێکی گوندنشینی بە وردی بە شێوەیەکی کاریگەر چاودێری هاوسەرە نابینانەکەی دەکرد، وە پیاوە نابیناکەش بە شێوەیەکی وا بە خشوع و قوڵییەوە نوێژی دەکرد سەرنجی چاوساغەکانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو! ئێمەش لەو ماوەیەدا کە ڕووخسارمان تەمی لێ نیشتبوو، وە کەم قسەمان دەکرد، لە چێشتخانەی فڕۆکەخانە خەریک وە دەستخستنی خواردن بووین. ئەو مێزەی منی لەدەور دانیشتبووم ئەوا لاوێکی سعودیش دانیشتبوو، بێ هیچ پێشەکییەک کەوتە قسەکردن و وتی: لەمیانەی گەشت کردنمدا ڕووبەڕووی لەخشتەبردنی ـ مەی ـ خواردنەوە دەبمەوە، بەڵام ئەوەی کەوام لێ دەکات نەیخۆمەوە ئەوەیە کە دەروونم پێم دەڵێت تۆ خەڵکی

مەككەیت!! ئیتر هەندێک دیبلۆمات و پیاوی کاری سعودیم بیرکەوتەوە کە سەرمەست و خەیاڵن، هیواخوازبووم ڕێچکەی ئەم کوڕە گەنجەیان بگرتایە. بەوەی کە خەڵکی ئەو شوێنە پیرۆزەی وای لێ بکردنایە کەسێکی پابەند بوونایە. لە کۆتاییدا لە بەیانی ڕۆژی دوایی و کاتژمێر پێنج و نیو فڕۆکەی بۆنیگی سعودی ٧٤٧ بەرەو جدە بەڕێکەوت بە داکار و بیابانی کاکی بە کاکی لیبیا و سودانی تەی کرد. لەجیاتی مۆسیقای سڕکردن ئەوا لەکاتی فڕیندا لەلایەن دەزگاکانی بیستنەوە دەنگی خوێندنی قورئانمان گوێ لێبوو. لە داکارەوە هەندێک حاجیتر بوونە هاوسەفەرمان، لەوانە مختار دبوری کوڕی سەرۆک کۆمار عبدو خچیوف، سەیرمان دەکردن نموونەیەکی درەوشاوەی حەجاج بوون. ڕووخساریان شادی و کەیفی و ئارامی پۆشی بوو. گەشتی فڕۆکەکە لە کۆتایی نزیک دەبێتەوە، پێش نیشتنەوەمان بە نیو کاتژمێر ئەوا فڕۆکەوانەکە ئاگاداری کردینەوە کەوا ئێمە بەسەر ناوچەی حرم المكی دا تێدەپەڕین، ئەم ناوچەیەش کەسی حاجی بە ئیحرامەوە نەبێت پێیدا ناڕوات.

ئەمەش وەک ئاگادارکردنەوەیەک وابوو بۆ ئەو کەسانەی کە بەنیازی بەجێهێنانی فەریزەی حەجن تا دەست بکەن بە بەجێهێنانی مەناسیکەکانی و بەرگی ئیحرام بپۆشن، ئیتر شوێنی دانیشتنی گەشتیاران سپی پۆش و دەدرەوشایەوە. ئافرەتان هەموویان سپی پۆش بوون. مەچەکیان تا پاژنەی پێیانی داپۆشی، سەرپۆشێکی سپییان بەسەر سەریاندا دا، بەڵام دیارە پیاوان ئیحرامی سپییان بە شانیاندا و لە کەمەریان پێچا کە ١٨٠سم درێژ و ١٠٠ سم پان بوو. من جلەکانم نەگۆڕی، لەبەرئەوەی من بەنیازبووم سەرەتا سەردانی مەدینەی پێغەمبەر بکەم و زیارەتی گۆڕی پیرۆزی بکەم. ئیتر دوای ئەوە بەرەو مەککە بڕۆم و دەست بەجێ بەجێ کردنی فەریزەی حەج بکەم. هەموو ئەو شتانەی کە کەسی حاجی پێویستییەتی لە جانتاکەمدا لە بازاڕی سالی کڕیمن. شاری چەتە

کۆنەکانی دەریا، ئەم شارە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، هەموو پێداویستییەکانی حاجی لە قوماش، کیفێکی نەدووراو بۆ هەڵگرتنی قورئان و هەندێک ئاو، چەترێک بۆ خۆپاراستن لە تیشکی گەرمی خۆر. پشتوێنێکی پانی چەرمی بێ تەقەڵ تا ئیحرامەکەی پێ قایم بکەیت، وە ٣ گیرفان و خانەی تیایە بۆ هەڵگرتنی پاسپۆرت و بلیتی فڕۆکە و ئەویتریان بۆ هەندێک دەرمان، من بە گوێرەی ئەو پزیشکەی کە تایبەت بوو بە حاجیان هەندێک دەرمانی سەرئێشە و دان ئێشە و ئاڵۆزی گەدە و سکچوون و ڕشانەوە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمام هەڵگرت، هەروەک سەرەڕای ئەمانە جوتێک نەعلی نەدووراو کە تایبەت لە بازاڕی سالی لای پینەچییەکی نیمچە نابینا بە دروستکردنم دا، وا دەردەکەوت ئەو پیاوە تەمەنی زۆری خۆی لە دروستکردنی ئەو جۆرە لە نەعل و پێداویستی حاجیان بەسەر بردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کارەکەیدا هێندە دەست ڕەنگین نەبوو، چونکە کاتێک کە لەلای ڕۆیشتم یەکێک لە دراوسێکانی ئاماژەی بۆ کردم کە نەعلەکانی بدەمە دەست کە دامە دەستی بەبێ دەنگی و بێ ئەوەی ئەو پیاوە پیرە بزانێت نەعلەکانی بۆ چاک کردم و هیچ پارەیەکیشی لێ وەرنەگرتم. فڕۆکەکەمان بە سەلامەتی لەناو ئەو ٥ فڕۆکەخانەی جدە بە سەلامەتی نیشتەوە، ئەو فڕۆکەخانەیە سەرەڕای ئەوەی لە کۆنکرێت دروستکراوە کەچی دەڵێی چادرێکە و بەسەر دەریای لمدا مەلە دەکات.

هەر کە گەشتمە جێ لەگەڵ ئەوانیتردا ئەوا بەرپرسێکی نیشتەجێکردن و هاتوچۆکردنمان هاتەلا. دیارە کە ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری بەجێهێنانی مەناسیکی حەجیش بوو، ئێمە کە بەمەمان زانی پێخۆشحاڵ بووین، هەرچەندە ئێمە هەریەک لەلای خۆیەوە لە هەوڵی ئەوەدابووە، کە بەو پێیەی قورئان و سوننەت داوای کردووە خۆمان فێری لەبەرکردنی چۆنیەتی ئەنجامدانی فەریزەی حەج بکەین، وەک ئەوەی قورئان و

فەرمووده باسی لێوه کردووه، تا ئەگەر خوا ویستی لێمان قەبوڵ بکات. لەو ئوتێلەی تیایدا مامەوه و لەژێر چاودێری بەڕێوبەرایەتی شانشیندا بووم بە مسوڵمانانی هەر چوار لای دنیا گەشتم، هەر لە جزر القمر تا دەگاتە واشنتنی پایتەخت، قسە و باسمان هەمووی یەک شت بوو ئەویش تەنها باسی ئیسلام بە خێر و فەڕی ئەو گفتوگۆ فیکرییەی لە نێوانماندا ڕوویدا، ئەوا بەجێهێنانی فەریزەی حەج بۆم بوو بە زانکۆیەکی گەڕۆک. یەکێک لەوانەی لەگەڵی ئاخاوتم شێخ محفوظ نحناح بوو لە جەزائیر قەدەر وابوو زیاد لە جارێک لە حەج پێی بگەم. ڕۆژی ٦/٣١/ کاروانی سەیارەکانمان بەخێراییەکی زۆر شەقامەکانی جدەیان بڕی تا ئەوەی یەکێک لە سەیارە لیمۆزینەکانمان لێ ون بوو، پلەی گەرما ٤٠ پلەی سیلیزی بوو!! لەسەرەتاوه نەمگووت کە یەکێک لە فەزیلەتەکانی حەج ئارامگرتنە، فڕۆکەیەکی جۆری هرقل ١٣٠ی سەر بە هێزی ئاسمانی سعودی بە ٥٠ دەقیقە گەیاندینە شاری مەدینەی مونەوەرە کە پەناگە و پێگەی پێغەمبەری خوابووه.

دوای ئازاردان و ناڕەحەتکردنی لە مەککەدا لێرەدا ئیسلام بوو بە دین و دەوڵەت، هەر لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) یەکەمین دەستوری قەوارەی فیدڕاڵی نووسی کە تیایدا هەموو مسوڵمان و جولەکەی یەکخست، هەر لێرەدا پەیامەکەی بە کۆتا گەیشت و هەر لێرەش وەفاتی کرد.

خێرا بە هاوڕێیەتی محفوظ نحناح بەرەو مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) بەڕێ کەوتم کە گۆڕی پێغەمبەریشی تیایە. ئەم مزگەوتە لە تەنیشت شوێنی نیشتەجێ بوونی پێغەمبەر(ﷺ) دروستکراوه. لەگەڵ دەست پاراستن لە ماڵەکانی فراوانکردنێکی زۆر ڕووی لە مزگەوتەکە کردووه. هەموو فراوانکردنەکانی پێشوو لەگەڵ ئەمەی کۆتا جار وا بەراورد ناکرێت، ساڵی ١٩٨٢ کە بۆیەکەمجار چووم ٦ منارەی هەبوو ئێستا ١١ دانەیە. ئەگەر جاران جێگای تەنها چەند سەد کەسێکی گرتبێت

ئەوا ئێستا نزیکەی ٧٠٠ هەزار مەتر چوارگۆشەیی بۆ نزیکەی ٦٠٠ هەزار نوێژخوێ فەراهەم هاتووە. پایەکانی وێنەیەکی مزگەوتی ئەمەوی ئەندەلوسە لە قورتوبە، کۆمپانیایەکی مسوڵمانانی ئەڵمانیا هەستاوە بە دابینکردنی چەتر بۆ پاراستن لە تیشکی خۆر کە تیرەکەی ١٨ مەترە. کە بەپێی ئاراستەی تیشکی خۆر دەکرێتەوە و دادەخرێتەوە و دەگەڕێت، کاتی نوێژی شێوان پلەی گەرما ٤٤ پلەی سەدی بوو، سەدان هەزار نوێژخوێن لەملاولاوە کۆبوونەوە، ئەو کاتەی سەیارە لیمۆزینە ئەمریکییە گرانبەهاکان بەناو ئاپۆڕای خەڵکدا دەڕۆشتن کەس قسەیەکی بە تورەییەوە پێ نەدەوتن و ئاماژەیەکی ناشیرینیان بەڕوودا نەدرا و کەسیش بە ڕقەوە دەستی بە سەیارەکەدا نەدەکێشا. ئەم جۆرە لە ڕێکوپێکی و خۆگرتن و پابەند بوون بە ڕەفتاری ئادابی بەرزەوە لەو حەشاماتی خەڵکە جێگای سەرسوڕمانە. تەنانەت پابەندبوون بەو ڕەفتارانە مرۆڤیشی تێپەڕاند و ئاژەڵ و گژوگیاشی دەگرتەوە.

من لام وانەبوو کە ئەزموونێکی ئاوا ئاینی بتوانێت کە هەندێک یاساو ڕێسای کۆمەڵایەتی بۆ ماوەیەک ڕابگرێت و پەک بخات. لەکاتی نوێژکردندا کەسێکی پاکستانی لە تەنیشتم نوێژی دەکرد کە لە بانکێکی بەحرەین کاری دەکرد و هەروەک هاوڵاتییەکی تورکیش کە لە بوخوم کاری دەکرد لەولاترم بوو. ئەم بەیەک گەیشتنە جیهانییە یەکێک لە ئامانجەکانی حەجە. لەگەڵ ئەوەی لادیوارەکانی مزگەوت کراوەن لامان وانەبوو پلەی گەرما لەناو مزگەوتدا ٢٨ پلەیە، بەڵام دوایی زانیمان کە دەسەڵاتداران بە بۆری ئاوی سارد بەژێر پێی نوێژخوێناندا بەڕێ دەکەن، ئاوەکەشی لە دوورەوە دەهات. لە نیوەشەودا توانیمان زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) هەردوو خەلیفەی یەکەم و دووەم ئەبوبەکر و عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) بکەین. ئەمەش لە کۆنترین شوێنی مزگەوتەکەدایە لە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) بووە و شوێنی نیشتەجێبوونی

بووە. ئەمە جێگای ئارامگای کۆتاییەتی کەماڵی عائیشەی هاوسەری بووە کە خاوەنی ڕێزێکی زۆرە و بەزیرەکی ناسراوە و فەزڵی ئەوەی هەیە بە وردی ژمارەیەکی زۆر فەرموودەی گێڕاوەتەوە. وەستان لە شوێنێک کە پێغەمبەری خوای لە ئامێز گرتووە و خاوەنی ڕێز و خۆشەویستی گەلەکەی بووە بێ ئەوەی بەرزی بکەنەوە بۆ پلەی خوایەتی. هەر لێرە نەخشەی کێشاوە و کاری کردووە و ئامۆژگاری کردووە و کەوتۆتە سەرەمەرگ، بەجێهێشتنی دونیا شتێک دڵت دەگووشێت، هەر لەم شوێنە کە بۆنی گوڵاوی مێژوویی لێ دێت ڕادەچڵەکیت، هەندێ لەو حاجیانەی هاوسەفەرم بوون خۆیان پێ نەگیراو دایانە پڕمەی گریانێکی بەکوڵ دوای ئەوەی لە دوای نیوە شەودا مزگەوتمان جێهێشت ئەوا کۆمەڵێک ئافرەتی مالیزیم بینی کە بە ویقار و شکۆیەکەوە لە میحرابەکەدا مابوونەوە، ئەوان لەم شوێنە پیرۆزەدا و لێیان لە نوێژکردن تێر نەدەبوو، نەک کەس بگرە ئەوانەش کە ئەرکی پاکوخاوێنی شوێنەکەیان لە ئەستۆیە بیریان لەوە نەدەکردوە کەوا داوای ڕۆیشتنیان لێ بکەن و شوێنەکە چۆڵ بکەن ئەگەر بە سەیرکردنێکی سەعاتەکەی دەستیشیان بێت. دوای ئەوەی مزگەوتمان بەجێهێشت لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابیانی شەریعەی جەزائیری لە شوێنێکی پاک و خاوێن و سادەی مانەوەیان تا نوێژی بەیانی کەوتینە گفتوگۆ کردن ئەو کاتەی لەگەڵ هاوسەفەرم شێخ محفوظ نحناح بەرەو ئەوێ بەڕێ کەوتم ئەوسا زانیم چەندە خاوەنی جەماوەرێکی دڵگەرمە. هەر ٥٠ مەتر دەڕۆیشتین و یەکێکی بەرەو ڕوو دەهات بۆ سڵاوکردن و باوەش پیاکردن و ڕاوێژ پێکردن. ڕۆژی دوایی سەردانی گۆڕستانی بەناوبانگی بەقیعم کرد کە گۆڕی زۆرێک لە یاران و خانەوادەی پێغەمبەر (ﷺ)ی تیادایە کە لە مەدینەدا کۆچی دواییان کردووە. لەوانە گۆڕی خاتوو عائیشە، خاتوو فاتیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) دایکی حەسەن و حسێن و خێزانی علی کوڕی ئەبو تاڵیب، بە گوێرەی ڕێنومایی وەهابییەکان گۆڕەکان هیچ ئاماژەیەکی

جیاکارییان تیادا نییە تا بناسرێنەوە. ئەمەش پێچەوانەی ـ مرابطین ـ ی وڵاتی مەغریبە بگرە لەچاو ساڵی ١٩٨٢ تەواو گۆڕاوە، ئەو کات گۆڕی عوسمانی کوڕی عەففان مان دەزانی کامەیە، بەڵام گۆڕستانەکان لەگەڵ زەوی تەخت کراون، ئەمڕۆ شتێک نییە ناوی سەردانی گۆڕێکی دیاری کراو بێت و یان یادی کۆچ کردووانی تیادا بێت، ئەم ڕێگە گرتنە ڕیشەییە لە سیمای گەورەکردنی مردووان ئەوا کۆمەڵێک حاجی شیعەی ئێرانی تەنگەتاو و نارەحەت دەکرد بە تایبەت لەوەیان لە گۆڕی فاتیمە ی کچی پێغەمبەر (ﷺ) بوو. ئەوەی لەوێ کۆچی دوایی بکردایە دەهێنرایە مزگەوت تا نوێژی لەسەر بکرێت، ئیتر هەر خەفەتی ئەوەمان لێ دەخواردن کە نەیانتوانیوە ڕێوڕەسمەکانی حەج ئەنجام بدەن، بەڵام هەندێک مردن هەیە لە هەندێک مردنی تر باشتر دێتە ژماردن، بۆ نموونە مردن لە مەککە یان لە مەدینە؟! وام دادەنا کە جارێکیتر جەنازەی من بەسەر شانی خەڵکەوە دەبێت و دەیبەن بۆ مزگەوت، کەچی هیچ ترسێکم لەم خەیاڵاتە بۆ نەدەهاتە پێش چاو. دوای سەردانی بەقیع سەردانی دوو مزگەوتی مێژوییمان کرد ئەوانیش هەردوو مزگەوتی (قباء) و (قبلتین) بوو، پاشان بۆ شەڕگەی (أحد) کە گۆڕی ٧٠ یارانی لەخۆ گرتووە، لەوانە حەمزەی مامی پێغەمبەر (ﷺ) لەم جەنگەدا بەهۆی لاوازی لە پابەندبوون بە تەکتیکی شەڕ و گوێڕایەڵی نەکردنی سەربازی مسوڵمانان دووچار بە شکست هاتن تا ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) دووچار بە مەترسی لەسەر ژیانی بۆوە.

ئەمڕۆ أحد لە ناوچەیەکی ڕەق و وشکەڵان زیاتر هیچیتر نیە. نە بۆ کشتوکاڵ و نەبۆ ئاژەڵداری دەست نادات. هیچ گەشتیارێکی شەیدای زانست و زانیاری لێرە هیچی بەردەست ناکەوێت، ئەو دوو مزگەوتەش کە دەڵێن مێژوویین ئەوا بێ مێژوون! بەداخەوە بەهۆی تێڕوانینی وەهابییانە و ترسان لەوەی کە گەورەکردن و بەپیرۆزکردن

بەرەو موشریکیان بەرێت، ئەوا جارێکیتر مزگەوتەکە سەر لەنوێ دروستکراوەتەوە بەبێ ڕەچاو کردنی ئاماژە و ئاڕاستە مێژووییەکەی. ئێمە لە ساڵی ١٩٨٢ بە ئاسانی شوێنەواری هەردوو قیبلەکەمان دەزانی و دەبینی قیبلەی یەکەم بۆ مسوڵمانانی سەرەتای ئیسلام کە ڕوویان کردۆتە قدس، وە قیبلەی دووەمیش هەر بۆ مسوڵمانانی سەرەتا کە ڕوویان کردۆتە مەککە. لە ڕۆژی سێهەمی مانگی ٦ بە فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانی سعودیە بەرەو جدە گەڕاینەوە، پێش گەڕانەوە سەردانی نوێترین چاپخانەی لەچاپدانی قورئانی پیرۆزمان کرد لە نزیک مەدینە، کە ساڵانە ٣٨ ملیۆن نوسخە لە قورئانی پیرۆز چاپ دەکات و بە خۆڕایی بڵاو دەکرێتەوە، کە لەناویاندا ملیۆنەها نوسخە لە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی هەیە تا دەگاتە سەر زمانی کۆری، هەموو حاجییەک نوسخەیەکی بەدیاری پێ دەدرێت.

نیەتی ئەوەم هێنا کە دەست بکەم بە بەجێهێنانی فەریزەی حەج، بەو جۆرەی کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەنجامی داوە یان نزیک لە ئەو، واتە سەرەتا عەمرە بکەم و پاشان حەج. ئیتر خۆم شت و دوعای واجب بوونم خوێندو بەرگی ئیحرامم پۆشی. ئیتر پێش ئەوەی بگەینە فڕۆکەخانە من تەواو ئامادەباشیم دەربڕی، بەڵام دوو سەعات چاوەڕێمان کرد تا ئەو سەیارەیە بێت بە شوێنماندا کە دەیبردین بۆ فڕۆکەخانە، بەڵێ دوو سەعاتی تریشمان لە چاوەڕوانی پێش هەستانی فڕۆکە بەڕێ کرد، بەڵام کەس هیچی نەگوت و کەس چرپەی لێ نەهات! لەگەڵ ئەوەی من لەکاتی ئەنجامدانی عومرە لە ساڵی ١٩٨٢ دا لە بەیانی تا نیوەڕۆ ئیحرامم پۆشی بوو کەچی بە پۆشینی ئەم جارە ناڕەحەت بووم. دەتوانیت بە بەشی سەرەوەی خۆت لە گەرمای خۆرەتاو بپارێزیت، هەروەک عارەقی لاشەش هەڵدەمژێت. هەرچەند لە ژووری پڕ لە فێنک کەرەوەدا لەسەرمان موچڕکەمان پیادا دەهات، بەڵام ئەوەی کە گرنگترە ئەوەیە

كە هەرچی حاجی هەیە ئەم بەرگە لەبەر دەكات هەژار و دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات گەورە و بچوك و زانا و كەسی سادە وەك یەك، لەبەرئەوەی هیچ نەخش و خەت و خاڵێكی دیاری كراوی نییە ئەوا كەس لە كەس جیا ناكرێتەوە.

ئەمە نەك ئاماژەی ئەوەیە كە مرۆڤەكان هەمووان لەلای خوا چوون یەكن، بەڵكو ئاماژەی ئەوەشە كە ڕۆژی دواییش هەمووان وەك یەك وان. ئەو كاتەی لە هۆڵی فڕۆكەخانە خەریكی هاتوچۆبووین، وەك ئەوە وایە مردبیت و كفنەكەت پۆشی بێت، هەر بۆیە هەندێك لە حاجییەكان هەر دەیپارێزن و لە دواییدا دەیكەن بە كفنی گۆڕەكەیان. لە كاتی هەستانی فڕۆكەكەدا هەندێك لە بەرپرسانی پڕۆتۆكۆڵ لە مەدینە وەستابوون. هەموو هەنگاو جوڵەیەكیان بە ویقار و شكۆوە بوو. هەموو باڵابەرز و خاوەن ڕیشێكی تەنك بوون عەبای بەسەر شانا دراویان شان و شكۆی شاهانەی نیشان دەدا، جا چەندە بەرگ و پۆشاكی ئێمە و ئەوان زۆر لەیەك جیابوون، ئێمە كفن پۆش بووین!!

هەندێك لە هاوڕێیانی سەفەری حەجم خەڵكی ـ سەنیگال ـ بوون حەساسیەتێكی تایبەتیان بەرامبەر بە عەرەب هەبوو، چونكە لای ئەوان ئەوانە وەك جولەكە وان كە خۆیان بە گەلی هەڵبژاردەی خوا دەزانن. لە ڕاستیدا هەر ئەوان وانین. من لای خۆمەوە ئەوەم بە خەیاڵدا دەهات دەبێت مرۆڤ ئەگەر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەختی گرتی ئەوا تووشی لەخۆبایی بوون بێت، یەكەمیان ئەوەیە كۆتا پێغەمبەر لەسەر زەمینی ئەوان و بە زمانی ئەوان بێت دووهەمیش بیری نەوت و گازی سروشتی تیایدا بتەقێت. هەموو ئەوانەی لە فڕۆكەخانەكەدابوون نەیاری ئەوەبوون كە عەرەب مافی ئەوەیان هەبێت بە تەنها ئەوان لە قورئان بگەن، چونكە ئیسلام شتێك ناناسێت ناوی ڕەگەز جیاوازیی بێت. دەنگە دەنگی فڕۆكەكە وای دەكرد قسەكردن و گوێ گرتن لەیەك كارێكی قورس و

گران بێت، بەڵام ئەمە بۆ (لبيك اللهم لبيك) وانەبوو هەروەک ئەوەی ١٤٠٠ پێش ئێستاوە هاتووە. (لبيك اللهم لبيك لبيك لا شريک لک لبيك. إن الحمد والنعمة لک والملک لا شريک لک). ئیتر ئەم دوعایەم تا ڕۆژی بەرەبەیانی جەژنی قوربان دەهاتە بەر گوێ. ئیتر شەو مانگی ـ ذي الحجة ـ دەرکەوت. ئەمەش واتای ئەوەیە کە وەستانی کێوی ـ عەرەفات ـ دەکەوێتە ٦/١٠ وە ڕۆژی ٦/١١ دەکرێتە جەژن. ئەمەش دوا قۆناغی ئەرکەکانمانە. لە ٦/٤دا لەگەڵ وەزیری کاروباری ئیسلامی سریلانکایی و خێزانەکەی هەستاین بە ئەنجامدانی عەمرە، ئەو مانەوەیەمان لە جدە لە نێوان نیوەڕۆ و ئێوارەدا پێش ئەوەی بەرەو مەککە بەڕێ بکەوین شتێکی باش بوو، چونکە ئێمە لە نیوە شەودا گەیشتینە ئەوێ، پلەی گەرما دابەزیبووە ٣٨ پلە. پێش ئەوەی بگەینە جێی مانەوەمان ئەوا بەناو تونێلێکدا ڕۆیشتین کە لە شاخە بەردەکانی مەککەدا لێدرابوو. ئای چەندە ساتێکی دڵخۆش و ئاسان بوو بۆمان کە لە تونێلەکەوە هاتینە دەر یەکسەر مزگەوتێکی گەورە و جوانمان بەرچاوکەوت، ئەوا ئێمە هەڵدەستین بە دووبارە کردنەوەی کردەوەکانی ئیبراهیم پێغەمبەر (عليه السلام) لە شوێنی کۆنترین پەرستگای یەکتاپەرستی سەر زەوی کە بە بەردی گەورەگەورە دروستکراوە، ئەمەش وێنایەکی ئەندازەیی جوانە کەماڵی خوا لە جوانترین شێوەدا دەردەخات. هونەرێکی سادە و جوانە، دوور لەو ئاڵۆزییەی لە هونەری- قوتی و ڕوکوکودا- هەیە. کەعبە بە پەردەیەکی مەخمەڵی ڕەش داپۆشراوە کە بە ئایەتی قورئان نەخشاوە، نووسینەکانیش بە تاڵی ئاڵتون نووسراون، ساڵانە ئەو بەرگە دەگۆڕدرێت، کۆمەڵێک لە نەخشەساز و دەستڕەنگینان لە ماوەی ساڵەکەدا کار لەسەر ئەو نەخشە جوانەیە دەکەن. پێشووتر ئەم بەرگەی کەعبە لە میسرەوە ساڵانە لەلایەن خدێوی بە دیاری دەنێردرا. ساڵانە لەمیانەی ـ حەج ـ کردندا پەردەی کەعبە لادەبرێت تا خەڵکی وەک تابلۆیەکی هونەری نەڕواننە ماڵی خوا، یان وەک تابلۆیەکی هونەری

سەیربکرێت. لە کاتی چوونەژوورەوە بۆ ناو حەرەمی مزگەوت باش پشکنینیان نەوەکو کەسێک چەکی هەڵگرتبێت. بە شەوقێکەوە ڕوومان کردە ناوەوە بەنییەتی تەواف کردن، ئیتر دەستمان کرد بە تەواف کردن بە دەوری کەعبەدا کە ڕۆژانە ملیۆنەها مسوڵمان لە نوێژدا ڕووی تێدەکەن. لە کاتی تەواف کردندا بەردەوام ئەوەم لەخەیاڵدا بوو کە ئەم تەواف کردنەمان بە دەوری کەعبەدا بۆ ڕووکردنە خوای گەورەیە. بێجگە لەو دوعایانەی کە هەبوون و دەوترێن ئەوا ئەم دوعایەی خۆشم دووبارە لەگەڵیدا دەگوتەوە (خودایە ڕاستی و حەقیقەت لە دڵمدا جێگیربکە. هەق و ڕاستی بکەیتە ئاراستەی کەسێتیم)، بیرم کردەوە کە ئەم خانەی خودایە ڕۆژگارێک لە تەمەنی پێغەمبەردا (ﷺ) پڕبووە لە بت لەناو ئەو بتانەشدا دوو پەیکەری هەردوو عیسا و مەریەم (علیهما السلام) بوو کە ئەمەش دەرخەری ئاراستەی فرەیی ئاینی و ئابووری سەرکەوتوو بوو. ئەو کات مەککە مەڵبەندێکی بازرگانی جیهانی بوو، بەڵام لەمڕۆدا مەڵبەندێکی حەج کردنی جیهانییە. ئەو کات لە مانگی ٤ مانگی الاشهر الحرام هەموو کەس بۆیان هەبوو ڕووی تێبکەن، بەڵام ئەمڕۆ تەنها مسوڵمانان بۆیان هەیە لە چوارگۆشەی دنیاوە بچنە ناوی. لەناو ئەو قەڵەباڵغی و پاڵەپەستۆیەدا ئاسان نەبوو شوێنێک بکەیت بە نیشانە، لەناو ئەو کەشوهەوا قەڵەباڵغەدا ئەگەر حاڵەتی ڕۆحانییەت و گیان پڕبوون نەبوایە ئەوا حەج کردن تەنها دەبووە هەوڵ و کۆششێکی لاشەیی و بەس.

لە زۆرلاوە لەلایەن ئافرەتانی ئەنازۆڵی چوارشانەوە نارەحەتیم دەهاتەڕێ، کاتێک لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەڕۆیشتن دەستیان بەوانەوە دەگرت و ئەوانیش وەک سەرکردەیەکی ئەو پێکهاتەیە لە پێشیانەوە دەڕۆیشتن و کتێبی دوعاکردنی بە زمانی تورکییان بەدەستەوە دەگرت، زۆر بە دڵ و بەکوڵ دوعایان دەخوێند. مەترسی لەوەدا بوو کە ببیتە

تۆپێک و لەناو ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا دووچار بە هێنان و لادان بکرێیت کە شەلاڵی عەرەق کردنەوە و نارەحەتی هاتوون. لوتکەی ئەم نارەحەتیانە ماچ کردنی ـ حجر الاسود دایە. لێرەدا ئەوانەی کە خەریکی تەواف کردنن دێن و لە ـ حجر الاسود ـ نزیک دەبنەوە و ماچی دەکەن، ئەوانەش ماچیان کردووە دەگەڕێنەوە دواوە، لێرەدا جۆرێک لە پاڵەپەستۆ و بەرەو ڕووبوونەوە دروست دەبێت، ئیتر جوڵە و بزاوتن دادەوەستێت. من پێشتر دەرفەتی ماچکردنی ئەو بەردە ـ نەیزەک ـ ەم بۆ ڕەخسابوو. بۆیە نەدەشیاو گونجاو نەبوو من سەرسوڕمانی حاجییەکان بەو بەردە بە کەم بگرم، لەگەڵ ئەوەی کە هیچ ڕۆڵی وای لە بەجێگەیاندنی فەریزەی حەجدا نییە، چونکە عەرەبەکان پێشتر بەردیان پەرستووە ئەوا ئیسلام هیچ بایەخێک و گرنگییەک بە بەرد نادات، جا ڕەشە، سپیە، یان خۆڵەمێشی. بایەخ دان بە ـ حجر الاسود ـ دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، کەعبە زۆرجار دووچار بە زریان و لافاو بۆتەوە، ئەوەی لە باکوری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی نزیک ئەو دۆڵە وشکانەی بینیبێت کەوا چۆن لافاو تیایدا هاژە دەکات و پێش خۆی ڕادەماڵێت ئەوا بەلایەوە سەیر نابێت. لەو میانەیەشدا ئەم بەردە ڕەشەی کە نە زیانی هەیە نە قازانج، تاکە بەشی بەجێ ماوی سەردەمی نەفامی پێش هاتنی ئیسلامە. بە کورتی کۆنترین بەشی کەعبەیە ئەمە جگە لەوەی کە خودی پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لەم شوێنەی ئێستادا دایناوە لەمیانەی دانانەوەی بەردە ڕەشەکە لە دیواری کەعبەدا سەران و گەورەکانی هۆزە عەرەبەکان ناکۆک بوون کە کامیان شەرەفی دانانەوەی ئەم بەردەیان لە کەعبە بەرکەوێت و لە شوێنی خۆی دایبنێنەوە، بەلام پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئاریشەیەی چارەسەرکرد بەوەی بەردەکە بخرێتە ناو پارچە قوماشێک و هەریەکە لە سەرانی هۆزەکان دەستی بدەنێ و ئەویش وەک داوەرێکی بێ لایەن لەسەرەوە لە دەستیان وەرگرێت و لەم شوێنەی ئێستادا داینا. بۆیە ئەوەی لەگەڵ ئەم بەردەدا بەرکەوتەی دەبێت ئەوا بە شێوەیەکی ماددی لەگەڵ پێغەمبەر

(ﷺ) بەرکەوتەی دەبێت. ئەمەش بۆ هاوڕێکانم سەرچاوەی نیگایەکی ڕەمزی بوو لەم فیکر و خەیاڵەی خۆم دا بە بینینی دیمەنی ئافرەتێکی مالیزی جلەوی خەیاڵم پچڕا، ئافرەتەکە بێ گیان و بێ هۆش هەڵگیرابوو. وەک هەریەکە لە مالیزییەکان کە زۆر بە ڕێکوپێکی ڕێکخراون حەج ئەنجام دەدەن. ئاڵاو ڕەنگی وڵاتی خۆیان لەگەڵ پێناسەی ناساندنی خودی خۆیان لەسەر پارچە قوماشێکی پشت لەچکەکەیان هەڵدەواسن، ئەمەش وادەکات زوو بناسرێنەوە. ئەمەش یەکەمین کەس نەبوو کە لەناو ئەو قەڵەباڵغییەی تەوافکردندا گیان لەدەست بدات. لەگەڵ ئەو هەموو قەڵەباڵغی و ناڕەحەتییەدا بینینی لێبوردەیی و گیانی بەخشین و دەربڕینی سۆز و بەزەیی زۆر بەرچاو دیاربوو. حاجییەکم بینی بە دوو دار دەست تەوافی دەکرد جا حەزی نەدەکرد خەڵک بیکەنە سەر شان و کۆڵیان یان لەبەر هەژاری بوو کەوا کەسێک لەو ڕەش پێستە باڵابەرزانە بەکرێ بگرێت کە بیگێڕن و تەوافی پێ بکەن. یان کەسێک بە کورسییەکی گەڕۆک تەوافی پێ بکات. ئەوا حاجی هەر چوار لایان گرتبوو تاوەکو نەکەوێت. لەم قەڵەباڵغییەدا ئەنجامدانی ٧ جار سووڕانەوە بە دەوری کەعبەدا نزیکەی سەعاتێک زیاتری دەوێت. لە خۆش بەختی من ئەوەبوو کە شەو دنیا کەمێک ساردبوو، کەسێکی خەڵکی ناوەڕاستی ئەوروپا ئەگەر بۆ ماوەی سەعاتێک ڕاستەوخۆ خۆر لە گەرمەی گڕوتینیدا لێی بدات ئەوا بێگومان لە بەشی تیشکی خۆر بردووانی نەخۆشخانە خۆی دەبینێتەوە و بە ئاگادێتەوە. لەدوای ئەنجامدانی تەواف ئاوی زەم زەمم خواردەوە بە مانای وشە هەستم بە پشوو و حەسانەوە کرد. ئیتر بڕیاری ئەوەم دا کەوا ٢٠ لیتر لەم ئاوە لەگەڵ خۆم ببمەوە بۆ رباط تا هەریەکە لە هاوڕێ و کارمەندان شتێکی لێ بخۆنەوە و زاریانی پێ تەڕ بکەن. ئەم ئاوە سەراپا زێڕە بەم جۆرە لەگەڵ مەککەدا لە ڕووی ماددیەوە پەیوەست دەبیت. کاتی ئەوە هات ٢ ڕکات نوێژ لە مەقامی ئیبراهیمدا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بکەین. ئەمەمان بیردەخاتەوە

کە کەعبە لەلایەن باوکی هەموو سامییەکانەوە دروستکراوە کە ئیسماعیلی کوڕیشی لەگەڵدا بووە هەروەک ئەوەی لە قورئاندا ناوی هاتووە. (ئیسماعیل لە هاوسەری دووهەمی بووە کە ناوی هاجەرە و ئیسماعیل باپیرەی عەرەبەکانە). ئیبراهیم سەردانی ئەم خێزانە عەرەبەی دەکرد لە مەککەدا سالانێک بوو نیشتەجێ بووبوون دوای ئەوەی لە هاوسەرەکەی تریان سارە منداڵێکیتری بوو کە ئیسحاق بوو، ئەمیش باپیرەی جولەکەکانە. هەندێک تەنانەت لە مسوڵمانەکانیش مەیلیان بەلای ئەم گێڕانەوەیەدا دەگێڕن کە لە قورئان و تەوراتدا هاتووە، ئەمەش بەو پێودانگەی داستانێکی باشە. ئەو کاتەی بەدوای شوێنێکدا دەگەڕام نوێژی تیایدا بکەم ئەوا تووشی هەردوو هاوڕێم باڵیۆزی غینیا لە رباط و موفتی لوبنان بووم ئەوانیش لە هەمان خواست و پێداویستی منیان هەبوو. ئیتر لە شوێنێکدا کە کۆمەڵێک حاجی تورک یان مەغۆل کە لە ژێر سایەی مزگەوتدا خەریکی پشودان بوون جێگایەکمان دەستکەوت. هەندێکیان خەریکی قورئان خوێندن بوون و هەندێکیتریان خواردنیان دەخوارد و ئەوانیتر بەدەم چاوەڕوانی بانگی بەیانییەوە خەوتبوون. لەگەڵ ئەوەشدا خێرا چووم بۆ ئەنجامدانی ٧ جار صەفا و مەروا، هەروەک ئەوەی قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداو:

﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِۖ فَمَنۡ حَجَّ ٱلۡبَيۡتَ أَوِ ٱعۡتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَاۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيۡرٗا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾

البقرة: ١٥٨

شایەنی یادخستنەوەیە کە ئەم کارە بۆ گەڕان بەدوای ئاوی زەم زەمدا کراوە. گێڕانەوەکە باس لەوە دەکات کەوا خاتوو هاجر دوای ئەوەی ئیبراهیمی هاوسەری (علیه السلام) لەو چۆڵەوانییەدا جێی هێشتن لەگەڵ منداڵەکەیدا ئەوا دووچار بە تەنگەژە و ناڕەحەتی بۆوە.

(بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ) إبراهيم: ٣٧. خاتوو هاجەرە لە نێوان هەردوو کێوەکەدا بەدوای ئاودا دەگەڕا. دوای ئەوەی کە بە ناچاری و ناڕەحەتی گەڕایەوە لای منداڵەکەی بینی کێشەکە چارەسەر بووە و ئیسماعیلی کۆرپەی لەناو ئاوەکەدا یاری دەکات کە ئێستا بیری زەم زەمە. ئەمەش زیندووکردنەوەی ئەو یادەیە کە چاودێری و بەزەیی نواندنی خوایی لەسەریان بەرچاو دیار دەخاتەوە. سەعی کردن لە حەجدا ئەنجامدانی فەریزەیەکی لاشەیی گرانە، بە تایبەت کە لە هەندێک شوێندا دەبێت خێراتر لە ڕۆیشتنی ئاسایی بڕۆیت، کاتێک کە گەیشتم بە بیری زەم زەم بە شەکەتی و ماندوویی، بەڵام دڵخۆش تا تینویەتیمی لێ بشکێنم. ئەو ڕەمز و ئاماژە جوانەی ئەم شاعیرەم جوانتر بۆ دەرکەوت. ئێستا دەتوانم هەندێک لە مووی سەرم بتاشم کە ئاماژەی کۆتایی هێنانی بەشی یەکەمی حەجەکەمە، بەڵام هەندێکیتر لە هاوڕێکانم کە سەنگالییەکان لەوان بوون ئەوا ئەوان بژاردەی ناڕەحەتتریان هەڵبژارد کە حەجی ـ القران ـ بوو، واتە کۆکردنەوەی حەج و عەمرە، ئیتر ئەوان تا لێبوونەوە و تەواوکردنی هەموو ئەرکەکانی حەج کردن ئەوا ئیحرام دەپۆشن.

ڕۆژی دوایی بۆ ڕزگاربوون لە سکچوون پشوومدا، هەروەک سەرما و ناڕەحەتیش کاری خۆی لەسەرم کردبوو. ئەو ماوەیە سەیری تەلەفزیۆنی سعودیم دەکرد و بەرنامەکانیم ڕاڤەدەکرد. کە لەگەڵ وتار و مەوعیزەی یەکشەممان جیاوازییەکی وای نەبوو، وتاربێژەکەی ئەمڕۆ لەسەر شاشەکە باسی لەوە دەکرد کە هەر کەسێک لای وانەبێت کە (عیسی) (علیه السلام) پێغەمبەری خوایە ئەوا مسوڵمان نییە. وە دەیوت ئیسلام باوەڕی بە شوێنکەوتنی کوێرانە نییە. کەسیش لە بیرکردنەوە نەبەخشراوە. هەر بۆ جەخت کردنەوە لە قسەکانی ڕاڤەیەکی تازەی ئایەتێکی سورەتی نوری کرد کە دەفەرموویت:

﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشۡكَوٰةٖ فِيهَا مِصۡبَاحٌۖ ٱلۡمِصۡبَاحُ فِي زُجَاجَةٍۖ ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوۡكَبٞ دُرِّيّٞ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٖ مُّبَٰرَكَةٖ زَيۡتُونَةٖ لَّا شَرۡقِيَّةٖ وَلَا غَرۡبِيَّةٖ يَكَادُ زَيۡتُهَا يُضِيٓءُ وَلَوۡ لَمۡ تَمۡسَسۡهُ نَارٞۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٖۚ يَهۡدِي ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَيَضۡرِبُ ٱللَّهُ ٱلۡأَمۡثَٰلَ لِلنَّاسِۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ﴾النور: ٣٥

ڕاڤە نوێیەکەی ئەم ئایەتە لای ئەو ئەوەبوو کە ئەم ڕووناکییە تازەیەی پەیامی ئیسلام نورو ڕووناکی عەقڵی بێ کامڵ دەکرێت کە پێش ئیسلام هەر بووە و زیاتر ڕووناکییەکەی بڵاودەکاتەوە. دوای ١٠ ساڵ لە پێشکەوتنی ئاوەدانی و جوانی و سەرنجڕاکێش ئاسان نەبوو کەسێک هەروا بە ئاسانی جدە بناسێتەوە، شارەکە وەک شارێکی ئەمریکی لێکرابوو، شارێکی گەورە بە هێندەی بەرلین دروشم و نووسینی سەرشەقامەکان، هەڵواسینی لافیتە و پۆستەراتی دیوارەکان، سەیارەی جۆراوجۆر و بەنزینخانەی هاوشێوەی کۆلۆرادۆ و مینابولس. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە زۆرینەی هاموشۆکاران و ڕێبواران عەرەب و فلیپینی و هندین، دەنا وات نەدەزانی کە تۆ لە خاکێکی لەمێژینەی عەرەبانیت، نەک لە دنیای تازەدایت. بەشی دوایی ڕۆژەکانی حەجکردنم لەگەڵ هاوڕێ سعودی و ئەڵمانی و ئەمریکی و مەغریبیدا بەسەر دەبرد. بەردەوام بەرگی عەرەبیم لەبەردەکرد، جلێکی پان و پۆڕ و ئیسراحەت بۆ خەو. لەم کەشوهەوایەدا بیرکردنەوە بە لەبەرکردنی قات و بۆینباخ خۆخنکاندنە بۆ خۆی و ئەشکەنجەدانە. هاوڕێکانم جگە لە سعودییەکان ئەو کەسە بیانیانە بوون کە لە سعودیە کاریان دەکرد. کە ئێستا نزیکەی ٤٠٪ پێکهاتەی دانیشتوان پێک دەهێنێت (ئەم ڕێژەیە لە دوبەی دەگاتە ٩٠٪) ئەگەر بیانییەکان لێرەدا جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست ئەوا ئەمە کاری یەکەمجاریان نییە. لە سەردەمی عەباسییەکاندا

گوێ لەمستە تورکەکان جلّەوی دەسەلاّتیان وەئەستۆ گرتووە. ئەمەش وای کردووە کە دەسەلاّتداران وابکەن نەهێڵن ئەو کرێکارە هاوردانە خێزان و هاوسەرەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن. وە زۆر بە ئاسانیش ڕەوانەی دەرەوەی ولاّتیان دەکەنەوە. ئەمەش وای کردووە کە دەستی کاری بیانی بگرە مسوڵمانانیش هەست بە ئارامی نەکەن و دڵنیا نەبن. wiputr Carten کە لە ١٢ی نۆڤەمبەری ١٧٦٢ گەشتۆتە جدە ئەوەی هەست پێ کردووە کە زۆرێک لە هندییە بت پەرستەکان لە خاکی عەرەبدان بە تایبەت یەمەن. وە بە زمانێک لە قسەکردن ئاماژە دەدات کە هەمان قسەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییە کە دەڵێت: ناهێڵن هاوسەرەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، لەبەرئەوە دوای ئەوەی پارە و سامانیان کۆکردەوە ئەوا دەگەڕێنەوە ولاّتی خۆیان، ئەمەش لە ولاّتێکدایە کە نرخی لیترێک بەنزین کەمترە لە پارەی بوتڵێک ئاوی خواردنەوە. ئاو و کارەبا و پەیوەندی تەلەفۆنی بەخۆڕاییە. هاوڕێیەکی دەشتەکیم بە سەیارە کادیلاکەکەی گەیاندمیە مزگەوت تا نوێژی خەوتنان بکەم. چیرۆکی قوربانیدان بەوەی کە ئیبراهیم (علیە السلام) ئامادەبوو کوڕەکەی بکاتە قوربانی کوڕیش گوێڕایەڵی فەرمانی خوا کاریگەری زۆری هەیە. گوێڕایەڵی کردن و پشت بەستن بەخوا پایەیەکی سەرەکی مسوڵمان بوونە. بۆیە بە قوربانی کردن حەج کردن وا دەگاتە لوتکەی کۆتایی بۆ لە کۆتاییدا کە فەرات بێت یان قوربانی کردن حاجی ئاژەڵێک سەردەبڕێت. ئەویش دووبارەکردنەوەی قوربانی کردنی ئیبراهیم (علیە السلام)

﴿ وَفَدَيۡنَٰهُ بِذِبۡحٍ عَظِيمٖ﴾الصافات: ١٠٧. مەرج نیە خۆی سەری ببڕێت، بۆیە هەستام بە ناردنی ٢٨٠ مارکی ئەڵمانی بۆ یەکێک لە بانکەکان کە نرخی ٢ سەر مەڕ بوو تا سوودی لێ وەربگرێت، دیاریشم کردبوو کە بۆ مسوڵمانانی بۆسنەم دانابوو، لە ڕۆژی جەژندا نزیکەی ١٠ هەزار قەساب دێت و زیاد لە ملیۆنێک ئاژەڵ سەردەبڕن، دیارە لە نێوانیشیاندا

ئەو ٢ سەر مەڕەی منیشە. دڵنیابووم کە گۆشتەکەیان لە ساردکەرەوە و یەخچاڵدا هەڵدەگیرێت و لە ڕۆژانی داهاتوودا دەگاتە دەستیان. لە ئێوارەدا لە نافورەی ئاوەکانی شاری جدەم دەڕوانی کە بەرزی ٢٦٥مەتر بەرزبوونەوە ئەمەش هێمایەکی ناوازەی تازەی بەشارە کە بەخشی بوو. زۆر حەزم لەوەبوو کە بگەمە لوتکەی ئەنجامدانی حەج کردن. دەبێت زۆر ئاگاداری خۆت بیت ڕۆژی پێش عەرەفە نەخۆش نەکەویت حەج کردن وەک ڕوون و بەرچاوە لەسەر ئەو کەسانە فەرزە کە توانای ئەنجامدانی هەبێت:

﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾=آل عمران: ٩٧.

ئەو کەسە دەبێت توانای لاشە و تەندروستی شیاو بێت و پارە و سامانی بەشی ماڵ و منداڵی بەجێ ماوی بکات، ناشبێت موسڵمان حەج ئەنجام بدات و ماڵە دراوسێکەی موحتاجی دەستی خەڵکی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە جوتیارەکان کاتێک تەمەنیان سەردەکەوێت بۆئەوەی حەج بکەن هەڵدەستن بە فرۆشتنی زەوی و موڵکەکانیان کە کۆڵەکەی ژیانیانە، حەج کردن نەک تەنها فەرزێکە و بەس، بەڵکو خەون و حەزی هەموو موسڵمانێکە.

گەڕانەوە لە حەج شانازییەکە بۆ خۆی، کە دەگەڕێتەوە ماڵ ڕازاوەتەوە و خۆی لە جێگەیەکی خۆزگە پێبراودا دەبینێتەوە، ئیتر نازناوی دکتۆر و مامۆستا ناتوانن شان بدەن لە شانی حاجی، گەشتی حەجکردن ئەرکە و مەترسیشی تیادایە، ئێستا پێدانی ڕێپێدان ـ ڤیزە ـ بۆ وڵاتان دیاریکراوە. لە هەزار کەس یەک کەس بۆی هەیە ئەم سەفەرەی بە نسیب بێت، بۆیە وڵاتێکی وەک ئێران ٤٠ هەزار کەسێکی بۆ دیاریکراوە، هەر چەند لە ڕێگای کرێکاری بیانی هەوڵ دەدرێت خەڵکی یاساغ ڕووبکەنە حەج کردن، هەر لە دەورە بتڵی ئاو بەدەست و مەقەبای بەتاڵ بۆ خەوتنی شەویان ئاماژەیەکە ژمارەی حاجییەکان زۆر بەرز دەکەنەوە، قورئان

داوا لە حاجیان دەكات ئاداب و شكۆی حەجكردن بپارێزن، پێویستە هاوسەرداران لەیەكتر بە دووربن لە گوناە و تاوان تەنانەت جنێودان، خۆ ببوێرن و تا دەتوانن كەسێكی چاكەخواز و خێرەومەندبن:

﴿ ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ ۚ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِى ٱلْحَجِّ ۗ وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ۗ وَتَزَوَّدُوا۟ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ ۚ وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾ البقره: ١٩٧

پێش ئەنجامدانی حەجكردن لە بارەی حەجەوە كتێبی (ڕێتشارد بیرتۆن)م خوێندبووە كە لە دووبەش پێكهاتبوو لە سەدەی نۆزدەدا و ساڵی ١٨٥٣ چاپكراوە كە وەسفی چۆنیەتی ئەنجامدانی حەج دەكات لە مەككە و مەدینە.

هەروەها گەشتی حەجكردن بۆ مەككەی (han- maltazan von rich)م خوێندەوە كە ١٨٦٠ چاپكراوە، هەروەها وەسفی حەجكردنی مسوڵمانێكی سویسری شاری ـ بازل ـ م خوێندەوە كە لە ساڵی ١٨١٤دا بووە و دوایی موسڵمان بوونی ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ شێخ ئیبراهیم بن عبدالله. لەگەڵ ئەمانەشدا لەسەر ڕێنوومایە تازەكان بەدواداچونم كردووە و لێم كۆڵیونەتەوە. وەك ڕێنوومایی حەج و عەمرەكردن و گەشتی ئەمڕۆ. لە هەمووی گرنگتر توێژینەوەبوو لەو ئایەتانەی قورئان كە باس لە حەج دەكەن.

هەروەك سوودم لە كتێبەكەی ـ أحمد فون دنفر ـ وەرگرت كە بەشێوەیەكی چڕوپڕ ئایەتەكانی قورئان و فەرموودەی هێناوە و كۆكردۆتەوە. كە تیایدا ئەنجامدانی فەریزەی حەجی تیایە بە شێوەیەكی مادی و مەعنەوی و ڕووی دەرەوە و ناوەوەی حەجی باس لێكردووە، ئەمەش لەناو موسڵماناندا شتێكی نامۆ و سەیر نییە كە بیروباوەڕەكەیان گیان و مادەی بەیەكەوە گرێداوە، لە ئیسلامدا ڕووكردنە خوای گەورە

تەنها بە دڵ بەتەنیا نابێت هەروەک بەلاشەش بە تەنیا نابێت، موسڵمان نوێژ و ڕۆژوو و قوربانی کردن و حەج کردنیشی هەر دڵ و گیان و عەقڵ نیە، بەڵکو دەبێت بە گۆشت و خوێنی ئامادەبێت، یان ئەوەتا بە هەموو ئەمانەوە ئامادە دەبێت یان ئەوەتا نابێت بەلاسەنگی بێت، ئەمەش هەڵقولاوی یەکتاپەرستی ئیسلامە. لە چاوەڕوانی ڕۆژانی بەفەڕی داهاتوودا لە ئوتێلەکەدا خۆم بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی حەجەوە خەریک کرد کە لەگەڵ خۆم هێنابووم. لەو نێوەندەدا چەند دێڕێکی برایەکی تیابوو کە ناوی ـ أحمد ـ بوو کە تیایدا دەڵێت (ناکرێت بڵێین پۆشینی ئیحرام ئاماژەیە بە مەرگ. وە ـ تەواف ـیش مرۆڤ تەسلیم بە ویستی خوا دەکات؟ سەفا و مەروایش ماندووکردنی لاشەیە؟ زەم زەمیش بوون و ژیانەوە نیە؟ وەستانی عەرەفەش وەستانی دواڕۆژمان وەبیرناهێنێتەوە؟ موزدەلیفەیش تاریکایی هەلاتنی گزنگی ڕۆژێکی دیکە نیە؟ موناش لەمیانەی قوربانیکردن تیایدا وەفاداری نیە..؟ دانانی بەرگ و پۆشاکی ـ ئیحرام ـ لە مونا مانای بەخشینەوەی ژیانێکی نوێ نیە. فڕێدانی بەردەکان ئایا واتای بەردەوامی تێکۆشان نییە دژی شەڕ و خراپەکاری...؟ بەڵام خوای گەورە تەوەری ژیانە لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە دەنگی بانگی عەسرمان بەگوێدا درا. ئیتر سەرەی منە کە لە مزگەوتی ئوتێلەکەدا ـ قامەت ـ ی نوێژ بکەم، کە وردە وردە نوێژخوێنان ڕوویان تێدەکرد. ئیتر منیش لای خۆمەوە کەوتمە وتنەوەی ئەو وشانەی کە ـ بیلال ـ ١٤٠٠ ساڵ بەر لە من وتبوونی و بەگوێی خەڵکیدا دابوو، بەڵام دیارە بە دەنگێکی نزمتر و کزتر لە دەنگی ئەو، داوامان لە کەسێکی ـ مالدیف ـ ی ڕەش پێست کرد کە پێش نوێژییەکەمان بۆ بکات، ئەویش بە ئاسانی بەدەم داواکەمانەوە هات. ئەو کاتەی لەسەر سفرەی نان خواردن کۆبووینەوە سەیرم کرد هەمووان حەزیان بە نان خواردن نەدەکرد. هۆکارەکەشی ئەوەبوو هەمووان چاوەڕوانی خۆپێچانەوە بوون کە بەیانی زوو بەڕێکەوین لە مەککەوە

بۆ مینا، کە بەیانی ٨ی مانگی ذي الحجەیە، ئیتر شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمیمان لە ڕۆژانی داهاتوو لەوێ دەبێ، شەوەکەی خەو نەچووە چاومان، لە بەیانی ڕۆژی نوێدا زۆربەمان بە جلی ـ ئیحرام ـ وە لە شوێنی میوانداری ئوتێلەکەدا دەهاتن و دەچوون، لە مەککە جارێکیتر تەوافی ـ قدوم ـ مان ئەنجامدا. ئەم تەوافەیان لە ژێر گەرمایی بەتینی تیشکی خۆردابوو، بۆیە زۆرێک لە حاجییەکان وەک من پەنایان بردە بەر چەتر تا خۆیان لە تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر بپارێزن، کە ئەمەش لەو ڕۆژەدا مەترسی زیان گەیاندن بە بەرامبەری تیادایە، لەو قەڵەباڵغییەدا ئەوانەی تەوافیان دەکرد لە جوڵە کەوتبوون، بۆیە پەنام بردە بەر پردەکەی قاتی دووەم کە تیرەی تەواف کردنەکەی لە قاتی خوارەوە زیاترە، چارنەبوو دەبوو هەروام بکردایە. تەواف کردن واتە بڕینی ٥ – ٦ کیلۆمەتر لەژێر خۆرەتاو و گەرمای ٤٤ پلەی سەدی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەس ڕەحمی بە لاشەی خۆی نەدەکرد. ناڕەحەتییەکان ئاسان دەهاتنە پێشت. ئەو دراوسێیەم کە لەگەڵمدا تەوافی دەکرد تا تەواو بوو منداڵەکەی خۆی هەر بە سەرشانەوەبوو. لەم سەرەوە سەیرکردنی خوارەوە وەک خەواندنی موگناتیسی دووجار بەسەرسوڕمان دێت. دیمەنەکە تا بڵێی جوانە، کەعبە وەک چوارگۆشەیەکی چەقی جێگیر بە وەستاوی لەناو بازنەیەکی خولاوەدایە و بە هێواشی و بەبێ دەنگی بە پێچەوانەی میلی کاتژمێر بە دەوریدا تەواف دەکرێت. ئەم دیمەنەش تەنها لە کاتی نوێژدا گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەو دەم کەعبە دەبێتە چەقی چەندین بازنەی یەک بەدوای یەکی یەککگرتوو کە لاشەی سەدان هەزار کەسی پاک و بێگەردە و کە ویست و خۆزگە و داوا و کرداریان ڕەمزی تەسلیم بوونە بە زاتی پاکی پەروەردگاریان. دەبوو زۆر لە خۆم بکەم تاخۆم لە چنگ بینینی ئەم دیمە جوانە ڕزگار بکەم و بەردەوام بم لە سەفەر کردن بە سەیارە بۆ ـ مینا ـ ئەم ٥ کیلۆمەترە مان بە ٤٥ دەقیقە بڕی. ـ مینا ـ خاڵی دەستپێکی ڕۆیشتنە بەرەو عەرەفات.

تۆ چووزانی عەرەفات چی یە؟ پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت حەجكردن عەرەفاتە. لە ٩ی مانگی ذي الحجە نزیکەی ٥٠ هەزار سەیارە خەریکی گواستنەوەی زیاد لە دوو ملیۆن حاجین بۆ عەرەفات. ئیتر ڕێگاوبان دووچار بە ئاڵۆزی و قەڵەباڵغییەکی وا دەبێت کە دەکرێت بچێتە ناو ئینسکلۆپیدیای ژمارە پێوانەییەکان. هەندێک لەو حاجییانە ئەو ماوەیە بەپێ دەبڕن، بەڵام ئەمەش کارێکی باش نیە کاتێک کە بزانیت هەر لە سەعات ٨ی بەیانییەوە خۆرەتاو بە تین دەبێت، پیاوێکم بینی کە لەگەڵ باوکی بە تەمەنیدا بە کێوی عەرەفات هەڵدەگەڕان بەهۆی گەرمای بەتینەوە پاڵەپەستۆی خوێنی دابەزی بوو. کاتێک کە گەیشتینە شاری خێوەتگاکان کە بە دەوری عەرەفاتدا هەڵدرابوو، ئەوا شاڵاوی کڵپەی گەرمای ٥٠ پلەیی بەر سێبەر بەرەو ڕوومان دەهات. کە ئەم پلەیە لەبەر تیشکی خۆرەکەدا دەگاتە ٦٠ پلە، دەبووە هۆی ئەوەی نەتوانیت پڕ بە سینەت هەوا هەڵمژیت و دووچار بە هەناسە تەنگی دەبیت. هەموو جوڵەیەکت دووچار بە هیلاکبوونت دەکات. سەیرم دەکرد لەسەرەی وەستان بۆ حەمام کە چەند خولەکێکە ئەڵمانییەکان قاچیان دەسووتا. بۆیە لە ڕۆژانی زۆر گەرمدا لەگەڵ حاجییەکی مامۆستای زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتن خێمەیەکمان بەشکرد، خێمەکەی تەنیشتیشمان ـ محفوظ نحناح  تیایا بوو، بەڵام بەڕاستی ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو، ڕۆژێک بوو بۆ بیرکردنەوە و ئاشتی، ڕۆژی نوێژکردن و قسەی بەرز و پڕ بایەخ هەر لە کاتی منداڵی و هەرزەکاریمەوە کە خەریکی مەشق و ڕاهێنانی جیزۆتی بووم تا ئێستا حاڵەتی ئاوا بە خۆشی و دڵپاکی و سینە فراوانیم بەخۆوە نەدیوە.

عەرەفات نزا و پاڕانەوەیە. لێرەدا بانگەوازی لبیک اللهم لبیک ـ مان تیادا بەرجەستە دەبوو کە بەدەم بانگەوازی خوداوە چووین. ئەمەیە مانای وەستان بەرامبەر خودا لە عەرەفات، ملیۆنەها لە خەڵکی بە بەرگی

کفن ئامێزەوە دونیایان خستۆتە پشتی خۆیان، ئەمڕۆیان بۆ خستنە بەردەم بارەگای خوا تەرخان کردووە. چاوەڕوانی مەرگی خۆیانن. دەگرین و دەپاڕێنەوە ـ خشوع ـ سەراپا گریان دەبینیت کە پێشتر لەو کەشوهەوایەدا نەژیاون. ئەگەری زۆریش وایە لە داهاتووشدا شتی تری وایان نەیەتەوە ڕێ. لەم شوێنەدا محمد (ﷺ) لە ساڵی ٦٣٢ زاینی و چەند هەفتەیەکی کەم پێش وەفاتی وتارێکی پێشکەش کردووە کە ئێستاش لە هەمان شوێن و هەمان ڕۆژدا بەسەر خەڵکیدا دەخوێندرێتەوە، کە فەرموویەتی: (ئامۆژگاری و وەسیەتم بۆتان ئەوەیە لەگەڵ ئافرەتان باش بن، وتارەکەی بەوە کۆتایی پێهێناوە کە دەفەرموێت: (من دوو شتتان لەدوای خۆم بۆ جێدەهێڵم گەر دەستی پێوە بگرن سەرتان لێ ناشێوێت، قورئان کە فەرموودەی خوایە، پاش سوننەت و کردەوەی خۆم، من ڕۆژی دوایی لێتان دەپرسمەوە کە چیتان کردووە). بە گوێرەی گێڕانەوەکە ئامادەبووان ئاوا وەڵامیان داوەتەوە کە (ئێمە شایەتی دەدەین کە تۆ ئەمانەتەکەت بە تەواوەتی گەیاندووە، پەیامەکەت گەیاندۆتە ئێمە، وە ئامۆژگاریشت کردووین). ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە من لەگەڵ دوو ملیۆن دوو سەد هەزار لە ژنان و پیاون لە جیهاندا تیایدا بەشدارم. بەپێی ڕێوڕەسمی شەعیرەی حەج کردن حاجییەکان لەدوای خۆرئاوابوونەوە بەرەو موزدەلیفە دەچن کە ٧ کیلۆمەتر لە عەرەفەوە نزیکە. لەو کاتەدا پشێوی و ناڕەحەتی دێتە پێش، من و مامۆستاکەم سەیارەکەی خۆمان لێ ون بوو، ئیتر ناچار لەناو سەدان سەیارەی جیاوازدا دەگەڕاین تا شوێنێکی بەتاڵ بۆ خۆمان بدۆزینەوە، لە پڕێکدا چاوم کەوت بە وەزیری پیشەسازی مەغریب ـ عەزمانی ـ کە پێکەوە دۆستایەتیمان هەبوو لەناو ٢ ملیۆن کەسدا ئاماژەی بۆ دەکردم. لێرەدا ئەو یەقینەم لەلا دروست بوو کە لە دنیای خوادا شتێکی ڕاست بەناوی ڕێکەوت بوونی نیە. ئیتر بۆ ماوەیەکی کاتی و بە شێوەیەکی نافەرمی بوومە ئەندامی حاجیانی نێردراوی مەغریبی فەرمی. هەر لەسەرەتاوە پەلەپەلیان پێوە دیاربوو،

بەڵام لێی دانیشتن بۆ ماوەی ٣ سەعات عەرەقمان لێ چۆڕا، ئەمەش هەمووی بەهۆی قەڵەباڵغی ڕێگا و بانەکان. دیسان حاجیان هەموو تێکڕا دەستیان کرد بە ڕۆیشتن بەرەو یەک ئامانج. پۆلیسی هاتوچۆش هاتە ناو باسەکە، بەڵام ئاڵۆزی زیاتری دروست کرد، هەندێک لە حاجییەکان دەستیان کرد بە ڕۆیشتنی پیادەڕەوی بەبەرگی سپی پۆشیان بەسەر شاخی ڕەشدا زۆر لە دوور بەسەر بەردەکانەوە دیاربوون. شەو سەعاتی ١١ی شەو گەشتینە موزدەلیفە. ئەم دواکەوتنەش بەهۆی زۆر وەستانی ڕێگا و بانەکان بوو. هەستمان کرد ئەژنۆمان هاتۆتە ژان.

لێرەدا ئیمامێکی خەڵکی رباط نوێژی شێوان و خەوتنانی بەیەکەوە بۆ کۆکردینەوە لەسەر بەردەکان پێشنوێژی بۆ کردین و یەکی ٤٩ بەردی بچوکمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرت، ئەمەش وەک ئامادەییەک بۆ ڕۆژی دوایی کە بەردەکانمان دەهاویشت. قەولی ئەوەیان دابووینێ کە خواردنمان بۆ ئامادەبکەن، بەڵام ئێمە پێش ئامادەبوونی بەرەو لای ڕۆیشتین هەرچەند من لەو ماوەی حەجکردنەدا هەر تۆزێک گۆشتی مریشک و پاقلە و سێو و مۆزم دەخوارد ئاو خواردنەوەش گرنگ بوو، بەختمان هێنای دووچار بە ناڕەحەتی کەم ئاوی نەهاتینەوە و تینوویەتیمان نەچەشت. لێپرسراوانی سعودی لەمیانەی حەجکردندا زیاد لە ٨٠ ملیۆن دەبە ئاویان دابەش دەکرد کە هەریەکێکیان ١ لیتر ئاوی خواردنەوەی تیابوو، لە هەموو سەرە ڕێگا و دەسپێکی شەقامەکاندا کیسی پڕ لە شەربەتی میوە دانراوە بۆ حاجییەکان، بۆیە هیچ پێویستیم بە کۆمەکی کۆکاکۆلا نەبوو. سەعات ٢ی شەو پاسەکەمان گەشتە مینا نزیک لە شوێنی بەرد فڕێدان بارگەمان خست. ئەم بەرد فڕێدانە ڕەمزی بەرپەرچدانەوەو ڕەفزکردنی شەڕ و خراپەیە لە دەروونی مرۆڤدا، بگرە لە گشت دنیادا. لە ئەستوونەکە نزیک بوومەوە تا بە هەردوو پەنجەم بەردەکە بەباشی فڕێ بدەم، ئەندازەگیرییەکی واشم کرد کە

لەکاتی فڕێدانی بەردەکاندا لەدواوە بەردی کەسیترم بەرنەکەوێت، ئەمەش تاڕادەیەک کارێکی گرانە، لەبەرئەوەی هەندێک کەسی کەم ئاگا دەیانەوێت بە یەکجار بەرد هاویشتن لە ژیاندا تۆڵەی خۆیان لە ئیبلیس دەکەنەوە. ئیتر بەردی گەورە و بگرە نەعل و چەتر دەهاوێژن. لە دەوری پاسەکەمان چەندین منداڵ وەستابوون کە هەریەکێکیان مەقەستێکی بەدەستەوەبوو تا بەرامبەر بە ٣ ریال چەند تاڵ لە سەرمان بۆ بتاشن. دیارە ئەگەر حەز لەوە نەکەین سەرمان پاک بتاشین. لەگەڵ ئەوەی دەمانتوانی بەرگی ئیحرام لەبەرمان دانێین، بەڵام پێش خۆرەتاو کەوتن خۆمان گەیاندەوە مەککە. زۆر پێویستیشمان بەوە نەبوو کە سایەقی پاسەکە قەناعەت پێ بکەین کە لەگەڵمان بگەڕێتەوە، چونکە ئەویش خۆی هەر ئیحرامی پۆشیبوو شەویش لەگەڵمان مابۆوە. هەر کە گەیشتینە مەککە ئەوا بۆ سێهەم جار چووین بۆ تەواف کردن و تەوافی (الإفاضة). ئەم جارەیان قەڵەباڵغی لە جاران زیاتربوو، ژمارەی تەوافکاران لە دووسەد هەزار حاجی تێپەڕی بوو، بۆیە چوونی سەفا و مەروا و تەواف کردنم بە شەکەتی و ماندوویی دوو سەعاتی پێچوو، ئێستا سەعات ٤:٣٠ بەرەبەیانە، ئێستا کاتی بانگدانی بەیانی ڕۆژی جەژنی قوربانە ١٠ی مانگی ذي الحجەیە.

ئیتر منیش لەگەڵ ٨٠٠ هەزار لە بڕواداران بە تەواوی گوڕ و تینمەوە نوێژی جەژن ئەنجام دەدەم. بە لێوردبوونەوە لە دەنگی بەرز و سەدای خۆشی قورئان خوێندنیان و بانگدانیان کە ئەمانە هەڵبژێردراوی تایبەتن کەوا بانگەکەیان زۆر سەدایەکی خۆش بە گوێدا دەدات و قورئان خوێندنیان ڕاز و نیازێکی بیستراوە، لە بەختی باشی حەنبەلییەکانی سعودیەیە کە ڕێگا دەدەن نوێژ ببێتە خاوەنی ئەم ڕەهەندە جوانە، بە پێچەوانەی مالیکییەکانی باکوری ئەفریقا، ئەم جوانی و کەشوهەوا ناسکە وادەکات منی حاجی هیلاک و ماندوو بباتە جیهانێکی خەیاڵی

بەرز و بڵند، ئیتر دوای سەعاتێک گەڕاینەوە بۆ میوانخانەکەمان لە مینا. دوای ئەوەی ٢٦ سەعات بە پێوەبووین. ئیتر لەگەڵ هاوڕێیانی حاجیمدا باوەشمان بەیەکدا کردو بەیەکترمان دەگوت: حەجت قەبوڵ بێت، شێخ نەحناح پیرۆزبایی لێکردم. ئیتر گەڕامەوە ژوورەکەم و بەرگی ئیحرامم دانا و بە کۆڵێک عەرەق و ماندوویەتییەوە لێی ڕاکشام. سوپاسی خوام کرد کە ئەوەندەی پێ بەخشیم حەجەکەم ئەنجام بدەم. داواکارم کەوا لێم قەبوڵ بکات. ئیتر خۆم دایە دەست خەوێکی قوڵ و خۆش تەنانەت دەنگی بەرز و ناسازی فێنککەرەوەکەش کاریگەری لەسەر خەوەکەم نەبوو. ئەوکاتەی کەسانی وەک من هیلاک و ماندوو دەیانویست لە ڕۆژانی جەژندا گڕ و تینێک بدەنەوە بە خۆیان، ئەوا حاجییەکانیتر ئەوانەی هێز و توانایان زۆربوو ئەوا خەریکی قوربانی کردن بوون، حاجی دەتوانێت لە بەشێکی کەمی قوربانییەکەی بخوات، بەڵام بەشە هەرە زۆرەکەی بەسەر حاجییە هەژارەکاندا دابەش دەکرێت ئەو پەیکەرە ئێسکەی کە لێی دەمێنێتەوە ئەوا لەبەر خۆردا هەڵدەواسرێت تا وشک دەبێتەوە، جاری واش هەیە لەسەر عەرەبانەی دار و تەختە دای دەنێن.

جا بزانە چ بۆگەنێکی لێ دێت. زیاد لە جارێک لە دەرگای ئەو دراوسێیەمم دا کە لە واشنتنەوە هاتبوو تا لێی دڵنیابم. وابزانم ئەرکێکی وای خستبووە سەرشانی خۆی کە توانای هەڵگرتنی نەبوو، داوای لێکردم باقی ئەو بەردانەی کە مابوو بچم بۆ (رمی الجمرات) و لە جیاتی ئەو بۆی فڕێ بدەم. ئەم کارەش لە حەجدا ڕێگا پێدراوە. دەتوانیت گەر توانای ئەنجامدانت نەبوو کەسێک بۆت ئەنجام بدات لە دووەم ڕۆژی جەژندا لەلایەن شا فەهد عبدالعزیز لە چوارچێوەی بانگهێشتی ١٥٠ حاجیدا کە لە نێوانیاندا سوڵتانی برۆنای و یەکێک لە کوڕەکانی لە یەکێک لە کۆشکەکانی شاری مینا دەعوەت بووم. ئەو ساڵە شای سعودیە ١٣٠٠ مسوڵمانی ڕووسی بانگهێشتی ـ نەک نان خواردن ـ

بەڵکو حەج کردن کردبوو، شوێنی دانیشتنی من کەوتبووە نێوان هەردوو نوسەری میصری ئەنیس مەنسور و دادوەری باڵای پاکستان محمد حفیظ الله. کە پێی ڕاگەیاندم تا ئێستا واژووی دەستبڕینی هیچ کەسێکی نەکردووە لەسەر دزی. لەبەرئەوەی پادشاکان حەزدەکەن خەڵکی زۆر چاوەڕێیان بکات ئەوا دەرفەتێکی باشی قسەکردنم بۆ ڕەخسا لە بارەی ئیسلامەوە کە هەمووی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە حەج کردن کۆبوونەوەیەکی گرنگی مسوڵمانانە. شا فەهد سێ کەسی لەگەڵدا بوو کە پاسەوانی تایبەت بوون. جلوبەرگی نیشتیمانیان لەبەردابوو. زۆر گومان بۆ ئەوە دەچوو کە پێشتر ئەمانە لەلای باوکی عبدالعزیز ئال سعود کە ١٩٥٣ مردووە پاسەوانی بووبن، ئەمان ئەمڕۆ نەک بە شیر و خەنجەر و دەمانچە، بەڵکو چەکی ئۆتۆماتیکیان پێیە.

لە قسەکردن لەگەڵ شا فەهد بۆم دەرکەوت کە ئەو زۆری لەبارەی منەوە دەزانی، ئیتر ئەو بانگهێشتەی ئەو بۆ من بەوە ڕاڤەکرا کەوا دژی ئەو هەڵمەتی هاندانە بوو کە لە ئەڵمانیا دژ بە من ئەنجامدراوە. بەپێی دابونەریتی عەرەبی وایە کە خواردن هەمووی بەیەکجار دادەنرێت، کە لەبەردەستی هەمووان بێت وای لێ هات بڵێم لەوانەیە مێزەکان دەچەمینەوە، وە دەبێت خێرا بخورێت و کەم قسە بکەیت، کە تێرت خوارد دەست هەڵدەگریت و جێی دەهێڵیت و دێیتە دواوە، بەڵام پادشا هەر لەجێی خۆی دەمێنێت تا هەمووان دەست هەڵدەگرن. لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا لەگەڵ ـ عەزمانی ـ وەزیردا ویستمان بەو شەقامانەدا تێبپەڕین کە بۆگەنێکی ناخۆشی لێوە دەهات و قەلەباڵغ بوون، تا بگەینە شوێنی (رمی الجمرات) و لەوێ بۆ دووەم جار بەردەکانمان بهاوێژین، ئەمەش بە هاوکاری پۆلیس، دەستەسڕمان بۆنخۆش دەکرد و دەمانخستە سەر دەم و لوتمان، پاشماوەی حاجی کە لەسەر شۆستە و بانەکان دەمانەوە و دووکەڵی هاتوچۆی سەیارە لەلایەن پارێزەرانی ژینگەوە زۆر جێگای ڕەخنە و گازندە بوو.

ئەو حاجییانەی کە لەسەر شۆستە و بانەکان دەمێننەوە خەڵکی دەرەوەن. گوێ بە ڕێنوومایی نادەن. بۆنێکی نائاساییان هەیە، بەڵام خۆیان سەپاندووە، هەر لەم ڕۆژەدا ئافرەتێکیان لەسەر ئەو کاغەز و مەقەبایەی لەسەری دادەنیشن و دەمێننەوە منداڵێکی بوو. لە سێهەم ڕۆژدا (١٣ یونیو) دواهەمین ڕۆژی جەژنی قوربانە، لە دوای نوێژی بەیانییەوە بە تەنیا ڕێگام بڕی و ڕۆیشتم تا لە بۆ خۆم و هاوڕێکەم لە ـ رمی الجمرات ـ بەردەکان بهاوێژم. لەو کاتەدا ئەو حاجییانەی لەسەر شەقام و شۆستەکان خەوتبوون هەڵدەستان، شەوان ڕێژەیەکی کەم لەئاو بۆ دەستنوێژگرتن بەکاردەهێنن، فرۆشیار و دەستگێڕەکانیش دەستیان بەکاری خۆیان کردبوو، تێکەڵ کردنی حەج لەگەڵ بازرگانیکردندا شتێکی ڕێگە پێدراوە، هەندێک لە حاجییەکان مەسرەفی حەج کردنەکەیان بە فرۆشتنی کەلوپەلی نیشتیمانی وڵاتەکەیان وەک زێڕ و عاج و زیو و قوماش لە وەرزی حەجدا دەردەهێننەوە.

یەکێک لە حاجییە تورکەکان بەهەڵەداوان پرسیاری ئەوەی لێ ئەکردم شەیتان لەکوێ یە؟ وەک ئەوەی وا پێویست بێت هەموو کەس بزانێت شەیتان لەکوێ یە؟! وە هەر دەبێت تورکیش بزانێت. زۆر بە ئەدەبێکەوە و بەڕێزەوە و بە زمانی تورکی ڕێنوومایی ئەوم کرد کە ڕووبکاتە ستوونی سێهەم کەوا ئەمڕۆ بەردەکانی لێ دەهاوێژین، دیارە تا ئەمڕۆ نەمدەزانی بە وردی شەیتان لەکوێیە! لە ڕۆژی دواتر لە کاتی گەڕانەوەماندا لە میناوە بۆ حەج دەچووین تەوافی خواحافیزی و ماڵئاواییمان کرد. مزگەوت جمەی دەهات، ئێمەش لەکاتی نوێژی عەسردا گەشتین. ئەمجارە بڕیارمدا هەر لە خوارەوە تەواف بکەم هەرچەندە ژێر پێمان زۆر گەرم بوو، خۆم وەک ئەو ورچانە دەهاتە پێشچاو کە لەسەر دەفرێکی گەرم فێری سەماکردنی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا چوومە شوێنێکی وەک باڵکۆن تا لەوێوە تێر بە چاوەکانم لە مزگەوت و

حەرەمی پڕ جوانی سەرسوڕماوی لە یادەوەری خۆمدا هەڵگرم. سەیرم کرد ئەمڕۆ ١٦یۆنیۆ یە منیش پاسپۆرتەکەم دەرهێناو ئامادەی ئەوەم کەوا بگەڕێمەوە بۆ (دار البیضاء).

لێپرسراوان زۆریان پێخۆشە حاجییەکان لەکاتی ماڵئاواییدا لەڕێ و ڕەسمی حەج کردن ڕازی بن. بە فڕۆکەیەکی چامبۆ ڕاستەوخۆ بەرەو تونس بەڕێکەوتین، بۆیە ئاڕاستەی قیبلە هەروا وەک خۆی ماوە و نەگۆڕا. ئەمەش وایکرد کە نوێژخوێنان بتوانن لە ڕاڕەوی فڕۆکەکەدا نوێژەکانیان ئەنجام بدەن، چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ـ تایم ـ ی ئەمریکیم بەر دەست کەوت کە لە ١٥ی یۆنیۆ لە ڕۆژی پێشتر کەوتبووە بازاڕەوە دەستم کرد بە خوێندەوەیان، بەرگی ئەم ژمارەیە وێنەی مزگەوتێکی لەسەربوو ناونیشانی سەرەکیش بریتیبوو لەوەی کە (ئیسلام..... ئایا پێویستە جیهان بترسێنێت؟).

## فەسڵی دووەم

# ڕێگای فەلسەفە بەرەو ئیسلام

کاتێک لە ١٩٨٠/٩/٨ بەرەو وەزارەتی دەرەوە دەڕۆیشتم لەسەر چیای فینۆس لە شاری بۆن ئەوا هەرگیز ئەوەم بە خەیاڵیشدا نەهاتووە کە من دوو ساڵیتر دەچم فەریزەی حەج کردن ئەنجام دەدەم، بەڵام لە دواییدا گۆڕانکاری ڕوویدا، ئەو کاتەی هاوکارم ـ محمد أحمد بوهوم ـ وتارێکی بە پیزی پێشکەش کرد، زۆر بە وردی گوێم لێگرت، وە لە میانەی قسەکردنم لەگەڵ محمد أحمد ڕەسول بەڕێوبەری خانەی بڵاوکردنەوەی (کتێبخانەی ئیسلامی) میسری ـ ئەڵمانی ـ لە کۆڵن، دەستنووسێکی ١٢ لاپەڕەییم نیشاندا کە چەند ساڵ بوو بۆ کوڕەکەمم کۆکردبووەوە. تا ئەوەی خۆم بەڕاستی بە فەلسەفەی حەقی دەزانم بۆی دیاری بکەم، بەڵام وەڵامەکەی ـ ڕەسول ـ م زۆر لەلا سەیر بوو کاتێک کە پێیگوتم (ئەگەر تۆ باوەڕت بەو نووسینە پوختەکراوەی خۆت هەبێت ئەوا تۆ موسڵمانیت!!) من ئەو کاتە ئەمەم دەرک پێنەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەناعەتی پێ کردم کەوا حەزدەکات چاپی بکات، ئەمەشی لە ڕێگەی خانەی بڵاوکردنەوەکەی خۆیەوە بە ناونیشانی (ڕێگای فەلسەفی بۆ ئیسلام) چاپکرد. ئیتر چەند ڕۆژێکی کەم تێپەڕی لە ١٩٨٠/٩/٢٥ شایەتوومانم هێناو موسڵمان بووم. کارێکی ئاسان نییە مرۆڤ ڕووبەری فیکری خۆی بپێوێت و گەشەکردنی فیکری خۆی هەڵسەنگێنێت.

هێرمان هێسە ـ لە یەکێک لە ڕۆمانە کورتەکانی خۆیدا لە ڕۆمانی (یاری تۆپە بلورییەکان) ئاگاداری ئەوە دەدات کە دەبێت واتا لەناو پێکهاتەی وشەدا جێی خۆی بەباشی بگرێت. عومەری بەهێز و پاڵەوان تا ئەو دەمەی مسوڵمان بوو مسوڵمانانی ئازار و ئەشکەنجە دەدا، هۆکاری مسوڵمانبوونی لەپڕو لەناکاوی نازانرێت، دوای ئەوەی لەگەڵ خوشکەکەی ڕووبەڕووبونەوە و ئەویش سورەتی طه ـ ی بۆ خوێند. ئەبو حامیدی الغزالی دەڵێت: (بە تەنها و تاکە بەڵگەیەکی ڕوون و بەرچاو باوەڕی لە دڵدا جێگیرنەبوو، بەڵکو بەهۆی ژمارەیەکی لە ڕادەبەدەری هۆکارەکانی ئیمان باوەڕی هێنا. هەڵوێست و دۆستایەتی ئەزموون دەکرێت بخرێتە خانەی درێژەدان بە ئەو، لە کۆتاییدا دەڵێت: (هۆکاری مسوڵمان بوونەکەی بۆئەو نورە دەگەڕێتەوە کە خوا خۆی خستوویەتییە دڵییەوە) لە کتێبە نایابەکەیدا ـ محمد أسد ـ ڕێگای بەرەو مەککە) لە چەند دێڕێکی کەموکورتدا هۆکاری مسوڵمانبوونەکەی خۆی دەخاتەڕوو کە ناتوانێت قەناعەت بە خوێنەر وا بکات کە بە گومان بێت، کەچی لە شوێنێکیتری کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات کە ئەو بە تەواوی لە ئیسلام گەیشتووە. ئەمەش هەر لە چیرۆکی مسوڵمانبوونی ـ (کریستیان ـ عبدالهادی، هۆفمان) نزیکە کەوا وەسفی دەکات وەک ئەوەی لە (ئاسمانەوە شتێکی بەرکەوتبێت)، بەڵام من چەندین ساڵ بگرە چەند دەیەیش ئەوە وەک موگناتیس بەرەو ئیسلام دەچووم، من لەگەڵ فیکری قاڵ بووبووم، هەروەک ئەوەی پێشتر لەگەڵی ژیابێتم. سێ ڕووداوی سەرەکی منیان بەو ئاڕاستەیە برد کە سروشتی ڕووداوەکان مرۆڤایەتی و جوانی و هونەری و فەلسەفین.

یەکەمین ڕووداویان زۆر سەیر بە جەزائیرەوە پەیوەستە. لە ساڵی ١٩٦٠ دا دوو مانگ لە (lorie sar Neuf chatcau) تا بە تەواوی فێری زمانی فەڕەنسی ببم، ئەمەش وەک ئامادەباشییەک بۆ تاقیکردنەوەی

قەبوڵ بوون لە وەزارەتی دەرەوەدا، لەبەرئەوە ڕۆژانە ڕاپۆرتی ڕۆژنامە فەڕەنسییەکانم لە بارەی شەڕی جەزائیرەوە دەخوێندەوە.

هەر لەمیانەی تاقیکردنەوەکەدا وەک زانینی ئاستی فێربوون دەبوایە هەرکەس لای خۆیەوە لە ماوەی ٥ خولەکدا بابەتێکی هەڕەمەکی پێشکەش بکردایە، چەندە تووشی سەرسوڕمان بووم کاتێک زانیم ئەو بابەتەی کە بۆم دیاریکراوە لەسەر دۆزی جەزائیرە.

سەرسوڕمانەکەشم لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە من زۆرم لەسەر دەزانی نەک ئەوەبێت نەیزانم، دوای چەند مانگێک کە بەسەر تاقیکردنەوەکاندا تێپەڕی و پێش ڕۆیشتنم بۆ جنێڤ بە ماوەیەکی کەم، سەرۆکی مەشق و ڕاهێنانەکانمان کە هەروا بە ڕێکەوت لەسەر مێزی نانخواردن یەکمان بینی پێی ڕاگەیاندم کەوا ڕاوبۆچوونی لەسەر جەزائیر گۆڕاوە، لەمیانەی کارکردنم لە جەزائیر ١٩٦١ – ١٩٦٢ نزیکەی ٨ ساڵ لەگەڵ شەڕی هێزی داگیرکاری فەڕەنسی و بەرەی ڕزگاری نیشتیمانی جەزائیر ڕۆژم گوزەراند و ژیام.

ئەو کاتەی من لەوێ بووم لایەنی سێهەمیش هاتە ناوەوە کە ئەویش (ڕێکخراوی سوپای نهێنی) بوو ئەمەش ڕێکخراوێکی تیرۆرستی فەڕەنسی بوو، لە کەسانی ئۆردوگانشین و سەربازی یاخی دروست بووبوو. ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لەسەر شەقامەکان دەکوژران، زۆربەشیان لەدواوە و لە ڕووبەرێکی نزیکەوە فیشەک بەسەریانەوە دەنرا، تەنها هۆکاریش هەر ئەوەبوو کە ئەوانە ـ عەرەب ـ بوون، یان ئەوەتا خوازیاری سەربەخۆیی بوون بۆ جەزائیر. هەر کە گوێم لە دەنگی  چەکی ئۆتۆماتیک دەبوو خێرا تەلەفونم بۆ هاوسەرە ئەمریکییەکەم دەکرد کە خێرا بچێت پێداویستییەکان بۆ ماڵ بکڕێت. لەبەرئەوەی هێرشی دوای ئەوە ٢٠ دەقیقەی پێ نەدەچوو کە دەستی پێ دەکرد.

باشترین کاری من ئەوەبوو کە کەوتمە هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەندامانی (تیپی بیانی) لە ئەڵمانیانی ڕاکردوو بە یارمەتی دەسەڵاتی فەڕەنسی بۆ خاکی ئەڵمانیا. ئەم کەسە داماو و ڕۆمانسیانەش کەم نەبوون دوای ئەوەی ساڵی پار سەرۆکی هێزی پەڕەشوت ڕایکردە (ڕێکخراوی سوپای نهێنی)، ژمارەیەکی لەوانە خستبووە ڕیزەکانی خۆیەوە و خستبوونیە ناو هێزی تایبەت (کۆماندۆز). ئیتر ئەوان خۆیان لە نێوان کڵپەی دوو ئاگردا دەبینیەوە و ئەگەری دەربازبوونیشیان لە چنگی مەرگ زۆر لاواز و کەم بوو. منیش وەک سەرکونسڵی گشتی ئەڵمانیا تاجە گوڵینەم لەسەر زۆرێک لە گۆڕەکانیان دانا. من کاتێک لەناو برینداران نەخۆشخانە بۆ بریندارە ئەڵمانییەکان دەگەڕام، ئەوا چەکم هەڵدەگرت و ئامادەباشی ڕووبەڕووبونەوەبووم، زۆر لەو کەسانە ورد دەبوومەوە کە ڕووبەڕووم دەهاتن، بگرە سەیری دەستیشیانم دەکرد. کاتێک ڕووبەڕووی یەکتر دەبووینەوە ئەوا هەریەکەمان بۆ دواوە پاشەکشەی دەکرد. ئەمەش بۆ پارێزگاری کردن لەخۆ، هەندێک جاریش خێزانەکەم سەرەڕای ترس خۆی سوربوو لەسەر ئەوەی لەدواوە بمپارێزێت، چەند هەنگاوێک لە دوامەوە دەڕۆیشت و لە قوڵی جلەکانیدا چەقۆیەکی تیژی هەڵدەگرت و ئێستاشی لەگەڵ بێت کە هەندێک لەو یادەوەریانەم بیردێتەوە ئەوا خەم دام دەگرێت.

ئەو کاتەی بەڕێوەبووم بچم بۆ داوبۆ فەڕەنسای ٥ بڕیاربوو لەسەر داواکاری سەرکونسوڵی گشتی وتارێک لەبارەی (سەمای شانۆیی لە ئەڵمانیا) پێشکەش بکەم، لە شەقامی تەنگەبەری ـ ئیزلی ـ سەیارەکەم کە لە جۆری ـ ڤۆکس واگن (قالۆنچەیی) بوو، کێشەی نەگەیشتنی بەنزینی بۆ مەکینەکەی هاتەپێش و لەکارکەوت، ئیتر سەیارە لەدوای سەیارە لەدوامەوە وەستان و دەستکرا بە هۆڕن لێدان، هەر لەو کاتەشدا پیاوێک لەبەردەمم لە شەقامەکە دەپەڕییەوە کەسێکیش لە شۆستەی

بەرامبەریەوە تەقەی لێکرد. ئیتر لەبەردەم لای سەکنی سەیارەکەم کەوتە سەر زەوی، کەسی چەک بەدەست ئاماژەی دەدامێ کەوا بڕۆم، تا زیاتر شەقامی تەقەکردنی بۆ فراوان بکەم. منیش حەزم لەمە نەبوو بگرە هەر نەم دەکرد. کابرای چەک بەدەست لە کابرای برینداری لای من نزیک بۆوە و فیشەکێکی تری پێوەناو کوشتی.

ئیتر سوک و باریک و بە ئاسانی خۆی کرد بەناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا و لەچاو ون بوو. کاتێک کە بینیم ئەندامانی ڕێکخراوی سوپای نهێنی سەیارەیان دەهێناو پڕیان دەکرد لە سوتەمەنی و لە بەرزایی خلۆریان دەکردەوە بۆ خوارەوە و بۆسەر ماڵە عەرەب نیشینەکان زۆر نیگەران دەبووم، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت ئەگەر ئاگاداری ئەم کارە بیت و حەزیشیان لە چارەی تۆی شاهیدیش نەیەت ئەوا بێ هیچ گومانێک تۆش دەخرێیتە ناو لیستی کوژراوەکانی بەردەستیان. ئەو سەرتاشەی کە سەرم لەلای چاک دەکرد ئەویش حاڵەتێکی وای بەسەرهاتبوو کاتێک کە (ڕێکخراوی سوپای نهێنی) بەرامبەر بە دوکانەکەی ئەم هێرشیان کردبووە سەر نوسینگەی تەلگراف لە شەقامی ـ جالینی ـ ئەمیش خێرا ڕووی کورسییەکەی وەرگێڕابوو بە دیوەکەی تردا، تاوەکو نەبێتە شایەتی بینینی ئەو حاڵەتە. کاتێک سەرۆک شارل دیگۆل لە ئیڤان و لە مارسی ١٩٦٢ لەگەڵ حوکمەتی کاتی بەرەی ڕزگاری نیشتیمانی جەزائیر گەیشتنە بڕیاری شەڕ ڕاگرتن، ئەو (ڕێکخراوی سوپای نهێنی) کارە تیرۆریستییەکانی خۆی زیاتر کرد، ئەمەش بۆئەوەی جەزائیرییەکان ناچاربکات لەداخا دەست بدەنەوە چەک. ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە کەوتنە کوشتنی کەسانی ئەکادیمی جەزائیری. ئیتر کەوتنە کوشتنی ئەو ئافرەتانەی باڵاپۆش بوون. پێش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە ماوەیەکی کەم دواهەمین فرۆشیاریان لە ـ بیار ـ و لەبەردەم نوسینگەکەی مندا کوشت، ئەو فرۆشیارە چەندین ساڵ بوو بە ماسی فرۆشتن خەریکی

کاروکاسبی خۆی بوو. بێ ئەوەی ئەم پیاوە بچوکترین زیان و زەرەری بۆ مرۆڤ و گیاندار و بێ گیان هەبوو بێت. ئەمانە و زۆر ڕووداوی دڵتەزێنیتر بوونە مایەی ئەوەی لە نزیکەوە بە ئیسلام ئاشنابیم، ئەوەی زۆر لام سەرنج بوو ئەو توانا زۆرەی جەزائیرییەکان بوو بۆ خۆگرتن و ئارامییان لەسەر ئازار و ناڕەحەتی. وە پابەندبوونی تەواویان بوو لە ڕەمەزاندا و وە یەقینیان بە سەرکەوتنی خۆیان هەبوو وە ڕەفتاریان مرۆڤ دۆستانەبوو، ئەمەش لەناو دەریایەک لە قەیران و ناڕەحەتی و ئازاردا، ئیتر دەمزانی کە ئاینەکەیان لە پشت ئەم ڕەفتارانەیانەوەیە، مرۆڤایەتیم لە ڕاسترین و جوانترین وێنەدا تیایا بینین، چونکە خێزانەکەم دەرەنجامی ئەو ڕووداوانە کە ڕوویان دەدا دووچار بە لەبارچوونی منداڵەکەمان بۆوە، شەو لە نیوە شەودا تووشی خوێنبەربوون هات. سەیارەی فریاکەوتنی نەخۆشخانەش تا سەعات ٦ی بەیانی بۆی نەبوو بێتە کۆڵانەکەمانەوە، ئەمەش بەهۆی بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ و (کوشتنی بێ ئاگادارکردنەوە)، کاتێک سەعات ٦ی بەیانی من لە پەنجەرەی قاتی ٤ی ئاپارتمانەکەمانەوە سەیری دەرەوەم کرد سەیارەی فریاکەوتنی نەخۆشخانە ناتوانێت بگاتە لامان و نامان دۆزێتەوە، چونکە (ڕێکخراوی سوپای نهێنی) شەو ناوی هەموو شەقامەکانی گەڕەکەکەمانی گۆڕیبوو وەک شەقامی ـ جولەکەکان ـ شەقامی ڕێکخراوی سوپای نهێنی. دوای دواکەوتنێکی زۆر ئێمە بەڕێگاوەبووین بچین بۆ عەیادەی دکتۆر ـ شەمعون ـ (پێش ماوەیەکی کەم لە تەقاندنەوەی لەلایەن ڕێکخراوی سوپای نهێنی) ڕووبەڕووی بەربەستێکی ئاسایش بووینەوە کە کۆمەڵەی کۆماری بۆ ئاسایش دایان نابوو.

لەگەڵ ئەوەی کە سایەقەکەمان دەستی هەر لەسەر هۆڕن بوو وەک ئاگادارکردنەوەیەک بەوەی نەخۆشی حاڵەتی مەترسیدارمان لەگەڵدایە. کەچی زۆر بە ناڕەحەتی و بە هێواشی ڕێگای بۆ دەبڕدرا. خێزانەکەم

بڕوای وابوو کە ئیتر دەبووریتەوە. خێزانەکەم پێی ڕاگەیاندم کە جۆری خوێنەکەی (O-)ە. ئەمەش بۆ ئاگادارکردنەوەمان بوو لە حاڵەتی پێویستی ئەو بۆ خوێن.

سایەقەکە جەزائیری بوو گوێی لەم قسانە بوو، ئامادەیی خۆی دەربڕی کە خوێنی پێ ببەخشێت وە تێیگەیاند کە ئەویش خوێنەکەی هەمان گروپە، ئەمەیە ڕەفتار و ئاکاری مسوڵمان لە گەرمەی جەنگدا کە خوێنی خۆی ببەخشێت بە کەسێک کە بیانییە و لەسەر ئاینی ئەویش نیە. ئیتر بۆئەوەی بزانم ئەو خەڵکە ڕەسەنە چۆن بیردەکەنەوە و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن کەوا جێگای سەرسوڕمانمە ئەوا پێویستە ـ کتێبەکەیان ـ بخوێنمەوە. ئەویش قورئانی پیرۆز بە وەرگێڕانی فەڕەنسی، لەو کاتەوە تا ئێستا لێی دانەبڕاوم، تا ئەو کاتە نەمدەزانی قورئان چییە، تەنها لە ئەو پەنجەرە کراوانەی حوجرەی گەڕەکی ـ میتزاب ـ ی باشوری جەزائیرەوە نەبێت کە قورئانی تیایدا لەبەر دەکرا، ئەمەش بۆم جێی سەرسوڕمان بوو، دوایی زانیم کە خوێندن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز وەک دواهەمین پەیامی خوا بۆ مرۆڤ ئەوا فەرزە و دەبێت لە هەر بارودۆخێکدا بێت جێبەجێ بکرێت. جارێک لەگەڵ جەزائیرییەک لە ئوتێل ـ ترانس میدترانیان ـ لە بارەکەیدا لە وەڵامی پرسیارێکدا زۆر بێزاربووم، کاتێک کە پێمگوت وەرگێڕدراوی قورئان بە فەڕەنسی دەخوێنم، زۆری پێناخۆش بوو کەوا قورئان وەرگێڕدرابێتە سەر زمانێکیتر، ئەو لای وابوو وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانیتر وەک سوکایەتی و بەکەم زانینی قورئان وایە. منیش هێندەم کات نەویست کە لە هەڵوێستەکەی تێبگەم و بزانم بۆچی پێی ناخۆشە. زمانی عەرەبی چەمک و وشەی وای تیایە کە ناکرێت بە کاتێکی تایبەتییەوە دیاری بکەیت، ئەو چەمکەی باس لە داهاتوویەکی بەرچاو دەکات دەکرێت مەبەستی پێی شتێک بێت کە لە ڕابردوودا ڕووی دابێت. ئەمە جگە لەوەی هەندێ وشەی تیایە کە عەرەب خۆیان هەر بە ئاماژە لێی

تێدەگەن، ئەمە جگە لەوەی دیسان هەندێک وشە هەیە واتای جیاواز بەکاردێت، لەبەرئەوە هەوڵدان بۆ وەرگێڕانی قورئان ڕاڤەکردنێکە، بەڵام واتای لاوازە و ناوەڕۆکی تیادا نامێنێت. لەبەرئەوە قسەی ئەو پیاوەی بارەکە هەق و ڕاست بوو. جەزائیر لەگەڵ ئەوەی کە من زۆر بە قەرزداری دەزانم هەروا بە ئاسانی یەخەی بەرنەدەدام و بەجێم بهێڵێت. بەڵام وەکو قەدەری خۆم هەر بە دوامەوەبوو. دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٦٦ سویسرا چاودێری بەرژەوەندی ئەڵمانیای دەکرد لە جەزائیر. ئەوا ئەرکی من ئەوەبوو لە باڵوێزخانەکەمان لە بۆن لەگەڵ ئەو بەشە لە دیبلۆماسییەکانمان لە جەزائیر مابوون لە پەیوەندیدابم. ئەمەش بەهۆی باشی سیاسی سەفارەتی سویسرا.

هەفتانە پۆستە لەلای منەوە لە ـ بۆن ـ ەوە دەچوو بۆ جەزائیر دوای ٢٥ ساڵ لە کارکردنم لە جەزائیر بۆ یەکەمجار جارێکیتر ساڵی ١٩٨٧ وەک باڵیۆز گەڕامەوە بۆ جەزائیر. دوای ئەوەی بوومە باڵیۆز لە مەغریبی دراوسێی جەزائیر، ئەوا زۆر بە دەگمەن وێنەی جەزائیری پڕ لە ئازار و ناڕەحەتیم لەبیردەچێتەوە بڵێی هەموو ئەمانە هەروا شتێکی ڕێکەوت بێت!؟

یەکێکیتر لەوانەی بوونە مایەی هیدایەت دانم بەرەو ئیسلام تاقیکردنەوەیەکی گرنگ بوو، کە پەیوەست بوو بە جوانی و جەمالییەتی پەیوەست بە هونەری ئیسلامی، کورتەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە من زۆر بە قووڵی لەژێر کاریگەری جوانیدام. هەر لە منداڵیمەوە هۆگری شێوەی جوانیم، تا ئەوەی لە قووڵایی جوانیدا شۆڕدەبمەوە، خەسووە ئەمریکییەکەم دەیگوت بەپێی مەنهەجی یوتوبوریتانی جوانی تەنها شتێکی ڕووکەش و ڕووکاری دەرەوەیە و بەس، ئەمەش تەنها چاوبەستێکە لە ڕووکاری دەرەوە ئەنجام دەدرێت. ساڵی ١٩٥١ کاتێک بەشی یەکەمی دیاری سەرکەوتنم لە وەجبەی خوێندنەکەمدا وەرگرت،

کە وەزارەتی ڕۆشنبیری باڤاریا دەیدا بە کەسانی بەهرەمەند. ئەوا هەموویم دا بە تابلۆیەکی چاپکراوی پۆل جوجان کە بە ناونیشانی کچ و بەرهەمی مانگۆ بوو. زۆر چێژ لە هونەری شێوەکاری وەردەگرم کاتێک کە ئاماژە بە جوڵە و بزاوتن بکات. ئەمەش وای لێکردم کە زۆر گرنگی بە سەما بدەم و سەیری سەمای بالیەی هەموو شانۆکانی برلیتزرجنتن ی میونخ بکەم. گرنگی و بایەخدانم بە سەما زۆربوو. تا ئەوەی ئەو ساتانەی کە دەست بەتاڵ بووم لە دادگا و چاوەڕێی کاتی دەستپێکی دادگابووم دەچووم بۆ هۆڵەکانی بالیە کە لە نزیک کۆشکی دادگابوو، مەشقم دەکرد تا ئەوەی فێری ببم هەرچەندە واش نەبووم. ئەمەش بۆئەوەی کە لەبارەیەوە نووسیم باش لێی حاڵی ببم و بزانم چی دەنووسم. ئەم هونەرەش زۆر پشت بە توانا و لێهاتوویی لاشە دەبەستێت. زۆرێک لە ناسیاوەکانم نەیاندەزانی کە پیشەی سەرەکی من یاسا و کاری دیپلۆماسیەتە نەک سەمای بالیە. لێرەوە بەهای هونەری ئیسلامیم وەک ئەزموونێکی تازە و زۆر بە گەورە و جوان هاتە پێش چاو و سەرنجی ڕاکێشام.

بە کاری هونەری بیناسازی ئیسلامی سەرسام بووم. نموونەی وەک (الحمراء) لە غەرناتە و مزگەوتی گەورەی قورتوبە گەیاندیانمە تەو یەقینەی کە ئەمە دەرهاویشتەی شارستانییەتێکی بەرز و بڵندە. باش لەو نووسینەی داینرماریا ریلکا گەیشتم کە ئەو دوای سەردانی کاتدرائیەی قورتوبە نووسیویەتی و دەڵێت (لەدوای سەردانی کردنم بۆ کاندرائیەی قورتوبە ئەوا رقێکی زۆر لە ناخمدا بەرامبەر بە مەسیحییەت لەلا گەڵاڵە بووە. من کە قورئان دەخوێنمەوە دەنگێکی وام لەلا بەرجەستە دەکات کە بەزۆر پەلکێشم دەکات بۆلای خۆی منیش بەرەو لای دەشکێمەوە، هونەری ئیسلامی بوو بە نیشتیمانی جوانیم، هەروەک چۆن پێشتر سەمای بالیەی کلاسیکی لە پێشدا هەناوی گرتبووم. وام لێ هاتووە

کە سەیری کارە هونەرییەکانی سەدەکانی ڕۆمانی ـ قوتی ـ سەردەمی ڕاپەرین دەکەم بەو جوانی و بلیمەتییەی خۆیان کەچی ناچنە هەناومەوە و هیچ هەست و سۆزێکم ناجولێنن. من ئێستا زیاتر لە جاران هەست بە گەورەیی ئەم ئاینە دەکەم، چونکە من ئێستا بە هونەری تەجریدی هونەری ئیسلامی دەورە دراوم و تا ئەوەی هونەری ڕۆژئاوا نائاگایانە لە هونەری ئیسلامی نەگات نەتوانێت پێناسەیەکی هونەری ئیسلامی بکات، ئەوا من باشتر لەم ئاینە و هونەرەکەی دەگەم. نهێنی هونەری ئیسلامی لەو بوون و ئامادەباشییە گەرمەی ئیسلامە لە هونەرەکەیدا، لە خەت و نووسینیدا، لە ئەرابیسکداو لە نەخشی بەرماڵ و بیناسازی مزگەوتەکان و شار و ماڵەکانیان دا. زۆر بیر لە نهێنی ڕووناکی ئەو مزگەوتانە دەکەمەوە بیر لە کۆشکەکانیان دەکەمەوە. کە ئاماژەی ئەوەی دەداتێ بەرەو ناوخۆ ڕێ بگریت و شۆڕبیتەوە بە سێبەری چڕ و خوڕەی ئاوی کانیاوی باخچەکانی بەهەشتت دەخاتەوە بیر، وە پەیکەری کۆمەڵایەتی شارە کۆنەکان کە زۆر بایەخ و گرنگی بە ژیانی دراوسێیەتی داوە و هەروەک شوێن بازاڕ و پاشان دابینکردنی فێنکی لە وەرزی گەرمادا، پاشان تێکەڵکردنی مزگەوت و قوتابخانە و شوێنی نیشتەجێبوون هەموو ئەمانە پارچەیەک لە جوانین.

هەر کەسێک یەکێک لەم بازاڕانەی لە دیمەشق، ئەستەنبوڵ، قاهیرە یان تونس و فاس ببینێت ئەوا هەموو ئەوانەیتر دەزانێت هەموو ئەمانە ڕێکخراوی ئیسلامی خاوەن یەکجۆر کەشم و ڕەشمی تایبەتن، جا شارەکان گەورەبن یان بچووک جیاوازییان نیە، ئای چەندە لە شاری ـ سالی ـ تەنیشت ـ الرباط ـ گەڕاوم و پیاسەم کردووە تا ئاهێک بهێنمەوە بەبەرخۆمدا و چالاک ببمەوە، ئەمە لوتکەی ژیانی کۆمەڵگایە کە هەرتاکە و خۆی تیایا دەبینێتەوە، لاوبێت یان پیر، ساغ بێت یان نەخۆش، هەژار بێت یان دەوڵەمەند، ڕەش بێت یان سپی، ئیتر پەلە

پەل و ڕاکەڕاکی بێ کاتی تیایا نابینیت. نە شەراب خۆری تیایە و نە هۆکارەکانی گواستنەوەی گەورە، خەڵکی هەمووان وەکو یەکن کڕین و فرۆشتن بەسەرزارەکییە و کاتی نوێژ فرۆشگاکان دادەخرێن. ئەوەی لەسەرەتای مسوڵمانبوونم هەستم پێکرد و مایەی بەختەوەریشم بوو کاریگەری ئەو ڕیتمە جوانەی ئیسلام بوو وە کاریگەریی شوێن پێی ژیانی عەقڵ و ڕوح بوو بەیەکەوە، ئەمەشم لە مۆزەخانەی ـ گولبەنکیانی ـ ئیسلامی لە لیشبۆنە هەست پێکرد. هەروەک بە هەمان جۆر لە مزگەوتی گەورەی ئەمەوی دیمەشق و مزگەوتی گەورەی إبن طولون لە قاهیرە و مزگەوتی القیروانی کۆشکی تونس و مزگەوتی السلمی لە دەرنە هەستم پێکرد، پێش ئەوەی ڕێگای فەلسەفە بەرەو ئیسلامم ببات، کە ئەمیش لەلای خۆیەوە بەرەو ئەزموونی سێهەمی ژیانمی بردم. ئەو دەمەی تازە هەرزەکار بووم لە شاری ئەنتفبرگ بەشێکی باشم لە خوێندنی جیزۆتی وەرگرت. ئەمەش لەمیانەی ئەندام بوونمدا لە کۆمەڵەی (congrega-tion ana mari) کە ئەمەش بەر لە بزوتنەوەی ئەڵمانیای نوێ بوو کە لە باکوردا بوو پەیوەندی کردنمان، بگرە خواستی ڕۆمانسیانەمان بۆ ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی نازییەکان، چونکە جستابۆ لە ماوەی دەسەڵاتیدا نەیتوانی بیدۆزێتەوە تەنانەت باوکیشم نەیدەزانی کە لەم ڕێکخراوەدا ئەندامم، ئێمە هەفتانە لەگەڵ قەشەیەکی جیزۆت دا لەسەر قەبرستانێک کۆدەبووینەوە ڕێ و شوێنی ئاسایشی توندمان دەگرتەبەر، هەریەکە لە ئێمە جگە لە ئەندامانی گروپەکەی خۆی کەسیتری نەدەناسی، بەڵام لە دواییدا توانیمان باشترین قوتابیانی دواناوەندییەکان بخەینە ڕیزەکانمانەوە، لەبەر ئەمە ڕێگامان لە ڕێکخراوی لاوانی هیتلەر گرت، واتە نەمانهێشت ئەو لاوانە بچنە ڕیزی ڕێکخراوی لاوانی سەر بە نازییەکان، من پێشتر ئاگاداری ئاینی کاسۆلیکی بووم و لە وردەکارییەکانی شارەزابووم، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم ئاینەم خستبووە ژێر پرسیار و گومانەوە من و (burckherdt.i.c)

بەردەوام ئەو پرسیارەمان دەکرد ئایا بڵێی شتێکی ڕاست بێت، زانای لاهوتی و توێژەرانی ئاین خۆیان مەسیحی بن. لەگەڵ ئەوەی بە فەلسەفە (wittge Ludwing) سەرسام بووم یەقینی تەواوم هەبوو کەوا هیچ بەڵگەیەک نییە بوونی خوا ڕەت بکاتەوە. من یەکێک بووم لەوانەی زۆر بە توندی پشتگیری ئەو ڕایەم دەکرد کە دەڵێت نەبوونی خوا ـ قسەیەکی سەلمێنراو و دوا قسە نییە، مەسەلەی بوون و نەبوونی خوا باوەڕو یەقینی تاکە کە خۆی دیاری دەکات، من ئەمەم بە باوەڕ بەخوا لەلا یەکلابۆوە، دوای ئەوە ئەم پرسیارە هاتە پێش چۆنیەتی پەیوەندی نێوان خوا و مرۆڤ چۆنە. من زۆر باوەڕم بەوە هەبوو بگرە بە پێویستیشم دەزانی کە خوا نەخشەساز و جوڵێنەر و کارپێکەری ڕووداوەکانە. ئەم قسەیەشم پشت بە لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنی خۆم دەبەستێت لە مێژووی مرۆڤایەتی و زانست و ڕاستیم کردووە. من لەم باسەدا بەو دەرەنجامە گەیشتم کە تەنها چاودێریکردنی سروشت و بەدواداچوونی نامانگەیەنێتە هەستکردن بە ڕاستی پەیوەندی ئێمە بە ژینگە و بەخواوە.

ئایا مێژووی زانست شایەتی ئەو ڕاستییە نادات کە ڕاستییە زانستییەکان خۆیان بە خێرایی گۆڕانکاری بەسەر یەکتردا دەهێنن. من بەم هەنگاوەم مەسەلەی بوون و بگرە زەروریەتی بوونی ئاین وەحیم لەلا یەقین بوو، بەڵام کام ئاین؟ کام بیروباوەڕ؟ ئایا ئەمە جولەکەیە؟ یان مەسیحی یان ئیسلام..؟

وەڵامەکەم لە دەرەنجامی تاقیمانەی سێهەمەوە وەرگرت. ئەویش لە خوێندنەوەی بەردەوامی ئایەتی ٣٨ی سورەتی النجم:

﴿أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾

ئیتر ئەم ئایەتە هەموو ئەوانەی بڕوایان بە چەمکی خۆشەویستی ئەوی دی هەیە لە مەسیحیەتدا دووچار بە شۆک دەکات، چونکە ئەو

قسەیە لە خۆیدا دژە و پێچەوانەیە، بەڵام ئەم ئایەتە گوزارشت دان نییە لە چەمکێکی ئەخلاقی، بەڵکو لە هەناویدا دوو واتای ئاینی هەڵگرتووە کە بناغە و دەستپێکی بیری ئاینین، ئەوانیش:

١- ئەم ئایەتە باوەڕی بەوە نییە کە گوناە وەک میرات نەوە دوای نەوە بڕوات.

٢- ئەم ئایەتە مەسەلەی ئەوەی کەسێک گوناهی کەسێکیتر هەڵگرێ و بێتە نێوان لە نێوان خوا و مرۆڤدا بە مانای وشە ڕەت دەکاتەوە.

ئەم قسەی دووەمە نەک هەڕەشەیە لە قەشە، بەڵکو هەڵتەکاندنی شوێن و پلە و باڵادەستیانە بەسەر خەڵکیدا کە بە بیانووی میانگیری و پاک کردنەوەی خەڵکی لە گوناە هەڵتۆقیون. ئیتر مسوڵمان ئەو بڕوادارەیە کە لە دەست هەموو قەید و بەندێکی دەسەڵاتی ئاینی ئازادە. جا ئەو هەڵتەکاندنەی مەسەلەی بە میراتبوونی گوناهە لەلای مەسیحییەکان لەلای من زۆر گرنگ بوو، چونکە ڕێنوومایەکانی مەسیحییەتی لە زۆرلاوە لە خاڵ و پایەی سەرەکی خاڵی دەکردەوە وەک مەسەلەی ڕزگاربوون، بەرجەستەبوونی خوا، سێکوچکە، مردن وەک قوربانیدان. لەمەوە بۆم دەرکەوت کە مەسەلەی شکستی خوا لە دروستکراوەکانیدا وە نەتوانایی لە گۆڕانکاریدا جگە لە وەچە خستنەوە و پاشان قوربانیدان پێی، واتە خوا لەپێناو مرۆڤدا ئازار بخوات. شتێکی ناشرین و ناپەسەندە بگرە سوکایەتییەکی زۆریشە.

ئیتر وا لە مەسیحییەتم دەڕوانی کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و پایەکانی خۆی لەسەر ئەم قسانە و داستانی جۆراوجۆر دادەڕێژێت. هەر لێرەوە هەڵوێستی خراپ ئەنگێز و مەترسیداری (بولس الرسول) م ناسی. کە ئەو هەرگیز لە ژیاندا مەسیحی نەبینیوە و هاوڕێیەتیشی نەکردووە. بەوەی هەستا بە گۆڕینی و ساختەکردنی ڕێنومایییەکانی

جولەکە ـ مەسیحییەت کە بەرنابا پێشتر دایڕشتبوو کە تیایدا مەسیح بە پێغەمبەری خوا دەزانێت. ئەو دەم تێگەشتم کە ئەنجومەنی گشتی کە لە شاری ـ نیقسە ـ ٣٢٥ز) بەسترا ئەوا ڕێی ون کردو ملی دایە گومڕایی و لە ڕاستەڕێ لای دا و پشتی کردە ڕێنومایییەکانی مەسیح ـ علیە السلام ـ کاتێک کە ڕایگەیاند کە مەسیح خوایە، ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٦ سەدە لەو کاتە لەلایەن هەندێک لە زانایانی لاهوتی بوێر و ئازا هەوڵ دەدرێت ئەو هەڵەیە چاک بکرێت. پوختەی قسە ئەوەیە کە من ئیسلامم وەک خۆی کە هەیە سەیر دەکرد. بەوەی بناغەیەکی سەرەکی ڕاستی هەیە دووچار بە هیچ دەستکاری و شێواندنێک نەبۆتەوە. باوەڕێک بە خوای تاک و تەنها کە

﴿ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ۝٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ﴾

ئیتر ئاینێکی تاک و تەنهای یەکتاپەرستم لە ئیسلام بینی پێچەوانەی جولەکە و مەسیحییەکان کە دووچار بە لادان و دەستکاری هاتوون. نەک بگرە ئەم ئیسلامەی کە من هەڵمبژارد لای وانییە کە شوێنکەوتووانی گەلی هەڵبژاردەی خودان و هیچ کام لە پێغەمبەران ناکاتە خوا و بیانپەرستن. تێڕوانین و بیروباوەڕی ئیسلام ڕوونتر و ئاسانتر تێڕوانینی هەیە بۆ خوا بە تێڕوانینێکی پێشکەوتووخوازانە، ئیتر بۆ دەرکەوتەکانی قورئان لە باس و خواسی جەوهەری و بناغە و بانگەوازی ئەخلاق زۆر لۆژیکین هیچ گومانێکم لە پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) لەلا دروست نەبوو، من پێش ئەوەی مسوڵمان ببم ئەو قسەیەم زۆر دەبیست کە دەیانگوت ئاین گۆڕین هیچ بەهایەکی نیە، چونکە لە کۆتاییدا هەموویان باوەڕیان بە خوایەک هەیە، بە هەمان جۆر داوای ڕەوشت بەرزی و بەها باڵاکان دەکات، ڕەفتار و ئاکاری باش لەگەڵ ئەو باوەڕەی کە لە دڵتدایە بە نهێنی دڵی خۆت بەخواوە پەیوەست بکە. زۆر لە ٥ نوێژەکە باشترە هەروەک لە ڕۆژوو و حەجکردنیش باشترە، ئای چەندم لەم قسانە

لە زاری ئەو تورکانەوە بیست کە دەستبەرداری ئاینەکەیان بوون بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن. ئەگەر باوەڕت بەوە هەبێت کە خوا لە قورئاندا لەگەڵماندا دەئاخڤێت ئەوا هەموو ئەو قسە و باسانە پووچ و بێمانان. هەر کەسێک ئەو حەقیقەتەی من ببینێت ئەوا بێ هیچ دوو دڵییەک بە مانای وشە مسوڵمان دەبێت.

## فەسڵی سێیەم

# نوێژ پایە گرنگەکەی ئیسلام

رۆژی پێنج جار هەروەک ئەوەی کە فەرزکراوە ئەگەر بڵێم من پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٠دا شایەتوومان بهێنم ئەوا بە بیروباوەڕ و فیکرمەوە لە ئیسلامەوە نزیکبووم ڕاستە، هەرچی گوێم بە فەرزەکان نەدابێت و خۆم لە قەدەغەکراوەکان نەگرتبێتەوە ئەوانەی پەیوەستن بە کرداری ڕۆژانەوە، بەڵام لە ڕووی فیکری و تێڕوانینەوە موسڵمان بووم.

بەڵام هێشتا لە ڕووی کردارییەوە دەستم پێ نەکردبوو، دووبارە بەشێوەیەکی یەقینی ڕیشەیی ئێستا ئەوە گۆڕاوە ئێستا نابێت من تەنها لەڕووی فیکرییەوە موسوڵمان بم، بەڵکو دەبێت ئاکار و ڕەفتاریشم موسوڵمانانە بێت. ئەگەر ئاین واتای ئەو هێڵە لە پەیوەندی بێت لە نێوان مرۆڤ و خوادا و ئیسلامیش واتای ئەوە بێت موسوڵمان نەفسی خۆی بەخوا ببەخشێت ئەوا گرنگترین ئەرکەکانی سەرشانم وەک تازە موسوڵمان بوویەک کە لە پەنجاکانی تەمەنیدایە، ئەوا پێویستە نوێژکردنی موسوڵمانان فێرببم، بێگومان هیچ شتێک موسوڵمانبوونی کەسێک دووچار بە مەترسی ناکات هێندەی ئەوەی پەیوەندی بەخوای خۆیەوە بپچڕێت، لەبەرئەوە پاک و بێگەرد زانینی خوا مەسەلەیەکی جەوهەری تەوەری ژیانی هەر کەسێکە کە بزانێت ئەوەی دەیڵێت واتای چییە، لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی کە دەڵێت بڕوام بە خوا هەیە، بەڵام نوێژ ناکات ئەوا من وای بۆدەچم بڕوادار نییە، ئەگەر یەکێک باس لە

خۆشەویستی ئافرەتێک بکات کە دووره دەستیەتی لە ڕۆژدا سەیری وێنەکەی نەکات و بە نووسین و تەلەفون لەگەڵی ئاخاوتن نەکات ئەوا بەڕاستی بانگەشەی خۆشەویستییەکەی ڕاست نییە. نوێژیش بە هەمان جۆرە، هەر کەس واتای وجود و بوونی خوا تێبگات ئەوا خواستی ڕووکردنە خوا و لێوردبوونەوەی بۆلای خوا زۆر دەبێت، لەبەرئەوەی ئەوەی کە مسوڵمان ڕۆژانە بە زۆری بەسەر زاریدا دێت [إياك نعبد وإياك نستعين] حەقیقەت و ڕاست دەبێت. من ئەو کاتە ئەمەم نەدەزانی، نەمدەزانی چۆن نوێژ دەکرێت هەر وەک توانای لەبەرکردن و فێربوونی عەرەبیشم باش نەبوو، بۆیە یەکەمین کارێک کە پێی هەستام ئەوەبوو کەوا ئەم کەموکورتیانە نەهێڵم پێش ئەوەی لەو لێکۆڵینەوەیە بڕوانم کە بە زمانی ئەڵمانی بۆ نوێژی مسوڵمانان نوسرابوو، ئەوا داوام لە هاوڕێ تورکەکەم کرد کە فێری دەستنوێژم بکات و فێرم بکات چۆن بۆ نوێژکردن ڕاوەستم. چۆن ڕکوع بەرم، چۆن بچمە سوجدەوە، چۆن لە تەحیات لەسەر قاچی چەپم دابنیشم، چۆن دەستم بەرز بکەمەوە، سەیری کوێ بکەم، چ کاتێک بە دەنگی بەرز بخوێنم، چ کاتێک لەژێر لێوەکانمەوە بۆ خۆم بخوێنم، کاتێک کە درەنگ گەشتمە مزگەوت چی بکەم، لە ناو مزگەوتدا چی بکەم، ئەمەش بۆ خۆی زانستێکە. لە ڕاستیدا شتێکی مەترسیدارە کە بتەوێت مسوڵمان بیت و بەڵام مسوڵمانانە هەڵسوکەوت نەکەیت.

نوێژی مسوڵمانان هەرچەندە نامۆش بێت ئەوا لە شوێنی دەستنوێژەوە دەست پێ دەکات کە سەرچاوەی ئاوی مزگەوتەکەیە. پێویستە دەستنوێژ گرتن بەو شێوە ڕیزبەندییە یەک بەدوای یەکەدا بێت کە بۆی دیاریکراوە چۆن دەستت دەشۆیت؟ هەموو شتێکی بە وردی دیاری کراوە. کاتێک کە نیازی نوێژ کردنت هەبوو ئەوا دەستەکانت بەرزدەکەیتەوە بۆ ئاستی سەرت و (الله أكبر) دەڵێیت ئیتر لە گیروگرفتی ژیانی ڕۆژانە دادەبڕێیت. کە ئەمەش پیرۆزی نوێژ دەسەلمێنێت.

لە وڵاتی گەرم دەستنوێژ هیچ گرفتێکی نییە، چونکە پلەی گەرمای زۆر بەرز وا دەکات زوو وشک ببێتەوە، لە حاڵەتی نەبوونی ئاودا دەکرێت پەنا بەریتە بەر لم و خۆڵ، ئەمەش وەک ڕەمز بۆ پاکبوونەوەو تەیەموم، من خۆم ئەمەم ئەنجامداوە کاتێک سەیارەکەمان بە لمی بیابانیدا لێدەخوڕی، سایەقەکەش شارەزای بیابان بوو ئەمەش لە ١٩٩٣/١١/٧ لە ناوچەیەکی ئیمارات دیارە ئەو لمە بۆ تەیەموم دەستی دەدا، بەڵام لە ناوچە ساردەکان ئاوا خۆش نییە ئەگەر خاولییەک یان وشککەرەوەیەکت لەلا نەبێت ناچاریت بە قاچی تەڕەوە گۆرەوییەکانت لەپێ بکەیت.

بۆم دەرکەوت فێربوونی نوێژ لەوە ئاسانتربوو کە بیرم لێ دەکردەوە، چونکە نوێژ لە یەکەی جێگیر پێکدێت کە پێی دەڵێت (ركعات) پێویستە لە هەر پێنج نوێژەکەی ڕۆژدا بەیانی، نیوەڕۆ، عەسر، شێوان و خەوتنان بزانیت چەند ڕکات ئەنجام دەدەیت؟ کاتەکەی کەیە؟ وە پێویستە کەسی ڕێبواریش لە ئەحکامەکانی تایبەت بە گەشتکردن ئاگاداربێت فێری ئەوەبووم چۆن نوێژی جەماعەت ئەنجام بدەم. پێویستە نوێژخوێنان لە پاڵ یەکدا ڕیز ببەستن و شان بدەن بە شانی یەکەوە و بۆشایی نێوانیان پڕبکەنەوە. ئەم لە پاڵ یەکدا وەستانە لای من هەر ڕیزبوونی لاشە نیە لە تەنیشت یەکترەوە، بەڵکو ئاماژەی هاوکاری و یەکدەنگییە کە هەموو جارێک نوێ دەبێتەوە. ئەم هاوکاری و یەکدەنگییە لە کۆتایی نوێژەکەدا جارێکیتر دەردەکەوێت کە نوێژخوێن ئاوڕ بەلای ڕاست و چەپی خۆیدا دەداتەوەو دەڵێت (السلام علیكم)، ئیتر دەست بە ڕووخساری خۆیاندا دەهێنن کە ئاماژەی کۆتایی هاتنی نوێژەکەیانە.

پاشان دەست دەبات بۆلای ئەوانەی تەنیشتی تەوقەیان لەگەڵ دەکات و نزای خێر دەکات بۆیان خوا لێتان وەرگرێت (خوا قەبوڵی بکات). عبدالوهاب عبادە سکرتێری گشتی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی

جەزائیر بۆی گێڕامەوە کە کاتێک منداڵ بووە ئەم نزایەی گۆڕیوەو وتوویەتی ـ السلام علیك ـ ئەمەی بەلاوە باشتر بووە، کەچی باوکی زللەیەکی لە پەناگوێی سرەواندوەو پێیوتووە مسوڵمان دەڵێت (السلام علیكم)، چونکە ئەم سڵاوە لە هەموو مەخلوقاتێکی خوا دەکرێت بە بینراو و نەبینراوەوە، فریشتەکان تەنانەت گیاندارە بچوکەکانیش. گرنگە شوێنی نوێژ دیاری بکەیت، عەینەکەکەت یان جانتای کاغەزەکانی دەستت لە دووری ٩٠سم لە خۆت و دوور و لە بەردەست دابنێت، بۆئەوەی کەس سنوری نوێژت نەبەزێنێت، کەس ڕاستەوخۆ بە بەردەمتدا هاتوچۆ ناکات. لەبیرمە ساڵی ١٩٨٢ ویستم لە مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) بچمە دەرەوە کاتێک گەشتمە دەرگای سەرەکی سەیرم کرد جوڵەکردن زۆر هێواشە، هۆکارەکەی ئەوەبوو یەکێک لە نوێژ خوێنان دواکەوتبوو هەر کە گەیشتبووە دەرگاکە نیەتی نوێژی لێ هێنابوو، جەماعەتی دابەستبوو ئیتر هێواش هێواش خەریکی نوێژ خوێندنی خۆی بوو، نوێژ خوێنانیش بەملاولایدا دەڕۆیشتن وەک ئەوەی بەردێکیان لەبەر ڕێ بێت کەس لە نوێژەکەیدا بێزاری نەدەکرد یان قسە بکەن و سەری لێ بشێوێنن. یان بەردەم نوێژەکەی لێ بگرن و پیایدا بڕۆن، بەڵام ئەوەی کە زۆر لام سەیر بوو ساڵی ١٩٩٢ لە تەوافدا ئافرەتێکی لاشە کز و لاوازم بینی کە چەند مەترێک لە دیواری کەعبەوە دووربوو، نوێژی دەکرد لەناو ئەو ئاپۆڕایەی تەواف کاراندا ٤ پیاو دەوریان گرتبوو، ئەویش لەسەرخۆ خەریکی نوێژکردن بوو. بە هەمانشێوە هەمان پەرچەکرداری خەڵک دووبارە بۆوە، کەس لۆمەی نەکرد. کەس هیچی پێنەگووت و کەسیش لێی توڕەنەبوو، بەڵکو ڕێز لە نوێژکردنەکەی گیرا. لەوانەیە شتێکی قورس بێت یان هەر مەحاڵ بێت بەهۆی ئەم یاسا توندەوە کە لە مزگەوتدایە نوێژ خوێنانی ڕیزی پێشەوە بتوانن یەکسەر بێنە دەرەوە پێش ئەوەی ڕیزەکانی دواوە لە مزگەوت بێنەدەر. خۆم ساڵی ١٩٩٣ وام بەسەرهات کاتێک لە ئەبو زەبی دەست بەرداری کابرای خانەخوێم

بوم لە دەرەوە چاوەڕێی کردم، چونکە من لە ڕیزی پێشەوە بووم هیچ ڕێگایەکی لاوەکیش نەبوو، نەشدەکرا بە شێوەیەکی ستوونی بەبەردەم نوێژخوێنااندا بڕۆم.

زۆر حەزدەکەم بەتەنیا نوێژبکەم، نوێژی جەماعەت خێراترە لەو نوێژەی خۆم بە تەنیا ئەنجامی دەدەم، ئەمیان لە ژێر دەسەڵاتی خۆمدایە، دیارە نوێژی جەماعەت کەسی نەخۆش و خاوەن کاروئیشی خێرای تێ دەکەوێت، دەبێت لەبەر دڵدانەوەی ئەوانیش خێراتر ئەنجام بدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نوێژی جەماعەت خێری زیاترە لە نوێژی بەتەنهایی. جیا لەو مزگەوتانەی کە ئیمامێکی دیاریکراوی هەیە لە پێشنوێژی بۆ خەڵکی تیایدا دەکات. پێویستە کاتی نوێژی جەماعەت یەکێک دیاری بکەی بچێت پێش نوێژی بۆ جەماعەتەکە ئەنجام بدات، کەسی خانەخوێ لە میوانەکەی لە پێشترە بۆ ئیمامەتی نوێژەکان، بەڵام من لە لای خۆی لە الرباط زۆرجار یەکێک لە میوانەکانم وەک باڵوێزی سعودیە و سەرۆکی پارتی الاستقلال، محمد بوستەم لە دوای بەربانگی ڕەمەزان ڕادەسپارد پێشنوێژی ئەنجام بدەن. جارێکیان شتێکی وام بۆ هاتە پێش کە خۆم ببمە پێشنوێژ، کاتێک لە ١٩٨٥/١٠/١٠ بۆ بەشداری لە ئاهەنگی ساڵانەی کۆڕبەندی باکوری ئەتڵەنتی گەشتمە سان فرانسیسکۆی ئەمریکا. ئەوا لە دەفتەری تەلەفۆنەکەدا گەڕام ئاخۆ مزگەوتێک لە لیستی کەنیسەکاندا نادۆزمەوە تا نوێژی تیایا بکەم، دڵنیابووم کە لە پایتەختی ڕێچکە و ڕێبازە جیاوازە ئەمریکییەدا کۆمەڵەیەکی ئیسلامی هەر دەدۆزمەوە، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کە نووسرابوو لە مەڵبەندی ئیسلامی ٨٥٠، شەقامی دیفیزادیرۆ ڕۆژانە سەعات ١٢ نوێژ ئەنجام دەدرێت و ڕۆژە تاکەکان سەعات ١ ئەنجام دەدرێن، واتە هەروەک مەسیحییەکان کە نوێژ کردنیان کاتێکی دیاریکراوی نییە، وەک مسوڵمانان کە بەگۆڕینی ڕەوتی خۆر و سێبەرەکەی کاتەکان دەگۆڕێت کە گەیشتمە ئەوێ

سەیرمکرد کە کۆمەڵێک کەس ٣ کەسی ڕەش پێست لەوێن کەسێکی بە تەمەنتر لەوان کە سەری سپی بوو عەینەکێکی شۆڕکرد بۆ سەر لوتی و پەنجەی خستبووە سەر دێڕەکانی قورئانی دەخوێند وابزانم لە چاوەڕێی بانگدا بوو. کەسێکیتر هاتە ناو ئەو کەسانە ئەویش یوسف سیمۆن بوو، گەنجێکی ڕەش پێست بوو کە شیعە بوو زانستی ڕامیاری دەخوێند، لە ئاست سەرسوڕمانی من بێدەنگ بوو، دیارە کە ئەو لەگەڵ سیاسەتی هەڵاوێردنی ڕەگەزی ڕەش لەگەڵ سپی، مسوڵمان لەناو مەسیحی، شیعە لەناو سوننە دەست و پەنجەم نەرم کردووە. جارێکیتر دووچار بە سەرسوڕمان بووم کە بینیم قامەت دەکرێت کە هێشتا بانگی نەداوە. جا لەبەرئەوەی بیلال بانگبێژی پێغەمبەر (ﷺ) ڕەش پێست بوو هەستم بە ئیحراجی دەکرد کە من بڵێم کار بەو جۆرە نەبووە و نابێت وابێت. دیارە ئەم هەڵە و هەڵوێستە ناجۆرانە دەبوایە بە بێدەنگی تێنەپەڕێنم، بۆیە بە ئارامی و خەمخۆرییەکەوە وتم من پێشتر لە مەککە بووم ئەوان پێشتر بانگ دەدەن ئەوسا نوێژ دەکەن. هەڵوێستی ئەوان لەم بارەیەوە هیچ نیگەرانی لێ نەکەوتەوە، ئیتر ئەو کۆمەڵە کەسە داوایان لێکردم کەوا من پێش بکەوم و پێشنوێژییان بۆ بکەم، چونکە من لە ناویاندا لە هەموویان شارەزاترم، بەلاشمەوە نیگەرانی نەبوو کە منێکی ئەڵمانی سپی پێست کە یەکەمجارە لەلایان نوێژدەکەم پێش بکەوم. ئیتر کاتێک خۆم بینییەوە لە پێشەوەم ڕوو بە قیبلەوە وەستاوم. حەزم دەکرد و واباش بوو کە ئاڕاستەی قیبلەش تەواو ڕوو لە مەککە بوایە، ئیتر ئەو کۆمەڵە کەسە کەمەم ڕێکخست و دەستم بەرزکردەوە و (الله أكبر)م گوت، خودی زانست و مەعریفەت خاوەن کێش و قورسایی خۆیەتی. ئەمەشم لە ڕووداوێکی تردا بینی کاتێک منداڵێکی ١٥ساڵە لە ئوتێل شیراتۆنی مەدینە پێشنوێژی بۆ کۆمەڵێک عەمرەکارانی پاکستانی نەخوێندەوار دەکرد. سەبارەت بە نوێژی هەینی ئەوا لە وتاری کورت و ئەنجامدانی ٢ ڕکات نوێژ بە دوایدا پێکدێت، ئەم نوێژە هەر دەبێت بچیت بۆ مزگەوت

و لەویٚ ئەنجامی بدەیت. کۆتایی وتار بەوە دێت کە وتاربێژ دەست بەرزدەکاتەوە و لە خوا دەپاڕێتەوە ئەوەی کە بایەخێکی سیاسی هەیە ئەوەیە کە وتاربێژ داوای خێر و بەرەکەت بۆ دەسەڵاتداران دەکات.

بەپێی ئەزموونی کەڵەکەبووی چەند ساڵەم، ئەم وتارە لە وڵاتانی عەرەبیدا ئامانجی خۆی ناپێکێت لەبەرئەوەی هێندەی ختوکەی هەست و سۆزە هێندە بەرخود نییە لەگەڵ عەقڵ و هۆش، ئەو ئەو قسانە دەڵێتەوە کە خەڵکی دەیزانن نەک ئەوەی شۆڕبێتەوە بۆ خوارەوە، ئەمە هەر لە دەنگیاندا دیارە. هەندێکیان هەڵدەچێت و توڕە دەبێت وەک ئەوەی لەشکرێکی بۆ جەنگ ئامادەی لەپشت وەستابێت، شتێکیتر کە ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە چۆن لەناو مەسیحییەکاندا لە شاری میونیخ ڕێگایەکی دوورتریان دەگرتەبەر تا گویٚ لە وتارێکی دیاریکراو بگرن. ئەوا منیش ئەو دەم کە لە الرباط بووم دەچووم بۆ مزگەوتێکی قەراغ شارەکە تا گوێم لە وتاربێژی مزگەوتی لالاسکینە بگرم کە کەسێکی ڕۆشنبیر بوو، لەمیانەی کاروپیشەکەمدا دەبوایە یاسای پڕۆتۆکۆڵ پیادەکەم بەوەی نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان لەپشت سەرکردەی وڵاتان بکەم، وەک سەرۆکی جەزائیری شاذل بن جدید و پاشای مەغریب حسن الثاني ئەمەش لەبەردەم چاوی کامێرای تەلەفزیۆنەکان. هەموو جارێک لەم دیمەنانە و ئەم کەشوهەوایەدا گیانی دیموکراتی بوو کە لە نوێژی ئیسلامدا دەبینی و بینینی پاشایەک سەردەخاتە سەر زەوی زۆر جیاوازترە لە دیمەنی سەرۆکی فەڕەنسا کە لە کادرائیە ڕیمس بە شێوەیەکی تایبەت دانیشتووە.

لەبەرکردنی هەندێک دەقی عەرەبی کە لە نوێژدا دەخوێنرێت وەک چەند ئایەتێک کەم و زۆر لە ئایەتەکانی قورئان بۆ هەندێک کەمێک گرانە. ئەم لە فێربوونی ئەنجامدانی نوێژ گرانترە. نیگەران بووم لەوەی کە نەتوانم باش هەندێک دەق لەبەر بکەم، وەک ئەو یاریدەدەرەی

قەشەم لێهاتبوو کە لاتینی نەزانێت. بۆیە بڕیارمدا وەک هەموو تاکێکی مسوڵمان کە تا دنیا دنیایە دەبێت هەندێک لەبەربکەم، بۆئەوەی لە دەقەکان تێبگەم، ئەو دەمەی لە جەزائیر باڵیۆز بووم لەم ڕووەوە زۆرم سود وەرگرت. دیارە یەکەمین شتێک کە فێری بووم سورەتی الفاتحە بوو یەکەمین سورەتی قورئانە لە دەستپێکی قورئاندایە. ئەمەش پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە رکاتەکاندا، هەروەها ئەمە ڕۆژانە لانی کەم ١٧ جار دەخوێنرێت.

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ الفاتحة: ١ - ٧

لەدوای ئەمە سورەتی ژمارە ١١٢م لەبەرکرد (الاخلاص) کە ئەمە وەک لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە هاوشانی سێیەکی قورئانە. هەرچەندە لە ٤ ئایەتیش پێکهاتووە:

﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ﴾ الإخلاص: ١ - ٤

پاشان الفلق و الناس و پاشان الفیل، القریش، الکافرون، النصر، دواتر ئایەتی ١ تا ٥ی ئایەتەکانی سەرەتای دابەزاندنی وەحی، بسم الله الرحمن الرحیم:

﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ﴾ العلق: ١ - ٥

بەڵام دیارە کە لە زانستی عەرەبیدا پێشکەوتم دەستم برد بۆ هەندێک لە سورەتە درێژەکان و هەندێک ئایەتی ئەوانیشم لەبەرکرد، هەر کەسێک دەقەکانی نوێژ ڕاڤە بکات دەگاتە ئەو یەقینەی کەوا کرۆک و ناوەڕۆکی نوێژ بریتییە لە یادکردنەوەی خوا و پاڕانەوە لێی. ئەمەش

لەگەڵ ڕێنوومایی قورئان یەکدێتەوە کەوا دەبێت گەورەترین ئەرکی مرۆڤ ئەوەیە کە بە توانا زیهنییەکەی کە خوا پێی بەخشیوە خوا بناسێت و سوپاسگوزاری خوا بکات.

ئەمەش کرۆکی ڕەفتاری مسوڵمانانە. بۆیە ئەگەر لە یەکێکتان پرسی بارودۆخت چۆنە، ناڵێت چاکم یان خراپ، بەڵکو دەڵێت الحمدلله، دوای نوێژ مسوڵمان خەریکی زیکر و نزاکردن دەبێت و سوپاسی خوا دەکات، جا تەسبیحێکی ٣٣ دەنکی یان ٩٩ دەنکی بەدەستەوە دەگرن، وەیان ئەوەتا هەر بە پەنجەکانیان لەبەرخۆیانەوە سبحان الله الحمدلله الله أكبر دەڵێنەوە، لە ئیسلامدا بە پێچەوانەی مەسیحییەتەوە دوعا و نزاکردن شکڵ و شێوازی جۆراوجۆری هەیە. دوعا و نزا بەو پلە بەرزیەی کە هەیەتی ئەوا پشتکردنی لێی واز لێهێنانی ئاماژەی کەم بڕواییە. لەبەرئەوەی:

﴿ فَإِنِّي قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ ﴾ البقرة: ١٨٦.

هەروەک نزاکردن شکڵ و شێوازێکی کۆنکریتی نییە بە هەمان جۆر کات و شوێنێکی دیاریکراویشی نیە، مەرجیش نیە هەر بە زمانی عەرەبی بێت، بەرزترین حاڵەتی یادکردنەوەی بەردەوامی خوایە، سۆفییەکانیش سەرقاڵی ئەمەن، سۆفییەکان چانسی ئەوەیان هەیە کە توانیویانە زۆر لەو نزایانە بە شکڵ و شێواز و ناوەڕۆکی خۆی بهێڵنەوە، نوێژ ئەگەر لە هامبۆرگ لە مزگەوتی شیعەکان بێت وە یان لە مزگەوتێکی خشتی قوڕدابێت کە سەرەکەی بە دارخورما دارەڕا کرابێت وەک لە مەغریب هەیە، وە یان لە مزگەوتی ڕەنگاوڕەنگی ئەمەوییەکانی دیمەشق بێت ئەوا نوێژ هەر نوێژە هەر وەک یەکن، هەمووان لە یەک مامۆستاوە فێربووین. ئەم یەکپارچەیی و یەکبوونە ئارامی دەبەخشێت و چەقی بیرکردنەوە دیاری دەکات. نوێژ لە ئیسلامدا سەرەڕای هاندەرە ڕوحییەکەی وە ڕەهەندی مادی بەرچاو و ڕەهەندی ئەگەری سیاسی، ئەوا کاتێکی باشت

دەوێت کە پێی پەتی لەسەر زەوییەکی ڕەق دابنیشیت و دووچار بە گرژی ماسولکەکان نەبیت. لە ڕاستیدا دانیشتن بەو جۆرەی برایانمان لە خۆرهەڵات کە بۆماوەی چەند سەعات لەسەر زەوی ڕەق ئەوا بۆ ئێمە لەسەرەتای تەمەنماندا قورسە. شتێکی بەڵگە نەویستە کە نوێژکردن لە ئیسلامدا چارەسەرێکی باشی دوو دڵی و ڕاڕاییە کە ئەم سەردەمە گرفتارییەتی کە زۆر خۆماندووکردنی ناوێت گەر بتەوێت شی بکەیتەوە و لە هۆکارەکانی بگەیت. مرۆڤی ئێستا کارکردنی بە هێزی ماسولکە لەچاو جاران کەمتر بۆتەوە، بەڵام ئێستا پێچەوانە بۆتەوە، ئەمڕۆ خێرایی ئەنجامدانی کارەکان باڵی بەسەر هەمووواندا کێشاوە پۆستی ئەلەکترۆنی تلفاکس ـ فاکس ـ ئەنتەرنێت ئەمڕۆ هەمووان ماندوو دەکات، بەوەی بە کارەکان ڕاناگەن کاتیان بەدەستەوە نامێنێت دەترسن شکست بخۆن، بۆیە پەنا دەبەنەبەر مەی خواردنەوە، جگەرەکێشان، حەبی بێهۆشی، حەبی وزەبەخش هەروەک یەکە بڕی تێچووی نەشتەرگەری گیرانی دەمارەکانی دڵ لەلای ئەوانەی لە بەرپرسیاریەتی باڵادان وایکردووە مۆڵەتی بە ناچاری وەربگرن، هەروەها بەرنامەدانان و نەخشەڕێگای کارکردن و پاشان گۆڕین و ئاڕاستەکردنی بە جۆرێکیتر. خۆ دۆزینەوە، هەموو ئەمانە بوونەتە ئامرازی خۆڕزگارکردن لە ڕاڕایی و دوودڵی. قسەی من ئەوەیە کە نوێژی ئیسلام هەموو ئەم خواستانە جێبەجێ دەکات، بگرە بەزیادیشەوە، چونکە ئەم نوێژە نەک تەنها کاری ئەوە بێت کە پێو پشوویەک بدات و بە ئارامی بیربکاتەوە، بەڵکو وادەکات کە هەناوی لە سیحری پارە و سامان و پلە و پۆست پاک بکاتەوە. ئەو کاتەی کەسێکی ئەمریکی کە لە ژێر بارودۆخێکی ئاڵۆزاوی و پاڵەپەستۆیەکی دەروونیدا دەژی ئەوا تەنها دوو ڕێگای لەبەرە سێهەمی نییە شەڕکردن یان ڕاکردن بە خۆکوشتن، بەڵام مسوڵمان ڕێگای سێهەم هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ بارودۆخەکە دەست و پەنجە نەرم دەکات بەوەی پشت بەخوا دەبەستێت. بەهۆی نوێژی ئیسلامەوە مسوڵمانی ڕاستەقینە دووچار بە

ئاڵۆزی دوودڵی نابێت کە سەردەکێشێتە بۆ هیلاک بوون و شپرزەیی. من چاک دەزانم چی دەڵێم دەتوانم گشت هۆکارەکانی دوودڵی و ئاڵۆزی کاتی کارکردنم لە بەشی پەیمانی باکوری ئەتڵەنتی و بەرگری لە وەزارەتی دەرەوە لە ساڵانی ١٩٧٩ – ١٩٨٣ بزانم هەروەک دەتوانم لە ڕێگای ئەوەی کە بەڕێوبەری بەشی زانیاری تایبەت بە مەترسی هێرش کردن بووم لە پەیمانی باکوری ئەتڵەنتی لە برۆکسل ١٩٨٣ – ١٩٨٧ بزانم هۆکاری دوودڵی و نارەحەتی و پەستی چی بوون، هەر لە ساڵی ١٩٨٠وە لەسەفەرەکانمدا جگە لە بەرماڵێک و قیبلەنوومایەکی تایوانی زیاتر شتێکیترم هەڵنەدەگرت، دەشمزانی خاولییەکی پاک ئەم کارەی پێ دەکرا، چونکە خوا لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو:

﴿فَأَيۡنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجۡهُ ٱللَّهِۚ﴾ البقرة: ١١٥

ئیتر ڕۆژانی تەمەنم لە دواییدا بوونە پاشکۆی کاتەکانی نوێژ، نەک ئەوەی پاشکۆی کاتژمێر بن کە دوودڵی و ڕاڕایی بەدوادا دێت (مەبەستمە بڵێم کە مسوڵمانێک مەوعیدێک بۆ کەسێکیتر دیاری دەکات ناڵێت سەعات ٣:١٥ خولەک، بەڵکو دەڵێت دوای نوێژی نیوەڕۆ یان دوای نوێژی شێوان) پوختەی قسە ئەوەیە کە لە نوێژی ئیسلامدا ئارامی و ڕزگاربوونی ناخی مرۆڤی مسوڵمانە لە هەموو پاڵەپەستۆ و نارەحەتییەک کە لەسەریەتی، چونکە ئەوە دەتوانێت ئەوە ڕیشەکێش بکات لە دنیایەکدا کە هەموو شت بۆتە پارە و پارەش هەموو شتێکە.

کاتێک ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن میدیاکانەوە بەهۆی مسوڵمان بوونمەوە دووچار بە هێرشکردن و بریندارکردن بوومەوە هاوڕێکانم نەیاندەزانی بۆچی من بەرامبەر بەمە هێندە بێ باکم و گوێم لێی نییە، لەوانەیە ئەوان منیان بە خۆبەزلزان و لوتبەرز ا نابێت، بەڵام لەلای من ڕاڤەی ئەم ڕەفتارە تەنها ئایەتی ٥ی سورەتی فاتیحەیە﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ الفاتحة: ٥

لەو ڕۆژگارەدا نوێژکردن بۆ من بووبووە ڕەگەزێکی سەرەکی بەشێکی گەورەی ژیانم. وام لێهاتبوو کە نەمدەتوانی لە شارێکدا بژیم کە گوێم لە دەنگی خۆشی بانگ نەبێت هەروەک ئەوەی لە فاسی مەغریب و ئەستەمبوڵ گوێم لێبوو.

زۆر لەوەم ڕوانیوە کە نوێژکردن شتێکی پاک و بێگەرد و بە سروشتی خۆی دەبێتە ڕەگەزێکی سیاسی، تا پێش ئەوەی بەرەی ڕزگاری ئیسلامی جەزائیر لە ساڵی ١٩٨٨ بە ئاشکرا بکەوێتە کارکردن، ئەوا ئەندامەکانیان خۆیان لەوە دەبوارد کە لەو مزگەوتانە نوێژ بکەن کە لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی دەسەڵاتدایە. هەروەک ئەو تورکانەی کە لە ئەڵمانیا کاردەکەن خۆیان لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی ئاینەکانی تورکیا دەبوێرن، ئیسلام بوونیان هاوتەریب و ڕەنگدانەوەی نوێژەکانیانە. لە شوێنێکی وەک ـ بلیدە ـ لە ساڵی ١٩٨٧ لە ماڵێکی تەنیشت مزگەوت لە جیاتی مزگەوت نوێژمان کرد، کاتێک حکومەتی بەرەی ڕزگاری نیشتیمانی جەزائیری ویستی ناز و منەتی خۆی بەسەر خەڵکیدا نیشاندا ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٨٨ دووچار بە شکستێکی قورس و چاوەڕوان نەکراو بوو، ئەویش دوای ئەوەی خەڵکی لەمیانەی شاشەی تەلەفیزیۆنەکانیانەوە مەراسیمی جەژنی قوربانیان سەیردەکرد. بینییان کەوا سەرکردەکانی پارتەکە هەر نازانن نوێژێکیش ئەنجام بدەن، ئەمەش ئاماژەی ئەوەبوو کە ئەوان چەندە لە ئاین و خۆپاراستن لە گوناە چەند دواکەوتوو بێ ئاگان. ئیتر خەڵکی بەیەکجاری لێیان ڕاپەڕین و توڕەبوون و گاڵتەیان پێ کردن، چەند مانگێکی کەمی پێنەچوو کە پارتی ڕزگاری نیشتیمانی لە مانگی ١٠دا دووچار بە شکست هات و بەرەی ڕزگارکردنی ئیسلامی جێگای گرتەوە، قسە زۆر ماوە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە لە دەیان بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە بانگی شێوان بە گوێدا بدرێت کە دوای ڕۆژئاوابوون دێت و دواش ناخرێت بۆ کاتێکیتر.

## فەسڵی چوارەم

# بەئاگاهاتنەوەی دوای بێهۆشی

یەکێک لە هەرە سیما بەرچاوەکانی گۆڕانکاری لە ژیانمدا دوای مسوڵمانبوونم بریتییە لەوەی کە خۆم دوورکردەوە لە مەیخواردنەوە و بۆ هەتا هەتایە مێزی خواردنم شووشەی مەی لەسەر دانانرێتەوە، سەرەتا وامدەزانی کە ئەگەر چەند قومێک مەی نەنۆشم ئەوا خەوم دەزڕێت و خەوم لێ ناکەوێت. بەڵام تەواو پێچەوانەی گومانم بوو. بەهۆی ئەوەی ئیتر لاشەم پێویستی بەوە نییە خۆی لەو مادە کحولییە لاشەم ڕزگار بکات، ئەوا لێدانی دڵم لەکاتی خەودا زۆر ئاسایی بۆوە خەوێکی هێمنانەم دەکرد. ڕاستە پیو و چەوری دەتوێنێتەوە، بەڵام ئێمە بۆ هەمیشە گۆشتی بەرازمان لەسەر خوان و سفرەمان لابرد، بگرە ئێستا بۆنی ئەم گۆشتە زیان بەخشە دووچار بە دڵ تێکەڵهاتن و هێڵنجدانم دەکات.

لە سەردەمی نەفامیدا (کاتی تاریکی) پێش مسوڵمان بوونم، پسپۆڕی بواری مەی ناسی بووم، تەنها بە چێژکردنی لایەکی زمانم جۆرەکانیم دەناسیەوە، ناسینەوەی جۆری مەی ژنانە و پیاوانەم لەناو کۆمەڵێکی جیاوازی مەیدا زۆرلا ئاسان بوو. ژیانی دیپلۆماسییەت و بە تایبەت ئاهەنگی فەرمی نانی ئێوارە لە کۆتایی کۆنگرەکانی وەزیرەکانی پەیمانی باکوری ئەتڵەنتی. دەرفەتێکی باشبوو کەوا ئەم ئەزموونە زۆرە وەربگرم.

زۆرم مەشق لەسەر ئەوە کردبوو بۆئەوەی توانای ئەوەم هەبێت جۆرەکانی مەی لەیەک جیابکەمەوە، کە لە چێشتخانە داوای خواردنم

دەكرد وام دەكرد كە خواردنەكە لەگەڵ مەيەكەدا يەك بێتەوە نەك پێچەوانەكەی، من لام وايە كە حەرامكردنی مەی و ماددەی بێ هۆشكەر نەك تەنها پێويستييەكی كۆمەڵايەتييە و بەس، بەڵكو سود و قازانجی تاكيشە، چونكە وادەكات هەميشە كەسێكی سەرحاڵ و بە ئاگابيت، ئيتر من بەيەكجاری ئەو قۆناغەی ژيانمم تێپەڕاند و بۆ هەميشەيی دەستبەرداری مەی خواردنەوە بووم، مرۆڤ بەهۆی هێزی بيركردنەوە و توانای ژيری شانازی ئەوەی پێ بڕاوە كە گەورەترين مەخلوقە، ئێمەی مرۆڤ توانای ئەوەمان هەيە كە لە جيهانی چواردەورمان وردببينەوە و لە حاڵ و ئەحواڵيان ئاگاداربين و ژيرانە هەڵسوكەت بكەين. هەر بەم جۆرە سيفاتانە بەرزدەبينەوە، بەڵام هەر ئێمە خۆشمان نين بە مەی خواردنەوە ئەم جۆرە سيفاتانە تێك دەشكێنين، بەم كارە سوكايەتی بەخۆمان دەكەين و لەناو ئەم گەردوونە فراوانە قەدر و ڕێزی خۆمان دادەبەزێنين و بگرە دەيگەيەنينە ئاستی خوار گياندارانيش، كە ئەو هەرگيز ناچێتە دنيای مەستی و بێهۆشييەوە. مەی نۆشی و پەنابردنە بەر مادەی هۆشبەر جۆرێكە لە تێكدان و بەلاڕێدانی هۆش و بير. ئەو خانمە صربييەی كە بەڕێوبەری ماڵەكەم بوو لە بەلگراد نموونەيەكی بەئاگاهێنانەوەبوو بۆ من، چونكە هەر دوای وەرگرتنی چارەسەرێكی دوور و درێژيش خێرا دەگەڕايەوە سەر مەی خواردنەوە. ديمەنی ئالوودەبوون بە مەی ديمەنێكی پڕ سووكايەتييە، دڵتەنگی بەدوای خۆيدا دەهێنێت و جێگای بەزەيين، زۆرێك لەوانە پەنا دەبەنەبەر خۆكوشتن.

ئەوان باش حاڵی خۆيان دەزانن چۆنە، بەڵام ناتوانن دەستبەرداری ئەو ماڵەی خۆيان ببن، چونكە مەی خواردنەوە وای لێ كردوون كە ويست و ئيرادەی خۆيان لە بڕياردانددا لە دەست بدەن. ئامانجی قورئان لە حەرامكردنی مەی خواردنەوە هەر لە سەرەتاوە دەست پێدەكات، بۆ نموونە پەرداخێك مەی زيان ناگەيەنێت، بەڵام هەر ئەم

پەرداخە ڕۆژانی دوایی دەبنە چەندین پەرداخ، دیارە کەسی ئالودەبوو بە مەی هەست بە زیانەکانی ناکات وانازانێت مەترسی هەیە بۆسەر ژیانی، بۆیە دەکەوێتە پاکانە و بڕوبیانوو هێنانەوە تا مەینۆشین و جگەرەکێشانی بەلاوە ئاسایی بێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ئالوودەبووانی مەی خواردنەوە بە شاد و خەمبارییانەوە لەژێر قورسایی و پاڵەپەستۆی کاروئیشیاندان، جا بە تاک بێت یان بە کۆمەڵ، برسی بن ساغ بن، یان نەخۆش. کەسێک کە مەیخۆر نەبێت بکەوێتە ناو کۆڕ و کۆبوونەوەی مەیخۆران و مەستان، هەست دەکات کەوا ئەم شوێنە لە شوێنێکی خراپ و هەڵەدایە، چونکە لەناو کۆمەڵێک کەسدایە خۆیان بە بلیمەت و ناوازە و خەیاڵ کراوە لە بەرامبەر هەڵسوکەوتی هەندێک لە هاولاتیانم هەستم بە شەرمەزارییەکی زۆر کرد کاتێک بە فڕۆکەیەکی کۆمپانیای ـ لۆفتهانزا ـ بەرەو جدە ڕۆیشتم چەندە لە ولاتی سعودیە لەو کەشوهەوا وشکەی نزیک دەبووینەوە ئەوا داواکاری و خواستی زۆریان بۆ مەیخواردنەوە زیادی دەکرد، بۆ نموونە داوایان لە خانمی پێشوازی فڕۆکەکە کرد کە لە یەک کاتدا ٤ بتڵ مەیان بۆ بهێنێت، وەک ئەوەی وەک حوشتر پاشکەوتی بکەن. چەند دیمەنێکی شەرم ئامێز بوو کە لە فڕۆکەکە دابەزین داری جەژنی لەدایکبوونیان لە کیسەکەوە ئالاندبوو لەمەستیاندا بەملاولادا دەکەوتن. ئەم ڕووداوە ئەوەی لەلا سەلماندم کە بۆ بلاوبوونەوەی ئیسلام لە ئەڵمانیادا هیچ بەربەستێک هێندەی حەرامکردنی گۆشتی بەراز و مەیخواردنەوە بەربەست نییە کە لە قورئاندا هاتووە، ئەڵمانییەکی نیشتەجێی باڤاریا و کۆڵۆنیا قەت لەوە خۆش نابن سفرە و خوانیان گۆشتی بەراز و مەی لەسەر نەبێت، لیسینگ ـ لە سەدەی ١٨دا قەسیدەیەکی گاڵتەئامێزی لەم بارەیەوە بلاوکردۆتەوە، کە بە ناونیشانی ـ تورکەکان ـ ە کە تیایدا بە جوانی کچانی تورکدا هەڵدەدات و بەوەی پیاو دەتوانێت ئەگەر حەزت لێ بوو ٤ ژن بهێنیت. وە حەزی دەکرد تورک بوایە، بەلام هەر خێرا قسەکەی دەگۆڕێت و

دەڵێت ئەم نایەوێت ببێت بە تورک، چونکە تورکەکان مەی ناخۆنەوە). بەڵام وا دەڵێم دەبوایە ببوایە بە تورک، چونکە ئێستا تورکەکان مەی دەخۆنەوە و بەپێی یاساش فرە ژنی یاساغە، کەسێکی مسوڵمان کە پەنا دەباتە بەر خواردنەوەی پەرداخێک شەربەت لە کۆڕی مەیخۆراندا ئەوا کەیف و شادییان لێ تێک دەدات، چونکە ئەمە وەکو سزادانێکی مەعنەوییە بۆ ئەوان، بۆیە لەدوای مسوڵمان بوونمەوە زۆر دەگمەن من و هاوسەرم بانگ بکرێین بۆ ئاهەنگێک کە ڕەقس و سەمای تیادا بێت وەک ئەوەی کەیف و شادی هەر مەیخواردنەوە بێت، لە زۆرلاوە ئێمە دابڕاوین و تەریک کەوتووین. زۆرجار بیانووی جیاوازی کەشوهەوا و بە حەرامکردنی قورئان بۆ گۆشتی بەراز و مەی خواردنەوە لە کۆمەڵگاکەماندا (مەبەست پێی کۆمەڵگای ئەڵمانییە) دەهێنرێتەوە گوایە ئەم حەرامکردنە بۆ کۆمەڵگای ئێمە گونجاو نییە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم قسە هیچ لۆژیکێکی تیایا نییە.

زەرەر و زیانی ئەمانە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا زۆر زیاترە لەوەی لەو سەدەی ٧ دەرکەوت. زیانێک کە ئەو کاتە لایان وابووە گەورەیە ئەوەیە لە سواری وڵاخەکەیان پێی بکەوتنایەتە خوارەوە، یان ئەوەتا لە ماڵ و منداڵی خۆی بدات. یان لە چوار پەلی حوشترەکەی بدات، ئێستاشی لەگەڵدا بێت ژن و منداڵ دەکەونەبەر هەڵمەتی لێدان بەهۆی کاریگەری مەیخواردنەوە. هەروەک فڕۆکە بەهۆی کاریگەریی مەیخواردنەوە دەکەونە خوارەوە، ڕوودانی ڕووداوێکی کەشتییەکی گەورە بەهۆی مەیخواردنەوە تا ئێستا گەورەترین کارەساتی ژینگەیی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەگەڵ ئەوەی سەرژمێرییەکی زۆری ڕووداوەکانی هاتوچۆ و کارخانەکان لەبەردەستدایە، بەڵام هەرگیز ئەمە لەگەڵ زیانەکانی مەی و ماددەی بێهۆشکەری کۆمەڵگی ڕۆژئاوا بەراورد ناکرێت، لە هەندێک لە نەخۆشخانەکانی تورکیا هۆبەی چارەسەری ئالودەبوون

لەگەڵ نەخۆشییە عەقڵییەکان لە تەنیشت یەکن، کە ئەمەش خۆی زەنگی مەترسییە بۆ ئێستا بێت یان سبەی، ئەمە پێش ئەوەی جگەر هەڵتەکێنێت ئەوا عەقڵ تێک دەدات، من خۆم یەکێک بووم لە قوربانیانی ڕووداوی ڕێگاوبان بەهۆی مەستی سایەقەکەیەوە، لە ئەمریکا لە گەشتێکدابووم (بە ڕێگای ئۆتۆستۆپ) لە ٢٨/یۆنیۆ/١٩٥١ لە نزیک ـ صولی سرنجز ـ دووچار بە ڕووداوێکی سەخت و نەخوازراو بوومەوە، کاتێک ئێمە بەڕێگاوە بووین لە ئەتلانتای جۆرجیا بۆ مەمفیسی ویلایەتی میسیسپی ئەو دەمەی لە شوێنی مەبەستمان نزیک بوینەوە تارماییەک بەرەو ڕوومان هات دوای ئەوە شتێکی وام لە خەیاڵدا نییە چی ڕوویداوە، بەڵام دوایی زانیم کە ئەو تارماییە، سەیارەیەک بووە و خۆی بە ئێمەدا کێشاوە.

شۆفێرەکە و هاوکارەکەی زۆر بەد مەست بووبوون، چونکە لە تینسی ڕێگا دەدرێت کە شۆفێر مەی بخواتەوە ئەمەش پێش ئەوەی بگەنە میسیسپی کە لەوێ مەیخواردنەوە لەکاتی لێخوڕیندا یاساغە، زیانی ئێمە لە زیانی ئەوان کەمتربوو، ئێمە شۆڤەرلێتێکی مۆدیل ١٩٤١مان پێبوو واتە پێش شەڕ. زۆر لەوەی ئەوان قایمتر بوو کە ئەوان شۆڤەرلێتێکی ١٩٤٣کاتی شەڕیان پێبوو کە وەک ئەوەی ئێمە نەبوو، قۆڵم زیانی بەرکەوت، دکتۆر وتیان ئەگەر باڵات ٨سم کەمتر بوایە ئەوا دەرنەدەچوویت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ١٩ ددان بوو ئەمەش دوای نەشتەرگەری چەناگە و لێوی خوارەوەم. بەوە دڵنەوایی دامەوە کە دەکرێت دوای چەند ساڵێکیتر بە نەشتەرگەری جوانکاری ڕووخسارم جوان بکرێتەوە، دوایی پێیوتم لەم جۆرە ڕووداوانە کەس ڕزگاری نابێت، دیارە خوا بۆ کارێکی تایبەت هەڵیگرتوویت. ئیتر من کە لە هولی سبرنجز بە قۆڵێکی بە گەردن هەڵواسراو و لەزگە بە چەناگە و لێوی نەشتەری کراو دەڕۆیشتم بیرم لەو قسەیە دەکردەوە ئیتر بیرم لەوە

دەکردەوە بەچی لە جەژنی لەدایکبوونی ٢٠ ساڵەمدا خۆم دڵخۆش بکەم. هەموو شتێک ئازاری دەدام، خواردن و خواردنەوە، گەڕان، وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، دوایی چووم بۆلای سەرتاش لانی کەم لای ئەم ئازارم نابێت. حیکمەتی ڕزگاربوونی خۆمم بۆ دەرنەکەوت کە ٣٠ ساڵ دوای ئەوە مسوڵمان بووم.

## فەسڵی پێنجەم

# تاقیکردنەوەی خۆڕاگری

دوای چەند مانگ لە مسوڵمان بوونم، مانگی بەڕۆژووبوون کە ڕەمەزانە و ٩هەمین مانگی عەرەبییە پێ و قەدەمی بەخێری هێنا. منیش بەجۆرێک ترس و دڵەڕاوکێوە چاوەڕوانیم دەکرد، چونکە تاقیکردنەوەیەکی سەختی توانای خۆڕاگری مسوڵمانە، کە لوتکەی بێداری و ئاگایی تیایدا بەرجەستە دەبێت، دەبێت لە ماوەی ٢٩ یان ٣٠ ڕۆژی داهاتوودا خۆم لە خواردن و خواردنەوە و جگەرە و سەرجێی بەدووربگرم و وەکو جارانیش کاری ڕۆژانەی خۆم ئەنجام بدەم. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٧ کە لە فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی بەلگراددا بووم لە بەلگرادەوە بەرەو ئەستەنبوڵ دەچوو. دوای ئەوەی سەیرمکرد لە فڕۆکەکەدا کە لە بەشی ئابورییەکەیدا بووم. کەسی تەنیشتم کە قاپە خواردنەکانی بەردەمیان لابرد هیچ دەستکاری نەکرابوو، کاتێک کە بەربانگ نزیکبۆوە خێرا خێرا سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکرد، ئەو دەمەش کە لە بەلگراد نیشتەجێ بووم ـ رمضاني رمضان ـ کە باخەوانی باخەکەمان بوو ئەوا بانگمان دەکرد کە نانی ئێوارەمان لەگەڵدا بخوات، بەزەییمان پێدا دەهاتەوە، چونکە زۆر سوربوو لەسەر ڕۆژوو گرتنەکەی، هەر لە مەلابانگدانی بەیانییەوە تا بانگی ئێوارە خۆی لە خواردن و خواردنەوە بەدوور دەگرت وەک هاوسۆزییەک لەگەڵیدا هەفتەیەک بەڕۆژووبووم.

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانیت ٣٠ ڕۆژ بەڕۆژوو بیت ئەگەر بە مانای وشە نەتەوێت بەڕۆژووبیت، لە بۆن یەکێک لەو کارانەی کە پێم سپێردرابوو ئەوەبوو کە ئاهەنگی نان خواردنی ـ ئێواران ـ بۆ بیانییەکان ڕێکبخەم، ئیتر بەشداری نەکردنی خۆم لەگەڵیاندا بە خواردن و خواردنەوە ئیحراجییەکی زۆری بۆ دروست دەکردم، ئایا بڵێی گەدەم نەخۆش بێت؟ یان ئەوەتا ئەو خواردنەی کە بۆ ئەوانم داواکردووە لە ئاستی خۆمدا نابینم؟ لە چوار وەرزی ساڵدا ڕەمەزان هێندەی ئەوە دڵخۆشت ناکات کە لە ژینگەیەکی مسوڵماندا بەڕۆژووبیت، مانگێکی پڕ لە ڕۆحانیان، مانگی ئاشتی و برایەتی. ڕۆژوو وەک هەریەکە لە پەرستشەکانی دی پێکهاتەی ماددی و مەعنەوی خۆی هەیە و لەیەک دانابڕێن. سەرەتای بەیانی بەوە دەست پێدەکات خۆت لە خواردنەوەی چاو قاوەی بەیانیان بگریتەوە، دیارە لە ڕۆژدا ڕێژەی شەکر لە خوێندا دادەبەزێت تا ئەو ڕادەی بوورانەوە ڕوودەدات، لەلایەکیترەوە ئاسانە مرۆڤ بزانێت سیستمی بایۆلۆژی چۆن کار پێ بکات. سەبارەت بە من ئەوا دوو کاتم هەیە کە دەتوانم چالاکی تیایدا ئەنجام بدەم سەعات ١١ی نیوەڕۆ و ٤ی دوای نیوەڕۆوە کارەکانیشم بە پلەبەندی دابەشکردووە ئەوەی کە دەکرێت ئەنجام بدرێت، ئەوەی دەبێت ئەنجامی بدەم وە ئەوەی کە ناکرێت ئەنجامی بدەم.

ڕۆژی سێهەمی بەڕۆژووبوون ناخۆش بوو، یەکێک بوو لە ڕۆژە سەختەکان دووچار بە گێژبوون و دڵ تێکەڵهاتن دێیت. بە ڕاکشانیش زیاتر دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لاشە خەریکی خۆ ڕێکخستن دەبێت لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکە و خۆی ڕادەهێنێت. ئیتر وردە وردە سەرئێشە و هەست بە برسییەتی کەم دەبنەوە، ئەگەر سەیری یەکێکیش بکەیت کە خەریکی نان خواردنە ئێرەیی پێ نابەیت. لەگەڵ ئەوەی ئێواران وا هەست دەکەم لاوازبووم و خوێندنەوەشم پێ ناکرێت و بگرە هەروا

ناتوانم دانیشم سەیری تەلەفزیۆنیش بکەم. کەچی حەزم بۆ خواردن نەماوە بە تایبەت گۆشت.

لە جیهانی ئیسلامیدا بە تەقاندنی تۆپێک خەڵکی لە کۆتایی ڕۆژی بەڕۆژووبوون ئاگادار دەکرێت، ئیتر بە خواردنەوەی ئاو و شەربەت و خورما و زەیتوون بەتاک (واتە ١ – ٣ – ٥) دەنک ڕۆژوو دەشکێنن، نوێژی شێوان ئەنجام دەدرێت وەک سوپاسگوزارییەکی خوا کە هاوکاری ڕۆژووگرتنەکە بووە. لە هەریەکە لە جەزائیر و مەغریب دوای خواردنی نانی ئێوارە چای نەنعاعی سەوز دەخۆنەوە، شۆربایەکی ڕەنگ ڕەش یش بەدوادا دەخۆن. کە دیارە لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکیتر تامی جیاوازە، هەروەک هێلکە و ڕۆن بە خورما و خورماش دەخۆن. ئیتر لاشە گوڕوتینێکی پێدا دێتەوە دوای ئەوەی پشوویەک دەدەن ژەمێکی باش گۆشت دەخۆن. لە مەغریب مریشک و گۆشتی برژاوی مەڕ دەخۆن، و (کسکی) بە گۆشتی مانگا دەخۆن، شیرینی و میوەش بەدوایدا دێت، بەداخەوە هەموو ئەمانە لەماوەیەکی کورتدا دەخۆن. من لەسەر ڕەمەزان ڕام جیاوازە و بۆ ڕاکەشم پشت بە سوننەت دەبەستم، خەڵکی لێرە لایان وایە کە شەو دەبێت قەرەبووی ڕۆژیان بکەنەوە. ئیتر سەیری تەلەفزیۆن دەکەن و یاری کاغەز و کۆنکەنیش دەکەن، هەندێ جار مەیخواردنەوەش هەیە، ئەمەش تا نیوەشەو دەخایەنێت. ئیتر ژەمی سێهەم دەخۆن کە پارشێوە. زۆرێک لە جەزائیری و مەغریبییەکان ناتوانن خەوێکی تەندروست و خۆش بکەن. بگرە سەرەتای ساتەکانی خەویان لە دەرەنجامی زۆر خواردنیان نارەحەتی و ناخۆشییە وادەکات لە ڕەمەزاندا فریای نوێژی بەیانی نەکەون. ئیتر لە چێشتەنگاو هیچ سودێک وەرناگرن. بۆیە ئاڕاستەی گشتی ڕووەو ئەوە مل دەبێت کە شەو بکەن بە ڕۆژ و ڕۆژیشیان شەوبێت، لە ڕاستیدا لەمانگی ڕەمەزاندا ڕادەی بەکارهێنان و خواردنی خواردەمەنی زۆر دەبێت، دیارە ئەوەی

کەوا کەمیش دەبێت کار و بەرهەم هێنانە. بۆیە لە ڕەمەزاندا داهاتی نەتەوەیی کەم دەکات وەک ئەوە وایە دووبارە لە پشوودابن، بۆیە شتێکی نامۆ نییە کە سەرکردە عەلمانییە عەرەبەکان ڕای بگەیەنن کە لە وڵاتانی گەشەسەندوودا توانای تەنبەڵی ڕەمەزانیان نییە، ئەوەی بەلامەوە بێ مانایی و پووچ بوو ئەوەبوو کە لەلایەن بەرپرسانی باڵاوە بانگهێشتی بەربانگ دەکرام کەلوپەلی خواردنەکان لەزێڕبوون. وە لەگەڵ دەستپێکدا لەسەر سفرەیەکی ڕازاوە بڵێیت appetite bon واتە ژەمێکی خۆش، لەجیاتی ئەوەی بڵێن (بسم الله) ئەمەش پێش بانگی شێوان، زۆرجار ئەوەم بە خەیاڵدا دەهات کە شتێکی نالۆژیکییە کەسێک نوێژ نەکات، بەڵام بەڕۆژووبێت، و ئەم ڕەفتارە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆژووی ڕەمەزان لە واتا ئاینییەکەی خۆی جیاکراوەتەوە و دەرهێنراوە و کراوەتە بەشێکی سەربەخۆ لە مەدەنییەت. هەر ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە هەندێک لە مسوڵمانان خۆیان لە مانگی ڕەمەزاندا لە مەی خواردنەوە دووردەگرن، لەبەرئەوەی مانگێکی پیرۆزە کەچی لە بەرامبەردا ١١ مانگیتر بەکەماڵی ئیسراحەت دوور لە ئیسلام دەژین. لە ساڵی ١٩٨٧ تا ١٩٩٤ ڕۆژانەی ڕەمەزانم بەشێوەی جیاواز تێپەڕاندووە. دوای نوێژی خەوتنان دەخەوتم، ئیتر کاتژمێرەکەم وا ڕێکدەخست سەعات ٣:٣٠ یان ٤:٠٠ واتە ٤٠ خولەک پێش بانگی بەیانی لە خەو هەڵدەستام بۆ بەربانگ، ئاوم زۆر دەخواردەوە، ئیتر ئەو کاتەی کە دەما بۆ بانگی بەیانی ئەوا بە خوێندنەوەی قورئان بەسەرم دەبرد، پاشان نوێژی بەیانیم دەکرد. دوای نوێژ ٢ سەعات دەخەوتمەوە لە باڵیۆزخانە سەعاتێک دواتر لە مانگەکانی تر دەوام دەستی پێ دەکرد. لەو ڕۆژانەدا زیاتر لە ڕۆژە ئاساییەکانی تر کارەکانم ئەنجام دەدا، چونکە کارکردن هەستی گەدەی خاڵیت لەبیردەباتەوە. لە شوێنی کارکردنم مێزی خواردنی لێبوو کە بە دەوریدا دادەنیشتن، بەڵام قاپەکانی من خاڵی بوون، بەڵام میسیۆدی کونیاک ـ ی هاوپیشەم

له الرباط ئەوا وەک وڵاتی خانەخوێم بەشدار دەبوو لەگەڵم، ئەمەش هەڵوێستێکی سیاسیانەی بەرزە ڕۆژانەی کارکردنم بە ئامادەبوون لە دروس الحیسنیة لە کۆشکی شاهانەی پاشای مەغریب لە الرباط ئەنجام دەدرا کۆتایی دەهێنا، هەموو حکومەتی مەغریب بە هیئە الأرکان و باڵیۆزەوە ڕۆژانە ئامادە دەبوون لە سەعات ٥ی دوانیوەڕۆ دەستی پێ دەکرد تا ئەو کاتەی پادشا و میرەکان دەهاتن گوێمان لە قورئان دەگرت. ئەوانەی کە وتاریان پێشکەش دەکرد لە وڵاتی ئیسلامییەوە بانگهێشت دەکران. مسوڵمانی ئەمریکییان تێدابوو، هەروەک شێخ طنطاوي لە قاهیرە، لەسەر مینبەرێکی کلاسیکی دادەنیشتن، پادشاش وەک ئێمە لە خوارەوە بە چوار مشقی لێی دادەنیشت و بازنەیەکیان بە دەوری وتاربێژدا دروست دەکرد. من و هاوڕێ مسوڵمانەکانم سەعات ٧ بە نۆرە دەچووین بۆ بەربانگ کردنەوە، کاتێک سەرەی من دەهات شوێنی کارکردنم هۆڵی نێوان ژووری میوان و چێشتخانەکە دەبووە مزگەوت.

بەرماڵ دادەخرا، ئەو پەیوەندییەی لەمیانەی ئەمەدا لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی حکومەت و هەندێک لە ڕاوێژکارانی پادشا ئەنجامم دا توندو تۆڵ و بەردەوام بوو. شتێکی ئاسایی بوو لەگەڵ تەواوبوونی مانگی ڕەمەزاندا ٥ تا ٨ کیلۆ کەم بکەم و کێشم دابەزێت، بەکورتی لە کێشی شیاو و گونجاوی خۆم تەواو نزیک بوومەوە، ڕۆژوو لەگەڵ ڕەهەندە ماددییەکەیدا ئەوا خاوەنی ڕەهەندێکی ڕوحیشە کە ئەگەر ئەمەی لەگەڵدا نەبێت ئەوا ڕۆژوو تەنها پاڵەوانبازییەی خۆبرسی کردن دەبێ و بەس. گەورەیی ڕەمەزان لە مێژووشدا بەرچاو و دیارە، ڕەمەزان هەر ئەوەندە نییە کە غەزای بەدری لە (٦٢٢) تیایدا ئەنجامدراوە کە خاوەنی پێگەیەکی تایبەتە لە خۆڕاگری و شێلیگری مسوڵمان لەسەر ئاینەکەیان، بەڵکو ـ لیلة القدر ـ ی تیایە کە قورئانی تیا هاتۆتە خوارەوە، ئەم شەوە کە لە

شەوە تاكەكانی دەیەی سێهەمی مانگی ڕەمەزانە، خوا لەبارەی ئەم شەوە لە قورئاندا دەفەرموویێت:

﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ٢ لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ٣ تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ ٤ سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ﴾ القدر: ١ - ٥

ئەم دەقە شایەنی ڕاڤە و لێوردبوونەوەیە، خەڵكی وا عادەتی گرتووە كە شەوی ٢٧/٢٦ی ڕەمەزان شەوی ليلة القدرة، ئەم شەوە لەگەڵ شەوی جەژنی لەدایكبوونی دوور و نزیك نێوانیان هەیە بەوەی لەم شەوەدا سەرفیترە دەدرێتە كەسانی شایستە، وەك هەریەكە لە شەوانی تر نوێژی تەراویح تیایدا ئەنجام دەدرێت، دوعا و پاڕانەوەی زۆری تیادا ئەنجام دەدرێت.

جا ئەگەر كەسێك لەم شەوە لە خواست و ناوەڕۆكی پەیامی خوا تێنەگات، دەبێت كەی تێی بگات؟! ڕۆژوو فەرزە لەسەر مسوڵمان، وە ئەوانیش بە عیبادەتێكی دەزانن لە یەكێك لە پێنج عیلەتەكەی ئیسلام كە هیچ پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە نییە. مسوڵمان بەوەی كە بەندەی خوایە لەبەرئەوە بەڕۆژوو دەبێت، چونكە فەرمانی خوایە، گوێڕایەڵی ئەركی سەرشانە، مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێت هەست بەوە بكات ئەم فەرزە بۆ خوا فەرز نەكراوە، بەڵكو لەلایەن خواوە بۆ خەڵكی فەرزكراوە. هەر لەو كاتەی لەشجوانی و ڕێكوپێكی قەد و باڵا بۆتە باوی سەردەم، ئەوا ئافرەتان بەرنامەڕێژییەكی بەرچاوی خۆراكیان دەكەن وەك ڕۆژوو. دەكرێت ئەمە بۆ لاوازبوونێكی پڕ نەخۆشی سەربكێشێت. لەگەڵ ئەوەی لەم دواییەدا قسە و باسێكی زۆر لەسەر زەرەر و زیانی كۆلیسترۆڵ و كێشی زیادە دەكرێت، ئەوا بەرنامە و پرۆگرامی جۆراوجۆر دەخرێنە ڕوو تا كێش دابەزێنێت. لەبارەی ڕۆژووی ئیسلامەوە ئەوا تەواو بە

زیادەوە ئەم خواستەی تیایدا جێبەجێ دەبێت، بۆ نموونە ڕۆژوو دەبێتە هۆی گەشەکردن و باڵابوونی هەستی کۆمەڵایەتی، لانی کەم مسوڵمان لە ساڵێکدا مانگێک هەست بەوە دەکات کە کەسانی بێ لانە و خۆراک چۆن دەناڵێنن، بەڵام بۆ من ڕەمەزان ئەو کاریگەرییەم لەسەر جێ دەهێڵێت ئایا کە بەڕۆژوو دەبم دەتوانم بەسەر نەفسی خۆمدا زاڵبم و بخەمە ژێر لغاوی خۆمەوە وە یان ئەوەتا هەروەک جاران کۆیلەی دەستی دابونەریتی ناپەسەندم. واتە خۆمم پێ ڕادەگیرێت یان نا، هیوادارم کۆتا ڕۆژی ڕەمەزان لەلام ڕۆژی خۆشی بێت نەک لەخۆباییبوون، چونکە بە پشتیوانی خوا دەتوانم بەڕۆژووبم، بەڵام کێ پێم دەڵێت ڕەمەزان کەی دەست پێ دەکات و کەی تەواو دەبێت؟ لەوانەیە بڵێیت لەمڕۆدا و لە پێشکەوتنی زانستی ئاسمان و ئەستێرەناسی زۆرئاسان وەڵامی پرسیارەکەت دەدرێتەوە، بەڵێ ڕاستە تەواوە، بەڵام بەڕاستی شەرمەزارییە مسوڵمانان لەسەر زەوییە لەسەر سەرەتا و کۆتایی ڕەمەزان یەکدەنگ نەبن، ئەم تورکە و ئەو سعودیە، ئەو مەغریبی، ئەمەش وادەکات ڕۆژوو وەک دیاردەیەکی بەکۆمەڵ زیانی بەرکەوێت و مسوڵمانانیش دووچار بە گاڵتە پێکردن ببنەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

**یەکەم:** ئوممەتی ئیسلامی بۆسەر چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی دابەش بووە، تورکێک و مەغریبییەک قەناعەتیان بەوە نییە کە لە مەککە مانگ بینراوە، بەڵکو ئەوان دەیانەوێت لە قونیە و فاسیش ببینرێت، ئیتر ئەمە وادەکات دیاریکردنی ڕۆژی دەستپێک و کۆتا لەیەک جیاوازبێت. لەبەرئەوەی دیاریکردنی دەرکەوتنی خۆر و مانگ لە هەر گۆشەیەکی دنیاوە سەیری بکەیت لەیەک جیاوازە.

ئەم جیاوازییە لە دیاریکردنی کاتی دەرکەوتنی مانگدا لە دوو ڕۆژی بەدوای یەکدا لەگەڵ دەرکەوتنی خۆرهەڵاتندا دەردەکەوێت. دوو خولەک لە دەرکەوتنی خۆر بەرامبەرە بە ١٥ خولەک لە دەرکەوتنی مانگ.

**دووەم:** زانایانی بواری ـ فقه ـ هەستی پێ دەکەن، وەختی خۆی وا عادەت بوو کە بە چاوگێڕان بۆ مانگ بڕیاردراوە نەک بە حساباتی فەلەکی و پێشبینی کردن. کە ئەوە نە لە ڕابردوو وە نە لە ئێستادا بەهۆی کەشوهەوای دورگەی عەرەبییەوە هیچ جۆرە کێشەیەکی نیە، لەبەرئەوە هەندێک لەو زانایانەی کە قوڵ لە مەسەلەکە دەڕوانن وادەبینن کە هەر دەبێت بەڕێ و شوێنی کۆن مانگ دیاری بکرێت کە کەسێکی باوەڕ پێکراو مانگی ببینێ ئەوا ئیتر تەواوە. ئیتر ڕێ و شوێنی حساباتی فەلەکی ناگیرێتەبەر. ئەمەش وەک ئەوە وایە یاسای سزادا لابەریت و کاری پێنەکەیت لەبەرئەوەی یاسایی نییە، ئەو کەسە توند ئاژۆیانە هەر بەڕێ و شوێنی کۆندا مانگ دیاری دەکەن، هەرچەندە کەشوهەوا بکات، مانگ نەبینرێت هەرچەندە مانگیش هەڵهاتبێت. هەروەک ئەوەی ساڵی ١٩٩٤ لە مەغریب دوو ڕۆژ دوای سعودیە کردیان بە جەژن. لەیەکەمین بەرەبەیانی جەژندا دوای ٢٩ یان ٣٠ ڕۆژ بە ڕۆژوبوون کاتێک کوپێک قاوە دەخۆیتەوە هەست بە چێژێکی زۆر دەکەیت. لەگەڵ نوێژی جەژندا هەرچی دەیبینیت ڕووی گەشە و ناخیان ڕووناکە.

ئیتر وردەوردە ڕۆژەکان وەک خۆیان لێ دێتەوە و ئاسایی دەبنەوە، من لای خۆم ناوم لێناوە دوگمەی ڕەمەزان، ئەگەر پێویست بکات ماوە ماوە لە ماوەی ساڵەکەدا ئەوا ژەمێک یان دوو ژەم خواردن واز لێ بهێنیت، ئەوا لەبیری خۆمدا پەنجە بەو دوگمەی ڕەمەزانەدا دەنێم کە لە ڕووی دەروونییەوە دەمگێڕێتەوە بۆ ڕەمەزان دەمخاتە هەمان تاسە و ئارەزوو، ئیتر توانای برسی بوونم زیاتر دەبێت و لەبیرم دەچێتەوە، با کەسیش باوەڕم پێ نەکات، بەڵام من هەر لە ئێستاوە بەخۆشییەوە چاوەڕێی ڕەمەزانی داهاتووم.

## فەسڵی شەشەم

# لەگەڵ مسوڵمانان
# لەسەر سفرەی نان خواردن

ئەگەر لەپێشتر باسی ڕۆژووگرتن و وازهێنان لە خواردنمان کردبێت ئەوا پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە کە مسوڵمانان هەر ئەوە نییە بەس بخۆن، بەڵکو پێویستە باشترین و تەندروستیتر بن، خواردن بخۆن چێژی لێ وەربگرن. واتە جگە لە گۆشتی بەراز، هەروەها مردارەوەبوو وە ئەوەی لە خوێن بەرهەم دێت و ئەو شیرینییانەی ڕۆنی بەرازی تێ دەکرێت، هەروەها ئەو شیرینییانەش کە عەرەقی تێکەڵاو دەکرێت. شتێکی هەڵەیە کەوا وێنا بکرێت کە حەرامکردنی خواردنی بەراز لە قورئاندا پەیوەستە بە کەشوهەوا و جوگرافیاوە. یان بڵێین کە لە سەدەی ٧دا نەیانزانیوە چۆن لەگەڵ کرمی شریتی مامەڵە بکەن. ئێستا ئێمە لەمڕۆدا دەزانین کە گۆشتی بەراز هۆکاری توشبوونە بە شێرپەنجەی ڕیخۆڵە. ئازاری جومگەکان نەخۆشی پێست و دومەڵ. بەرزکردنەوەی ڕێژەی کۆلسترۆڵ. ناونانی ئەم فەسڵەی ئەم کتێبە ـ لەگەڵ مسوڵمانان لەسەر سفرەی نان خواردن ناونیشانێکی وایە سەرت لێ تێکدەدات، لەبەرئەوەی نان خواردن بە دانیشتنانەوە و لەسەر پارچە چەرمێکی لاکێشەیی یان بازنەیی (سفرە) نەک لەسەر کورسی و مێز ئەمە نەک بە تەنها کاری کۆچەری و دەوار نشینەکانی بیابانە، بەڵکو هەندێک لە برا بڕوادارەکانیشم لە ئەڵمانیا پیادەی دەکەن، بۆ نموونە ئێمە کاتێک

لە (ئودین فالْد) نان دەخۆین پارچەیەک چەرم لە هۆڵی میوانەکان یان شوێنی نوێژکردن ڕادەخەین لە دەوری دادەنیشین و یان وەکو ئەفریقییە کۆنەکان پاڵی لێ دەدەینەوە، بەڵام ئێمە مەی لەسەر سفرەمان نییە. هەندێک لە مسوڵمانانی ڕۆژئاوا ئەم کارە دەکەن وە لاسایی کردنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) هەر چەندە ئەم شکڵکارییە زۆر گرنگ نییە بۆ کەسایەتی کەسێک کە خاوەنی فەزڵێکی بێ بڕانەوەیە ئەویش محمدە (ﷺ). ئەم پارچە چەرمە واتایەکی ڕەمزی هەیە کە ئەویش واتای ئەوەیە کە هەمووان کۆچەری و کاروانین، هەمووان لە ڕێگای گەڕانەوەین بۆلای خوا. ئەم ڕەفتارە ئاکارێکی کردارییە. دانان و لابردنی سفرە زۆر ئاسانترە لە گواستنەوەی مێزی ناوماڵ. یان باری بکەیتە ناو سەیارەیەک، وە ئەو شوێنەی لەسەر سفرە نانی تیایدا دەخورێت دەکرێت شوێنەکە بۆ زۆر کاریتر بەکاربهێنرێت دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە زۆر بە کەمی بەپێوە یان بە هەڵتروشکانەوە یان بە ڕاکشانەوە خواردن دەخوات. لەگەڵ ئەوەشدا لە جیهانی عەرەبیشدا خواردن بە پێوە دەخورێت هەروەک ئەوەی خواردنە خێراکانی ئەوروپا پێشکەش بە کڕیارەکانی دەکەن. لە جەزائیردا بۆتە عادەت کە بەپێوە بە دەوری مێزێکدا بەرخێکی برژاو دەخۆن، بەڵام لە وڵاتی سعودیە و مەغریب خەڵکی بە دانیشتنانەوە ئەو خواردنە دەخۆن. خواردنی دروست لە پێناو سەلامەتی لاشە بۆ خۆت و خێزانت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە فەرزە پاشان پەرستشیشە.

لەبەرئەوە مسوڵمان سەرەتای خواردنی بە (بسم الله الرحمن الرحيم) دەست پێدەکات وە بە (الحمدلله) کۆتایی پێ دەهێنێت. جا لەبەرئەوەی خواردنیش هەر بە پەرستشە ئەوا لەکاتی نان خواردندا ئەگەر بانگدرا بۆ پەرستشێکیتر کە نوێژە ئەوا دەبێت جارێ خواردنەکەت بخۆیت مادام کاتیتر بەدەستەوەیە بۆ ئەنجامدانی نوێژەکە. جا هەر لەبەر لایەنی پەرستشەکە نابێت زیادەڕۆیی ـ ئیسراف ـ بکرێت، نابێت زیاد لە خۆ

بخورێت، نابێت هێندە بخوات لەبەرچاوی بکەوێت یان باری لاشەی تێک بچێت ﴿وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ﴾ الأعراف: ٣١.

دەبێت ئەگەری هاتنی میوانی لەناکاو بەرچاو بگیرێت، بۆیە دەبێت خواردنی ئامادەکراو لە ژمارەی ئامادەبووان زیاتربێت، کلتوری ئیسلامی بۆ ئەم حاڵەتە لەناکاوانە وایە کە خواردنی ٢ کەس بۆ ٣ کەس دابنرێت وە یان خواردنی ٣ کەس بۆ ٥ کەس. لەبەرئەمەیە لە وڵاتانی ئیسلامی کەس لە کاتی سەردانیکردنی ماڵاندا هەست بە شەرمەزاری ناکات ئەگەر ماڵی خانەخوێ خەریکی نان خواردن بوون. وەک ئەمریکییەکان دەڵێن (بەختی خۆت لەگەڵ قەدەرت تاقیکەرەوە).

ئەوەی وەک من و هاوسەرم نەبێت نازانێت کە ماڵی خانەخوێ نازانێت بە وردی ژمارەی میوانەکانی بزانێت کە لەسەر سفرە نانی لەگەڵ دەخۆن. لەوانەیە هەندێک لە ئامادەبووان دواکەون، هەرچەندە جەختیشیان لە ئامادەبوون کردۆتەوە. وەیان ئەوەتا ژمارەیەکی زیاتر لە ژمارەی ئەوانەی بانگهێشت کراون ئامادەبن کە ئەمە بۆ هەردوولای میوان و خانەخوێ ناڕەحەتی دروست دەکات. بەهۆی ئەم ڕەفتارەوە کە سیمای کەسی عەرەبی وەک کەسێکی ئیهمال دەردەخات، لەبەرئەوە خۆمان لەوە دەبوارد کە بانگهێشتی ٢٤ کەس بکەین کە لەسەر مێزێکی بازنەیی نان بخۆن، بەڵکو لەجیاتی ئەوە بۆفیەی کراوەمان سازدەکرد کە ٨٥ کەس بەسەر مێزە گەورە و بچووکەکاندا بڵاودەبوونەوە. لەبەرئەوەی هۆکاری ئامادەنەبوونی عەرەبەکان بۆ بانگهێشتەکان سەرەڕای بڕیاردانیان بە ئامادەبوون لەگەڵ ئەوەی بۆ سەرقاڵی کاروئیشە ئەوا دەکرێت ئەویش میوانێکی ناوەختی بووبێتە میوان، یان ئەوەتا هاوسەرەکەی پێی لە کەوش دەنێت کە جلێکی شایستەی ئەو شوێنەی نییە، بەڵام ئەوەی کە زۆر لام سەیر بوو زمانی لە قسەکردن گرتم داوای لێبوردنی یەکێک لە میوانە مەغریبییەکان بوو

کە لەسەر شەرەفی ئەو داوەتەم کرد و ئامادە نەبوو، چونکە کاکەم برسی نەبووە بۆیە نەهاتووە، بەڵام بیانوویەکی ڕاستیش بووە. من و هاوسەرم بۆ هەموو بانگهێشتەکان دەچووین، جا وەزیرێک بانگهێشتی کردبین یان سایەقەکەم وەیان شازادە بووبێت یان خزمەتکار بەدەم هەموویانەوە چووین. پێغەمبەر (ﷺ) خۆی وای کردووە کە بەدەم بانگهێشتی کۆیلەکانەوە چووە. لە دوو حاڵەتدا نەچۆتە بانگهێشتەکان یەکەم ئەگەر بانگهێشتەکە بووبێتە مایەی قەرزدارکردنی خانەخوێ. دووەم بانگهێشتەکە بۆ خۆگەورەکردن و خۆ نواندن بووبێت، بۆیە هیچ هەستم بە شەرمەزاری نەکردووە کە زۆر داوەتنامەم بۆ هاتووە کە بەشداری ئاهەنگی هاوسەرگیری بکەم نەچووم، چونکە زانیومە تەنها بۆ خۆنواندن بووە کەوا فلانەکەسی باڵیۆز لە ئاهەنگەکەمان ئامادەبوو.

ئیسلام چۆن بەرنامەڕێژی ژیانی کردووە هەر ئاواش بەرنامەی بۆ ئادابی خواردن داناوە کە پێی دەوترێت ئەتەکێت، زۆرێک لەمانە لەلامان ناسراون، چونکە لەسەر ئاستی دنیا بەرچاو دیارە، بەڵام هەندێکیان تایبەتن بە مسوڵمانان. ئەمەش وەک جێبەجێ کردنێکی ئاکار و ڕەفتارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) یان ئەوەتا وەسیەت و ئامۆژگاری ئەون علیه السلام، لە هەندێک لە ماڵە عەرەبەکان میوان سەرەتا بە پێشکەشکردنی خورما پێشوازی لێ دەکرێت. خاوەن ماڵ یارمەتی دەدات لە داکەندنی پاڵتۆ و چاکەتی بەری میوان. خۆی ناچێتە لای سەر مەگەر میوان جەختی لێ بکات، پێش نان خواردن خانە خوێ دەرفەتی ئەوە بۆ میوان دەڕەخسێنێت کە میوان دەستی بشوات، چونکە میوانەکان بە دەست نان دەخۆن. ماڵی خانەخوێ ـ کە ئەمە زۆرتر لە مەغریبە ـ شتێکی جوانیان ئەوەیە کە حەوزێکی بچوک ـ دەستشۆر ـ بەسەر میوانەکاندا دەگێڕن کە سابوونی لەسەرە و زۆربەی جار خاوەن ماڵ خۆی ئاو دەکات بە دەستی میوانەکاندا و پاشان بە ئاوی پرتەقاڵ و گوڵاو دەستیان

بۆنخۆش دەكات، هەندێک لە مسوڵمانان دوای نان خواردن بە سیواک دانیان پاک دەکەنەوە، تایبەتمەندی ئەوەی هەیە پێویستی بە تەڕکردن نیە و هەویری دان شتیشی ناوێت، بۆئەوەی خواردنەکە بە دەست بخورێت و نانەکە ورد دەکریت و پێویستت بە چەقۆ نابێت، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتندا ئەمڕۆ هەموو پێداویستییەک لەبەردەستدایە، دابوونەریت ڕێگا نادات کەلوپەلی زیو بەکاربهێنرێت، نەک لەبەرئەوەی پارەی وردە لە زیو دروست دەکرێت، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەمە زیادەڕۆییەکی نامسوڵمانانەیە بۆیان.

ئەو کاتەی خواردنت لەبەردەمدا دەبێت، بە دەستی ڕاست و لەبەردەم خۆتەوە دەست بۆ خواردنەکە دەبەیت جا گۆشت بێت یان شیرینی و میوە، کەسی خانەخوێ و خاوەن ماڵ کامە باش و جوانە لەبەردەمتی دادەنێت، زۆربەی جار دەفرەکەی بەردەستم بۆ پڕدەکەن لە خواردنی خۆش و بەلەزەت. ئیتر گوێیان لە ناڕەزایی من نییە. خۆت بەدەستی ڕاست و سێ پەنجە خواردن دەخۆیت، خواردن بە دوو پەنجە قورس و گرانە بە پێنج پەنجەش پەلامار و چڵێسی نیشاندانە، ئەگەر خواردنێکت بەدڵ نەبێت دەتوانیت نەیخۆیت. پێغەمبەر (ﷺ) خۆی خواردنێک کە سیری زۆر تیابووبێت حەزی لێ نەکردووە. من لای خۆمەوە حەزم لە ـ کەمون ـ نییە کەچی لە بەختی لارم ئەمیش پێکهاتەیەکی بەهاراتی ڕۆژهەڵاتییە  کە زۆر بەکاردێت. شتێکی ئاساییە جۆرێک خواردن کە حەزیشت لێی نییە وازی لێبهێنیت. کاتێک شێخ زاید ئالی نهیان بۆ نیوەڕۆخوانێک لەگەڵیدا بانگهێشتی کردم، سەیرمکرد مێزی خواردنەکە وەک بڵێی لە قورسیدا چەمیبوو ئەوەندەی خواردن لەسەر دانرابوو، هەروەک جارێکیتریش بە هەمانشێوە لە جەژنی قورباندا لە مینا شا فەهد بانگهێشتی کردبووین هەمان دیمەنم بینی. کاتێک کە مۆز و شیرینی دەخرێتە بەردەمم تورتە بە کرێم یان جگەری برژاو و مریشکی

برژاو بە مەحشی چەرەساتەوە ئەوا دڵم دەگرێت و هیچم بۆ ناخورێت، بۆیە پارچە نانێک و مۆزێک و چەند دەنکە خورمایەک زیاتر هیچم بۆ نەخورا، لام کردەوە بەلای شا فەهد و ڕۆیشتم بەپێی داب و نەریتی ئێمە لە ڕۆژئاوا خێرا بەجێهێشتنی مێزی خواردن دوای نان خواردن سوکایەتییە. ئێمە وا فێرکراوین کە لەسەر مێزی نان خواردن تێریشمان خوارد ئەوا هەڵنەستین تا دایک و باوکمان ڕێگامان دەدەن بڕۆین، بەڵام لە ئەتەکێتی ئیسلامیدا شتەکە جیاوازە، خاوەن ماڵ خۆی لە پێشدا دەست پێ دەکات وەک ئاماژەیەک بۆ سەلامەتی خواردنەکە، خۆشی کۆتا کەس دەست هەڵدەگرێت لە خواردن. ئیتر خاوەن ماڵ و کەسی خانەخوێ ئەگەر پادشاش بێت بە تەنیا لەسەر سفرەی خۆی دادەنیشێت.

بۆیە کارەکەی من خراپ نەبوو. لەوانەی هەندێک نەیاری ئەوەم بن کە من دەمتوانی خۆم بە قسەکردنەوە بخافڵێنم بێ ئەوەی خواردنیش بخۆم، بەڵام ئەمە لە ئیسلامدا نییە. میوان لە ماڵان پێش نانخواردن قسە دەکەن و لەکاتی نانخواردندا کەم قسە دەکرێت. ئیتر دوای تێر خواردن بە کەمێک دواتر هەڵدەستێت. ئەگەر من پێشتر باسی سفرە و خوانی پڕ لە خواردنی جۆراوجۆر و زیادەڕۆییم کردبێت پاشان بەفیڕۆدان و خەساربوونی ئەو خواردنانەم باسکردبێت بە ڕەفتارێکی مسوڵمانانەی بزانن، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوەیە خانە خوێیەکان هەر لە دوبەیەوە تا مەراکیش بەلایانەوە وایە کە میوان ڕێز لێ گیراوە و دەبێ نازی بکێشرێت. بە هەر حاڵ لەودیو ئەو خواردنانەوە سوپایەک لە کرێکار و خەڵکی هەژار هەن کە ئامادەن ئەو خواردنانە وەرگرن. زیادەڕۆیی لە میوانداری و میواندا لە ڕۆژهەڵات کێشە بۆ ئەڵمانییەکان دروست دەکات کە بە فەرمی میوانداری دەکەن، چونکە لیستی دارایی کۆماری ئەڵمانیای دەوڵەمەند ڕێگا نادات بە نوێنەرەکانی سەرۆک یان وەزیر وە یان نوێنەر بە هەمان جۆر میوانداری بکەنەوە. ئەمە نەک تەنها بڕیاری دیوانی

باڵای چاودێری دارایی فیدراڵییە لەسەرمان، بەڵکو دەرەنجامی کاری نەخشە بۆ کێشراوی بوون بە هەر تیمەکان وای کردبوو کە نەتوانین دەست واڵابین لە میوانداری و میواندۆستیدا. وڵاتێکی هەژاری وەک مەغریب لە کۆنگرەی جاتی مەراکیش ساڵی ١٩٩٤ میوانداری هەموو نوێنەرانی دنیا بکات. ئەمەش بەرجەستەبوونی کەلەپوری ئیسلامییە لە میوانداریدا. هەندێک لە نوێنەرانی وڵاتان کە ڕۆیشتن هەستیان بە شەرمەزاری دەکرد لە بەرامبەر ئەو میوان نەوازییەی شازادە محمد کە لە چادرگایەکی گەورەدا بۆیان ڕاخرابوو وە بۆیان ڕێکخرابوو.

لەدوای باسکردنی چۆنیەتی خواردن لە جیهانی ئیسلامدا، ئێستا کاتی ئەوەیە باسی ئەوە بکەین کە ئەوان چی دەخۆن، چێشتخانەی ئیسلامی چییە؟ ئەمیش هەروەک هونەری ئیسلامی وایە. زوو پێی ئاشنا دەبیت هەرچەندە فرە ڕەنگە، ئەم فرە ڕەنگییەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە هەموو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لە مۆریتانیاوە تا بلوجستان خاوەنی ژەمە خواردنی جۆراوجۆر و تایبەت بە خۆیەتی. کە ئەم بەشداری کردنە جیاوازە وا دەکات لە وەرزی حەج کردندا مەککە ببێتە دەفرێک و هەمووان لە ئامێز بگرێت، بەڵام لەناو هەمووواندا چێشتخانەی تورکی لە هەمووان باڵادەستتر دێت کە لە جیهانیشدا لە دوای چێشتخانەی چینی و فەڕەنسی هەر ئەوانن. هەر لێرەدا دەتوانیت تێبینی ئەوە بکەیت کە کاریگەری چێشتخانەی تورکی چەندە زەق و بەرچاوە بەسەر چێشتخانەکانی وەک میسری و سوری و لوبنانی....هتد. هەموو ئەم چێشتخانانە لەوەدا یەکدەگرنەوە کە بە شوێن نەریتی چێشتخانەی تورکەوەن کەئەوان پێش نان خواردن سەرەتا بە خواردنێکی سوک دەست پێ دەکەن کە تا حەزی خواردنیان زیاتر بکاتەوە. جا لە سارد و گەرم، میوە، زەڵاتە، شوتی جگەر گەڵامێو فاسۆڵیا و خەیار. خێزانم لەمیانەی بەسەرکردنەوەی ئەم جۆرە خواردنانە لای وایە کە ئەو

خواردنانەی بۆ کرانەوەی حەزی خواردنن لە ژەمەکان زۆرترن. لە کۆشک و تەلاری خەلیفە و شازدەکاندا دابونەریت وابووە کە خواردن یەک بەدوای یەکدا بێت پاشان بە شۆربا کۆتایی پێ بێت. هەروەک عادەتیشە لەگەڵ خواردنەکەدا شەربەتی میوەش دەخورێتەوە، بەڵام ئێستا باسەکە جۆرێکیترە کەسی خاوەن ماڵ خێرا خێرا گۆشت دەخاتە بەردەم میوان، چونکە لای وایە میوانەکە گۆشتی لەلانییە. هەمووان ئەوە دەزانن کە ئیسلام ئەو ئاینە نییە کە هانی شوێنکەوتووانی بدات تەنها ڕووەکخۆر بن. هەروەک کەم کەس ئەوە دەزانێت کە مسوڵمانان گۆشتی ئاژەڵێک ناخۆن کە بەپێی ڕێ و ڕەسمی ئیسلام سەرنەبڕدرابێت.

بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە ئەوە سەلماوە کە ئەو ئاژەڵەی بەبێ ئادابی ئیسلام و جولەکە سەردەبڕێت ئازاری نییە بەرامبەر بەو ئازارە زۆرەی لێدانی کارەبایی و بە فیشەک کوشتن و خنکاندن بەگاز، هەروەک ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا هەیە کەچی لاشیان وایە ئەم کارەی ئەوان زۆر لایەنی مرۆڤایەتی بوونی تیادا ڕەچاوکراوە. بەپێی شەریعەتی ئیسلام ئەو ئاژەڵەی سەردەبڕدرێت دەبێت پاڵ بخرێت و بە چەقۆیەکی زۆر تیژ سەر ببڕدرێت، جا هەر بۆ دڵنەوایی دەروونی ئاژەڵەکە دەبێت پێش سەربڕینی ئاڵفی باشی پێ بدرێت. وە ئاژەڵی تر کە لە سەرەی سەربڕیندان نابێت چاویان لە ئەم بێت. نابێت لەبەرچاوی ئاژەڵەکە چەقۆ تیژ بکرێت. بگرە دەبێت قەسابەکە چەقۆکە لە پشتییەوە بەدەستەوە بگرێت تا دیار نەبێت و ئەو سا بەرەو ڕووی ئاژەڵەکە بڕوات. قەسابی لێزان و کارامە بە یەک چەقۆ لێدان گەردن و قورگی ئاژەڵەکە دەبڕێت. ئیتر ئاژەڵەکە بێ ئاگا دەبێت و هەرچی خوێنیەتی دادەچۆڕێت و لە جووڵە دەکەوێت بێ ئەوەی ئازارێکی وای بەربکەوێت. کەچی لە ئەڵمانیا ڕێگا بە جولەکەکان دەدرێت کە بەپێی دابونەریتی خۆیان ئاژەڵ سەرببڕن کەچی ئەم مافە بە مسوڵمانان نادەن.

کە ئەمەش بۆخۆی جێگای گاڵتەپێکردنە. لەم بارەوە قورئان دەفەرموویت﴿ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾الأنعام: ١٤٥

دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا لەلای خۆیان بە دەرەنجامێکی لۆژیکی گەشتوون ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر مسوڵمانان ڕێگری سەربڕینیان لێ بکرێت ئەوا ناچار دەبن گۆشتی ئەوانە بخۆن کە بەپێی دابونەریتی شەریعەتی ئیسلام سەرنەبڕدراون، بەڵام ئەم قسەیە دوو هەڵەی گەورەی تیایە کە بەسەریاندا تێپەڕیوە، یەکەم: قورئان باس لەوە دەکات کە حاڵەتی برسیەتییەکی وا هاتە پێش کە مەرگی بە دوادا بێت ئەوسا حەڵاڵە. دووەم: مسوڵمانان زۆر بە ئاسانی لە فرۆشیارە جولەکەکان گۆشتی سەربڕدراو دەکڕن. وە یان ڕووەکخۆر دەبن. پشت بە سروشت دەبەستن. قورئان ئاگاداری ئەوە دەکاتەوە کە نابێت لە خواردندا حەڵاڵ کراوەکانی خوا حەرام بکرێت:

﴿قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ﴾الأعراف: ٣٢

. هەروەک هاندەری ئەوەیە کە زۆر خواردنی تری وەک ماست، خورما، ڕۆنی ڕووەکی، ترێ، هەنگوین بخورێت کە خوا خۆی لەبارەی هەنگوینەوە دەفەرموویت﴿ فِيهِ شِفَآءٞ لِّلنَّاسِۚ ﴾النحل: ٦٩

. بۆیە لە جیهانی ئیسلامیدا دەکرێتە زۆر شیرینیەوە، بۆ نموونە پاقلاوە دەتوانم باس لەو ژەمە خواردنانەی خۆم بکەم لە وڵاتی ئیسلامیدا لە ناوچە گەرمەکاندا مرۆڤ پێویستی بە ئاو و شلەمەنی خواردنەوەی زۆرە کە ڕۆژانە تا ٧ لیتر دەگات. بە تایبەت بۆ کەسێک کە لە ٢٠ ساڵییەوە بە گورچیلەیەکەوە بژی لەو خواردنانەی کە لە یادمن ماستاو بە بادام، زەنجەبیل، قاوەی تورکی، چای نەعنا، ئەو قاوانەی لە

ئوتێلەکانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی بۆت دێنن بە خواردنەوەی هەست بە چالاکی و گوڕ و تین دەکەیت کە بەبەردا دێتەوە. لە یەکەم سەردانمدا بۆ مەککە داوای سوراحییەک قاوەمان کرد هەروەک ئەوەی لە ئەڵمانیا باوە کە کۆمەڵێک برادەر بەیەکەوە قاوە دەخۆنەوە، کە شاگردەکە چەند جار داوای دووبارە کردنەوەی داواکەی لێ کردین لامان وابوو کە کێشەی زمانەوانی کەوتۆتە نێوانمان، لە دواییدا سوراحییەکی یەمەنی کلاسیکی پڕ لە قاوەی عەرەبی بۆ هێناین، بەڵام دیارە کە هەموویمان بۆ نەخورایەوە، چونکە کە هەر نزیکەی نیو پەرداخی ئەڵمانیمان لێ خواردەوە هەستمان کرد لێدانی دڵمان زیادی کردووە. جارێکیان قەدەری خۆمان هەڵی گرتین ئامادەی ڕێ و ڕەسمی نەعنابووین لە باشوری جەزائیر، من پێشتر لەو نزیکانە وتارێکم پێشکەش کردبوو کە بریتی بوو لەو ١٠ خاڵەی لە جیهانی ئیسلامیدا حەزیان لێ ناکەم بوونیان هەبێت. شەوەکەی بە تەنیا لە ژوورێکی بچوکدا لە ناو دارستانە خورما چڕەکاندا بووم، کەسی خانەخوێم بەیانی بە سینییەک خواردنی نانی بەیانی و چەند پیاڵە و قوتوەوە خۆی کرد بە ژووردا. ئیتر لە بەرزایی زیاتر لە نیو مەتر چاکەی دەڕژاندە ناو پیاڵەکە بێ ئەوەی دڵۆپێکی لێ بڕژێت، دیمەنێکی جوان بوو کە ببێتە دەستپێکی ڕۆژێکی نوێی تەمەن ئەو خواردنانەی کە مسوڵمانان دەیخۆن و منیش حەزم لێیەتی، شێخ مەحشی زەڵاتە بە پەنیری فەڕەنسی، مریشکی برژاو بە چەرەساتەوە، نۆک، کەباب، برنجی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەت پاکستانی کە کشمیش و داو و دەرمانی تێ دەکەن، تەبولە، محەلەبی. لە کۆتایی ئەم فەسڵەدا ئەم بەسەرهاتە خۆشەتان بۆ دەگێڕمەوە کە بەهۆیەوە ژەمێک خواردنی خۆڕایی و بەلاشمان خوارد. لە سەری ساڵی زاینی ١٩٨٢دا ئێمە لە ئوتێلی شیراتۆنی شاری مەدینە بووین لەو شوێنەی کە ڕێگا دەدرێت کەسانی نامسوڵمانیش تیایدا بمێننەوە، پیاوانی کاری ڕۆژئاوایی لێرەدا دەمێننەوە، لەبەرئەوە کارگوزارە ـ گارسۆن ـ ەکانی ئوتێلەکە ئێمەیان

بە پیاوی کار دەزانی وەک ئەوان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین، نەک وەک ئەوەی ئێمە عەمرەکار بین، ئیتر ئێمە بەڕێگاوەبووین بچین بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ ئەو کارگوزارانەش لای خۆیان لوتفیان لەگەڵدا نواندین پێیان گوتین جەژنی سەری ساڵتان پیرۆز منیش بە میهرەبانییەکەوە گوتم زۆر سوپاس، بەڵام ئێمە الحمدلله مسوڵمانین، ئەو داماوە لە ترسی ئەوەی لە کارەکەیان دەرنەکرێن ڕەوانەی وڵاتی خۆیان نەکرێنەوە خەریکبوو ببووریێتەوە. چەند خولەکێکی پێ نەچوو کە بەڕێوبەری ئوتێلەکە خۆی هات داوای لێبوردنی کرد لەو سوکایەتییەی لەلایەن کارگوزارانی ئوتێلەکەوە بەرامبەرمان کراوە، ئیتر داوای لێ کردین وەک قەرەبوویەکی کەم لە بەرامبەر ئەم کارەدا ئەوە لەسەر کیسە و باخەڵی ئوتێلەکە ژەمێ نانیان لەلا بخۆین، هیچ گوێی لەپێ داگرتنی ئێمە نەگرت کەوا ئێمە هیچ هەستمان بە سوکایەتی کردن نەکردووە لە بەرامبەرمان کرابێت، حەزرەتی مەسیح لەلای ئێمە هەروەک هەمان پێغەمبەرانی دی خاوەنی قەدر و ڕێزە لەلامان. لێرەوە تێگەیشتم کە تێگەیشتنی زۆرێک لە مسوڵمانان لە بارەی مەسیحەوە ـ علیه السلام ـ هەڵەیە هەروەک تێگەیشتنی زۆرینەی مەسیحییەکان لەبارەی ـ پەیمانی کۆن ـ تەورات هەڵەیە.

## فەسڵی حەوتەم

# قــەزاو قــەدەر

هەندێک لە خوێنەرانی ڕۆژئاوایی کە کتێبێک لەبارەی ئیسلامەوە بخوێننەوە ئەوا خێرا سەیری پێڕستی کتێبەکە دەکەن و بەدوای وشەی باس و خواسی وەک (قیسمەت - قەدەر- ئیرەیی- جەنگی پیرۆزە) دا دەگەڕێن، منیش نامەوێت لێم نیگەران بن وشەی (کسمت) کە لە زمانی تورکیدا بڵاوە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (قسمة)ی عەرەبی، واتە بەش و نەسیب و قەدەر، ڕەگی ئەم وشەیە (قسم)ە، واتە بەش و قسمەتی هەمووان، لە زمانی عەرەبیدا وشەیەکیتر لە بەرامبەر ئەمەدا بەکاردەهێنرێت کە پێی دەڵێن (مکتوب)، ڕەگەکەی (کتب)یە، واتە (چارەنووس)ی هەمووان نووسراوە هەر وەک چۆن قورئان لە (لوح محفوظ)دا نووسراوە، جا ئەو شتە (نووسرا)بێت وە یان (بەش)کرابێت ئەوا مسوڵمانان کۆدەنگن کە هەرچی ڕوودەدات لە عیلمی خودادایە و پێی ئاگادارە، زۆرێک لە مەسیحییەکانیش هەر لەسەر ئەم ڕایەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نایانەوێت دان بەو دەرەنجامەدا بنێن کە لەمەوە بەردەست دێت، من دەزانم زۆرێک لە فەیلەسوفە مسوڵمانەکان زۆر بیریان لەمە کردۆتەوە و باس و خواسی قەدەر و ئیرادەی ئازادی مرۆڤیان باسکردوە، واتە (ئایا مرۆڤ ناچارە یان خۆی ئیرادەی هەڵبژاردنی هەیە).

لە ژیانمدا ڕووبەڕووی زۆر ڕووداوی سەرنجڕاکێش بوومەتەوە کە دەکرێت بیخەیتە خانەی (قیسمەت)ەوە کە وادەکات منیش و

مسوڵمانانیتریش هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکەینەوە، لەبەر ئەوەی خوای گەورە چاودێرە بەسەر هەمووانەوە لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵماندایە.

ساڵی ١٩٤٤ لە گەرمەی جەنگی ستراتیژی ئاسمانی (لە سالانی جەنگی جیهانی دووەمدا من لە شارەکەی خۆمان (ئاشیا فینبرگ) دەژیام)، پێنج تیپی سوپا پارێزەری بوون، لەگەڵ ئەوە ناوچەیەکی بەیەکگەیشتنی هۆکارەکانی هاتوچۆبوو پاشان ناوچەیەکی پیشەسازی بوو، ئیتر هەر لە مانگی ٩ی ١٩٤٠ بووە ئامانجی بۆردوومانکردنی فڕۆکەکان، زیاتر لە ٧٠٠ جار ئاژێرەکانی ئاگادارکردنەوە لەخەودا ڕایانچڵەکاندووم، بڕیارمدا بخەوم لە پەناگەکەدا جلەکانم لەبەر کردەوە کە بۆ خۆپاراستن لە فڕۆکە سازکرابوو، کە دەچووم بۆ قوتابخانە کەلوپەلی فریاکەوتنم پێبوو، کڵاوی خۆپاراستن لە چەکی ژەهراوی، ڕۆژێکیان قوتابخانەکەمان بووە ئامانجی بۆردوومانکردن، یەکێک لە ساروخەکان بەر بەشی قوتابیانی پۆلەکەی من کەوت، من بڕیارمدابوو لەگەڵ بیستنی یەکەمین ئاگادارکردنەوە ئەوا بڕۆم، باشە دەبوایە چی ڕووی بدایە ئەگەر من لەوکاتەدا لەوێ بوومایە؟! لەبەر ئەوەی قوتابخانەی تری لێنەبوو، ئیتر هەر ئەوەم پێ باش بوو هەر لەماڵ بمێنمەوە، دڵخۆشبووم کە گوتم لە ئێسگەی (فیگارۆ)ە گرت کە هێزی ئاسمانی ئەڵمانی ئاراستەی دەکرد. ئیتر دەمزانی ئاخۆ بچم بۆ پەناگە یاخود نا، لە ١٩٤٤\١١\٢١دا لەپڕ ئاژێری ئاگادارکردنەوە دەنگی لێهەڵبڕی، پۆلێک فڕۆکەی ئەمریکی ١٥٠ بۆ ٢٠٠ دەبوون نزیکەی هەزار موشەکیان ئاراستەی شارەکەمان کرد، پاشان بە بۆمبارانی سوتێنەر کەوتنە وێزەی شارەکەمان، بەم جۆرە ٦٤٪ شارەکەمان خاپوور بوو، سەدان کەسی لێکوژرا، ١٩٠٠ خانوو تەخت کرا، هەزار خانووش زیانی قورسی پێگەیشت، ١٢ مەتر لەولای ماڵی ئێمەوە موشەکێک ماڵێکی

کاول کردو چاڵێکی گەورەی لێ بەجێهێشت، باشە ئەگەر ئەوکاتەی فڕۆکەوانەکە پەنجەی نا بە ئاڕاستەکردنی موشەکەکەدا تەنها ١٠\١١ی چرکەیەک پێش بکەوتایە چی دەبوو؟؟!!.

لە ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ گرمە و ناڵەی تۆپهاوێژەکانی (راین) ڕاهاتبووین، وامانلێهاتبوو لە بێدەنگی و ئارامی دەترساین، پیاوانی دوژمن هەر بە تێپەڕین نەیانتوانی لەچەند سەعاتێکدا بە ئاسانی شارەکەمان داگیربکەن، بەڵام ئەوان خۆیان کردبووە خۆراکی ترس لەو چەند کەسەی بەرگری میللی کە لە بەساڵاچووان بوون و کە لەنێوانیاندا باوکی منیشیان تێدابوو، وە هەندێک لە لاوانی هیتلەری و چەندێک لە پیاوانی دەزگای هەواڵگری کە سەراسیمەی دڵسۆزیان نواند، سەرکردەکەیان کەلەی گەرم کردبوون، ئەمریکاش لە بەرامبەر ئەمەدا شەڕێکی بێهوودەی دەکرد، ماڵی ئێمە ڕووبەڕووی شەڕگەکە بوو، سەری خۆمان هەڵگرت و چووین بۆ شارێکیتر خۆمان و دراوسێکانمان ١١ شەو و ڕۆژ لە ژێرزەمینێکی دروستکردنی (بیرە)دا بووین، ئەمەش لەناو باخێکدابوو کە ناوێکی شوومی هەبوو ناوی (دواهەمین هێرش)بوو، دایکم هەموو شەوێک دەفرێکی گەورە فاسۆلیای لێدەنا، دەبووایە من بێ ئەوەی بهێڵم دەنکێکی لێبرژێت بیگەیەنمە ژێرزەمینەکە، دیارە ڕێگاش لەژێر ڕەحمەتی تۆپ و موشەکباراندا بوو، من لە ڕۆیشتن و گەڕانەوەمدا لەگەڵ سەربازێک دەکەوتمە قسەکردن کە خۆی بەتاقی تەنیا لەنزیک ماڵمان سەنگەرێکی لێدابوو زرێپۆشەکەی دەپاراست دەکەوتمە قسەکردن لەگەڵیدا، شەوێکیان کە بەلای سەنگەرەکەیدا ڕۆیشتم سەیرمکرد بۆتە چاڵێکی گەورە و بەس، سەربازەکە دەرەنجامی ئەوەی موشەکێکی چارەکە تەنی بە فڕۆکەی ساندبۆڵت بەسەنگەرەکەیدا دراوە کوژراوە، باشە بڵێی چی ببوایە ئەگەر من تۆزێک زیاترلەلگەڵیدا قسە و باسم درێژ بکردایەتەوە؟!!

لە ساڵی ١٩٥٠ لە شەوی سەری ساڵدا بەهۆی بەفرو زریانەوە فریای وێستگەی شەمەندەفەرەکە نەکەوتم کە بەتەمابووم لە (شینیکتادی) لە ویلایەتی نیۆرک بچم بۆ شاری نیۆرک، خۆ ئەگەر ئەو زریانەش ڕووی نەدایە هەر نەدەگەیشم، چونکە لە ڕێگادا شەمەندەفەرەکە بەهۆی لێدانی هەورەبروسکە لێی پەکی کەوتبوو.

لە ساڵی ١٩٥١ هەر لەم کتێبەدا لەشوێنێکدا باسی ڕووداوی سەیارەکەی (میسیسیپی)م کردووە کە بەلای پزیشکانی نەشتەرگەرییەوە وابوو کە نەدەبوو من تیایا ڕزگاربیم دوای ئەوەی کە چاکبوومەوەودەمتوانی گەشت و گەڕان بکەم، ئەوا بە شەمەندەفەر لە (مەمیفس)ی ویلایەتی (تینسی) بەرەو (واشنتۆن)ی پایتەخت دەچووم، لەمیانەی ڕێگادا ماوەیەک خەریکی خوێندنەوە بووم و ماوەیەکیش سەرم هەڵدەبڕی و سەیری پێشەوەم دەکردو لە پەنجەرەکەشەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، جارێکیان کە ویستم لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە بکەم (گولەیەکی وێڵ) لە تفەنگێکی بچووکەوە هاوێژرا و چەند سانتیمەترێکی کەم لەمن دوور شوشەی پەنجەرەکەی شکاند ودای لە پشتمەوە، باشە ئەگەر لەوکاتەدا من خەریکی خوێندنەوە بوومایە چیم بەسەر دەهات؟!

ساڵی ١٩٥٤جارێکیان هەر بەڕێکەوت لە شاری (میونخ) لای بینای (سیمبیانارانی یاسای)دا تێدەپەڕیم و ڕۆژی چوارشەممەش بوو، یەکێک لە خانمە سکرتێرەکان خەریکی هەڵواسینی ئاگادارییەک بوو کەتیایدا نووسرابوو (مامۆستا دودولف هولاد) مامۆستای کۆرسی (ڕێوڕەسمی یاسایی مەدەنی نوێ) سیمینارێک دەکاتەوە بۆ ڕێوڕەسمی مەدەنی، مەرجی بەشداربوون ئەوەیە کە کەسی بەشداربوو دەبێت بڕوانامەی مەشقی لەبواری ڕێوڕەسمی یاسایی مەدەنی نوێدا بە پلەی باشە هەبێت، داواکاری ناونووسین ڕۆژانی ٤ شەممە لە سەعات ١٢ بۆ ٣ی دوانیوەڕۆدەبێت، منیش ئەوکاتە بڕوانامەم بە پلەی باشە هەبوو، هەر

بەڕێکەوتیش لە بواری (ڕێوڕەسمی یاسای مەدەنی نوێدا بوو)، سەیری سەعاتەکەی دەستم کرد تۆزێک لە دوو لای دابوو، جا هەر ئەوەندە نەبوو کە من تاکە قوتابی (میونخ) بم، بەڵکو بوومە هاوکاریشی و پاشان بوومە (معید)ێکی بنەڕەتی، سروشتی کارەکە وایە کە دەبووایە تێزی دکتۆراکەم لەبواری (ڕێوڕەسمی مەدەنی بنەڕەت)ەوە بووایە، بەهۆی ئەمەوە توانیم لە هارڤاردی کەمبرج کورسییەکی خوێندن وەدەست بخەم و پاشان ماستەرم وەرگرت، باشە من ئەگەر ئەو چوارشەممەیە لەوێوە ڕەت نەبوومایە چی ڕوویدەدا..؟؟!

ساڵی ١٩٥٥ دیسان (ڕێکەوت) وابوو بۆ تاقیکردنەوەی زارەکیمدا مامۆستا و باوکی یاسای (ڕێ و شوێنی مەدەنی ئەڵمانی) (لیوروبیرگ) ئامادەبێت، جا لەبەر ئەوەی من لەو بابەتەدا (معید)بووم، لەو چوار کەسەیتر باشتربووم کە لەگەڵمدا خەریکی تاقیکردنەوە بوون، چۆنیەتی حوکمی ئامادەنەبووان بابەتی کێشە لەسەروو کاریگەری لەسەر شکاتکردن، وە پەیوەندی بەیاساوە. ئیتر لە دەرەنجامی ئەمانە من لە فەرمانبەرێکی ژێر مەشق کردن بووم لە دەرەوەی میونیخ توانیم بە هەڵاوێردن (إستثناء) بمێنمەوە.

ساڵی ١٩٥٩ لە یەکێک لە پشووەکانی کۆتایی هەفتە لە لایەن هاوڕێکانمەوە لە قوتابخانەی (هارڤارد)ی یاسا داوەتنامەیەکم بەدەست گەیشت لە نزیک ماڵەکەی خۆم ئامادەی ئاهەنگێک بم. وتیان مەرد وڕێز بە ئاراستەی مەیدانی (هافارد)دا بڕۆم دەیاندۆزمەوە، دۆزینەوەیان کارێکی گران نەبوو لە بینایەکی گەورەدابوون، دەتوت (فیلە) ئیتر لە بیناکەدا گوێم لە دەنگی ئاهەنگێک بوو بینایەکی گەورە وەک (فیل) وابوو، ئیتر هەر کە چووم بۆم دەرکەوت کە من هەڵەبووم و ئەم ئاهەنگە ئەوە نییە کەمن نیازم بوو بۆی بچم، ئامادەبووان نەیانهێشت بڕۆم، دەیانگوت: شتێک نییە ناوی (ئاهەنگی هەڵە) بێت، بمێنەوە و

لەگەڵمان شایی بکە.!! ئەوان لەسەر حەق بوون، من لێرە بە (ئیلیزابێس ئان گریفس) ئاشنابووم کە دوای شەش مانگ لەوکاتە هاوسەرگیریمان کرد، ئەگەر لێم هەڵە نەبووایە بچوومایە بۆ ئەو ئاهەنگەی کە یەکەمجار بۆی بانگهێشت کرابووم، ئەوا ئەمڕۆ کوڕێکی ئەمریکیم دەبوو؟!!

ساڵانی ١٩٦٠–١٩٦٥ زۆر بە جەزائیرەوە پەیوەست بووم، پەیوەندیم لەگەڵیان (قدر)ێک بوو کە زۆر دووبارە دەبووەوە، هەر وەک لە فەسڵی ڕێگای بەرەو فەلسەفە ئاماژەم پێداوە.

فبرایری ساڵی ١٩٧٦ لە ٢٩ی ینایر دا بالیەی سەدەی ڕاپەڕین لەسەر شانۆی (ئەلبەرتینا) پێشکەشکرا، (لیسن ئوتیس) مۆسیقاژەنی بەتوانای تورک زۆری لێکرابوو کە ئەویش بێت سەیری بکات، ئەو هیچ حەزی بەمەش نەبوو، بۆیە هەر درەنگیش هات، لەولاشەوە منیش لەلایەن ڕۆژنامەوانی کۆڵۆنی (کورت بیترز) بەزۆر و داواکاری ئەو چووم، منیش هیچ حەزم بە بینینی نەدەکرد، (هیچ ڕەخنەیەکیشم لەسەر نەنووسی)، کەچی دوای ساڵێک لە پێشکەشکردنی ئەو بالیەیە من و لیسین هاوسەرگیریمان ئەنجامدا!! باشە بڵێی چی دەبوو ئەگەر هەر یەکەمان بە ئارەزووی خۆی بکردایە و بەشدار نەبووایە.

مارس/١٩٧٦ لەگەڵ ئەوەی ژیانی (ڤیسنا)م پێخۆشە، گفتوگۆکانی پەیمانی ئەتڵەنتی و پەیمانی وارشۆ بۆ داماڵینی چەک و ئەوروپای ناوەڕاست بۆ من جەدەلێکی تازەبوو، وەک یاری شەترەنج، دوای سێ ساڵ و نیو خزمەتکردن داوامکرد ئەوا بمگوازێتەوە بۆ شوێنێکیتر، لە مانگی ینایر\١٩٧٦ بەڕێوەبەری کاروباری کارمەندانی وەزارەتی دەرەوە پۆستی باڵوێزی لە (جدە) بۆ دیاری کردم، ئەوکات شۆڕشی نەوت ئاوا هەڵنەچوو بوو، کارکردن لەوێ گرانبوو، دکتۆرێکی ددانی تیایا نەبوو، باشە بڵێی منێکی سەڵت بتوانم لەوێ هەڵە بکەم؟ دەترسام چونکە ساڵی پێشوو ژنە ئەمریکییەکەم مردبوو، بەڵام قەبوڵیشم کرد،

هەر لەو ڕۆژەدا تاقیکردنەوەی ئەوەیان کردم کە چەندە لەگەڵ کەشو هەوای گەرمی ئەویَ هەڵدەکەم، پەیوەندیم بە کەسی پێش خۆمەوە کرد کە لەویَ بوو، دۆسیەی وڵاتەکەم سەیرکرد جل و بەرگێکی وام کڕی کە لەگەڵ ئاووهەوای گەرمی ئەوێت بگونجێت، دوای ١٤ ڕۆژ نوسینگەی خزمەتگوزاری تەندروستی لە وەزارەتی دەرەوە لەسەر دەرەنجامی ئەوپشکنینانەی کە بۆم کرابوو داوایکرد کەوا پشکنینی (میز) بکەم، چونکە خڕۆکەی سپی تیادابوو، ئەگەر من زیاتر بایەخم بە تەندروستی خۆم بدایە ئەوا دەمزانی کە هەموو تاقیکردنەوەکانی توانای من بۆ بەرگریکردنی ئەو ئاو و هەوا گەرمە هەر هەمان دەرەنجامی دەبێت، بێئەوەی پێویست بەو هەموو پشکنینە بکات، کاتێک لە عیادە خۆم پیشانی دکتۆر دا تا زوو دەستبەکاربم دەبووایە زوو خۆم بگەیاندایەتە (جدە). ڕێکەوت وابوو هەر لەویَ تووشی دکتۆر (یول شمیت دینست) بووم، کە ئەوهیچ پەلەی نەبوو، وردەوردە کەوتە پشکنینی وردو ئاڵۆز بۆم، دوای هەفتەیەک نەشتەرگەری لابردنی گورچیلەیەکی لای چەپی بۆکردم، چونکە دووچاری گرێی شێرپەنجەی مەترسیدار بووم، ئەگەر نەشتەرگەریم بۆ نەکرایە ئەوا ژیانم لەدەست دەدا، دوای (٦) مانگ لە دەستبەکاربوونم لە بەلگرادەوە نەک جدە گەڕامەوە بۆ ڤیەننا، تا چەند پشکنینێکیتر بکەم، دەرەنجامی پشکنینێکی (میز) سەیربوو، چونکە خڕۆکە سپییەکان هێشتا هەر لە میزدا مابوونەوە، هەرچەندە ژمارەیان بۆ نیو ئەوەندە دابەزیبوو، دەرکەوت کە دکتۆرەکە ئەو گرێیەی کە لەسەر گورچیلەکەیە بە نیشانەیتردا بۆی دەرکەوتووە نەک بە نیشانەکانی گرێی شێرپەنجەیی!! ئێستاش دەزانم ئەگەر داوای گواستنەوەم نەکردایە لە ڤییەننا، ئەوا نەدەگوازرامەوە بۆ ناوچەیەکی گەرم، ئەگەر منیش بەو شوێنە ڕازی نەبوومایە ئەوا نەیاندەناردم بۆ پشکنین، منیش تووشی ئەو دکتۆرە پسپۆڕە نەدەبووم، وە ئێستا منیش ئەم کتێبەم نەدەنووسی؟؟!!

ئەم ڕووداوە دراماییانە کەمتر لە دراماییەکە ئەوەیە کە جەخت لە هیچ ناکاتەوە، بەڵام لەسەر ئاستی تاک جەخت لە هەموو شتێک دەکاتەوە، ئەمە جەخت لە هیچ ناکاتەوە، چونکە ڕووداوی تاکەکەسە، زنجیرەیەک هۆکارو دەرەنجامن کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە خوا خۆی ڕووداوەکان ئاڕاستە دەکات، ئایا وا دەزانیت کە (بەخت) شتێکی ئاسایی نییە، لە بەرامبەر ئەمەشدا ئەو ڕووداوانە بۆ من هەموو شتێک بوون، چونکە لەم ڕووداوانەدا بەهۆی چاودێری خواییەوە هەستم بە ئارامی کردووە، کە ئەمەش بەرەو ڕازی بوون بە (قەدەر) دەمانبات، مەرجیش نییە کە (قدر) بوون هەر ئەمە بێت، بەڵکو والاکردنی ئامێز بۆ ئەوانەی دێت و لە داهاتوودا ڕوودەدەن بەبێ ئەوەی لەسنگدان و خۆڕنینەوە و ناڕەزایی تیابێت، ئەمەش بەواتای ئەوە نییە کە مسوڵمان (قدر)ی بوو، واتە تەسلیم و پاڵبداتەوە، تەمبەڵی نیشان بدات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت کەسێکی چالاک بیت لە کۆمەڵگادا:

﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾آل عمران: ١٠٤.

هەروەها ﴿يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ ۖ وَأُولَٰئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ﴾آل عمران: ١١٤

ئایا ئەمە بانگەشەیە بۆ (قدر) بوون. ئێمە لەم مەسەلەیە گەیشتووین، ئەویش لە میانەی (مادییەتی مێژوویی و مادییەتی دیالیکتیکی سەردەمی ڕابردووی شیوعییەکان) بەپێی ڕێنوومابییەکانی مارکس لینین ئەنگلیس کە زۆر قەدەری بوون ئەوا مێژوو لەلایان بەپێی یاسای دیالەکتێکی خۆی دەڕوات و بە ئامانج دەگات، ئەو ئامانجەش کۆمەڵگای بێ چینایەتییە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لە لینین- کرۆشکی- ستالین بۆ ساتێکیش لەکارکردن بۆ بنیاتنانی کۆمۆنستییەتی نەوەستان، پێغەمبەری خودا

(ﷺ) لە دەستەواژەیەکی کەم و کورت و ئاسان ئەمەی ڕاڤەکردووە و دەفەرموێت: (بیبەستەوە و پشتیوان بەخودا لێیگەڕێ)، واتە دەبێت وڵاخەکەت باش ببەستیتەوە و پاشان ئەویتری بدەیتە دەست خودا، من کە لە جەزائیر بووم خۆم بەیەک باوەڕە پڕ چەک کردبوو، بۆیە بڕوام وابوو من بەو دەمانچەیەی کە پێمە ناتوانم بۆ چرکەیەکیش لە تەمەنی خۆم زیاد بکەم ئەگەر هات و ئەجەلم هاتبێت، بۆیە ئەو قەناعەتەی هەمبوو کە ئەو فیشەکەی کە بەرم نەکەوت ئەوا هیچ مەترسییەکی لەسەر من نەبوو هەرچەندە لێشمەوە نزیک بێت، ئەو ماوەیەی کە بەڕێوەبەری بەشی زانیاری پەیمانی باکوری ئەتڵەنتی بووم (١٩٨٣-١٩٨٧) مەسەلەی مشوور خواردن لە خۆپاراستن جارێکیتر سەی هەڵدایەوە، کاتێک هەندێک لە سەرچاوە و لایەنی جیاواز پێیان ڕاگەیاندم کە دووجار بە هەمان چارەنووس هاوکاری پێش خۆم (جۆن بارد نمیل) نەبمەوە کە کوژرا، ئیتر لەوکاتەوە هەموو ئەوکەسایەتیە ڕەسمیانە ڕێ و شوێنی ئاسایشی تایبەتیان گرتەبەر بۆ پاراستنی کەسایەتییان، من لای خۆمەوە بەزەییم بەوکەسانەدا دەهاتەوە کە پێیان دەگوتن (هەڕەشەی مەترسیداریان لەسەرە)، چونکە ئازادی تایبەتی خۆیان لەدەست دەدا لەبەرئەوەی دەمانچە (وڵتز ٧,٦٥)ەکەم گۆڕیبوو، چونکە هۆکارەکانی توندوتیژی پێشکەوتبوو، ئەوا ڕاهێنەری مەشقی چەک لە تیپی بەرگری لە تیرۆری بەلجیکی هەستا بە مەشق پێکردنم بە دەمانچەی (٩ملم) بە شێوازی جۆربەجۆر، بەپێوە و بە ڕاکشانەوە، بە شەو و بەڕۆژ، بە دەستی ڕاست و بە دەستی چەپ، بە هەموو جۆرە فیشەکێک تا بەرگری لەخۆم بکەم، ئیتر ئەم خۆ ئامادەکردنە تاقەت و هێزی لەبەر بڕیبووم، دەبووایە لەگەڵ ئەم مەشقی لاشەیە کە ئەنجامم دەدا لەبیر و هۆشی خۆشمدا خوێندنەوەم بۆ هەموو سیناریۆکان هەبووایە بۆ ئەو هێرشانەی ئەگەری ئەوەی هەیە ڕووبەڕووی ببمەوە، وە لەگەڵ هەموو بەرەوپێش چوونێکی نیشانە شکاندنێکم ئەوەم بەبیردا دەهات

ئایا ئەمە واتای ئەوەیە كە من كەسێكم بە شێوەیەكی نێگەتیڤی (قدر) یم، مرۆڤ لە جیهانی ئیسلامیدا ناتوانێت باسی (قەدەر) بكات و لەگەڵیدا باس لە ئێرەیی پێبردن نەكات، كە هیچ مسوڵمانێك لە بوونی ئێرەیی پێبردن گومانی نییە، بەڵام لە ڕۆژئاوادا ئەوا خەڵك حەزدەكات وەك دكتۆر باس لە كاریگەری (دەروونی) و تیشكی خراپ و پێشبینییەكان بكات، ئێمە نموونەی بەرجەستە لە ئێرەیی پێبردن دەبینین، هەڵەیەكی زانستیشە ئەگەر پەلە بكەین لەوە و خیرا بڵێین ئیرەیی پێبردن تەنها وەهمە، هەروەها هەڵەشە لامان وابێت كە لە وێنەیەكی تردا ئێرەیی بردن مانای نییە، چونكە كەسی بەرامبەر نابینایە، هەر بۆنموونە لە توركیا دەفرێكی زۆر جوانم بینی كەچی هەرلەخۆیەوە شكا، ئەمەش كاتێك بوو كە یەكێك لە نزیكەكانم بەسەردان هاتبوو بۆلامان، بێئەوەی هیچ كاریگەرییەكی دەرەكی كاری لە دەفرەكە كردبێت، بەڵام ئێمە بەدووری نازانین كاریگەرییەكی (ناوخۆ) بووە، لەوانەیە هەر خۆی لەخۆیا شكابێت، یان بەهۆی لەرە لەری زۆرەوە بووبێت، بەڵام ئاخۆ ئەو نزیكەمان سەرسامی خۆی لە بەرامبەر ئەم دەفرە جوانەدا دەرنەخست كە خەڵكی بە حەسوودی دەزانن؟؟! لەوانەیە ئێمە ئەوكات لەبیرمان چووبێت بڵێین (ماشاء الله)، واتە (خوا خۆی بیپارێزێت). بەداخەوە مسوڵمانان نەگەیشتوونەتە ئەوەی باش لە وەڵامی ئەمە تێبگەن، ئەویش گەڕانەوەیە بۆلای خودا، ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆرێك لە مسوڵمانان بۆ چارەی ئەمە پەنادەبەنە بەر ساحیر و جادووگەرەكان، ئەمە لەجیاتی ئەوەی هەردوو (قل أعوذ)ەكە بخوێنن، لەوەش خراپتر ئەوەیە كە لە نزیك لە مسوڵمانان ئەم سورەتە بۆ جادوو كردن بەكاردەهێنن و نووشتەی پێ سازدەكەن، تەنانەت وشەی (ماشاء الله)كە لە قورئاندا هاتووە وەك جادوو بەكاردێت لە بازاڕەكانی وڵاتی مەغریب وەكو شاری فاس، زۆر فرۆشگا هەن كە كارو ئیشیان فرۆشتنی بابەتی جادووگەرییە وەكو (ڕۆن- شەربەت- بۆدرە- مارمێلكەی وشككراو). ئەوكاتەی

کە لە مەغریب بووین خێزانەکەم نەیدەتوانی ڕێگا لە کارگوزارەکانی ماڵەکەمان بگرێت کەوا لەدوای ئاهەنگەکانەوە چەند ماددەیەکیان تێکەڵ دەکرد و دەیانسووتاند، خێزانەکەم ئامێری (هارپ)ی دەژەنی، ئەم کارەیان بۆیە دەکرد تا دەستی و ئامێرە مۆسیقییەکەی لە شەڕی حەسوود بەدووربن و دوای ئاهەنگەکەش لە (شرِ حاسدٍ إذا حسد)، ئیتر زۆر بە نهێنی ئەمکارەیان دەکرد و لەمنیان دەشاردەوە، ئەوەی بیەوێت گاڵتە بە کارەکە بکات دەبێت بزانێت کە لە ڕۆژئاواشدا پەنادەبرێتە بەر جادووگەریەتی هەر لە خوێندنەوەی بەری دەست و بورجەکانەوە دەستپێدەکات تابزانن سبەینێ و ئایندەیان چۆن دەبێت.

بەکورتی ئەو دەرەنجامەی کە لەمەوە دەستمان دەکەوێت ئەوەیە کە نابێت کەسایەتی مسوڵمان (قەدەر)ی و نێگەتیڤی بێت، بەڵکو دەبێت خێر و خۆشی بۆ جیهان بوێت، ئەم هەوڵ و کۆششەش جوانترین و بەرزترین واتای وشەی (الجهاد)ە کە زۆرێک لە بانگەشەکارانی ڕۆژهەڵاتناسی دەیانەوێت بیڵێن (الجهاد)، واتە (شەڕی پیرۆز)!! بەڵێ بەردەوام شەڕ بەناوی بەرگری لە ئیسلامەوە بوونی هەبووە، جا تاکتیکی بووبێت یاخود ستراتیژی تا ئەمڕۆشی لەگەڵبێت بوونی هەیە، سەرۆک دەوڵەتێک بەناوی (جیهادەوە) دەتوانێت زۆر کار بکات، کاتێک کە ڕۆحەکان لەگەڵ یەکتردا کارلێک دەکەن ئەوا گیانی قوربانیدان گەورەتر دەبێت، بەتایبەت ئەو شەهیدانەی لە بەرەکانی جەنگی بەرگری ئیسلام شەهید بوون شوێنیان بەهەشتە، هەمووان ئەوە دەزانین کە چەندە توانای سیاسی لەپشت ئەم ڕاستییەوە بوونی هەیە، حوکمەتی سەدام حوسێن ویستی ئەمە لە شەڕی کەنداو بەکاربهێنێت، بەڵام تەلەفزیۆنی تورکی ئەم وشەیە بەرامبەر جوداخوازانی کورد بەکار ناهێنێت، جا مەدەنی بێت یان سەربازی، کەمترین کەسی (قدری)و خاوەنی زۆرترین چالاکی لە ڕەفتار و ئاکاریاندا ئەوانەن کە شوێنکەوتەی بزاڤی ئیسلامی کەوتوون،

نموونەی وەک (بەرەی ڕزگاری ئیسلامی جەزائیر) کە زۆر چالاکانە لە هەوڵی جێگیرکردنی سیاسی ئەو جۆرە لە ئیسلامی رادیکیالێن لە وڵاتەکەیاندا، زۆرینەی زۆری مسوڵمانانی لاو و ڕۆشنبیر لە هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا لە زانستی پراکتیکی بەوپەڕی حەماسەتەوە خوازیاری جێبەجێکردنی دەقی ئایەتی (١٠٤ی ال عمران) کە پێشتر ئاماژەمان پێدا. من خۆم لە ١٩٨٧-١٩٩٠ لەم بارودۆخەدا ژیاوم، زۆربەی جار یەکێک لە کوڕەکان (مەرج نییە گەورەکەشیان بێت) ئاکارو ڕەفتاری ئیسلامی بەسەر خانەوادەکەیدا دەسەپاند، خوشکەکانی ناچار دەکرد باڵاپۆش بن، بۆیە شتێکی دەگمەنە لە قوتابخانەکاندا کەسێکی ناپۆشتە (سفور) بێت، تەنانەت ئەوانەش کە وانین ئەوا باوک و دایکیان ئامۆژگاری ئەوەیان دەکەن کە لەگەڵ کۆمەڵگای خۆیاندابێت و ئەگەری هاوسەرگیریشیان باشتر ەبێت، بەم جۆرە ئەم ئاراستەیە لە قوتابخانە و سەرشەقام بەرز دەبێتەوە، جارێکیان لاوێکم بینی کە لەبەرامبەر ئافرەتێکی ناپۆشتەدا تفی دەکردە سەر زەوی و دەیگوت (أعوذ بالله) وەک ئەوەی ئەو ئافرەتە شەیتان بێت.

ئیتر زۆری تری وەک ئەوەی قوتابیان نەیاندەویست لەیەک ئاپارتماندا هەرچەندە قاتەکان لەیەکتر جودا بوون لە بەشی ناوخۆیی بمێننەوە، هەروەها لە چێشتخانەی زانکۆشدا نانیان نەدەخوارد ئەگەر بەتەواوی پیاو و ئافرەت لەیەکتر جودا نەکرابانەوە، لەولاتر لە ڕوانگەی (الجهاد) ەوە بڵاوکردنەوەی ئاکار و ڕەفتاری باش دەستی پێکرد، لاوەکان وایان دانابوو کە ئەوان لەسەردەمی نەفامیدا دەژین، بۆیە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانی کە هەرچییەک سیمای کۆمەڵگای نەفامیش بێت ئەوان بیگۆڕن بۆ کۆمەڵگای ئیسلامی، ئەم لاوانە زۆر چالاک و نموونەییانە لەگەڵ ڕووداوەکان هەڵسووکەوتیان دەکرد، لەبارودۆخێکدا کاریان دەکرد کە زۆربەی جار مەترسی گەورەی بۆسەر ژیانیان هەبوو،

ئەمەشیان بۆ دونیایەکی باشتر دەکرد، دونیایەک لەسەر بنەماکانی ئیسلام دارێژرابێت، دووربێت لە چەوساندنەوە و دوور لە گەندەڵی، دوور لە تالانی بودجەی گشتی و دوور لە بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و دوور لە بەڕەڵایی و داوێن پیسی و مادەی هۆشبەر، بەڵام تاکە هەڵەیان ئەوەبوو ئەویش پێشێلکردنی بنەمایەکی گەورەی ئیسلام کە بریتییە لە (زۆر لێنەکردن) لە ئایندا هەر وەک لە ئایەتی (٢٥٦)ی سورەتی البقرة دا هاتووە:

﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ البقرة: ٢٥٦

پاشان ئەوان دووڕوویی گشتیان لەباتی بەهای گشتی دانا، ئیتر ئەمانیش هەمان هەڵەی کەسانی چەق بەستوویان دووبارە کردەوە. لەیەک کەسایەتیدا چەندین کەسایەتی وەک داواکار و دادوەر و جێبەجێکاری فەرمانیان بەرجەستە کرد، ئیتر ئەمەش ڕێچکەیەکی تیۆقراتی فاشیستە، ئەوەیان لەیاد کرد کە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی ڕێکخراودا تاک لە سنوری دەسەڵاتی تاکە کەسی خۆی لە بەرامبەر فەرمان بە چاکە و بەرگری لە خراپە بەرپرسە، باوک و دایک ئەو بەرپرسیارێتییەی خێزانیان لە ئەستۆدایە، بەڕێوەبەریش لە فەرمانگەکەی، سەرۆک زانکۆ لە زانکۆکەی، سەرۆک وڵات لە وڵاتەکەی، ئەم لاوە چاکسازی خوازانەی هیچ مەترسییەکیان بۆ سەر ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو بۆ سەر حوکمەتی وڵاتی خۆیان مەترسین، لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری ئیسلامی لە میسر لە بەشداری کۆنگرەیەک بووم لە قاهیرە لە ١٩-٢١ی نیسانی ١٩٩٣ کە ڕێک بۆ گفتوگۆکردن بوو لەسەر ئەم باسە، دووبارە بەشدارانی ئەم کۆنگرەیە لە وەزیران و کاروباری ئیداری و موفتییەکانی وڵاتانی ئیسلامی بوو، واتە لەو دەزگایە بوو کە لاوان خۆیانی لێ بەدوور دەگرن، دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە لەبیریان

کردبوو کە دەبووایە نوێنەری ئەو جۆرە لە لاوان لەوێ ئامادەبن بە تایبەت وتەبێژانی (الإخوان المسلمون)، ئیتر بۆ خۆی لەجیاتی ئەوەی کۆنگرە ببێتە چارەساز کەچی خۆی بووە گرفت.

لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانە، داواکاری ئەوەم لە هەندێک لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا لاوان بتوانن بووژانەوەیەکی ئەخلاقی بەرپا بکەن، هەر وەک ئەوەی لە کۆمەڵگاکانی مسوڵمانانەدا هەیە، لە بەرامەر دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتدا ئامادەی گیان فیدایی بن.

## فەسڵی هەشتەم

# خۆشەویستیماڵی دونیا

پەندێکی تورکی هەیە کە واتاکەی ئەوەیە خۆشەویستی هاوڕێیەتی دیارە تا سەر نایانکرێ، واتە وەک ڕۆن و ئاو وان تێکەڵ نابن، دەی کەواتە پەیوەندی نێوان باوەڕو ماڵی دونیا چییە؟ ئایا بەیەکەوە هەڵدەکەن؟ بەڵێ... باجی دارایی لە ئیسلامدا (الزكاة) یەکێکە لە پێنج پایەکەی ئیسلام، وە پەرستشێکە و فرەزکراوە، دەبینیت لە قورئاندا چۆن باسی لێکراوە ئەویش ئایەتی ٢٧٧ البقرة:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ البقرة: ٢٧٧.

جوان نوێژ کردن دەبێتە مایەی لەناوبردنی لوتبەرزی مرۆڤ وەچۆن ڕۆژوو دەروون پاڵفتە دەکات و بەرگری لە ئارەزووبازی مرۆڤ دەکات، زەکاتدەرکردنیش ڕژدی و پارەپەرستی لەناودەبات لەبەرئەوە زەکات ساڵانە بڕی ٢,٥٪ لێیدەردەکرێت، حەرامکردنی (سووخۆری) ش لە ئیسلامدا هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەوەی کە ئیسلام نایەوێت پارە و سامان لەلای کەسانێک کەڵەکە ببێت کە هیچ هەوڵ و ماندوو بوونێکیان نییە، زۆرجار وادەبینیت لەناو کتێبی ڕۆژهەڵاتناسەکاندا زەکات بەمانای خێر وە یان (باجی خێرکردن) ڕاڤەکراوە (ئەمەش دژو پێچەوانەیە)، خێرکردن هەرکەس ویست و حەزی خۆی بێ داوالێکردن

ئازادانە دەیبەخشێت، چونكە ئیسلام هاندەری چاكەكارییە، بەڵام زەكات فەرزێكی دیاریكراوە، دەوڵەتی ئیسلامی مافی ئەوەی هەیە وەریبگرێت، بگرە دەتوانێت كۆشی بكاتەوە تا ئەوەی كە پێداویستییەكانی پێ تێردەكات، قورئان ئەم باسەی له ئایەتی (٦٠) باسی لێكردووە شی كردۆتەوە:

[إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ].

دەوڵەتی ئیسلامی زەكات وەردەگرێت و كۆی دەكاتەوە تا بەسەر كەسانی هەژارو نەدارداو تازەمسوڵمان بوو- ڕێبوار و قەرزدارانی بەندكراو لەسەر قەرز و وە سەرفكردنی لەبواری كاروباری بەڕێوەبردن و بەرگری دابەش دەكات، (فی سبیل الله)، واتە بۆ كارێك كە تیایدا ئیسلام بەرزبكرێتەوە، وە كار لەسەر بڵاوكردنەوەی ئیسلام بكات دەبەخشرێت، زەكات لە ئیسلامدا كەخۆی وەك ئاین و دەوڵەت نیشان دەدات، ئەوا ڕەگەزێكی زیندووە، كاتێك هەندێك هۆزی عەرەبی لەدوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ویستیان زەكات نەدەن بە خەلیفەی یەكەم (ئەبوبەكری صدیق) ئەوا وەك یاخی بوو هەڵسوكەوتی لەگەڵیان دەكرد، بەڵام با ئیستا بڵێن مسوڵمان لە ڕۆژئاوادا هەڵوێستی لەبارەی زەكاتەوە چییە؟ ئایا بە زەكاتدانی قەرزەكەی لەسەر شان لادەچێت لەبەرئەوەی باجی كرێ و داهاتی سامانی خۆی دەدات بە دەوڵەتێكی نامسوڵمان؟ تا ئەوەی دەوڵەتی ڕۆژئاوا هیچ باجێكی كەنیسەیی نادات بۆ خزمەتكردنی تائیفە ئیسلامەكان، لەبەرئەوەی هیچ كات ئەمە ئامانجی زەكاتی ئیسلام ناپێكێت، كە ئەویش بەرزكردنەوەی شكۆی ئیسلام و بڵاوكردنەوەیەتی، لەبەرئەوە گەیشتمە ئەوەی كە زەكات بدرێتە دام و دەزگا ئیسلامییەكان كە خۆم دیاریم كردبوون بەتایبەت لە ئەڵمانیا، چونكە زۆر هەوڵدەدەن كە

ماڵ و سامان لە شوێنی دیاریکراودا ببەخشن و سەرف بکەن لەبەرئەوە من وەک نووسەرێک لە بەرامبەر خانەکانی چاپ وبڵاوکردنەوەی ئیسلام لە هەموو مافێکی خۆم خۆشدەبم، جا لە ئەڵمانیا بێت یان لە ئەمریکا و جەزائیر و مەغریب، ئەمەش وەک بەشدارییەکی من لەپێناو بەرزکردنەوەی ئیسلام بڵاوکردنەوەی، واتە بەشداربم لە (فی سبیل الله)، زۆر لە کرێکارە بیانییەکانی ئەڵمانیا زەکات دەدەن، باشترین بەڵگەش بوونی سەدان مزگەوت و مەڵبەندی ئیسلامییە تیایدا، هەر لەناو مزگەوتیشدا شوێنێکی تایبەت بە وەرگرتنی زەکات هەیە، لە ساڵێکدا جارێک وەردەگیرێن، دیارە کە بڕە پارەی زۆریش دەکرێت نەخشەیەکی باشی پێ جێبەجێ بکەین، هەندێک لە مزگەوتەکانی ئەڵمانیا (پترۆ دۆلار- دۆلاری نەوت) وەردەگرن سەرچاوەکەی لە هەرکوێیەکەوە بێت ئەگەر سیستمی وەرگرتنی باج وەرگرتن باشبوایە هەر وەک ئەوەی لەلای حاڵەتی کە ئێستای مەسیحی و جوولەکان دەکرا بەسەر زۆر لە قەیران و تا ڕیشەی داراییدا سەربکەوێت کە زۆرێک لە کۆمەڵە مسوڵمانەکانی ئەڵمانیا تیایدا دەژین، بەڵام ئەمەش نیشانەیەکی سیاسی گەورەتری لێدروست دەبێت کە لە گرفتی پێشوو گەورەتر دەبێت ئەویش لەلایەن چاودێری ماڵ و سامان دابەشکردنی ماڵی بیانی، لێرەوە من شانازی دەکەم بە مسوڵمانانی ئەندەلوسەوە کە لەدەوری مامۆستا (عبدالرحمن) ی شاری مۆلێرا کۆبوونەوە ، کە بەهۆی پشگیری بە حەماسەتی (ڕۆجیە کارودی) سەرکەوتن بەوەی ساڵی ١٩٤٤ دوای ٨٠٠ ساڵ وەستان بەبێ یارمەتی بیانی مزگەوتەکەیان نۆژەن کردەوە، ئەم مزگەوتە ١٠٠مەتر لە مزگەوتی (قورتوبە)ی بەناوبانگەوە دوورە، ئیتر ئەو مسوڵمانانە مافی نوێژ و بانگدانیان بە ئاشکرا هەیە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو پەیوەندی بە زانکۆی (إبن رشد)ی ئیسلامییەوە هەیە، کە لە کۆتایی ئاگۆستی ١٩٤٤دا کرایەوە، ئیشی ڕزگاربوونی مسوڵمانان لە دۆلاری نەوت نموونەیەکە مسوڵمانانی ئەڵمانیا چاوی لێدەکەن،

بەڵام مسوڵمان چۆن سامانەکەی بپارێزێت و گەشەی پێبدات، ئەم پرسیارەش تەواو پەیوەندی بە (ڕژدی)یەوە هەیە، وە یەکسەر پەلکێشمان دەکات بۆ بابەتی حەرامکردنی قورئان بۆ چەند باسێکی دارایی، وەک ئەوەی قورئان حەرامی کردووە مسوڵمان لە دنیای سەرمایەدا قوماربکات و لەڕێی یانسیبەوە پارەکۆبکاتەوە، هەر وەکو قەرزکردن بە قازانج خستنەسەریشی هەر حەرامکردەووە، چونکە دەبێت ژیان و کاروکاسپی بە هەوڵ و کۆشش بێت، مەسەلەی ئیشکالییەتی بازاڕ کە ئاماژەمان پێدا شتێکی ئاڵۆزە، چونکە وڵاتانی دەوڵەمەند کە خۆیان زۆر بە مسوڵمان دەزانن لەم دنیایەدا هیچ شەرم لەوە ناکەن ئەو پارە زۆرەی هەیانە بانکەکانی ئەوروپای پێپڕبکەن کە دیارە ئەوانیش لەسەر بنەمای سووخوادرن مامەڵە دەکەن، وە هەموو مامەڵەکانیان هەر لەسەر سوو خواردن بنیاتنراوە، بۆیە لە چاوپێکەوتنێکی مسوڵمانانی ئەڵمانی زماندا لە ساڵی ١٩٨٦ گفتوگۆیەکی گەرم لەسەر چەمکی سوو هاتە گۆڕێ کە قورئان لە ئایەتی ٢٧٥ی البقرة دا ئاماژەی پێداوە، من کورتەی قسەکانی خۆم ئاواکرد کە ئەو سووە حەرامەی لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە بەپێی سیاقی مێژوویی کە تیایدا تێپەڕیوە مەبەست لێی ئەوەیە کە کەسی هەژار و نەدار لەبەر بێدەرامەتی (دەست کورتی) زیاتر بچەوسێنرێنەوە، بەڵام ئەو کەسەی لە بانکێکی ئەڵمانی قەرز دەکات بۆ ئەوەی سەیارەی دووەم بکڕێت، وە لەلایەن بانکەوە ئیستیغلال ناکرێت، پێشتریش ئاماژەم پێدا کە قازانجی پاشەکەوت کردن زۆربەی جار بەس بەشی ژیانی هەڵاوسان دەکات، جا لەبەر ئەوەی من تاکە کەس نەبووم کە ئەم بۆچوونەم هەبێت، لەبەرئەوەیە پەرچەکرداری ئامادەبووان ئەرێنی بوو، زۆربەی زۆری ئامادەبووان وەمک چەمکێکی (أصولی)مامەڵە یان لەگەڵ چەمکی سووخواردن دەکرد، کە لایان وایە مەسەلەی زیادە سەرخستن شێوازێکی تایبەتی ئەو حەرام کراوە گەورەیە کە ناوی (سووخواردنە).

باشە مسوڵمانێکی ئەڵمانی چی لە پارە و ماڵی بکات کە پاشەکەوتی کردووە؟ لەگەڵ ئەو هەوڵ و کۆششەی (دکتۆر ئەیوب أکیکل) لە پەیمانگای ئابووری نێودەوڵەتی کۆڵۆنیا ئێستا لە ئەڵمانیادا دامودەزگایەکی دارایی ئیسلامی بوونی نییە، ئەمەش جێی سەرسوڕمان نییە، کاتێک سەیردەکەیت وڵاتێکی وەک پاکستان بۆ ئەوەی ئابوورییەکی بێ (سوو) دابمەزرێنێت ڕووبەڕووی زۆر سەختی و ناڕەحەتی دەبێتەوە، چۆن کۆمپانیایەکی دارایی کۆدەکەیتەوە بە بێ سوو؟ چۆن سەرکێشی بەم پارەیەوە دەکەیت؟ چارەسەری لەو جۆرە هەڵەیە هەوڵ بدەیت لەڕێی لابردنی سوو، وە چاکسازی لە سیستەمی داراییدا بکەیت و بیکەیتە سیستەمێکی ئیسلامی، لابردنی سوو بەشێکی کەمی چارەسەری ڕیشەیی قوڵی فرە ڕەهەندە تاوەکو سیستەمی سەرمایەداری بچووک بکەیتەوە یان ئاراستەی بگۆڕێت بۆ ئاڕاستەیەکی سیستەمی ئیسلامی، لە حاڵەتی گەیشتنیش بە سیستەمی پاشەکەوتی بێ قازانج ئەوا کێشەکە هەر دەمێنێت، چونکە خاوەنی ئەو جۆرە حساباتانە هاوکاری بانک دەکەن بە قەرزی بە سووەوە، هەروەها بانک لەوەدا دووچاری ناڕەحەتی دەبێت کاتێک مسوڵمانەکان بیرکردنەوەیەکی نا ئابووریانەیان هەیە لە بواری مامەڵە لەگەڵیدا، ئەمەش لەو پەیامانەدا دەردەکەوێت کە لەو بانکەی من پەیوەندیم پێیانەوە هەیە لە پەیامەکەیاندا دەردەکەوێت کە لەو بانکەی من پەیوەندیم پێیانەوە هەیە لە پەیامەکەیاندا دەڵێت (کاکی بەڕێز... دکتۆر هۆفمان، ئەو ژمارە حسابییەتان لەلامان لەئێستادا بەرزبوونەوەی بەرچاوی هەیە، بۆیە ڕێگە بەخۆمان دەدەین سەرنجی جەنابتان ڕاکێشین بۆ ئەوەی کە لە ئێستادا پرۆژەی وەبەرهێنانی باش هەیە کە دەتوانن بەرهەمهێنانی تێدا بکەن).

لایەنێکیتر لە ئیسلامدا کە دەچێتە خانەی دژایەتیکردن (ڕژدی و چروکییە) لە ڕووی ئیسلامەوە بریتییە لە (بانگەشەکردن بۆ قوربانی

کردن و سەربڕینی ئاژەڵ (جەژنی قوربان و بۆنەکانی تردا) وەک کەفارەتی گوناه و .... لە سوننەتدا چۆنیەتی ئەنجامدانی باسکراوە، بەڵام قورئان لەوە گەورەتری باسکردووە:

﴿لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقْوَىٰ مِنكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ لِتُكَبِّرُوا۟ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمْ ۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ الحج: ٣٧ - ٧٨

بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٢دا چۆنیەتی قوربانیکردنم لە ئەستەمبوڵ بینی، سەیرمکرد لەسەر شۆستەکە بەرخێکیان سەربڕی، ئەمەش بەبۆنەی کردنەوەی فرۆشگایەکی پێڵاوەوە،! بەبینینی نامورتاح بووم، ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر لێی نیگەرانم، هەرچەندە دەیان جار سەربڕینی ئاژەڵم بینیوە، بەڵام ئەوم هەر لەبیرە، ئەو بۆنەیەی کە قوربانی تیا دەکرێت بریتییە لە جەژنی قوربان لەگەڵ مانگی (ذی الحجة) دا کە پێشتر باسم کردووە لە (الرباط) خەڵکی هەموو بەدیار تەلەفیزۆنەوە دادەنیشێت، سەیری پادشای مەغریبیان دەکرد ئاخۆ کەی خۆی یەکەم کەس دەست بکات بە سەربڕینی قوربانی، ئەویش لەبەرئەوەی یەکەمین کەسی وڵاتە، منیش وەک هەموو باڵوێزەکان لەو مزگەوتەی لای ئەو نوێژی جەژنی قوربانم دەکرد، دوای نوێژ پادشای مەغریب خۆی دوو مەڕی سەردەبڕی، هەر وەک لەماڵەوە چێشت لێنەرەکەمانم بینی، یەکێکیان خۆی کڕیبووی، ئەویتریان دیاری شاهانەیە، لەڕووی شەرعییەوە دەتوانم کەسێکیتر ڕاسپێرم لەجیاتی خۆم ئەوکارە بکات، بەڵام دەبێت خۆم ئامادەبم و (بسم الله)ی لێبکەم، چەند سەعاتێکی کەمی پێنەچوو کە ئێتر ئێمە بەشی خۆمان خوارد لێی کە جگەرەکەی بە برژاوی، ئێتر ئەویتریمان بەخشییە ئەو کرێکارانەی کە لامان بوون.

لە مەغریب لەدایکبوونی منداڵێکی تازە یەکێکە لەو بۆنانەی کە زۆرترین قوربانی تێدا دەکرێت، نەریتیان وایە کە خەڵکی بانگ دەکەنە

سەر سفرەو خوانێکی گەورە، ئەمەش لە ٨ بۆ ١٤ ڕۆژ، دوای تێپەڕبوونی لەدایکبوونی منداڵەکە، لەبەردەم کامێرادا هەڵدەستن بە سەربڕین، وەک سوپاسگوزارییەک بۆ خودا کە منداڵەکە بە سەلامەت لەدایک بووە، (یان وەک دوورخستنەوەی چاوی پیسی حەسوودەکان) ئەنجام دەدرێت، بازاڕی ئاژەڵ فرۆشان پێش جەژن جمەی دێت، کاتێک بەرەو (تطوان) دەڕۆیشتم هەزاران سەر مەڕ هاتبوونە سەر ڕێگا و بەخاوەنەکانیانەوە ڕێگایان گرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک دڵخۆشبوون، هۆکاری گواستنەوەی سەیریان هێنابوو بۆ گواستنەوەیان، ڕێگایان گرتبوو، بە سەعات و نیوێک ئەوسا توانیمان لەماڵەوە بۆ ماڵێکیتر بڕۆین، ئەو بۆنەیە بوو کە دەبووایە قوربانییەکی تیادا بکەین، ئەمەش وەک سووپاسگوزارییەکی خودا، باشترین شوێنیش بۆ ئەم ئەنجامدانی ئەم کارە مزگەوتی (سوڵتان ئەیوب) بوو کە دامەزراوەیەکی خێری تیابوو، تۆ لێرە نرخی کڕینی قوربانییەکە دەدەیت، چۆنیەتی دابەشکردنی دیاری دەکەیت.

خەڵکی لە ڕۆژئاوادا ئەو ڕاستییە تاڵانەی ژیانی ڕۆژانەیان لەیاد دەکەن وەک باس و خواسی دەردو نەخۆشی و مردن، هیچ وەک ئەمانە کەش و هەوای ئارامی دەروونی تێک نادەن، ئەو ئافرەتەی لە ژووری منداڵبوون ئازاری ژانی منداڵبوون دەیگرێت، کەچی دواتر بە بەرگێکی ڕازاوەوە لەژووری میوان بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات، لە نەخۆشخانە تازە و پێشکەوتووەکاندا نەخۆش وەک میوانی ئوتێلەکانی لێدێت، بەساڵاچووان لە خەڵوەتگەکەیاندا ڕۆژ دەژمێرن، وشەی (پیربوون) نیگەرانمان دەکات، ئەمەش گاڵتەجاڕییەکە بۆ خۆی، سەبارەت بە ئاژەڵان ئەوا دەبێت بڵێین کە بەردەوام ئاژەڵان سەردەبڕدرێن، بێ ئەوەی ئێمە هەستی پێبکەین و بیانبینین، چونکە ئێمە گۆشتەکەمان بەپارچە پارچەکراوی وەک پارچەی (سنگ و ڕان) بە پاککراوی و پێچراوی دەگاتە بەردەست، ئێمەش لە

(موجەمیدە) بەفرگر دەری دەهێنین و دەیخەینە سەر مەقەڵی، بەکورتی واتە زۆر بە مرۆڤدۆستانە کارەکە دەکەین...!!

ئەم دنیایەی ئێمە وا سەیری پرۆسەی قوربانی کردن دەکات کە کارێکی وەحشیگەرانە بێت، هیچ واتا و ئامانجێکی تیادا نەبێت، کەچی ئەوان ئێستاش ئەوا نوێژکردنیان بە قوربانیکردن، ناو دەبەن تا ئێستاش وا سەیری هەینی خەمباری دەکەن لەبەر ئەوەی (خوا) تاقانە کوڕەکەی لەپێناو ئێمەدا کردە قوربانی!!!

سەربڕینی ئاژەڵ لە ڕاستیدا مەسەلەی مەرگ  و ژیانە، ئاژەڵیش (ئەمڕۆ بێت یان سبەی، دووربێت یان نزیک) گیانی خۆی لەدەست دەدات، بەڵام جیاوازی ئەوەیە مردن شتێکە و هەر دەبێت ببێت و لێی ڕاناکرێت، وەک بەشێک لە باوەڕکردن بە خودا، یان ئەوەتا مردنێکی زەلیلانە، لەگەڵ ئەوەشدا با ئەوەمان لەبیر نەچێت کە خوا نە گۆشت و نەخوێنی قوربانی لە ئێمە ناوێت، بەڵکو بەرزڕاگرتن و لەخواترسان و سوپاسگوزاری لە ئێمە دەوێت، کە ئەمەش لە قوربانیکردندا هەیە، پەندیش بۆ ئەوکەسانە کە پەند وەردەگرن!!!

## فەسڵی نۆیەم

### بەدوای ئافرەتانی مسوڵماندا بگەڕێ

ئەم دەستەواژە ڕەوانبێژییە کە دەڵێت (بەدوای ئافرەتی مسوڵماندا بگەڕێ) تەواو هەمان واتای دەستەواژەکەی ڕۆژئاوایە کە دەڵێت: لەپشت هەموو پیاوێکی سەرکەوتووەوە ئافرەتێک هەیە، کەواتە لە پشت هەموو پیاوێکی مسوڵمانی سەرکەوتوو ئافرەتێکی مسوڵمان هەیە، نەک کەنیزەک، بەڵکو خۆشەویست و هاوبەشی ژیان، کەواتە (بەدوای ئافرەتێکی مسوڵمان دا بگەڕێ) پێش ئەوەی بچینە وردەکاری راپۆرتی (بارودۆخی ئافرەت لە ئیسلامدا) پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێکی گشتی بکەم:

١- ئافرەتانی مسوڵمان زیاتر لەوەی لە ئەوروپادا باوەڕیان پێی هەیە ئەوا لەگەڵ دەستە خوشکەکانی لە ڕۆژئاوادا لەیەکچوونیان هەیە، لەلای هەردوولایان ئافرەت ڕۆڵی هاوسەرو دایک وخۆشەویست و هونەرمەندو ئەکتەرو گۆرانیبێژ و سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووس و شاعیر و دکتۆر و..... هتد دەبینێت.

٢- زۆرینەی زۆری ئافرەتانی ڕۆژهەڵات لە هەوڵی ئەوەدان لەگەڵ پیاوان یەکتری کامڵ بکەن، نەک ڕووبەڕوو بوونەوە و لاساییکردنەوە.

٣- نموونەی جێبەجێکردنی مافی ئافرەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە جیاوازە و لەمەدا پشت بە قورئان دەبەستێت، ئەمەش لە شارستانییەتەکاندا شتێکی بەرچاوە، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە واقعی ئافرەتەوە هەیە.

٤- لەگەڵ ئەوەی لە جیهانی ئیسلامدا ئافرەتی باڵاپۆش و پەراوێزخراو هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی هەرە زۆری خوشكانی مسوڵمان لەو كەسایەتیانە نین كە لە كتێبەكانی (بەبێ كچەكەم هەرگیز نا) و (من شازادەی ئال سعودم) باسی لێوەكراوە.

**باسەكە زیاتر ڕوون دەبێتەوە:**

لە جیهانی ئیسلامدا دەگمەنە ئافرەت بەزۆر بدرێت بەشوو، هەرچەندە حاڵەتی واش ڕوو دەدات، لەگەڵ ئەوەی دەرفەتی تێكەڵاو بوونیان كەمترە لەوەی بتوانن هاوسەری ژیانیانی تیایا بدۆزنەوە، چونكە داب و نەریتیان ڕێگرە لەوە، بۆیە تا ئێستاش زۆربەی هاوسەرگیری لەڕێگەی خزم و كەسوكارەوە ئەنجام دەدرێت، هەر لە پاكستانەوە بگرە تا دەگاتە ئەستەمبوڵ و لەوێوە بەرەو مەغریب و مۆریتانیا، لەم وڵاتانە لایان وایە كە ناسیاوی و شارەزایی كەسوكار گرەنتی هاوسەرگیرییەكی سەركەوتوو دەدات، بۆیە ئەو هاوسەرگیرییەی لەمڕووەوە دروست دەبێت ئارامی كەمتر نییە لەو هاوسەرگیرییەی لە ڕێگەی خۆشەویستەوە پێكدێت، بەڵام خۆ ئارامییش لەخێزاندا هەمیشە ئاماژە نییە بە هاوسەرگیرییەكی سەركەوتوو، كاتێك نەبێت كە ئافرەتان لەڕووی ئابوورییەوە خۆی خاوەنی داهاتێكی دارایی سەربەخۆ بێت، لە حاڵەتێكدا كە لە مێردەكەی جیابێتەوە بۆی ئاسان بێت، زۆرینەی زۆری دۆزینەوەی بوكی ئایندە لەلایەن خەسووەكانی ئایندەوە دەبێت، لەتوركیاش باشترین شت بۆ ئەم دۆزینەوەیە (حەمام)ە، چونكە لێرەدا ئافرەتان ناتوانن كەم وكوڕی لاشەیان لەچاو خەسووەكانی ئایندەیاندا بشارنەوە، ئافرەت لێرەدا بەهێواشی لەناو كۆمەڵێك لە خەسووەكانی ئایندەدا هەڵسوكەوت دەكات، بەهەرحاڵ دایك و باوك یان سەرپەرشت زۆر لە خەمی ئەوەدان كە (عقد الزواج) پەیمانی هاوسەرگیری بە وردی و ڕێكوپێكی ئەنجامبدرێت، وە وابكەن ڕێگری بكەن لەوەی كە پیاو ژنی

دووەم نەهێنێت، ئیتر ژن بۆ تەمەنی دوا ڕۆژی مسۆگەر بێت (پارەیی-پاشەکی)زۆر دیاری دەکات، وە شێوازێکیتر کە لێزانی و وردی تیایە ئەوەیە کە ڕێگرە لە نائارامی خێزان ئەوەیە کە لە حاڵەتی (تەڵاق)دا دەبێت هەموویان بەشێکی مارەییەکە بدرێتەوە بە ئافرەت، ئیتر تەڵاقدان هەر وەک ئەوەی لە یاسای ئەڵمانیادا هەیە بۆ پیاوان دەبێتە پرۆسەیەکی پڕ مەترسی و دارایی کە پیاو ناتوانێت شان بخاتە ژێری، گرانی مارەیی لە هەندێک وڵاتدا وەک سعودیە وای کردووە لاوەکان ڕوو بکەنە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی بیانی، بەتایبەت لە میسر و تورکیادا، بۆیە لەلای گەنجی سعودیە ئافرەتانی سعودیە بوونەتە خۆزگەیەکی بەدەست نەهاتوو، ئەمەش تەنها لەبەر هۆکاری دارایی، ئەم دەرچەیە لە (إمارات) ڕێگاپێنەدراوە بەهۆی ترسان لە زۆربوونی ئافرەتانی بیانی، کوڕانی وڵات جگە لە ئافرەتانی خۆیان هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی دەرەوەی وڵات بکەن، بۆ ئەوەی ئەم کارەش ئاسایی بکەن ئەوا میری (أبو ظبی) کۆمەکییەکی دارایی دەبەخشێت بە هاوسەرداران کە لە ساڵی ١٩٩٣ بڕەکەی دەگەیشتە پەنجا هەزار دۆلار، مەسەلەی گرانی مارەیی لە سەردەمی عومەری کوڕی خطابدا سەری هەڵداوە، کاتێک ویستی سنورێک بۆ مارەیی دیاری بکات، بەڵام هەر زوو لەم کارەی پەشیمان بۆوە، چونکە ئافرەتێک لەمزگەوتدا لەگەڵی کەوتە ئاخاوتنەوە و ئاماژەی بەوەدا کە قورئان ئاوا ناڵێت، هاوسەرگیری لە ئیسلامدا نهێنییەک نییە لە نهێنییەکان، بەڵکو (پەیماننامەیە)کە، بەڵام جیاوازی لەنێوان مارەکردن و گواستنەوە ساڵ و دوو ساڵی  پێدەچێت، لە مەغریب بانگهێشتی ئاهەنگێکی ژن مارەکردن بووین کەچی ساڵی دواتر دووبارە چووینەوە بۆ ئاهەنگی گواستنەوەکەی، ساڵی ١٩٧٧ لە ئەستەنبوڵ بەپێی شەریعەتی ئیسلام هاوسەرگیریم ئەنجامدا لەگەڵ پێشکەشکردنی بڕوانامەی شیاوی هاوسەرگیری ئەڵمانی، وەک بناغەیەک بۆ هاوسەرگیری مەدەنی، ئەمەش بە گوێرەی  یاسای تورکیا بوو، ڕێوڕەسمەکە زۆر سادە و ساکار

بەڕێوەچوو، توانیمان بەسەر مەسەلەی مارەیی زۆردا سەرکەوین، ئەویش بەوەی هاوسەرەکەم هەر بە مارەیی کردن دەبێتە شایستەی ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی بژێوی لە بۆن بژێوی بۆ ببڕێتەوە. ئاهەنگی هاوسەرگیری لە جیهانی ئیسلامیدا زیادەڕۆیی ومال بەفیڕۆدانی زۆری تیا دەکرێت، بەڵام چۆنیەتی جیاوازە لە شوێنێک بۆ شوێنێکیتر دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئاهەنگی شەوی خەنەبەندان، هەروەها گرەنتی دانی پیاو بۆ تەمەنی پیری ژنەکەی بەوەی کە پارچە ئاڵتوونێکی پێدەبەخشێت (ئەوەی کە دیارە و ئاشکرایە ئافرەت لە ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستاوە ئیسلام مافی خاوەنداریەتی ماڵ و سامانی پێدراوە) ئەوەی لە تورکیا لێی دەترسام بووکێ بەو هەموو گوارە و بازن و موستیلە و زنجیرەوە بکەوێت، هەر لە تورکیاوە تا مەغریب ئاهەنگ گێڕان بە هەرا و گۆرانی و ئامێری دەنگ بەرز دەست پێدەکات، وە لە ئەستەنبوڵ لە شەوی ئاهەنگدا یاری ئاگرین بەکاردەهێنن کە ترس و دڵەڕاوکێش بەدوایدا دێت، ئیتر ١٥ ساڵە ئاهەنگی زەماوەند بریتییە لە ئازاردانی گوێی ئامادەبووان و ئامادەنەبووان وەکو یەک بەم ڕەفتارە ناجۆرە، وەک ئەوەی بڵێی دروشمی خاوەن ئاهەنگەکە ئەوەبێت (نابێت شەوی ئاهەنگی کچەکەم کەس خەوی لێبکەوێت)!! ژاوەژاو بەڕادەیەک ئەوکەسەی کە لەسەر مێزێک لەگەڵت دانیشتووە گوێی لە قسەکانت نابێت، ڕۆژی دوایش هەست دەکەیت کەڕ و کاسیت، بۆیە خۆپاراستن لەمە لە ئاهەنگەکانی دوایدا توند گوێی خۆم بەو ئامێرەوە دائاخنی کە وەختی خۆی لەکاتی مەشق لەسەر بەکارهێنانی چەک دەمکردە گوێچکەم، لە مەغریب عادەتیان وایە هەروەک هیندییەکانیش هەروان بەوەی بووک دەخەنە سەر تەختەیەک لە قەفەس و بەسەر شانی چەندین ئافرەتی بەهێزەوە دەگێڕدرێت و دەیهێنن و دەیبەن و ڕاست و چەپی پێدەکەن، کاکی زاواش بە هاوکاری مۆسیقاژەنە ئەسمەرەکان دێتە هۆڵەکەوە، ئیتر بەم زوڕنا و کەڕەنایە و تەپڵ و دەف ڕای دەگەیەنن کە زاوا گەیشت، بووک و زاوا شەو تا

بەیان لە (کوشە)دا دادەنیشن نە سەیری یەک دەکەن نە قسە لەگەڵ یەکدا دەکەن ( ئەمەش تاکو ئێستا لە ئەنازۆڵدا داب و نەریتیانە)، بەڵام لە شارەکانیتر لەمڕۆدا بووک و زاوا بەرامبەر بە ئامادەبووان دادەنێن و بگرە تێکەڵاوی سەما و هەڵپەڕکێشیان دەبن، ئەم جۆرە لە دەست بڵاوی لە ماڵ بەفیڕۆدانەمان بە هەمان ڕێوڕەسم و خواردن و خواردنەوەی ناکحولی، لە ئاهەنگەکاندا لەناو خەڵکی دەوڵەمەند و هەژاردا وەک یەک بینیوە، لە سایەقەکەمانەوە تا کچە وەزیرو دەربارانی پادشا، بەڵام تاکە جیاوازی نێوانیان ئەوەبوو کە تا خەڵکی ئامادەبوو کەسانی سادە و ساکار بوونایە ئەوا کەش و هەوای میوانداری و بەخێرهاتن گەرمو گوڕتر بوو ئاهەنگەکە شەوقێکیتری هەبوو.

* * *

هیچ شتێک خەیاڵی جنسی پیاوی ئەوروپی ناجوڵێنێت وەک ئەو تێڕوانینەی چاو بە حەسودەیان بۆ مەسەلەی (حەرەم سەرا)ی ڕۆژهەڵات، ئەگەر شتێک لەبارەی ئیسلامەوە بزانێت ئەوە تەنها ئەوە دەزانێت کە مسوڵمانەکان زۆر ئارەزوو بازن، هەقی خۆیانە ٤ ژنیان هەبێت، ئیتر لێرەوە لیک بە دەمیاندا دێتە خوارەوە، بەڵام ئەم مەعریفەیان زۆر کزو پڕ لە هەڵەیە، لەگەڵ ڕاستیدا یەک نایەتەوە، هەڵەیە چونکە قورئان مەرجێکی هێندە سەختی بۆ ئەم (ڕێگاپێدانە) داناوە کە دەکرێت بڵێین (مەحاڵە) بتوانیت وەفاداریت بۆی هەبێت، ئەویش بەرپاکردنی دادپەروەرییە لەگەڵ ژنەکانت، ئەمەش بەپێی ئایەتی ١٢٩-النساء:

﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓا۟ أَن تَعْدِلُوا۟ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ۖ فَلَا تَمِيلُوا۟ كُلَّ ٱلْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلْمُعَلَّقَةِ ۚ وَإِن تُصْلِحُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ النساء: ١٢٩

ئەمەش جارێکیتر هەر ناڕاستە، چونکە مەسەلەی تەنها یەک هاوسەرگیری ڕێژەی ئەنجامدانی کەمترنیە لە ئەوروپا و ڕۆژئاوا، وە

هاوسەرگیری لەگەڵ یەک هاوسەردا لە جیهانی ئیسلامی زۆرترین ئارامی هەیە لەچاو بەراورد کردنی لەگەڵ ڕێژەی ناوەندی وڵاتانی ئەمریکا و سوید و ئەڵمانیا، هەروەک سەرژمێری دەڵێن، لەگەڵ ئەوەی من بە وڵاتانی ئیسلامیدا زۆر گەڕاوم و دەگەڕێم، لە چەند حاڵەتێکی کەم زیاتر لە شتێکی ئەوتۆم لە فرەژنی نەدیوە، ئەوەی لام سەیرە ئەوەیە پیاوێکی کاری میسری کە لە (الرباط) دەژی ٤ ژنی هەیە هەر ٤ یشیان ئەڵمانین، وە وەک پێیانەوە دیارە ئەوان لە ئافرەتانی ڕۆژئاوا بەختیان باشترە و خۆشتر دەژین، دەکرێت لە هاویندا لە ئەستەنبوڵ عەرەبێک ببینیت کە ٢-٣ ژنی لەگەڵدایە و لەترسی گەرمای کەنداو هەڵهاتوون بۆ ئێرە لە ئوتێلێک دەمێننەوە و بازرگانانی سەعاتی دەست لە زەڕینگەران لەدەستیان دەخۆن و بازاڕیان گەرم دەکەن، چونکە چی بۆ یەکێکیان کڕی ئەوا دەبێت بە هەمان جۆر و شکڵ و شێوە لەوەش بۆ ئەوانیتر بکڕێت یان هیچ نەکڕێت (دەنا دادپەروەری جێ بەجێ نەکردووە)، ساڵی ١٩٩٣ لە (أبو ظبی) حاڵەتێکم بینی کە بەوردی ڕەچاوی مەسەلەی (دادپەروەری) ئەوەی لە قورئان داوای دەکات ڕەچاوی کردبوو، کوڕێکی گەنجی ئیماراتی خۆی و ٤ ژنەکەی کە لەخۆی منداڵتر دیاربوون و هەمووشیان لە یەک تەمەندا بوون، لە چێشتخانە (ماسی) ئوتێل ئینتەر کۆنیتاڵ) کە چوار منداڵیشیان پێبوو، ئەوەشم لەبیرنا پێت یەکێک لە هاوپیشەکانم کە باڵوێزی وڵاتێکی ئەفریقی بوو لە (الرباط) لەگەڵ ژنەکەی دەگەڕاو ژنەکەی تریانی لە وڵاتی خۆی بەجێهێشتبوو، هەروەک ئەوەی بەڕێسا دەریاوانەکان مامەڵە بکات کە دەڵێت (لە هەر بەندەرێک ژنێک).هەر وەک دەبێت باس لە مەریەم جەمیلەش بکەم، کە ئافرەتێکی جولەکەی ئەمریکی ڕۆشنبیر بوو، کە دوای گەڕانێکی زۆر مسوڵمان بوو بەویستی خۆی سەر بە هەوێ شووی کرد و بوو بە یەکێک لە (فرە ژنەکان) لە پاکستان هەر وەک چۆن دایکانی ئیمانداران هاوسەرانی پێغەمبەر (د.خ) پێکەو ژیاون، بەپێی ئەزموونی

خۆم لە پێشکەشم کرد وە لە مەسەلەی فرەژنی، کە ئەگەر وەک ئەوەی قورئان باسی لێوە کردووە بەگشتی هیچ گرفتێک بۆ ئیسلام دروست ناکات، ئەگەر قسەکە شیاو بێت بڵێم دەتوانم بڵێم دەتوانم گرەو لەسەر ئەوە بکەم کە مەسەلەی فرەدۆستی (کەپڵ گرتن) لە ڕۆژئاوادا زۆر لە مەسەلەی فرەژنی جیهانی ئیسلامی زیاترە.

* * *

لە تێڕوانینی ڕۆژئاواییەکانەوە هاوسەرگیری ئیسلامی شتێکی خراپە، چونکە وا گومان دەبەن کە ئافرەتی مسوڵمان بە کۆیلە دەکرێت و لێی دەدرێت، بەڵام ئەوەندەی کە من بیزانم دەتوانم بڵێم، کە زۆرینەی زۆری ئافرەتانی جیهانی ئیسلامی لەگەڵ هاوسەرەکانیان بە هاوبەشی دەژین، تەنانەت لەڕوی جنسیشەوە دەتوانن کەسایەتییان بسەلمێنن، (سوپاس بۆ خودا مەسەلەی خەتەنەی ئافرەتان داب و نەریتی ئەفریقییەکانە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە).

ڕاستە لە زۆربەی مەسەلەی هاوسەرگیری ئیسلامیدا گیانی باوک سالاری بە زەقی دەردەکەوێت مەسەلەی پاراستنی ئافرەت لەلایەن مێردەکەی و براکانیەوە زۆر بە جدی وەردەگیرێت، تا ئەو ڕادەیەی ئەوانەی باسی و خواسی ئازادی زۆر دەکەن، لایان وایە بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکانییەتی، لەڕاستیدا مەسەلەی پارستنی ئابڕوو و شکۆی بنەماڵە لەمەدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت، خواستی پاراستنی ئافرەت بەمانای دەست بەسەردا گرتن نیە، هەر ئەمەشە کە سەردەکێشێتە مەسەلەیەکیتر گوایە (غیرە)یە، بەڵام ئەگەر بەوردی سەیربکەین دەبینین کە (غیرە) نییە بە پێچەوانەوە پیاوانی مسوڵمان زۆر لە هەوڵی ئەوەدان هاوسەرەکانیان لە هەڵوێستی (ئیحراج) بوون ڕزگاربکەن، مەسەلەی (کچێنی) کچان لە پێشەوەی ئەو یاسایانەیە کە باوک و برا لە جیهانی ئیسلامیدا

پارێزگاری لێدەکەن، لە هەندێک ناوچە وەک ناوچە کوردییەکانی تورکیا ئافرەتی (بەدڕەوشت) لەماڵ وەدەر دەنرێت، چونکە بۆتە مایەی شەرمەزاری خێزان و بنەماڵە، وە دەشکوژرێت! ئیتر لەدەستدانی کچێتی یان ئەگەری لاوازبوونی هاوسەرگیرییەکی ڕێزدارانەیە، کەسیش لای سەیر نەبێت ئەوە نەشتەرکارانی لێزانن کە هەموو شتێک چاکدەکەنەوە، لەم بابەتە سوودمەند دەبن. هەندێکجار مەسەلەی پاراستنی ئافرەت زیادەڕۆیی تیا دەکرێت، بۆ نموونە لە مەغریب هەرچەندە خاوەنی جەوازی گەشتکرنی خۆشی بێت ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی هاوسەری لە فەرمانگەی پەیوەندیدار گەشتەکەی بکات، مەسەلەی پاراستنی ئافرەت هەرچەندە ئافرەت هیچ پێویستیشی نەبێت ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ڕاستییەک کە لە ئایەتێکی قورئانەوە وەرگیراوە، چەندین سەدەیە ئاوا ڕاڤەکراوە کە واتای ئەوەیە (پیاوان بەسەر ئافرەتاندا باڵادەستن)، وە ئەمەش پەیوەندی پێکهاتەی لاشە و جیناتەکانیانەوە هەیە، ئەمەش بە دەرەنجامێکی خراپ بەسەر ئافرەتاندا دەشکێتەوە، ئەم ئایەتەش ئایەتی ٣٤ی سورەتی النساء [ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ] کە لەوەرگێڕانی دەقی ئایەتەکاندایە (ئەڵمانی- ئینگلیزی- فەڕەنسی) ئاوا وەرگێڕدراوە.

١- پیاوان بەسەر ئافرەتاندا باڵادەسترن. (م.سافاری)

٢- پیاوان فەزڵیان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە (بزاتیجاتی)

٣- پیاوان سەرکردەی ئافرەتانن (حمیدوللە)

٤- پیاوان بەسەر ئافرەتاندا دەسەڵاتدارترن (بویاکیور)

٥- پیاوان مافی چاودێرییان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە (ماتسیە)

٦- پیاوان لە پێش ئافرەتانەوەن لەبەرپرسیارییەتیدا (ڕەسول)

٧- پلەی پیاوان لەسەروو پلەی ئافرەتەکانەوەیە (جولدسمیس)

٨- پیاوان لە ئافرەتان بەرزترن (باریت)

٩- پیاوان بەسەر ئافرەتاندا سەرکەوتووترن (هیتج)

١٠- پیاوان بەرپرسی ئافرەتانن (م.علی)

بەکورتی واتای ئەم ئایەتە ئاوا ڕاڤە دەکەن کە پیاو سەرکردەی هاوسەرەکەیەتی، سوپاس بۆ خوا کە دەقی ئایەتەکە (الرجال قوامون علی النساء) ئەو واتایە ناگەیەنێت، هیچ لەو واتایانە نیە، ئەم باسە بەکورتی و بەبێ خۆدانە پاڵ پیاوان، ئەوەیە کە پیاوان (بەرپرسن لە چاودێری کردنی هاوسەرەکانیان و ڕاپەڕاندنی کارەکانیان)، جا وەک ئەوەی ئایەتەکە ئاماژەی پێدەدات، واتە پیاوان چاکسازی ژنەکانیانن، ئەمەش بەهۆی توانای لاشەیی و دارایی پیاوەوە، جا خۆ ئەگەر ئافرەتەکە خاوەنی ئەودوو توانایيە بوو، ئەوا پیاو بۆی نییە دەستی بەسەردا بکێشێت و خۆی بەسەریدا باڵادەست بکات، ئەمەش یەکەمین حاڵەت نییە کە پیاوان تیایدا واتاکانی قورئان لەگەڵ زەمینەی ویستی خۆیان دەسازێنن و لەگەڵ واقعی خۆیاندا هەڵی دەشێلن، ئەمەش لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ دەقەکانی قورئاندا خۆیان بسازێنێت و ئەحکامەکانی باسی نەرموونیانی و سۆز و بەزەیی نواندن وبەخشینی بە ئافرەتان مامەڵە بکەن، سەرۆکی کۆمەڵەی مسوڵمانانی ئەڵمان – و(فتحی عثمان) زانای بواری ئیسلامە ناسی میسری لە (لوس ئەنگلس) پێیان ڕاگەیاندم کەوا من یەکەمین کەس نیم کە داواکاری ئەوە دەکەم کە ئەو تێگەیشتنە نادروستە لەو ئایەتە قورئانییە بگۆڕدرێت، لە جیهانی (ئەنگلۆ سارکسۆن)دا هەوڵدراوە کە ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە لەو چەمکە قورئانییە چاک بکەن، بەم جۆرە:

١- پێویستە پیاوان زۆر بە وردی بایەخ بە ئافرەتان بدەن، (أسد)

٢- پێویستە پیاوان یاریدەدەر و پشتگیری ئافرەتان بن، (ئەرفینگ)

٣- پیاوان پارێزەرانی ئافرەتن. (ی.علی)

٤- پیاوان پاڵپشتی ئافرەتانن، (خوری)

پێویستە سنورێک بۆ ئەو قسە و وێناکردنە هەڵەبکەین کە لای وایە بارودۆخی پیاو تایبەت و جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی ئافرەت، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها یەک حاڵەت هەیە کە ئەویش پێویستە پیاو پارێزەری ئافرەت بێت، ئەوەیش کاتی (حەج) کردنە، چونکە پێویستە ئافرەت (محرم)ێکی هەر لەگەڵدابێت، هاوسەرەکەی بێت یان هەر پیاوێکیتر کە پێی حەرام بێت هاوسەرگیری لەگەڵیدا بکات، مەرج نییە هەر پیاوی هاوسەری لەگەڵیدا بێت، بەڵکو باوک و براشی هەر دەبێت مادام ئەوانیش هەر مسوڵمانن، ئەمەش کێشە بۆ دەسەڵاتدارانی سعودیە دروست دەکات، چونکە لەم سەردەمەی ئێمەدا شتی وا هەیە لە سەدەکانیتردا بوونی نەبووە، یان زۆر دەگمەن بوو ئەویش بوونی ئافرەتی مسوڵمانە کە هاوسەرگیرییان نەکردووە، کەسیش لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان مسوڵمان نین، لەوانە ئەو ئافرەتە ئەڵمانیانەن کە خۆیان بەدوای ئیسلامدا گەڕاون و خۆیان بەتەنها مسوڵمان بوون، ساڵ لە دوای ساڵ داوای بەجێهێنانی فەریزەی حەج دەکەن وکەچی لە بەرامبەردا لەبەر نەبوونی مەرجی (محرم) ئەوا بۆیان ئەنجام نادرێت.

(جارێکیان) باڵوێزی سعودیە لە بۆن چاوپۆشی لەم مەرجەکرد، ئەویش بۆ ئافرەتێکی تازە مسوڵمان بووبوو کە بێوەژنێکی ٨٠ ساڵ بوو، ئیتر مۆڵەتی واش هەیە لە پێناو ئەنجام گەیاندنی فەریزەی حەجکردن (پەیماننامەیەکی) هاوسەرگیری لەسەر شەریعەتی ئیسلام دەردەهێنێت، ئەمەش بۆ خۆڕزگارکردن لە (محرم)، بەڵام مەرج نییە هاوسەرگیرییەکی فەرمی بێت، چونکە ئەوکاتە دژایەتی و ناکۆکی دەکەوێتە یاساکەوە ئیتر ئەو هاوسەرگیرییە (وەهمییە) شەرعییە، ئەگەر هاوسەرگیری فەرمی پێشیی کەوتبێت ئەوا کۆتایی دێت لەگەڵ ئەو پارێزبەندییە بۆ ئافرەت دانراوە، ئەوا ژیانی خێزانی مسوڵمان لە ژیانی ئەڵمانییەکان نائارامتر و ناخۆشتر نیە، زۆربەی جار ئافرەتان و بەتایبەت دایکی زاوا

(خەسوی بووک) دوا قسەی لەلایە، دیاردەی مل دانی پیاوان بەخواست و داواکاری هاوسەرەکانیان دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵێ هەندێ حاڵەتی لە ژن دانیش بوونی هەیە بەتایبەت لای پیاوانی شەرابخۆر و مەست، بەڵام لە حاڵەتەکانی لێدانی ئافرەت لە ئەوروپا زیاترنیە، ئەگەر کەمتر نەبێت ئەو توندوتیژییەی لە خێزانە مسوڵمانەکان ڕووبەڕووی ئافرەت دەبێتەوە ئەوا هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی شەریعەت، هەر وەک ئەو خانانەی بۆ پەناگەی ئافرەتان دروستکراون کە مێردەکانیان دەپارێزن، بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بە بەنەماکانی مەسیحییەتەوە نیە، نیگەرانم لەوەی من ناچار بووم کە ئەو حوکمە پێش وەختە بەسەر ئیسلامدا بدەم کە لەلایەن ئەوروپیەکانەوەیە، بەتایبەت من کە دەزانم چەندە دڵخۆشین کاتێک کە نیگەرانین لە هەڵسوکەوتی خەڵکانی دی، بەڵام بۆچی ئیسلام بکرێتە قۆچی قوربانی؟؟ ئایا کەسیتر نییە؟! ئەگەر سەیری خۆسەلماندی ئافرەتان بکەیت لە شوێنی کاریاندا، ئەو سەیر دەکەین بارودۆخی وڵاتانی ئیسلامی ئومێد بەخشە ، مەسەلەی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری ناو ژنان سەرکەوتووانە هەنگاو دەنێت، هەرچەندە بەهۆی هەندێک لە خێزانەکان هێواش پێهەڵدەگرێت، سەبارەت بە خانمانی ئەکادیمی ئەوا ڕێژەکە لە وڵاتانی وەک تورکیا – مەغریب- لوبنان- سوریا- میسر بە بەراوردکردن بەوڵاتانی سعودیە – یەمەن- وڵاتانی کەنداو ئەوا ڕێژەکە بەرزترە، لە تورکیا ڕێژەی ئافرەتانی دکتۆر و پارێزەر و ڕۆژنامەنووس ونووسەر و مامۆستای زانکۆ لەگەڵ ڕێژەی هاوپیشەکانیان لە میسر و مەغریب یەکسانە.

ئەم وڵاتانە لەوانە ئیمارات ڕێگا دەدات کە ئافرەتان بچنە ڕیزی هێزە چەکدارییەکانەوە، لەوڵاتانی ئسلامیدا ئافرەتان سەرۆکایەتی حوکمەتیان وەدەست خستووە لەوانە (تانسۆچیلەر- بەنازیر بۆتۆ)، من بڕوام وایە کە ئەڵمانیا جارێ ڕێگای ئەوەی لەبەردا ماوە ئافرەتێک ببێتە سەرۆک وەزیر، ئەوروپا لەگەڵ جیهانی ئیسلامدا لەوەدا لەیەک

دەچن کە هەردووکیان ڕێژەی ئافرەتانی پەرلەمانتاریان کەمە، ئەمەش هۆکاری لاوازی بەشداری دەنگدەری ئافرەتانە لە پرۆسەکەدا، لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ یەکەمجار دوو ئافرەت چوونە پەڕلەمانی مەغریبەوە، جگە لە دادگای هەرزەکاران ئەوا پۆستی دادوەر بەڕووی ئافرەتاندا داخراوە، مەسەلەی هەستان بە جێبەجێکردنی ئەو حوکمانەی پەیوەستن بە ئاینەوە ئەوا تایبەتە بە پیاوان، وەک خەلیفە- ئیمام- بانگبێژ- دادوەور، ئەم تێڕوانینەش لە تێڕوانینی کاسۆلیک و ئەرسەزۆکس و جولەکە جیاوازی نییە، هیوایەکیش لە پێش نییە ئەمە وازوو گۆڕانی بەسەردابێت، ئافرەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەشداری ژیانی گشتی ناکات، لە سعودیە ناهێڵن سایەقی بکات، بەرنامەی تەلەفیزیۆنی پێشکەش بکات، قوتابی زانکۆ لە ڕێگەی شاشەیەکەوە مامۆستاکانیان دەبینن، ئەم بیرکردنەوەی هەردوو ڕەگەزە لەیەک لە جیهانی ئیسلامی و بەریتانیا لەدوای نانخواردنی ژەمی ڕەسمی ئێوارە ئەوا هەریەکە لە پیاوەکان بەرەو هۆڵێک دەچن کە بە تورکی پێی دەڵێن (سلملک) وە ئافرەتانیش بۆ هۆڵێکیتر دەچن کە پێی دەڵێن (حرملک)، ئەم جیاکردنەوەیەش پاڵنەری ئاینی لەپشت نییە، زۆربەی جار باس و خواسی تایبەتی هەریەک لەو دوو ڕەگەزە لەلایەن لاکەی تر، شایەنی بیستن و قسە لە سەرکردن نییە، من قەت لەگەڵ ئەوە نیم کە پیاو وەک (منداڵ) لەگەڵ هاوسەرەکەی مامەڵە بکات هەر وەک لە ناوچەیەکی (جەزائیر- بوزابتین)باوە کە لایان وایە شوێنی بایەخدانی ئافرەتان (منداڵ- زێڕ و زیو- نەخۆشخانەیە).

ئەم باسەم لەگەڵ کەسانی ڕۆشنبیری باڵا قسە لەسەر کردووە کە وتوومە چۆن پیاو بە ژنێک ڕازی دەبێت کە وەک منداڵ وابێت؟ ئەو وەڵامەی وەرمگرتووە تاساندمی، کە وتیان پیاوی لای ئێمە زۆر کاتی خۆی لەگەڵ ژندا بەسەر نابات، سعودییەکان لە مەسەلەی جیاکردنەوەی هەردوو ڕەگەز کە لەیەکتر زۆر قوڵ و توند لەواتای ئایەتەکانی حجاب

گەیشتوون کە ئایەتەکانی ٣١-٣٣-٥٣-٥٩ی سورەتی (النور)ە، بەڵام بە لێوردبوونەوەیەکی دروست تێدەگەیت کە هەندێک لەم حوکمانە تایبەت نین بە کۆی گشتی ئافرەتانی مسولْمان، بەڵکو تایبەتە بە هاوسەرەکانی خودی پێغەمبەر (ص)، بەهەرحاڵ هیچ کام لە ئایەتەکانی داوای جیاکردنەوەی تەواوەتی هەردوو ڕەگەزەکە ناکات لەیەکتر، یان بڵێن ئافرەت تووشی گۆشەگیری و دابڕان لە کۆمەڵگا ناکات. پاشان جیاوازی ڕێچکە و مەزهەب و بنەما ژیارییەکان وادەکات کە جل و بەرگی ئافرەتانیش لە وڵاتی ئیسلامیدا لەیەک جیاوازبن، هەروەک لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکیتر لەیەک جیاوازن، جلوبەرگی ئافرەتێکی ئەندەلوسی لە جلوبەرگێکی ئافرەتێکی پاکستانی و ئەنازۆڵ و باشوری جەزائیر لەیەک جیان.

دەتوانیت هەر بەچاو لەنێوان دوو بۆچوندا جیاوازی ببینیت، یەکەمیان ئەوانەن کە قژیان دادەپۆشن، دووەمیش ئەوانەن کە سەریان داناپۆشن، لەسەر داوای پادشای مەغریب یەکێک لە نزیکەکانی سەرپۆشی سەری لادا وەک خۆدەرخستن، لەوکاتەوە ئافرەتان قژیان دەردەخەن، ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی سەریان داناپۆشن لە شارە گەورەکانی وەک جەزائیر و میسر و ئەردەن و سوریا و تورکیا بەرچاون، دووەمیان کە ئەوانەن سەریان دادەپۆشن هەروەها لەگەڵ سەریان ڕوخساریشیان دادەپۆشن، تا ئێستاش لە هەندێک شوێن پەچە پۆشین هەر ماوە، بەڵام حاڵەتی تاکە کەسین وە لە مەغریب- ئەستەنبوڵ- دوبەی.... هتد لە پاشەکشەدایە.

ڕوخسار داپۆشین (پەچەکردن) لە قورئاندا نەهاتووە، بەڵکو لەکاتی حەجکردندا نابێت ئافرەتان ڕوخساریشیان داپۆشن، دوای ئەوەی ساڵی ١٩٨٢ عەمرەمان کرد ئەوا هاوسەرەکەم بوو بە باڵاپۆش لەگەڵ ئەوەی هاتوچۆکردنی پێوە لەلا ناخۆشبوو کەچی بەشتێکی باشی دەزانی، بەوەی هەرکات لەماڵ بچێتە دەرەوە پێویستی بە قژ داهێنان نییە،

هەر وەک پێویستی بە مکیاژیش نییە، بارودۆخی باڵا پۆشی بەهۆی جەنگی کەنەداوە وەک جاران نەماوە، هەڵهاتنی هەزاران ئافرەتی ناپۆشتە(سفور) بۆ ئەو وڵاتە لە سەرەتای جەنگی دووەمی کەنداوە گۆڕانکاری بەسەر هەڵوێستی سعودیەکانیشدا هێناوە. ئەگەر یەکێک بیەوێت لە زیادەڕۆیی باڵاپۆشی وردبێتەوە با بچێتە یەمەن، کە هەندێک لە ئافرەتەکانیان تا ئێستاش ڕووپۆش و پەچەی پێستە لەسەر دەکەن، یان سەیری (میزاب)ی جەزائیر بکەن کە ئافرەت بەیەک چاو لە دەرەوە دەڕوانێت ئەگەر پیاوێک سەیری بکات ئەوا ڕووی لێوەردەگێڕێت و سەیری دیوارەکە دەکات، شتێکی هەڵەیە وا وێنا بکرێت کە لەبەرکردنی جلوبەرگی باڵاپۆشی دەگەڕێتەوە بۆ فەرزکردنی ئەو پیاوانەی کە (غیرە) یان لەسەر ژنەکانیان هەیە، ئەوەی بە پێچەوانەوە باڵاپۆشی دەکات ئەوا گوێڕایەڵی فەرمانی خودایی دەکات و بۆ ڕەزامەندی خوای دەکات، هەر بۆ ئەوەی مانای ئەو باڵاپۆشی و گوێڕایەڵییە بۆ خودا بزانیت سەیری ئەو ئافرەتە ئەڵمانیانە بکە کە مسوڵمان بوون، زۆرێکیان بە تاقی تەنیا لە خێزانەکەیاندا مسوڵمان بوون بێ ئەوەی پیاوێکیان لەگەڵ مسوڵمان بووبێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیانی گشتیدا بەچاوی گومان و نامۆیی لێیان دەنوارن ئەوا دووچار بە ناڕەحەتی دەکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەی پۆشینی ئەو جلوبەرگە دووچاری بە ناڕەحەتییان دەکات، بەڵام پۆشینی ئەو جلوبەرگە شەرعییەی لای ئافرەتانی مسوڵمانی خاوەن خاڵی ئەرێنی و تایبەتمەندی باشی خۆیەتی، بەم جلوبەرگەیان ئاینەکەیان بەو کەسانە دەناسێنن کە تووشیان دەبن و لەسەر ئیسلام قسەیان لەگەڵ دەکەن، ئەمەش خواستی ئاین و باوەڕەکەیەتی، بێجگە لەوەی زۆرێکیان ئەم بەرگە شەرعییەیان بۆیە پێ خۆشە، چونکە لایان وایە کە لەبازاڕی ئارەزووبازاندا نایانکاتە کاڵایەکی چێژ وەرگرتن، زۆرینەی زۆری خوشکانی مسوڵمانم پێخۆشبوون و سەرسامی خۆیان لەبارەی ئەو کتێبەم بە ناونیشانی (ئیسلام کبدیل) بۆ دەربڕیم، بەڵام

تەنها خاڵێکیان لەلا باش نەبوو ئەویش ئەوەبوو کە دەڵێم سەرداپۆشین ئەوکاتە فەرزدەبێت گەر بێت و ببێتە هۆکاری وروژاندنی سێکسی، لە مانگی یۆڵیۆی ١٩٩٣ لەلایەن خوشکانی مسوڵمانەوە لە خانەی ئیسلامی (لیتسلباخ)ەوە بانگهێشتنامەیەکم بەدەست گەیشت لە کەش وهەوایەکی ڕێز و خۆشەویستی و دۆستانەدا نیگەرانی خۆیان لەبارەی ئەو ڕایەمەوە بۆ دەربڕیم، بەهەرحاڵ داواکارم خوێنەری کتێبەکەم ئەوەندەی لاگران نەبێت کە دان بەوەدا بنێت کە ئیسلام زۆر لە لەسەرکردنی سەرپۆشێک دەوڵەمەندتر و گەورەترە.

* * *

ئەو شتەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا نابێت بوونی هەبێت مەسەلەی (منداڵی ناشەرعی)ە، نابێت مەسەلەی ڕێکخستنی خێزان و هۆکارەکەی بەرگرتنی منداڵ بوون بخرێتەوە، زۆرێک لە وتاربێژەکان داوا دەکەن بە ڕێکخستنی وەچەخستنەوە (تنظيم نسل) بۆ پارێزگاری کۆمەڵگا بەرچاوبگیرێت و مەسەلەی تەقینەوەی دانیشتووانیش لەبەرچاو بگرن، بەڵام زۆرینەی زۆری خەڵکی وا لە منداڵەکانیان دەنوارن کە بۆ پاشەڕۆژ و پیربوونیان دڵنیایان دەداتێ (بۆیە ئاوا لەگەڵ خۆیان دەدوێن)، لێگەڕی با (ئیمام) قسەی خۆی تێبکات، وازی لێبێنە ئەمەش پێچەوانەی کەنیسەیە کە کاهینەکان جامی توڕەیی خۆیان لە ڕێکخستنی وەچەکاندا دەڕێژن، ئیسلام ڕێگری دەکات لەوەی کە منداڵ لەبار ببرێت، هەرچەندە منداڵەکە (ناشەرعی)ش بێت، زۆرینەی زۆری زانایانی ئیسلام بەلایانەوە لەباربردن تاوانێکە دژ بە ژیان، تاوانێکە دژ بە مرۆڤێک کە توانای بەرگری کردن لە خۆی نییە، وە هەندێک لەگەڵ ئەوەدان کە دەشێت تا ٤ مانگی لەباربېرێت، واتە تا گیانی بەبەردا دەکرێت، بەڵام ئەم ڕایە لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ دانیشتووان و پەرەپێدانی ساڵی ١٩٩٣ قاهیرە، واتای خۆی لەدەستدا و هیچ بنەمایەکی ڕاستی بۆ

نەمایەوە، منداڵی ناشەرعی لەڕوانگەی ئیسلامەوە هیچ ماف و ناوێکی نییە، چونکە بەپێی بنەما و ئاکاری ئیسلام پێشبینی هاتنیان نەکراوە لەبەرئەوە منداڵی ناشەرعی لەکەش و هەوایەکی ناڕەحەتیدایە ئەگەر بێت و باوکی چارەسەری نەکات و دانی پیایا نەنێت و بیباتە لای خێزانەکەی لەجیاتی بەڕەڵاکردنی و گوێپێنەدانی، گرفتی منداڵانی ناشەرعی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیسلام (تبنی) کردن قەدەغە دەکات، ئیسلام ڕێگە نادات بەهیچ جۆرێک باوک و دایک لەمافی دایکی و باوکی خۆیان بۆ کەسێکیتر خۆش ببن، وە هیچ دایکێک کە منداڵی ناشەرعی ببێت ناتوانێت لەمانای دایکایەتی خۆی ببورێت و ببەخشێت، بۆیە کەسی ناتوانێت منداڵێکی ناشەرعی (تبنی) بکات، بەڵام دەتوانێت چاودێری بکات، دیارە چاودێریکردن لەهەرساتێکدا دەتوانیت دەستبەرداری بیت، هەروەک لە مەسەلەی هاوسەرگیری پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ خێزان یەکێک لە (تبنی) کراوەکاندا قورئان ئاماژەی بەوەدا کە (تبنی) کردن بنەما و ڕێسای خزمایەتی کردن نییە، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەم منداڵانە لە دواڕۆژدا دووچار بە شۆک و بەرکەوتنێکی دەروونی توند دەبن کاتێک کە بۆیان دەردەکەوێت کە ئەوان منداڵی شەرعی ئەو کەسانە نین کەوا پێیان دەڵێن (دایە و بابە)، بێجگە لەوەی زیانی لە لایەنی سێهەم دەدات لە مەسەلەی میرات بردندا، کاتێک کەسێک لەولاوە بێ هیچ شەرعییەتێک دێت و دەبێتە شەریکە بەش (تبنی) کردن خۆقوتاندنە ناو درەختی بنەماڵەیە بەشێوەیەکی ناسروشتی، ئەو هاوسەرە ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئیتاڵیانەی کە منداڵیان نییە کە دێن بۆ مەغریب بۆ هەڵگرتنەوەی منداڵی هەتیوخانە ئەوا ئەمانە ناخەنە پێش چاوی خۆیان، بەڵکو بۆ چەند سەعاتێک بەناو خۆیان دەکەن بە مسوڵمان تەنها بەناو ئەمەش بۆ ئەوەی منداڵێکی بێ باوک و هەڵگرنەوە، ئەو دادوەرانەش کە ئەم کارە ئەنجامدەدەن هیچ (ئیحراج) نابن لەوەی کە پەیماننامەیەکی ئیسلامی کە پێی دەوترێت چاودێریکردنی منداڵ بگۆڕن بۆ (تبنی)کردنی هەمیشەیی،

خۆشیان چاک دەزانن ئەو جۆرە پەیماننامەیە لە وڵاتی منداڵەکەدا هیچ کاری پێناکرێت، دیارە کە ئەم کارەش لە نەبوونی یاسایەکی ئیسلامیدا جێبەجێدەکرێت و ناوی (بەرژەوەندی منداڵ)ی لێدەنێن، لە ئەڵمانیا منداڵی بیانی بە یاسای ژمارە ٢٣ی BGBی کاری پێدەکرێت دادوەرەکانیش لەپای ئەم کارە ویژدانیان جوڵە ناکات بەو وەهمەوە ئەم کارە دەکەن کە لە بەرژەوەندی منداڵە لە بەردەستی ئیسلام ڕزگار بکرێ، بۆ ئەم هەڵوێستە ناوێکی وا شک نابەم کە شایستەی ئەم کارە بێت جگە لە (ئیمپریالیزمی ڕۆشنبیری).

* * *

مەرج نییە تەڵاق هەر بە ئەوەندە بکەوێت کە یەکێک لە هاوسەرەکان لە دەرەوەی هاوسەرگیری پەیوەندی تری هەبێت، بەڵکو جاری واش هەیە بە شێوەیەکی گشتی بێبەختی لەوەی حاڵەتی نەزۆکی هەبێت یان منداڵی کوڕی نەبێت مایەی لێک جیابوونەوە دەشێت حاڵەتی تەڵاق یەک لایەنە بەبێ بوونی هۆکارێکی ڕیشەیی بێت، وە حاڵەتی (٣) جار سوێند خواردن و تەڵاق خواردن لە ئارادایە، ئافرەتی مسوڵمانی وا دەناسم کە لە پلە و پۆستی باڵادان بەردەوام لەوە دەترسن ڕۆژێک لەخەو هەستن و تەڵاق درابن، لەوانەیە لە ڕێگای لایەنی سێهەمەوە ئاگاداری تەڵاقەکەیان بن، (یاسای خێزانی مەغریب لەساڵی ١٩٩٣ تەڵاقدان لە ڕێگای لایەنی سێهەمەوە هەڵوەشاندەوە، چونکە هیچ دەقێکی قورئانی لەسەر نییە). پیاو دەتوانێت هاوسەرگیری لەلایەن خۆیەوە کۆتایی پێبهێنێت و تۆماری بکات، بەڵام ئەگەر ئافرەت ئەم خواستەی هەبوو ئەوا دەبێت داواکاری پێشکەش بە دادگا بکات، ئەمە ئەگەر پیاوەکە بە ئارەزوومەندانە ژنەکەی تەڵاق نەدا، ئەو پیاوەی یەک لایەنە لای خۆیەوە ژنەکەی تەڵاق دەدات ئەوا مافە داراییەکانی چنگ ناکەوێتەوە، واتە ئەو مارەییەی کە پێشتر داویەتی بە ئافرەتەکە بگرە زیاتریشی دەکەوێتە

سەر بەوەی کە دەبێت (پاشەکی) مارەیی بدات کە پێشتر (پێشەکی) یەکەی داوەتێ، خۆ ئەگەر ئافرەت مافی ئەوەی هەبێت بەبێ گەڕانەوە بۆ (دادوەر) یەک لایەنە خۆی تەڵاق بدات، ئەوا دەبێت مایەی ئەوەی ئافرەت تەماحی هاوسەرگیری بەدوای هاوسەرگیری بە مەبەستی وەدەست خستنی پارەی دەکەوێتەبەر، لە دیدارێکی مسوڵمانانی ئەڵمانی زماندا پیاوێکی بۆسنەییم بینی زۆر ناڕەحەت و بێتاقەت دیاربوو، لەبەرئەوەی هاوسەرە کرواتییەکەی باوەڕی بە خودا نەماوە ئیتر ئەمیش تەڵاقی داوە، ئەو ئافرەتە (مەسیحی و جولەکانەی) شوو بە مسوڵمان دەکەن لە حاڵەتی تەڵاقداندا زۆر زەرەرمەند دەبن، چونکە مافی وەرگرتنی میراتی مێردەکانیان نامێنێت، هەروەها مافی چاودێری منداڵەکانیشی نامێنێت، کەس نازانێت چەندە لە خانمانی ئەڵمانی لەبەر ئەمە مسوڵمان بوون، هەندێکیان بەهۆی جێگیری بارودۆخی خێزان لە ئیسلامدا مسوڵمان بوون و مسوڵمانێکی ڕاستەقینەش، بەڵام هەشە هەر بەناو موسوڵمانە، تا ئێستا حاڵەتی وام نەبینیوە کە تەڵاقدان لە خێزانە مسوڵمانەکاندا بەهۆی (لادانی جنسییەوە) بووبێت لە هیچ کام لە پیاو لە ئافرەتان، قورئان پەیوەندی ڕەگەزی شاز و نەشیاو بە قەدەغە دادەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە وڵاتانی ئیسلامی بوونی هەیە، دەتوانم بڵێم لەبارەی نەرمی نواندن لەم ڕەفتارە ناسازەدا هیچ کام لە وڵاتان هێندەی مەغریب خەمسارد نین، کە زۆرێک لە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هونەرمەندانی (شاز)ی ئەمریکی وەک تینسی ولیامز و ترومان کایوت ولیاز پوردز کە شاری طهنجە دەژین کە تا ئێستا ناوچەیەکی نێودەوڵەتییە، یان ئەوانەی پاشماوەی تەمەنیان لەوێدا بردۆتەسەر، وەک شارلز دجین و بولس، تا ئێستاش ڕێژەیەکی زۆر لە کەسانی (شاز) بەرەو طهنجە کەمەندکێش دەبن، لەکۆتایی ئەم فەسڵەدا مەسەلەی ڕزگاری و ئازادی ئافرەت خۆی هەڵدەقورتێنێت.

وەڵامدانەوەشی کارێکی هێندە  سانا نییە، بەتایبەت کە بارودۆخ لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە، بەڵام نابێت کەس بەو نموونانە هەڵبخەڵەتێت کەوا خۆیان نیشانی ڕۆژئاوا دەدەن کە ئەوان نوێنەری ڕەوت و ئاڕاستەی ئافرەتانی خۆیانن، نمونەی وەک (فاطمة المرنيسى) کە لە ڕۆژئاوادا پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرێت و جێگەی تایبەتی هەیە لەلایان، کەچی لە وڵاتانی خۆشیاندا کەمەغریبە هیچ شتێک نییە.

ئافرەتی مسوڵمان هیچ پێویستییەکی بە بزاڤی ئازادی ژنان نییە، ئافرەت لە بەرامبەر خوای خۆیدا لەگەڵ پیاواندا یەکسانە، چی لەسەر پیاوانە ئەوەش بەسەر ئەودا فەرزکراوە، نوێژ، ڕۆژوو- زەکات- حەج، هەرچی بۆ پیاوانیش بێت لە هەردوو دنیا ئەوا ئەوەش بۆ ئافرەت فەراهەمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتی مسوڵمان لە مافە مەدەنی و مرۆڤایەتییەکاندا لەگەڵ پیاوان یەکسانە، پیاوان بۆیان نییە لەماڵ و موڵکی تایبەت بەخۆیان دەستێوەردان بکەن، وە ئافرەتی مسوڵمانیش لەدوای شووکردنی ناونیشانی بنەماڵەی خۆی ون ناکات و ناونیشانی هاوسەرەکەی هەڵەگرێت، بەڵکو تا مەرگ هەر هەمان ناونیشانی هەیە، ئەوەش هەندێکجار کە سەفەری ئەوروپا بکات کێشەت بۆ دروست دەکات، چونکە پیاوانی سەر سنور ئەوەیان بەمێشکدا ناچێت کە چۆن منداڵە شەرعییەکەی لەگەڵ خۆیەتی و ناوێکیتری جگە لە ناوی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جیاوازی لەنێوان پیاو ئافرەتی مسوڵماندا هەیە، کە ئەمە بەواتای جیاکاری و زوڵمکردن نییە، ئەم جیاوازییانە هەل و مەرجی تایبەت بەخۆیان هەیە، کاتێک کەمتر لە براکەی بەشە میرات دەبات زوڵمی لێنەکراوە و هیچ پەیوەندییەکیشی بە چەمکی یەکسانییەوە نییە، چونکە براکەی بەرپرسیارێتی وە ئەستۆگرتنی خێزانی لەسەر شانە، بەڵام خوشکەکە هیچی وا ناکەوێتە سەر شانی و کە شووش دەکات هیچی لێ سەرف ناکات، ئافرەت بەوە ڕازییە کە

سەبارەت بە منداڵە بچووکەکان قسەی یەکەم و کۆتایی لای دایکە، بەڵام منداڵی گەورەتر ئەوە باوک ئەمە لەئەستۆ دەگرێت، ئێستا ئەم پرسیار کردنە دەمانباتەوە بۆ پرسیارێک کە لە سەرەتادا کردمان، ئایا دەرفەتی کارکردنی ئافرەتان یەکسانە بە دەرفەتی کارکردنی پیاوان، جگە لە فەرمانە ئاینییەکان؟ لە وەڵامی ئەمەدا دەبێت بڵێم: نازانم وە ناشتوانم بزانم، چونکە زۆرینەی زۆری ئافرەتان خۆیان لەوەدا نابیننەوە کە ببنە ڕەقیب و دژایەتی کردنی پیاوان، ئەوانیش وەک زۆرینەی زۆری ئافرەتانی ئەوروپی حەزیان لەوە نییە ببنە سایەقی بارهەڵگری گەورە و تەکسی بگێڕن، یان ببنە ئەفسەر و فڕۆکەوانی بکەن، بەڵکو ئەسپی خۆیان لە مەیدانی دیاریکراوی خێزاندا تاو دەدەن. ئەمەشیان لەبەر نەزانی و بێئاگایی نییە، بەڵکو نموونەی ئافرەتی ئازادی ڕۆژئاوایان لەبەردەستدایە کەوا چەندە لەک کارەیان پەشیمانن، چونکە خێزان و دایکیانیان بەجێهێشتووە، بەمەش زیانیان بە کرۆکی ئافرەتبوونی خۆیان گەیاندووە، نەیانتوانیوە کرۆکی ئافرەت بوونی خۆیان بسەلمێنن، بە کورتی و پوختی شتێکی وانییە کە لەبارەی دەرفەتی کارکردنەوە بۆ ئافرەتی مسوڵمان لێی بدوێین، چونکە ئەو دوارۆژی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەموو توانا و هێز و تایبەتمەندی (ناڵێم چەکی خۆی) بخاتە خزمەت ئامانجەکەیەوە، ئەمەش لە زەمینەیەکدا دەبێت کە دوو جەمسەری بێت، ئەو دوو جەمسەرەش (پیاو و ئافرەتە) لە کۆتاییدا کاتێک کە من باس لە چالاکی و دەستکەوتەکانی یەکێک لە چالاکوانانی بواری فێمینیزم دەکەم (کە زۆر لە بواری مافی ئافرەت ڕۆچوون و زیادەڕۆن) یەکسەر ئەم پرسیارە گاڵتە ئامێزە)ی لێدەکات: ئایا ئەو جوانە...؟؟!!

## فەسڵی دەیەم

# مرۆڤایەتییەکی سارد و سارد وەک سەهۆڵ

### باشە بۆ ئەستەنبوڵ؟!

باشە ئەم شارە ساڵانە نزیکەی نیو ملیۆن کۆچبەر لە ئەنادۆڵ و بۆسنە و بولگاریا و مەکدۆنیا و ئەلبانیا ڕووی تێناکەن، ئەم ژمارەیە زۆر لەو ژمارەیە زیاترە کە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٩٢ لە پەنابەرانی سیاسی ڕوویان تێکردووە، کەچی ئەمە بۆ ئەوان هیچ ئاریشەیەکی دەستوری وەزاری بۆ تورکیا دروست نەکرد و ئەستەنبوڵیش نەبۆتە گۆڕەپانی شەڕی ناوخۆ. ئایا ڕێژەی پیسبوونی هەوا لەم شارەدا ١٠٠٠ ملی گرام لەدووەم ئۆکسیدی کاربۆن نییە لەیەک مەتر چوارگۆشەدا، کە هەوکردنی چاو و گەردنی بەدوای خۆیدا هێناوە؟! ئەی هەڵاوسانی پارە و کاڵا، ئەمانە هەمووی بۆتە هۆی ئەوەی دەنگدان بە پارتی ئیسلامی زیاتر بێت، ئایا کارەبا ڕۆژانە نابڕێت؟ ئایا بەردەوام ئاو نابڕێت. بەڵێ، بەڕاستی شارێکە ناتوانایە، بەڵام هەموو ئەوانە لەچاو ئەوەی شارێکە پڕ لە ژیان ئەوا هیچ نییە، جوانییەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، کەهەست وهۆشت بۆلای خۆی کەمەندکێش دەکات، کەلەپورێکی تەلارسازی ١٧٠٠ ساڵەی هەیە، جوانییەکی هۆنگ کۆنگ، سانفرانسیسکۆ و پاریس و کۆپنهانگن و ڕۆما و لیشۆ ناتوانن شان لەشانی بدەن، سەرەڕای ئەوەی بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵە لە ١٥١٧ تا ١٩٢٤ پایتەختی خەلافەت بووە. لەگەڵ ئەوەشدا شارێکی گەرمە، هەرچەندە پلەی گەرماش هێندە بێتە

خوارەوە تا ژێر سفر، چونکە خەڵکەکەی کۆمەک و هاوکاری یەکن، گەرماییەکی مرۆڤانە بەیەکتر دەبەخشن، کە تووشی یەکتری دەبن یان دۆستن بەیەکتر یان ناحەزن بە یەکتر، بەڵام بە ئەدەبەوە، دراوسێکانیش یان دۆستن یان ناحەزن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاگایان لە یەکترە، بەپێچەوانەی ئەڵمانیاوە کە دراوسێ هەقی بەسەر دراوسێوە نییە، بگرە هەر یەکتریش ناناسن، لە ئەستەنبوڵدا خەڵکی بە بۆگەنی لاشەی مردوو لە مردنی کەسەکاندا ئاگادار نابنەوە، تورکەکان کە گەلێکن حەزیان لە پەیوەندی مرۆڤدۆستانەیە، ئەمەش بەو هەستە هەمووان هەر یەک خێزانی گەورەین، لێرە خەڵکی بە پەیوەندی خوێن دەگێڕێندرێنەوە سەر ئادەم وحەوا، من و هاوسەرەکەم زۆر سوودمان لەو خێزانە گەورەیە بینیوە، بەتایبەت ئەوکاتەی لە خانەی ئۆرکسترا بوو وە ژەنیاری (هارپ) بوو، منیش بە پلەی دیپلۆماسی لە بەلگراد بووم، گەشتی شەمەندەفەر لە بولگاریاوە ٢٧ سەعاتی پێ دەچوو، کە پێم دەگوت چۆن شەوت بەتەنیا لە شەمەندەفەردا گوزەراند؟ ئەوا بە زەردەخەنەیەکەوە پێی دەگوتم (تۆ نازانیت من لە هەموو شوێنێک خوشک و برام هەیە)، منیش دەمگوت ئاخر ئەو خوشک و برایانەت لە شوێنی پلەیەکدا بلیت نابڕن. هاوسەرەکەم بەردەوام بەرەو ڕووی هەڵویستی وا دەبۆوە کە یەکێک لە کرێکارەکان بەلای فارگۆنەکەیدا تێبپەڕیایە سەیرێکی دەکردو پێی دەگوت (خوشکەکەم ئەگەر خواردن پێویست بوو یان کارێکت هەبوو ئەوا ئێمە لە تەنیشتت داین)، ئەمەش لوتکەی هاوکاریکردنە.

ئەستەنبوڵ شارێکی زیندووە ئەو گەڕەکەی کە ئێمە تیاین نەک هەر گوێمان لە بانگی مزگەوتە، بەڵکو هات و هاواری ئەو فرۆشیارە گەڕۆکانەشمان بەرگوێ دەکەوێت، هەندێکیان زۆر خۆش هاوار دەکەن، شت کڕین یەکێکیترە لەو کارانەی خێزانم چێژی لێوەردەگرێت، ئەو لێرە تەنها ئەوە نییە خانمی جەنابی باڵوێز بێت، بەڵکو وا هەست دەکات شازادەیەکە بۆ خۆی بێدڵی هیچیان ناکات، ئەوانیش ئەگەر کیلۆیەک

ترێش بێت تا ماڵەوە بۆی هەڵدەگرن، ئەگەر شەمە و یەکشەممان بازاڕ بکات ئەوا منداڵێک شتەکانی بۆ هەڵدەگرێت و تا ماڵەوە بۆی دەهێنێتەوە و ئەویش گیرفانی بە بەخشش گەرم دەکات، ئەگەر لە ڕێگا تووشی کاکی قەصاب بوو کەوا دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوەیان ئەوا لەسەر خواستی ئەو دەگەڕێتەوە جارێکیتر دوکانی بۆ واڵا دەکات تا چی دەوێت بیکڕێت، ساڵی ١٩٨٠ بوو ڕۆژێکیان بەدوای برنجی پاکستانی (بسمالی) دا دەگەڕاین دەستمان نەکەوت کە برنجێکی زۆر خۆشە، ئیتر دوای ٣ مانگ لەو هەوڵ و دەورە بەدوای برنجدا، لە (بۆن)ەوە یەکێک لەو تورکانەی لە (کۆلۆنیا) نیشتەجێیە پەیوەندی پێوە کردین نەشماندەناسی، پێی ڕاگەیاندین کە ئەو فرۆشیارەی ئێمە لە ئەستەنبوڵ کەلوپەلمان لێدەکڕی هاوڕێی ئەمە، ئەوا دوو کیلۆ برنجی بۆ ڕەوانە کردووین، کەی بۆتان بهێنم؟! ئەمە چ هاوکارییەکە کە ئێمە دەیبینین؟! لەجیاتی دەرگاوانە ناوچەوان تاڵەکانی پاریس ئەوا لە ئیستەنبوڵ ژنان لە بەردەرگا دادەنیشن، قسە و باس گەرم دەکەن، سەیری منداڵەکان دەکەن کە بۆ خۆیان کایە و وازی دەکەن، ئەمە چ گەرم و گوڕییەکی مرۆڤانەیە کە دەگوزەرێت؟! هاوسەرەکەم زۆر حەزی لە بازاڕکردنی ئێرەیە، چونکە بازاڕی ئێرە دیارە و نزیکیشە، هەر ٤ خولەک لەماڵی ئەوەوە دوورە، هەر لەوێ (٧) ئارایشتگا و (٧) بەقاڵ و یان دووکانی کەلوپەلی کارەبایی (٦) بانک و (٤) قەساب بوونیان هەیە، هەرچش یاری بە نرخی کاڵا بکات و بەرزی بکاتەوە لە سزادان قوتاری نابێت.

دیارە باشی و چۆنیەتی کەلوپەلی چاک بۆخۆیان کڕیار کەمەندکێش دەکەن، لە ٢٢\یۆنیۆی\١٩٨٠ باشترین بەڵگەم بینی کە لە بازاڕی ئەستەنبوڵدا چەندە گیانی برایەتی بەسەر کێبڕکێکردنی وەدەست خستنی پارەدا زاڵە. لەبەردەم پێشانگایەکدا وەستاین سەیری کەلوپەلمان دەکرد، دراوسێ دووکانەکەی تەنیشتی هات بۆلامان و کەوتە وەسفکردن و

پیاهەڵدانی کەلوپەلی دراوسێکەی (منافس)یشی بوو نەک ئەوەی بۆلای خۆی ڕامانکێشێت، ئەمە لەکوێ و ڕفتاری ڕەوتی ئەمریکی لەکوێ کە تا ئەوپەڕی توانا (منافس)ن و بگرە توند و تیژی و کوشتنیشی لێدەکەویتەوە؟!. لە ٢\ئۆکتۆبەری\١٩٨٠ لە فرۆکەخانەوە بە سەیارەیەکی کرێ بەرەو ماڵ گەڕامەوە، ئەوەندەی کە ئامێری (عداد)ەکەی بەردەمی دەیخوێنێتەوە پارەکەیی خۆیم پێدا کەچی ئەو بڕێک لە پارەکەی بۆ گێڕامەوە وتی وا هەستدەکەم (عداد)ەکەم باش کارناکات، ئەمە چ برایەتییەکە کە ئەم پیاوە لە بەرامبەرم دەری بڕی؟! مەسەلەی شەفافییەت لە بازاڕی کەلوپەلی شایی و ئاهەنگ گێڕانیش هەر لەڕووەوە بەرچاوە، شەقامێک هەیە کە دەکەوێتە ناوچەیەکیBeGiLar کەتیا فرۆشگاکانی کەلوپەلی شایی و زەماوەندو سەرچاککردن، تیایدا ڕیز بوون، ئاپارتمانی چەند قاتی تیایە کە لەوێدا هۆڵی ئاهەنگ و زەماوەندی تیا بەرپا دەکرێت، لە زۆر حاڵەتدا ئاهەنگەکە دەبێت شتێکی بەکۆمەڵ خەڵکی لێرەدا لە شایی و شیندا لەیەک دانابڕێت، (شتێکی سروشتییە کەسێک هاوڕێ و لە خزمانی لەماڵی کەسی کۆچکردوودا بۆ ماوەی ٤٠ بمێنیـەوە تا نوێژ بکەن و ئەرکی سەرەخۆشی بەجێ بگەیەنن).

لەسەر بانگهێشتی ئامادەبووانی ئاهەنگێک شایی و زەماوەند کەسێکی هەژار کە دوور و نزیک یەکتر دەناسین ڕوومان کردە ئەو بازاڕەی کە باسمانکرد، ئیتر بانگهێشتنامەکە ئاراستەمان کرابوو، کە بانگهێشتی کرایت دەبێت بچیت لەجیهانی ئیسلامیدا دەبێت بەدەم ئەم هاوکاریەوە بچیت، ئەگەر زیاد لە ١,٣٠ کاتژمێر دووربێت هەردەبێت بەدەمیەوە بچیت، جا خوای دەکرد بەسەر بینایەکی (٧) قات لەگەڵ خەسویەکی (٨٠) ساڵەشتدا دەبوویت دەبێت بۆی سەرکەویت.... ئەمە چ پەیوەندییەکە کە ئاوا خەڵکی بەیەکەوە ئاوێزان دەکات، لەوانەی کە باسمان کردن و بەسەریاندا تێپەڕین دەبێت بزانین بۆچی من و هاوسەرم لە ساردوسڕی

پەیوەندی مۆڤانەی ئەڵمانیا مچورك بە لەشماندا دێت، هەرچەندە کەش و هەوا گەرمیش بێت، خەڵکانی تریش لەگەڵمان هاوڕان.

ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە ١٦\ئۆکتۆبەری\١٩٩٤ لە تەلەفیزۆنەوە ترس و ناڕەحەتی خۆی بەیانکرد کە وا ئەڵمانیەکان وەک جاران نەماون کەمتر هاوکاری یەکتر دەکەن، دوای ساڵێک لەم مێژوە لە کۆنگرەی پارتەکەیدا پارتی دیموکراسی مەسیحی، ڕای گەیاند کەش و هەوای ساردی نامرۆڤانە بەڕادەیەکە کە بەرگە ناگرێت، ئەمەش دەرەنجامێکی زۆری ئامرازەکانی پەیوەندی کردنە کەوای کردووە خەڵکی ڕووبەڕووی یەکتر نەبنەوەو لە نزیکەوە دەردەدڵ لکەن، ئەو دیاردەیەی کە زانراوە ئەوەیە کەوا هەموو شتێک لە بێدەنگیدایە! دەگوزەرێت، لەهەموو بوارەکاندا کار هەر بەم شێوەیە بەبێ دەنگی تێپەڕ دەبێت، بەڕێوەبردن، بەرهەمهێنان، ڕێگاوبان، ئامرازەکانی پەیوەندی، چاودێری نەخۆش، هەژارەکان. ئێمە دەوڵەتێکین کە هەموو شتێک لەژێر دەسەڵاتی سیستمدایە، تەنانەت پۆلێنکردنی پاشماوەکانیش. ئیتر کۆمەڵگای ئاوا مل کەچ بۆ سیستم و بیرۆکراتییەت دووچار بە بێزاری و ناڕەحەتی دەبێت. لەم کۆمەڵگایەدا یەک ڕەگەز هەیە کە مل نادات و بە تەواوی مل کەچ نابێت و دەبێتە سەرچاوەی بێزارکردن ئەوەش مرۆڤە کە دەبێت مل کەچ بکرێت.

وا بکرێت لە ڕێگای بە ئامێرکردن و بە میکانیک کردنەوەی هەموو شتەکان مرۆڤ بەهای خۆی نەمێنێت. وە لە ڕێگای کۆمپیتەرەوە هەموو شتەکان بخەنە ژێر ڕکێفەوە، جا قوڕ بە سەری بۆ ئەوەیە کە لەگەڵ دەبێتە مایەی ئیزعاج کردن و لەگەڵ بەڕێوە بردن و پۆلیس و یاسا کێشە دروست بکات. لە ئەڵمانیا پەیوەندی هاوڵاتانی لەگەڵ بەرپرسان مل کەچبوونە، بە یاسا زیاتر لەوەی دادپەروەری بێت. ئەو کەش و هەوایەی کە دەیسازێنن تا سزا کەم بکەنەوە هەرگیز نابێتە بەدیلی ئەوانەی کە دڵیان ڕەقە، ڕۆمانە کۆنەکان و توویانە، (زیادەڕۆیی لە

دادپەروەری سەردەكێشێت بۆ زوڵم كردنێكی زۆر). من ورد پێناسەی ئەو خۆپەرستییە زۆرە و دابڕانە رونەم كردوە. كە وردە وردە دەخرێتە ناو كۆمەڵگای ئەڵمانییەوە، ئەو كاتەی وشەی تورك واتە كۆمەڵێك خەڵك كە تاكێك لە ناویاندا دەژی، ئەوا ئەڵمانی واتە تاكێك كە بەتەنیاو دوور لە خەڵك دەژی، لێرەدا  باپیرە لە نەوەكانی جیا دەبێتەوە و باپیرەش ڕاستەو ڕاست خەڵوەتگای پیری دەبێتە دوا مەنزەڵی. هەربەمەش كۆتا نایەت، بەڵكو ئەو دایكانەی كە دەتوانن بەتەنیا خۆیان چاودێری منداڵەكانیان بكەن ئەوا بۆ (باوكی منداڵ)ە كە دەڕوانن كە – شت – ێكەو پێوستیی پێی نیە. دەتوانیت دەست بەرداری ببێت. باشە كە دەزانێت سبەینێ نەوەیەك پێدەگات كە نازانێت باوك و خێزان چیە؟ دەبێت چۆن بیربكاتەوەو بژی؟!

لە جیهانی ئیسلامیدا هەروەک وڵاتانی دی یاسا ئەو كارمەندانە دەپارێزێت كە لە پشكنەر – مفتش – دەترسن، دیارە لە هەموولایەک هەروایە، بەڵام هیوایەک هەیە كە كێشەكە لە ڕوانگەیەكی مرۆڤ دۆستانەوە چارەسەر بكرێت. هەرچەندە پێچەوانەی ڕێنماییەكانیش بێت. منیش مەبەستم ئائە مەیە كە دەڵێم( گەندەڵی لە ڕۆژهەڵاتدا ئامرازی سووک كردنی قورسایی یاسا زبرەكانە. نموونەیەكتان بۆ باس دەكەم، كە ساڵی ١٩٩٤ بە سەر خۆم هات. دوای ئەوەی لە مزگەوتی_سەلیمیە_ نوێژی مردوومان لەسەر جەنازەیەک كرد، ئیتر بەرەو گۆڕستان و ناشتنی ملی ڕێگامان گرتەبەر، بەڵام دواكەوتین تاوای لێ هات فریای ناشتنی نەكەوین ئەمەش بەهۆی پەڕینەوە لە ڕێگای خێرای كە بەرەو ڕێڕەوی بۆسفوڕ دەچوو، بەڵام لە ڕێگادا وەستاین داوامان لە پۆلیس كرد كە یارمەتیمان بدەن، بەڵكو ئاڕاستەی ڕۆشتنمان بۆ بگۆڕن تاوەكو فریای سەرقەبران بكەوین، ئیتر خوێنەری بەرێز بۆ خۆت دەزانیت چی ڕوودەدات، بەكورتی ئێمە توانیمان فریای ناشتنی جەنازەكە بكەوین،

بەڵام تۆ بیهێنە پێش چاوی خۆت ئەم کارە لە ئەڵمانیا بووایە! ئەگەر ئەو داواکارییەی لە پۆلیسی ئەستەنبوڵمان کرد لە پۆلیسی ئەڵمانیامان بکردایە چی ڕوی‌دەدا.؟! دەبێت چییان وەڵامدابنایەتەوە ؟ لام وایە هەر گوێشیان لێ نەدەگرتین، چونکە کەس زاتی ئەوە ناکات داواکاری لەو جۆرەیان ئاڕاستە بکات.!!! بەم پێوەربێت هەندێک چالاکی و کاری مرۆڤدۆستانەمان هیچ ناوەڕۆکێکی تیایانیە و ناوەڕۆک بەتاڵە، لام وایە ئەوەی کە ناوی گرنگی پێدان و پابەندبوونی مرۆڤ دۆستانەیە جگەلە دەنگە دەنگێک ناوەڕۆک بەتاڵ شتێکیتر نیە، لەبەرئەوە من هەرگیز ناتوانم لەو هەستە خۆم ڕزگار بکەم کە هەمو ئەمانە جگە لە هێورکردنەوە و فێنک کردنەوەیەکی ڕاگەیاندنانە زیاتر نییە بۆ سەر ویژدانی بە ئازارمان.

باشە لابردنی بڕیاری قەدەغەکردنی چەک دانان بە بۆسنییەکان بۆ ئەوەی بەرگی لەخۆیان بکەن مرۆڤ دۆستانەتر نەبوو لەوەی وا پشتگیرییان بکەین بەسکی برسییەوە ڕوبەڕووی دوژمن نەبنەوە؟ ئێمە وامان دەپاراستن کە بەسکی برسی نەکوژرێن، لەجیاتی ئەوەی نەهێڵن دووچار بە پاکتاوکردنی ڕەگەزی نەبنەوە و ڕەشەکوژ نەکرێن. دەمەوێت لێرەدا باس لە دیاردەی ڕەفتار و ئاکاری بەرپرسانی ڕۆژهەڵات بکەم، پێش ئەوەی کەس بەوە تۆمەتبارم بکات بەوەی کە من وێنەی ئەم ڕەفتارە مرۆڤ دۆستانەیە دەشێوێنم کە بەلای منەوە ئاماژەی گەندەڵی سیستە ماتیکراوە، زۆر جار بینیومە کە بەرپرسانی ڕۆژهەڵاتی بە پاڵنەری سۆز و بەزەیی بەسەر دینومایە کاندا بازیان داوە، ئەمە نەک لەبەر ئەوەی دەستکەوتێکی مادی لێ بچننەوە، بەڕاستی دڵڕەقییە لەشوێنێک وا سەیری خەڵات و بەخشینش بکرێت کە گەندەڵیە، لەکاتێکدا بڕە موچەکەی بەشی لانی کەمی بژێوی خۆی و خێزانەکەی نەکات. ئەو کارمەندەی ٢٥٠ بۆ ٤٠٠ مارک موچەی مانگانەکەیەتی دەزانێت کە

بەرپرسەكەی باش دەزانێت ـ بەڵام بەبێ دەنگی كە ئەم لەشوێنكیترەوە شتێكیتری دەست دەكەوێت كە بتوانێت لانی كەمی پێداویستییەكانی ماڵ و خێزانی پێ دابین بكات.

لە هەوڵی ئەوەدا نیم بەشێوەیەكی تیۆری ئەم باسەدا درێژە پێ بدەم، بەڵكو باس و خواسی هاوسەرگیریم ـلەگەڵ ـ یۆلیێسن ـ باشتر باسەكە ڕوون دەكاتەوە. خۆ ئامادەكردن و ئامادەسازی بۆ هاوسەرگیری كردنم لەژێر تەنگە پێهەڵچنی كاتدا بوو. ئەوەندەمان كات بەدەستەوە نەبوو كە بەكاوە خۆكارو ئیشی هاوسەرگیری كردنەكەمان سەر سكەی خۆی بكەوێت. من ئەو كاتە لە بەلگراد بووم وا بڕیار بوو لە ٣-مایۆ- ١٩٧٧ كۆنگرەی ئاسایش و هاوكاری ئەوروپی لەدوای تەواوبوونی كارەكانی لە هێڵسنكی ـ گرێ بدرێت. منیش ڕاسپێردرابووم كە جێگری سەرۆكی وەفدی ئەڵمانی بم لە كۆنگرەكە. بۆ بەڕێوەچونی كارەكەمان پێویستمان بە بڕوانامەی -شیاوی هاوسەرگیری- بوو لە بۆن، بۆم دەركەوت كە دەستخستنی شتێكی لەو جۆرە كاتێكی زۆر زۆری دەوێت. كە وا دەكات هاوسەرگیرییەكەمان لە ٢ی مایۆ جێبەجێ نەبێت. واتە ڕۆژێك پێش دەستپێكردنی كۆنگرەكە. لە پشووی كۆتایی هەفتە گەیشتمە ئەستەنبوڵ- بۆڵبین- لە تۆماری مەدەنی-میزانداز- دوای ئەوەی ئەوەی كە پێویست بوو تەسلیمی كرد بوو لە ڕۆژی دووشەممە هەرچی پێویست بوو بۆ تەواوكردنی پرۆسەی هاوسەرگیرییەكەمان وەری گرتبوو، ئەمەشی لە سەعات ١٢ و چارەك نیوەڕۆدا بوو، وە -كێشەكە لێرەدا بوو- وە دەبوایە وەرگێڕانی بڕوانامەی شیاوی هاوسەرگیری لە ئەڵمانییەوە بۆ توركی و پاشان -تصدیق- كردنەكەی- ئەم بڕوانامە لە ئەڵمانییەوە بۆ توركی، لە قونسڵیەتی ئەڵمانیاوە لە ئەستەنبوڵ و پاشان واژۆی حاكمی ئەستەنبوڵ بكرایە، پاشان دەبوایە لە تاقیگەی نەخۆشخانەی ئەڵمانی- كە بەرتیل وەرناگرن- پشكنینمان بكردایە و پاشان دەسەڵاتدارانی

تەندروستی ئەستەنبوڵ واژۆیان لەسەر بکردایە. ئەمانەش هەمووی دەبوایە لەماوەی سێ سەعاتدا ئەنجام بدرایە!! دەرفەتی ڕزگار بوونمان لەهەموو ئەمانە زۆر کز و لاواز بوو. ئەویش ئەوە بو ڕۆژی یەکشەممەیە مەیدانی- تەقسیم- بەهۆی خۆنیشاندانی سیاسییەوە ببووە گۆڕەپانی بەیەکدادانی خوێناوی. ئیتر جگە لە سەیارەی سوتاو و خوێنی سەر شەقامەکان و پەنجەرەی شکاو چی دیت نەدەبینی. هەموو ئەو نوسینگانەی کارەکانی ئێمەی تیایا جێ بەجێ دەکرا کەوتبوونە ئێرەوە. زۆر بەگومان بووین کە دوای بەسەربردنی ئەو ڕۆژە سەختە ڕۆژی دوایی بەرپرسەکان لەوێ بچن بۆ دەوام کردن. ئیتر ڕۆژی دووشەمە بەپەلە خۆمان گەیاندێ بەڵکو کارەکەمان ڕاپەڕێنین. لە کونسوڵخانەی ئەڵمانیا وەک هاوکارێک مامەڵەیان لەگەڵ کردم ، پێش دەسپێکی دەوامی فەرمی کارەکانیان بۆ ڕاپەڕاندم، بەڵام لەشارەوانی ئەستەنبوڵ ناچار بووین شتێک بدەینە پێنج کارمەند بۆ ڕایی بوونی کارەکانمان، یەکەمیان لە ڕۆژانەی فەرمانگە بۆی تۆمار کردین. دووەم و سێیەم بۆیان مۆرکردین. چوارەمشیان بەسەر هەموو ئەمانەدا چۆوە. پێنجەمیشیان لەقاتی سەروو ئەمانەوە بو ئەوا لەسەر نووسینەکانی ئەوان واژۆی کرد، دیسان جارێکیتر لە نەخۆشخانەی ئەڵمانی بێ هیوایان کردین، چونکە وتیان پاش دوو سەعاتیتر دەرەنجامەکەی دەردەچێت. ئیتر وا بێ هیوا بووین کە فریا ناکەوین، نەماندەتوانی کاتی گواستنەوە دیاری بکەین. سەعات یانزە دەرەنجامی نەخۆشخانەمان وەرگرتەوە کەوتینە کێبەرکێ بۆ تەواو کردنی پاشماوەی کارەکەمان. چووین بۆ نوسینگەی تەندروستی ئەستەنبوڵ تا واژۆی بکەن و ڕەزامەندی بنوێنن. دەبوایە دوو جار سەرکەوین بۆ قاتی پێنجەم، بەڵام دوای ئەوەی شتێکمان دا بە یەکێک لە خانمە سکرتێرەکان کەواز لەیاری کردن بە نینۆکی بهێنێت کارەکەمان بۆ ڕایی بکات بەهۆی کەمی کاتەوە بەتەکسی ڕۆشتین بۆ تۆماری مەدەنی کە حەوت سەد مەتر لێمانەوە

دووربوو. لەوێ لەبەردەم بەرپرسی تۆماری مەدەنی وەستام، ئەو پیاوەی کە هەموو شتێکی بەدەستە، بەڵام هەموو گیانم عارەقی لێ دەچۆڕاو ماندوو بووبووم. دەبوایە کە سەیری حاڵمانی کرد هاوسۆزی لەگەڵمان دەربڕیایە وە لەلایەن چەندین هاوڕێ و دۆستەوە ڕاسپێردرا بوو کە کۆمەکمان بێت، کەچی کە معامەلاتەکەی هەڵدەدایەوە سەیری دەکرد چەندین کەموکورتی لێ دۆزییەوە کە دیارە ئێمە ئاگاداری ئەوە نەبووین، بۆنموونە دەبوایە هەموو شتەکان بەدوای یەکدا بهاتنایە دەبوایە زەمەنێک بۆ زەمەنێکیتر بۆشایی هەبوایە. فرمێسک کەوتە سەر گۆنای هاوسەری دوا ڕۆژم منیش بەگەمژەیی پیاوانەی خۆمەوە دەستم لێ شت و وتم تازە تەواو کارمان بەسەر نابێت، بەڵام نەمزانی ئەو فرمێسکانەی خانم فرمێسکی شادی بوون، چونکە فەرمانبەرەکە پێی ڕاگەیاند بوو کە هەرئێستا خێرا کارەکەمان جێ بەجێ دەبێت. ئیتر سەیرێکی کردم و وتی (ئەگەر کارەکەتان لای کەسیتر بوایە ئەوا شەش مانگی تری پێ دەچوو). ئابەم جۆرە ئێمە هاوسەرگیرمان کرد. خانمە سکرتێرەکانی تۆماری مەدەنی بوونە شایەتی مارەبڕینەکەمان. بەپێی بڕیاری پێش وەختی خۆم و هاوسەرم هەر بەئیشارەت وەڵامی بەڵێ و نەخێر-م دەدایەوە نەک ئەوەی تێگەشتبێتم. کات بەخێرایی تێپەڕی، خێزانم چوو بۆلای ئارایشگا و خوشکەکانیشی کەوتنە بانگهێشکردنی میوانەکان بۆ ئەم ئاهەنگە بچووکەمان ، شەوی بوک گواستنەوە کە زۆر کورت بوو دەبوایە سەعات پێنجی بەیانی لە فڕۆکەخانە بم. سەعات٧:١٥ سواری فڕۆکەی بووم سەعات ٧:١٥ گەیشتمە بەلگراد، ئەمەش بەهۆی جیاوازی ماوەی سەعاتێک لەنێوان یوگسلاڤیاو تورکیادا. بەسەیارەی -پۆرش-ە کەمەوە سەعات ٨:١٥ گەشتمە شوێنی کۆنگرەکە . تا لەگەڵ وەفدی ئەڵمانیدا بکەومە وتووێژەوە. لەکۆتاییدا باڵوزدفیشر- پرسیاری کرد ئایا هیچیتر ماوە کە بیخەینە سەر بەندی شتی تازە ، وتم بەڵێ .... دوێنێ لە ئەستنبوڵ – ژنم هێنا!!

لەم بەسەرهاتەوە ئەوە دەخوێنرێتەوە کە لە ڕۆژهەڵات دەردی بەرتیل خۆری وەک نەخۆشییەکی بێ چارەسەر تیایدا بڵاوە. ئەی من نەمگوت ئەگەر بەرتیلمان نەدایە هاوسەرگیریمان بۆنەدەکرا؟! بەڵام ئەم چیرۆکە ڕوویەکی تریشی هەیە، ئەویش لایەنی مرۆڤایەتی ڕۆژهەڵاتە هەرچەندە چووبێتە ناو ناخی بیرۆکراتییەتەوە، هەروەک گەرم و گوڕی و هاوکاری نێوان خەڵکەکان دەردەخات. هەرچۆنێک بێت حەزدەکەم ئەڵمانیا بەرەو ئەو گەرمی و توند بوونەوە بڕوات و لێی پاشگەز نەبێتەوە، بڕواشم وایە ئیسلام هاوکاری چوونە سەر ئەو ڕاستە ڕێگایەیە.

## فەسڵی یانزە

# ئیسلام لە ئەڵمانیا.... ئیسلامی ئەڵمانی....؟

لەماوەی نێوان ٢٨ مایۆ تا ٢٧ ئاگستۆس ١٩٨٩ پێشانگایەک لە بەرلین بەناو نیشانی (ئەوروپاو ڕۆژهەڵات ٨٠٠تا١٩٠٠) کرایەوە، ئەوەی لەم پێشانگایەدا زەق و بەرچاو خرابوو کاریگەری هونەری عەرەبی و ئیسلامی بوو بەسەر هەموو جۆرەکانی هونەری ڕۆژئاوادا. لەوانە هونەری تەلارسازی، وێنە کێشان، نووسین-مۆسیقا- ڕێسای هەڵسوکەوت زمان، جل و بەرگی باو، لەگەڵ ئەوەی کاریگەری ئاینی ئیسلام لەوسەردەمەدا بەسەر ئەوروپاوە زۆر لاواز بووە. بەتایبەت ئەڵمانیا کە بەپێچەوانەی فەڕەنسا و ئیسپانیا کە روبەڕووی داگیرکاری و گەمارۆدانی سەربازی نەبۆتەوە. عەرەبەکان لەساڵی ٧٣٢نەیانتوانی لە Poticrs Tours زیاتر بڕۆن. هەروەک عوسمانییەکانیش زیاتر لە جارێک شکستیان هێنا لەوە لەساڵی ١٥٢٩تا ١٨٦٣ بچنە ڤییەنناوە، ئەوەی کە ڕاست و ڕەوانە ئەوەیە کە پەیوەندی لەنێوان شارلمانی گەورەو خەلیفە هارونە ڕەشید دا هەبووە لە بەغدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناتوانین باس لەوە بکەین کە ئەڵمانیا و جیهانی ئیسلامی بەسەر یەکەوە دۆستایەتی دووانەی ڕاستەقینە خۆیان هەبووە. تا سەرەتای ساڵی ١٧١٣، لەم ساڵەدا _فریدریک فیلهایلم_ی شای بروسیا ٢٠ سەربازی تورکی کردە پاسەوانی تایبەتی خۆی، لەبەرئەوە بۆ ئەم سەربازانە

لەساڵی ١٧٣٢ لەپۆستدام یەکەمین مزگەوت لە ئەڵمانیا دروستکرا. لەسەردەمی فریدریکی گەورەدا ژمارەی سەربازانی موسڵمانان لە سوپای بروسیادا زیادی کرد تا ئەوەی گەیشتە نزیکەی هەزار سەرباز کە زۆربەیان لە تەتارە راکردووەکان و ئەلبانی و بۆسنی بوون. ئەمەش ئەوەی لەسەر پێویست کردن کە _ئیمام_ێکیان هەبێت و ئامۆژگارییان بکات ئیتر کۆنترین گۆڕستانی موسڵمانەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی ١٨ کە لە بەرلین ە. لەسەدەی ١٩ دا پەیوەندی نێوان ئەڵمانیا و جیهانی ئیسلامی گەرم وگوڕی زیاتری بەخۆوە بینی. لەماوەی نێوان ١٨٣٥_١٨٣٩_ هیمون فۆن مۆلکەی سەرکردە خزمەتێکی بەرچاوی بە دەسەڵاتدارانی عوسمانی کرد . هەروەها ئیدوارد شیترنش_ کە ڕاوێژکارێکی مەدەنی و موسڵمان بوو کە ناوی خۆی گۆڕی بۆ محمد ئەمین پاشا_ کە دواتر بوویە حاکمی میری باشور هەروەها_کارل دیتروات_ی کاسۆلیکی لە براند برگ موسڵمان بوو کە لە سوپای تورکیادا بوو بە فلێدمار شاڵ و ناوی خۆی گۆڕی بۆ محمد علی، بەڵام (قەیسەر فیلهایلم)ی دووەم ئەوا دەست پێشخەری خۆی کرد وەلەوەدا ئامانجی خۆی پێکا کە بووە پارێزەری پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ئیسلامی و ئەڵمانیا، ڕوبەڕوی بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیا وەستا و بەرگری کرد، گەشتەکانی بۆ ئەستەنبوڵ ١٨٩٥ و دیمەشق و قودس ١٨٩٨ و تەنجە( طنجة) ١٩٠٥ جێ دەستی خۆی بەباشی لەم وڵاتانەدا جێهێشت.

هەروا ڕێکەوت نەبوو کە تورکیا لە میانەی جەنگی جیهانی یەکەمدا کەوتە پاڵ وڵاتانی_(المحور)،(ئینفر پاشا) بزوتنەوەی سەرەکی لاوانی تورک بوو کە پاشکۆی سەربازی تورکیا بوو لە بەرلین پێویست بوو لە نزیک بەرلین مزگەوتێکی تر بۆ دیلە موسڵمانەکان بکرێتەوە کە نزیکەی ١٥ هەزار کەس دەبوون زۆرینەیان خەڵکی ڕوسیاو باکوری ئەفریقا

و سەنیگال بوون. ئەم مزگەوتە ساڵی ١٩١٥بە ئامادەبوونی باڵیۆزی توركیا لە_ زوسن_كرایەوە كە بەمزگەوتی فوند سدرۆڤ _ لێرەدا بواری ئەوەمان نییە كە باس لە جەماعەتی ئیسلامی_بكەین كە بە ئەسڵ ئەڵمانی بوون، پێش ساڵی ١٩٢٢لە دەوری پیاوێكی هیندی بە ناوی_ مەولای صدرالدین_ كۆبوونەوە كە ساڵی ١٩٢٥ توانی مزگەوتی_ القبة_ی بەرلین وە دەست بگرێت، بەڵام لە جەنگی جیهانی دووەمدا كارەكە بەجۆرێكیتر بوو وە ئەستۆگرتنی نزیكەی ٦٠ هەزار دیلی وڵاتی ڕوسیا و بۆسنە لە هەردوو ڕووی جۆرو قەبارەوە ڕەهەندێكیتری وەرگرت كە لەگەڵ جەنگی جیهانی یەكەم ١٩١٤_١٩١٨_ جیاواز بوو، هاندانی شێخ ( موفتی امین الحسینی) كەلە ١٩١٤ بەرلین نیشتەجێ بوو خواستی ئەوەی خستەبەر دیلەكان دژ بە وڵاتانی ئیستیعماری ئیلحادی وەك یەكێتی سۆڤیەت بجەنگن. دیارە ئیتر چوونە ناو هێزەكانی _رایخ_ ی ئەڵمانی سوپای ئەڵمانیا هەر بەوەوە نەوەستا كە ڕێگە بدات بە دامەزراندنی پەیمانگایەكی ئیسلامی، بەڵكو هیچ دەرفەتێكیان لەدەست نەدەدا تاوەكو توركمان و تەتارو بۆسنی و ئەلبانییەكان بۆ مەبەستی خۆیان بەكاربهێنن، هەر لەبەر ئەمەش لەساڵی ١٩٤٤ دا هێزە سەربازییەكان قوتابخانەیەكی تایبەتیان دروستكرد كە تایبەت بوو بە دەرچووانی پیاوانی ئاینی ئیسلامی یەكە سەربازییە موسڵمانەكان جل و بەرگی سوپای ئەڵمانیایان لەبەر دەكرد، بەڵام لەسەر شانیان ئاڵایەكی فەلەستینی پێوە لكێنرابو. كە بەزمانی عەرەبی و ئەڵمانی لێی نوسرابوو _خاكی عەرەبی ئازادە، ئیتر جارێكیتر ئەڵمانیا خۆی وانیشاندا كە پارێزەری جیهانی ئیسلامییە. ئەم سەركێشییە ساڵی ١٩٤٥ زۆرێك لە موسڵمانانی دووچار بە ڕووداوی دڵتەزێن كرد، بەڵام موسڵمانێكی ئەڵمانی كە ناوەی محمود هاتیمان_ بوو توانی مفتی أمین الحسینی- بگەیەنێتەوە قودس. لەسەدەی بیستەوە توێژینەوە ئیسلامییەكانی ئەڵمانیا لە نێو توێژینەوە ڕۆژهەڵاتییەكاندا خاوەنی پلەوپایەی تایبەت بەخۆیەتی.

هەروەک ناو ناوبانگی باشیشی هەیە کە تا ئیستا لە جیهانی ئیسلامی دا لەدەستی نەداوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیڕەوکردنەی زانایانی ئەڵمانی بۆ ڕەوتی زانست لەو سەدەیەدا کە پێچەوانەی ڕەفتارەکانی -لوڕەنسی عەرەب- بوو کە بە کرێگیراوی سوپای داگیر کار بوو ، هەوڵ و ماندوو بوونەوەکانی _ یتۆدور نۆڵەکە_ ١٩٣٠کۆچی کردووە، لەبەرچاوە کە بواری مێژووی ئایەتەکانی قورئاندا چەند بە جدیەتەوە باسەکەی نووسیوە، تەنانەت لەلایەن زانا موسوڵمانەکانیشەوە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی . هەروەها مامۆستا part Rudi

لە تینگن ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە قورئان بەو تیۆرانەوەی ئەوەی سەلماند کە میراتگرێکی باشی سەدەی بیستەمی ئەو ڕەوتە زانستییە ڕەسەنەیە لەو سەردەمەدا ئەڵمانییەکان کەوتبوونە بەرخوردێکی زانستی باش لەگەڵ قورئاندا. یەکەمین وەرگێڕانی قورئان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦١٦ کە سالمۆن شفایگر_ وەری گێڕاوە کە لە نورنبرگ بەناونیشانی_قورئانی تورکەکان_ئاین و خوڕافیاتیان بڵاوکرایەوە. ئیتر خۆت دەزانیت ئەم وەرگێڕانە چۆن بووە. کاتێک کە زانیت ئەم وەرگێڕانەیان لە عەرەبییەوە نەبووە، بەڵکو لەوەرگێڕانی ئیتاڵی بووە کە ئەویش لە لاتینیەوە وەری گرتووە. ئەم هەڵەیە ساڵی ١٧٧٢ هەستی پێکراو لەلایەن داڤید فریدرشو ڕاست کرایەوە و قورئانی لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕایەوە سەر ئەڵمانی بەناونیشانی- کتێبی پیرۆزی تورکەکان- ئەم وەرگێڕانە کە شاعیری گەورە – گۆتە-ی لە ئیسلام نزیک کردەوە. کە تائێستاش هەندێک لەلایان وایە کە وا بەبێ دەنگی موسڵمان بووە. ئەوەی کە زانراوە کە گۆتە لای وابووە کە خوا – سەرچاوەی بەدیهێنەری هەموو شتێک بووە. گۆتە لە دیوانە شیعرییەکەی- ڕۆژئاوا- ڕۆژهەڵات- دا ئەو تێبینییەی داوە کە دوورنییە موسڵمان نەبووبێت. جابزانە چەند بەختەوەر دەبوو کاتێک کەبیزانیایە

كە ئەو هەڵەی شاعیرو ڕۆژهەڵاتناس فریدریک روکیدت- ی بینیایە كە هەوڵی داوە كە قورئان وەرگێڕێتە سەر شعری ئەڵمانی. لەو كاتەوە تائێستا ٢٠ جۆر وەرگێڕانی قورئان بۆ ئەڵمانی بڵاو بۆتەوە كە لەنێوانیاندا تەنها ٢ كەسیان موسڵمانن. ئەو پەیوەندییە ئیسلامییە – ئەڵمانییەی دوێنی لەچاو ئەمڕۆدا هیچ ڕەونەقێكی نییە بگرە لەچاو ئەمڕۆدا تروسكای نایات.

لە مرۆدا پەیوەندی گەورە و بەرچاوە چ لە ڕووی چەندایەتی وە چ لەڕووی چۆنایەتییەوە. لەمڕۆدا وەک جاران ڕێكەوت نییە تووشی ئیسلام بیت. هەروەک ئەوەی گۆتە ١٨١٤ لەشێوەی سەربازانی ڕوسی باشكرسیتان بینویەتی، بەڵكو ئەمڕۆ لە هەر هەنگاوێكدا ئیسلام دەبینیت، ئەمڕۆ زیاد لە ملیۆنێک موسڵمان لەناوماندا دەژین. بەهەمانشێوە لە بەریتانیا و فەرەنسا و بەلجیكا و هۆڵەندا. ئەمڕۆ لەزۆر لاوە مزگەوت دروست دەكرێت. لەپاریس ، لەندەن، ڕۆما، زگرب، ڤییەنا، قورتوبە تەنانەت لە ماینهایم و فورت هایم، لەمڕۆدا ژمارەیەكی زۆر خەڵكی ئەوروپی موسڵمان دەبن، ئەمڕۆ موسڵمان بوون دیاردەیە كە پێشتر حاڵاتی تاكە كەسی بووە وەک حاڵەتەكانی–لیو بۆلد ڤایس- محمد اسد- و فریزوڤ شون –ی سۆفی. لەمڕۆدا لەهەموو بوارەكاندا خەڵكی كەمەندكێش ئیسلام دەبن وە دەبنە موسڵمان، لەوانە لەبواری سەمادا موریس بیجار لە وەرزش محمد علی كلای- لەسیاسەتدا رۆجیە گارودی – لەئەڵمانیادا زیاد لە ٥٠ هەزار كەس لە هاوڵاتیانی ڕەسەن ئەڵمانی موسڵمان بوون. ئەم گۆڕانكارییە ئەم پرسیارانە بۆلای خۆی ڕادەكێشێت.

_ ئەوانەی كە موسڵمان بوون سەر بە چ چینێكن؟

_ پاڵنەریان چی بووە؟

_ شێوەی ڕێکخستنیان چۆنە؟

_ هەڵوێستی مۆڵەتیدان نان پیایاندا چۆنە؟

_ ئەو گرفتانە چین کە لەبواری -قوتابخانە - خواردن- پشووەکان- ڕۆژوو دروستکردنی مزگەوت-مردوو ناشتن -ڕووبەڕوویان دەبێتەوە؟

_ ئایا دەکرێت کەسێک وەک موسڵمان لە ئەڵمانیادا بژی بەشێوەیەکی سروشتی ژیانی ڕۆژانەی بەڕێکات؟

**لەم چەند دێڕەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەمەوە:**

تائێستا موسڵمان بوونی ئەوروپییەکان لەدو ڕێگاوە بووە، یەکەمیان ئەڵمانییە، دووەمیان نێودەوڵەتییە. دوو نووسەر( فاطمة شرقاوی) و (لیزابس روشیە) ئەم پرسیارەیان ئاڕاستەی زۆرێک لە موسڵمانانی ئەوروپا و ئەمەریکا کردووە کە لەچ ڕێگایەکەوە موسڵمان بوون.؟ وەڵامەکانیان لە دوتوێی کتێبێکی قەشەنگدا بەناونیشانی (foilautre ane'D).

واتە (لەئاینێکەوە بۆ ئاینێکیتر )چاپ کردووە، بەڵام کتێبی دووەمیان بەناونیشانی (ئەو ئەڵمانیانەی خوا هیدایەتی داون) لە (محمد أحمد رسول) سەرپەرشتی کردووە ئەمەش کۆکراوەی پێناسەو ئەزموونی ئەوانەیە مە موسڵمان بوون). بەورد بوونەوە لە هەر دوو کتێبەکە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ڕێگایەکی تایبەت نییە کە لەوێوە بەرەو ئیسلام بچن، بەڵکو هەریەکەو خاوەنی ڕێی تایبەت بە خۆیەتی و ڕێگاکانیش زۆر زۆرن و نایەنە ژماردن وە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قسەکانی Rocher Quawi cherئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە موسڵمانانی ئەوروپی بەپێی ئەو بانگەوازەوە چوون کە لە هەناویاندا بانگی کردوون. هەروەکو چۆن ئەو کەسە گەورانەی پێش ئەمان بەپیرییەوە چوون وەک بینیە جو (١٨٨٦_١٩٥١) محمد أسد(١٩٠٠_١٩٩٢) کە هۆکاری موسڵمان بوونی

خۆی گێڕایەوە بۆ ئەوەی کە وا دەرەنجامی کامڵ بوون و پێگەشتنی عەقڵی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئەو ئەڵمانیانەی کە موسڵمان بوون من بۆ ئاسانکاری ٤ ناویان بۆ دا دەنیم – ئەڵمانییە بیانییەکان هاوسەرەکان و ئەندامانی کۆمەڵەی سەوز و زانایانی ئیسلام) مەبەست لە ئەڵمانییە بیانییەکان ئەو ئەڵمانیانەیەکە لە تونس و یان هەرولاتێکی تری ئیسلامی تر ئەمان لەڕێگا مانەوە یان لەم وڵاتانە موسڵمان بوون. ئەم کۆمەڵەیە کەسانی پسپۆڕو ئەندازیار و هونەری و کرێکاری بەشی چالاک کردنەوە لەخۆ دەگرێت .ئەمانە GTZ.

واتە دەستەی هاوکاری هونەری ئەڵمانی ڕەوانەی هەر چوار لای دونیایان دەکات. هەروەها ئەندامانی کاری دیبلۆماسی و کارمەندانی باڵوێزخانەکان و لەدەرەوە و پاشکۆ سەربازییەکان لەگەڵیاندا بەشدارن، بەڵام کۆمەڵەی دووەمیان کە هاوسەردارانە، ئەو ئەڵمانیانەن کە حەزیان لە ئافرەتی موسڵمان کردووە، وە تا موسڵمانیش نەبوونایە نەدەکرا هاوسەرگیری بکەن. ئیتر هەندێکیان تەنها لەبەر ئەوەی ژن بهێنن موسڵمان بوون، بەڵام هەرچی پەنجەیەکی دایە دەست خوا ئەوا خوا دەستی بەرەو ڕاستەڕێ دەگرێت، وە سەبارەت بە کۆمەڵەی سێیەم ئەوا زۆرینەیان ئەو لاوانەن کە ڕەخنە لە کۆمەڵگای پیشەسازی هاوچەرخ دەگرن دەیەوێت لەم کۆمەڵگایە ڕابکات، ئیتر بەدوای دەرچەیەکی ئایدرۆلۆژیدا دەگەڕێت، ئەوانە بەدوای کۆمەڵگایەکی جیهانی کە زیاتر داد پەروەر بێت و ئەخلاقی بەرز بێت دەگەڕێن. کۆمەڵگایەک پلەبەندی و دابەشبوونی ئاڵۆزی نەبێت، کۆمەڵگایەک کە گەرم و گوڕی مرۆڤ دۆستانە بڵاوبکاتەوە. کۆمەڵگایەک پشتگیرت بێت و مانایەکی قوڵتر بەژیان بدات. ئەو ژیانەی کە هیچ نرخ و بەهایەکی نەماوە وە کۆمەڵەی سەوزیش کە موسڵمان بوون ئەوا بەرەو کۆمەڵەی ئیسلامی ئەڵمانی دەچن، چونکە ئەوان لەناو کۆمەڵەی ئیسلامیدا ژینگەیەکی نێودەوڵەتی بۆخۆیان

دەسازێنن، بەتایبەت لەگەڵ خەڵکانی جیهانی سێیهەمدا کە زۆر ڕێزیان لێدەگرن، قۆناغەکانی گەیشتن زۆرجار بە ڕێگاو ڕێچکەی ناڕاستەوخۆدا دەبێت، نەک هەر ئەمە بگرە ڕێگای سەیرو سەمەرەشی تێ دەکەوێت چوونە ناو ریزەکانی سۆسیالیستەکان یان ڕاز و نیاز کردن لەگەڵ بوداییەکان یەکێکە لەڕێگا بەناوبانگەکان، یان بڵێن کلاسیکییە کە درەنگ بێت یان زوو ئەوانە دەگەیەنێتە کۆتایی کە ئیسلامە. کۆمەڵەی چوارەم و کۆتایی- زانایانی ئیسلام-ن . کە پسپۆڕو تایبەتمەندی ئیسلامن کە لە قوتابیانی نزیکەی ١٩ زانکۆی ئەڵمانی پێکدێن کە هەر یەکەیان بەشێکی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی تەرخان کردووە. ئەو قوتابیانە کە سەردەکەنە سەر خوێندنی ڕۆژهەڵاتی زیاتر بۆ تێرکردنی ئەو حەزەیانە بۆ وڵاتی عەرەبی_ئیسلامی. ئیتر دوای ماوەیەک شتەکە لەوە گەورەتر دەبێت کە تەنها هەر دەرس خوێندن بێت، بەڵکو دەبێتە بەدەمەوە چوونی ئەو بانگەشەیەی کە لەهەناودا بانگت دەکات. زۆرێک لەو موسڵمانە تازانە بەیانی کە لە خەو هەستان خۆیان بە موسڵمان بوونەوە دەبینن. یەکێک لەو موسڵمانە بەرچاوانە خاتونێکی فەڕەنسیە ناوی- ئیڤا میرۆڤیچ-ە ئاوا پێناسەی حاڵەتەکە دەکات (خەڵک تەنها ئەوە نییە موسڵمان بێت و بەس، بەڵکو ئاینێک هەڵدەبژێرێت کە هەموو ئاینەکانی تری لەخۆیدا کۆکردۆتەوە). لەسەر و سیمای زۆرینەی موسڵمانانی ئەڵمانیادا ئەوە دیارە کە لە ڕێگای پەیوەندییەک بەکەسێکی وڵاتی تورکی پاکستانی عەرەبی موسڵمان بووە، هەندێک لەوانە سەرسام بوونیان بە ڕۆژهەڵات لەبەرگ و پۆشاکدا پێوە دیارە. هەندێک لەوانە _جلباب _ی گەورە لەبەردەکەن، ئەمەش وەک حەزی شوێنکەوتنی پێغەمبەر درودی خوای لێبێت. لە ڕوخساری دەرەوەدا. هەندێکیتریان زیاتر پێی لێ هەڵدەبڕن و - مێزەر-ێک دەکەنە سەریان (أحمد شمید) تێبینی ئەوەی کردوە کە هەندێکیان وا مامەڵە لەگەڵ زمانی ئەڵمانی دەکەن کە زۆر وشەی عەرەبی تێ ئاخنن. من وای تێ دەگەم کە ئەوکەسە تازە موسڵمان بووانە واحەز

دەكەن كە خۆیان نیشانی دەوروبەریان بدەن بەتایبەت ئەو كەسانەی كە بیروباوەڕ یان لەگەڵیاندا جیاوازە. كەوا ئەمان گۆڕانكارییەكیان بەسەرداهاتووە و یان بڵێین خۆیان گۆڕانكارییان بەسەر خۆیانداهێناوە بەهەروەك پێیان خۆشە موسڵمانانیش وەك برای خۆیانی بزانن وەك یەكێك لەخۆیانی بزانن، بەڵام من لام وانییە ئەڵمانییەكی سەدەی بیستەم لە ئەوروپادا بكەوێتە شوێن ڕێچكەی عەرەبێكی حیجازی سەدەی ٧ زاینی ، جا لەبەرگ و پۆشاكدا بێت یان لەخواردندا، چونكە ئەو كاتە ئەم كەسە لەكۆمەڵگاكەی خۆیدا نامۆ دەبێت، چونكە ئەم ڕەوتە وادەكات ئیسلام بێتە ڕۆشنبیرییەكی لاوەكی، یان بگاتە ئاستی فۆلكلۆری ئاینی كە دیارە ئەمەش بە زیان گەیاندن بە ئیسلام دەشكێتەوە. لێرە موسڵمان وا مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت كە وەك كرێكارێكی بیانی بێت وایە، دوجار بەڕەگەز پەرەستی و جیاكاری دەبێتەوە. كە وای لێ دەكات بخرێتە ناو ژیانی -جیتۆ-وە . ئەمەش شایەنی ئیسلام نییە، لەوانەیە ئیسلام بە نەهێنی لەسایەی حوكمەتێكی دیكاتۆریدا بژی، بەڵام نەك لەسایەی دەسەڵاتێكی دیموكراتی. ئەم باسەش گفتوگۆ و قسەو باسی گەرمی نێوان موسڵمانانی ئەڵمانیایە، ئەو پرسیارەی كە یەخیرگیر دەبێت ئەمەیە كە نیشتمانی موسڵمانی ئەڵمانی كوێیە؟ ئایا پێویستە خاكێك جێ بهێڵێت كە خوای تیایانا ناسرێت. بۆ خاكێك كە خوای تیایا دەپەرسترێت. هەروەك چۆن پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)لەساڵی ٦٢٠٠- دا ئەنجامیدا؟ باشە كەئەو ئەڵمانیا نیشتمانی بێت ، ئایا ناكرێت لە جل و بەرگدا وەك ئەڵمانییەك دەركەوێت و هەست بەگوناە نەكات؟ ئەگەر ڕیشیش وەك سونەت بهێڵێتەوە ئەوە باشترە؟ عبدالله بوریك- ئەم گفتوگۆیەی زیاتر گەرم كرد وە كاتێك كە باسێكی پێشكەش بە ٤٢ هەمین دیداری موسڵمانانی ئەڵمانی زمان كردووە لە لیزباخ لە ساڵی ١٩٩١ دا و بە ناونیشانی ( لەبارەی بارودۆخی موسڵمانانی ئەڵمانییەوە) تیایا لەبارەی ئەوەوە هۆشیاری داوە كە نابێت ئیسلامی ئاینی جیهانی

زیاد لە ملیارێک لە باوەڕدارانی بکرێتە  پاشکۆ ڕۆشنبیری تورکی لە هەروەک ئەوانەی پێشوو کە وەرگێڕانی قورئان باوەڕیان پێ بوو -میزلین و شفایجر- لەسەدەی ١٧_١٨_کە لایان وابوو قورئان کتێبی پیرۆزی تورکەکانە) بۆیە زۆرێک لای وایە کە دەبێت موسڵمانانی ئەڵمانیا خۆیان مەشخەڵی ئیسلام لە ئەڵمانیا هەڵبگرن تاوەکو وا سەیری ئیسلام نەکرێت کە ئاینێکی نامۆ و بیانی بێت، ئەو ڕاستییەش باس دەکات کە ئیسلام بە پێی تێپەڕینی ڕۆژگار لەگەڵ شارستانییەکان ئاوێتەبووە . عەرەبی- فارسی- هیندی- ئەندەنووسی- تورکی .

باشە بۆ نابێت ئیسلامێکی ڕوخسار ئەوروپیمان هەبێت؟ ئەم باسە بووە مایەی وروژاندنی قسەو باسێکی زۆر کە لە دوو خاڵیان بەرچاوبوون:

١- من لەگەڵ -بوریک- لە دەروازە تیۆریەکە و تێزە فیکرییەکەی هاوڕابووم- بۆچی نابێت ئیسلام شکڵ و شێوازی ئەوروپی هەبێت ئەمەش لەمیانەی تێکەڵی و ئاوێتەبوون لەگەڵ شارستانیەتی ئەوروپادا مادام ئیسلام هەروەک خۆی بووبێت و نەبووبێتە ئیسلامی چاکسازی؟! واتە یەکیەتی باوەڕو ئاین هەروەک خۆیەتی و دەستکاری نەکراوە؟ موسڵمانانی ئەوروپا و ئەمەریکا زۆریان هەیە کە بخەنە سەر ئیسلام و ئاینە کە زیاتر دەوڵەمەند بکەن، ئەوان هەر ئەوە نییە خوێنێکی تازە بکەنەوە بەبەریدا، بەڵکو بە چاوێکی نوێوە سەیری دەکەن. جا لەبەر ئەوەی ئەوان دەستیان نەگەیشتۆتە پەروەردەی ئیسلامی کە تاکی موسڵمان لە وڵاتی ئیسلامی بە ئاسانی لەبەردەستیدایە – من وا دەبینم کە ئەوان ئەگەر لەڕووی زانستیشەوە نەبێت لە ڕووی دەرونییەوە ئەوا دەتوانن نەک هەر لەدەرگای-اجتهاد- بدەن- کە سەردەمانێکە داخراوە – بەڵکو تێشی پەڕێنن. من گەیشتوومەتە ئەو ڕاستییە (بێئەوەی بانگەشە بکەم)، هەروەک چۆن خەڵکی دەیکات کە ئیسلامی ڕاستەقینە ئێستا لە جیهانی ئیسلامیدا بوونی نییە، بەڵکو لە ئەوروپا و ئەمریکا

بوونی هەیە. موسڵمانێکی فەڕەنسی – جۆن کارتمنی- ئاوا گوزارشتی لێ دەدات کە قسەکەی تۆزێک گرانە و ناڕەحەتە کە دەڵێت ( ئیسلامی ڕاستەقینە ئێستا لە مەنفادایە). وە تێڕوانینی سۆفییەکانی ئەوروپیش ئاوایە کە – ئیسلام شتێکی شەخسی نییە، بەڵکو پێویستە زوو زوو بگەڕێنەوە بۆ ئیسلام، جارێکیتر موسڵمان ببنەوە، بەڵام ئەوەی کە هانت دەدات بیربکەیتەوە، ئەوەیە لیدوانی کەسێک ببیستی کە بیرکردنەوەکانی زۆر واقعین ئەویش محمد ئەسەدە لە کۆتایی ژیانیدا بڵێت کە ئەگەر جارێکیتر لاوبێتەوە ئەوا ڕوو لە وڵاتانی ئیسلامی دەکاتەوە تا موسڵمان ببێت. کە ئەو پێشتر زۆر ئەو ڕایەی بەربڵاو بووە کە وتوویەتی ( ڕۆژهەڵات پڕە لە موسڵمان زۆر کەم لە ئیسلام، بەڵام ئەوروپا زۆرێک لە ئیسلام بەڵام زۆر کەم لە موسڵمانان) بە تێڕوانین لەم هەڵوێستە من لام وایە بزاڤی زیندووکردنەوەی ئاینی کە لە سەدەی ١٩ دا سەری هەڵدا ئەوا لە سەدەی ٢١ بەرهەم دەدات. ئەمەش لەمیانەی هاوکاری زانایانی ئەوروپی و ئەمریکی لەگەڵ زانایانی عەرەب کە بوێرانە دێنە گۆڕەپانەکە بە پشتوانی زانایانی پاکستان و مالیزیاش لەگەڵدایە. زۆرێک لەمانە وڵاتی خۆیان جێ هێشتوە و لە ڕۆژئاوا نیشتەجێن. لە لەندەن و واشنتۆن و لۆس ئەنجلۆس، چونکە ئەوان تەنها لەم شوێنانە، زەمینەو هۆکاری پێوستیی سەرکەوتنی کارەکەیان بەردەست دێت. لێرە دوور لە چاودێری مەترسی سەر ژیانی خۆیانن. ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئیسلام بکەینە بەدیل و ئەڵتەرناتیڤی پڕ جوڵەو ژیان و نوێی سەردەممان دەبێت بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئامانجە چەند خاڵ لە بەرچاو گرین – تاوەکو چاکسازی گەورە وەبەرهەم بێت لەوانە:

١- گەڕان و پشکنین بەفەرموودەکانی پێغەمبەر درروودی خودای لێبێت- وە پاک کردنەوەی لەوەی بەناحەق پێوەی لکێنراوە کە ئەمە لەسەردەمی خۆیدا لەسەر دەستی زانایانی گەورەی خۆی وەک- مالک- مسلم- بخاری- ئەنجام دراوە.

٢- جیاکردنەوەی شەریعەت _ کە ئەمە کرۆکی حەقی تەنها خوایە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت_ لەگەڵ کارو سەرنجی فەقیهەکان.

٣- ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی پەیوەندی نێوان قورئان و سونەت.

٤- لەیەک جیاکردنەوەی ڕەگەزی شارستانی و ڕۆشنبیری و داب و نەریتەکانی دنیای ئیسلام لەگەڵ کرۆک و ناوەڕۆکی ئیسلام.

ئەگەر بیر لەهەموو ئەمانە دەکەیتەوە ئەوا تووشی سەرئێشەو گێژبوون دەبیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێشنیاری -بوریک-ئاژاوە ساز دەکەم کەئەو پێی وایە کە دەبێت موسڵمانانی ئەڵمانیا لە میانەی کۆمەڵەو دەستەی خاوەن بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان خۆیان ڕێک بخەن لە شێوەی ( ئەنجومەنی ناوەندی موسڵمانانی ئەڵمانیا، بەڵام من لام وایە کە ئەم پێشنیارە تەواو لەگەڵ چەمکی رەسەنی ئیسلامە تیدا پێچەوانەیە کە ئەویش ئەوەیەکە نابێت موسڵمان لەسەر بناغە- ڕەگەز- زمان- نەتەوە جیاوازییان تێدەکەوێت.

جا لەبەرئەوەی ٩٧٪موسڵمانی ئەڵمانیا ئەڵمانی نین، کە ئەمەش لەبواری ڕێکخستندا ناڕەحەتی دروست دەکات. ئەوا بەرپرسان ئەم ڕێژەیە بەسنگ فراوانییەوە وەردەگرن- تاوەکو هەرچی ڕێکخراوێک لەسەر ئەم بناغەو وەک ئەمە دامەزرێت ئەوا ڕەزامەندی لەسەر ئەدەن. وەسروشتی کارەکە وایە کە تێکدانی یەکڕیزی و بڵاوکردنەوەی جیاکاری لەنێوان ئومەتی ئیسلام بەوەی کامە ئەڵمانە و کامە بیانییە کارێکی ناپەسەندو ڕەنجی بێ بەرە. ئایا دەگونجێت تورکەکان کە ٨٠٪موسڵمانی ئەڵمانیا پێکدەهێنن وەخەرجی بەشی هەرە زۆری چالاکی موسڵمانان لەسەر شانی ئەوانە ئەوا داوایان لێ بکەین ئەڵمانییەک بکەنە نوێنەریان؟! پێویستە موسڵمانانی ئەڵمانیا لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئیسلام دابن، وابکەن دانیان پیایا بنرێت، لەگەڵ خوشک و برا بیانییەکانیان بۆ ئەم کارە

هاوكارو كۆمەكی یەكتربن. ئەم قسەو باسانە ڕابردوویەكی نیگەرانیان هەیە، واتە دابەشبوونی موسڵمانانی ئەڵمانیا، كرێكارە بیانییەكان بەپێی پێوەری نەتەوایەتی خۆیان ڕێكدەخەن. ئەو وڵاتانەی لە كۆچی پێچەوانە دەترسن ئەوا هەڵدەستن بە كۆمەكی كردن و دروستكردنی كۆمەڵەو یەكێتی نیشتمانی جۆراوجۆر بۆ هاونیشتمانییەكانی لەدەرەوەی وڵات. ئەوەی مایەی نیگەرانییە جارێكیتر ئەم ڕێكخراوانە دووچار بە دابەشبوونی ڕەگەزی، سیاسی، ئاینی دەبنەوە. هەرئەوەندە بەس نیە كە _تورك_بیت، بەڵكو دەبێت_ سونی بیت یان عەلەوی، یان توركی بەڕەگەز كوردی یان بەڕەگەز چەركەس. وە یان سۆفیت وەیان توندڕەو...ئەمەش هەمووی لەلایەك و ئەم پرسیارانەی تریش لەلایەكیتر.

ڕات لەبارەی كمال ئەتاتوركەوە چییە؟ هەڵوێستت لەبارەی پارتی رەفاهی ئیسلامیەوە چیە؟ ..هەر لەبەر ئەمە لەناوەڕاستی هەشتاكاندا چەترێك دروستكرا كە ٢٨ جەماعەتی ئیسلامی جیاوازی لەژێر سایەیدا كۆكردەوە. بەرچاوترین دیمەنی دابەشبوونی كرێكارانی بیانی ببینی دو مزگەوتی توركیە لە نزیک یەكترەوە یەكێكیان یەكەی توركی ئیسلامی DiTiBواتە نوسینگەی دەرەوەی وەزارەتی ئەوقافی توركی لەپشتیەوەتی، بەڵام كەمترین نوێژ خوێن ڕووی تێدەكەن. كەچی مزگەوتەكەی تریان كە كرێكارانی بیانی تورك سەرپەرەشتی دەكەن AmGTئەوا جمەی دێت و پڕە لەنوێژ خوێن. هۆكارەكەشی ئەوەیە كە ئەو كۆچبەرانە دەردو بەڵای دووبەرەكی و دابەشبوونی وڵاتی خۆیان بەشاندا دەدەن و دەیهێنن بۆ ئەڵمانیا، ناكۆكی و دووبەرەكی شیعەو سونەو توندڕەو سۆفی ئاژاوەی نێوان حكومەتەكان و ئۆپۆزسیۆن بارگەو بنەیان لە ئەڵمانیا هەڵدەدەن. ئەمە بێجگە لە خۆتێهەڵقورتاندنی سیاسی هەر یەكە لە لیبیا و ئێران و سعودیە و سۆدان. ئایا دەتەوێت مزگەوتی شیعەكان ببینت؟ ئیتر تۆ پێویستت بەوە نیە كە بچیت بو

نەجەف. هەر بچیت بۆ هامبۆرگ ئاوا کارت تەواوە. حەز دەکەین بزانێت جیاوازی نێوان سۆفی و نەقشبەندی سونی و بەکتاشی چیە؟ ئەوا پێویست ناکات ڕێی ئەنازۆڵ بگرێتەبەر لە ئەڵمانیا ئەم خواستەت بۆ دێتە دی .حەز دەکەیت عەلەویە پاڵتۆ تەنک پۆشەکان بناسیت؟ هەر ئێستا دەیانبینیت. موسڵمانان بەڕای خۆیان بە شوێن ئەو فرەییەوەن کە ئیسلام زەمینە سازی بۆکردووە وەک ئەوەی جیاوازی کە لەپوری ئیسلام بێت، بەڵام تەنانەت ئەم کەلەپوورەش زیاد ڕۆیی تیایا دەکرێت دەگاتە ئاستی ڕۆچوون. وێنەی موسڵمانانی ئەڵمانیش لەوێنەی ئەمان جوانتر نییە. ئێمەش وا دەزانین فیترەتمان وایە کە گۆشەگیربین و بەهای تاکە کەسی بەرز ڕادەگرین، بەڵام تاک هەرچەندە بەبەها بێت و لەگشت ڕوویەکەوە دەوڵەمەند بێت، بەڵام ژیان و کاری بە کۆمەڵ بناغەیەکی پتەوی ژیانی ئیسلامییە، کارێکی شیاوە کە سکرتێری گشتی ڕێکخراوی موسڵمانانی ئەڵمانیا کاری سودمەند ئەنجام بدات، بەڵام بەشداری کردن لە ژیانی ئیسلامیدا وێنەیەکی تری هەیە. سروشتییە ڕێگە لەشیعە نەگرین کە خۆیان مەڵبەندی تایبەت بە خۆیان بەڕێوەببەن، وە لە هامبۆرگ بڵاو کراوە بڵاوبکەنەوە، سروشتییە سۆفییەکان مەڵبەند و خانەی بڵاوکردنەوە تایبەتییان هەبێت هەرچەندە ڕۆڵیان بەبەراورد لەگەڵ فەرەنسادا زۆر سنوردارە کە زۆربەی موسڵمانانی و شوێنکەوتەی ڕەوتی -إبن عربی- ن لەمرسیە ساڵی ١١٦٥ لەدایک بووە و لەساڵی ١٢٤٠ لە دیمەشق مردووە کە بەشێخی - أکبر- ناوی دەبەن. سەرەتای ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رینسیە جینۆن- کە دواتر بە شێخ عبدالواحید علی – شێخی شازلی ناسراوە، بەڵام لە ئەڵمانیا باسەکە جۆرێکیترە بەهۆی کاریگەری تورکەکانەوە ئەوا سۆفییەکان دەروێشی تەریقەتی نەقشبەندین و توندڕەون کە بناغەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسیا. بۆیە هەروا ڕێکەوت نییە کە سۆفییەکانی ئەڵمانیا زۆرترین کتێب و نووسینیان لەبارەی زانستی و عەقڵانیەتی تەسەوفەوە بێت لام وایە

٨_٩ گۆڤاری ئیسلامی لە ئەڵمانیا دەردەچێت لەنێوانیاندا گۆڤاری ئافرەتانی موسڵمان کە لە ساڵی ١٩٢٤وە قەبارەیەکی بچووک دەردەچێت هەروەها گۆڤاری-هدی-ی ئافرەتانی موسڵمان کە لەشاری -بریمن- دەردەچێت. لەلایەکیترەوە هەندێ بڵاوکراوەی تر هەن کە ناوچەکەی خۆیان تێدەپەڕێنن .-وەک- ئیسلام- ئیسلامی ئێستا کە بەرچاوترین و بڵاوترین و بڵاوکراوەی ئەڵمانیان. سەبارەت بەخانەی بڵاوکردنەوە ئەوا کتێبخانەی ئیسلامی wald Dwin RalLnو D.K.S.باماریا – میونخ بوونیان هەیە، ئەمانە بەدەست کەمی سەرمایە و خراپی تەکنەلۆژیاوە گرفتارن کە دەبوایە خایەکی بڵاوکراوەی تازە لە ئاست بەجێ گەیاندنی خواستە گەورەکاندا بووایە. یەکێکیتر لەخراپییەکانی کاری تاکە کەسی بریتییە لە پەنابردنەبەر _ هەڵفریواندنی بە ئەدەبانەی_ یان درۆی دیبلۆماسیانە. بهێنە بەر خەیاڵی خۆت – وتەبێژی بەشی ئەڵمانی کۆنگرەی ئیسلامی جیهانی بیت( کە هیچ بەهایەکی نەماوە) یان -رابطة-ی موسڵمانانی ئەڵمان. ئەم دوو ڕێکخراوە سوودی باشیان گەیاندووە، بەڵام لەکۆمەڵێک دۆست و برادەری کەم و بچووک یەکتر دەچێت کە ناوێکی گەورەیان لە خۆناوە. لەبەر ئەوە زۆرێک لە کاریگەر بوونی خۆی لەدەست داوە. وە ئەو دەست پێشخەرییەی _ محی الدین لودن_ بۆ دروستکردنی پارتی ئیسلامی کە لەسەر ئاستی هەموو ئەڵمانیا بێت ئەوا لە زوو زیندە بەچاڵ کراو ڕووناکی نەبینی.

لە ڕاستیدا زۆر لەواقیعی ژیانی ئەڵمانیا گەورەتر بوو ئەگەر موسڵمانانی ئەڵمانیا بیانەوێت دانیان پیا بنرێت، ئەوا پێویستە خەڵکی قەناعەت پێ بهێنن کە لیبراوانە بۆیان تێ دەکۆشن. ئەگەر موسڵمانان بیانەوێت ئەمەیان دەست کەوێت ئەوا بەپلەی یەکەم دەبێت زۆر ئاگاداری خۆیان بن لە کەمترین گومانی فێڵ و ساختەکاری وقۆڵ بڕینیان نەدرێتە پاڵ کار و ئیشیان. سەبارەت بە ئامانجە سیاسییەکانشیان،

ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا بەدی نایەت، مەگەر لەڕێگای ئەو پارتانەی کە لەسەر نەخشەی ژیانی سیاسی ئەڵمانیان، هەتا ئەگەر لەگەڵ هەموو خواست و داواکارییەکانی ئەو پارتەشدا یەکدەنگ نەبن. دەبێت وا کار بکەن کەلە ئیسلام تێ بگەن، دان بنرێت بە ئیسلامدا. کار بۆ بڵاوکردنەوە بکرێت. کۆمەڵێک لە ئافرەت و پیاوان لێبڕاوانە کار بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجانە دەکەن لە وانە .Grim- faTma,siddig Muhammad Denffer Anmaal ,Bhar Harun,m...هتد. هەروەها دامەزراوەکانی وەک _خانەی ئیسلام کە odenwold و -دار السلام- کە سەر بە ئەمە. کەئەمە بەڕێوەبردنی زۆرینەی زۆری مەڵبەندە ئیسلامییەکانی لە ئەستۆ گرتووە هەر لە ئاخن- ی باکورەوە تا -میونخ-ی باشور وەلە - کارلسروهم- وەتا- بەرلین- کەش و هەوای ئەم دامەزراو و مەڵبەندانە بەشێلگیرو چالاک لەپێناو بەرزکردنەوەی وشەی- الله-دا وناسراون. بێ هیچ مل ملانێ و موزایەدە کردنێک کۆنگرە بەدوای کۆنگرەدا دەبەستێت. سەربازگەی لاوان دەکاتەوە هەفتەیەکی چڕی ڕاگەیاند دەکاتەوە، لەپاڵ ئەمانەشدا خێرا خێرا پۆل پۆل گەشتی- حەج- کردن سازدەکات. هەموو ئەمانە بە باوەڕێکی قوڵ وبێ وێنەوە دەکات، لە لوتکەی ئیخلاس و برایەتی و ئەمانەتدا. بەم جۆرە کارانە دەوترێت کارکردن لەڕەگەوە، واتە چاودێری کردنی ڕەگی درەخت بەئارامی و لێبڕانەوە نەک هەڵپەکردن بۆ ڕنینەوەی بەرەکەی کە هێشتا وەرزی ڕنینی بەرهەم نەهاتبێت. من زۆر کاری جەماعەتی ئیسلامی لە -میونغ- دەنرخێنم کە کەسایەتی- أحمد نفر- کەسی بەرچاویەتی. ڕێکەوت نییە یەکەم دایەنگاو یەکەمین قوتابخانەی ئیسلامی لە ئەڵمانیا لە میونغ-بێت، هەروەها شارەکە جگە لەمە یەکەمین مەڵبەندی خزمەتگوزاری بەشێوازی ئیسلامی تیادایە وەدەستەیەکی نووسەرانی گۆڤاری -ئیسلام- شیان پێکهێناوە. وە مەڵبەندی سەرەکی دیدەوانی ئیسلامیشە، بۆیە هەروا ڕێکەوت نەبووە لەمەسەلەی دەم درێژییەکانی

سەلمان روشدی دا مەڵبەندی ئیسلامی میونغ- جەماعەتی ئیسلامی باشوری ئەڵمانیا سەركۆنەی هەڕەشەی كوشتنی سەلمان روشدی بكەن كەلەلایەن دەسەڵاتدارانی شیعەی ئێرانییەوە دەرچوبوو. جەماعەت هەڵویستێكی شیاویان گرتەبەر بەكارو گوفتار وەڵامی خۆیان دایەوە. سەبارەت بەجۆرەكانی ڕێكخستنی موسڵمانانی ئەڵمانیا ئەوا Tam ئەوا دیداری موسڵمانانی ئەڵمانی گۆڕێك دەخات- نەك هەر لەڕووی ڕێكخستنەوە، بەڵكو لەڕووی گەیشتن بەئامانجیشەوە هەر لەئەستۆی خۆی ناوە. هەموو ئەم كارانە بێ بەشداری كردنی ئەحمەد ڤۆن دنفەر و محمد سدیق نابێت. كە هەموو ئەو دیدارانە ساز دەكەن، ئەم دیدارانە هەر لەئەوەوە پردی بەیەك گەیشتنی موسڵمانانە بەیەكتر هەروەك ئەم دیدارانە ئەركی دۆزینەوەی چارەسەری ئەو گرفتانەی لەئەستۆ گرتووە كە موسڵمانان لەئەڵمانیادا ڕوبەڕووی دەبنەوە. وەك خوێندنی وانەی ئاین لەقوتابخانە چاو خشاندنەوە بە پرۆگرامی خوێندن و دروستكردنی چەترێك كە موسڵمانان لە سایەیدا كۆببنەوە. من لە ساڵانە ١٩٨٠- ١٩٨٨. لەدیدارە زستانییەكانی- مزگەوتی بیلال- لە ئاخن- بەشداریم كرد كە من تیایدا دەستكەوتی زۆرم دەست كەوت، بەتایبەتی ئەوانەی لەشەوی كۆتای هەفتەدا بوون. ئەم دەستكەوتانەی من هەر وتارو پێشانگای كتێبدا نەبوو، بەڵكو بەیەك گەیشتن بوو لەگەڵ تازە موسڵمان بووەكاندا ، قسەو باسی تازەو نوێ تام و چێژی خۆی هەبوو. كە لە دەوری سفرەی خواردن كۆدەبنەوە هەریەكە لەلای خۆیەوە شتێكی دەخستە بەر باس كەتازەبوو. ئەم دیدارانەش فرە ڕەنگ بوون، چونكە زۆرینەی موسڵمانانی بەشداربوو موسڵمانانی بیانی بوون، دیدارەكەیان بە دەرفەت دەزانی بەرك و پۆشاكی نیشتمانی خۆیان لەبەر دەكرد. هەركە سەیری هەندێك لە موسڵمانانی ئەڵمانیات دەكرد دەتزانی كێ یاریدەی داوە بۆ موسڵمان بوون -عەرەب-تورك-پاكستان-، چونكە جلوبەرگەكانیان دەكەوتە ژێر كاریگەری ئەو وڵاتەی یارمەتی موسڵمان

بوونی داوە. ئەم دیدارانە بێجگە لە موسڵمانان خۆیان چاودێرانی نوسینگەی فیدراڵی پاراستنی دەستوریش بەشداری بوون، ئەوانیش جێژیان لێوەردەگرت و تاڕادەیەکی باش بەختەوەر دەبوون. موسڵمانان لە ئەڵمانیا بەردەوام لە مەترسی ململانێی لەگەڵ جیهانی دەوروبەریاندا. وە لە ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ژیانیان لەگەڵ بەش دەکەن لەوڵاتدا دەترسن، چونکە ئەوان بە دژی ئاڕاستەی ڕوبار مەلە دەکەن. وە ژیان بەپێی بەهاو ئەخلاقێک ڕێکخستووە کە پێچەوانەی زۆرینەی زۆری دانیشتوانی وڵاتەکەیە. لەو گرفتە بەرچاوانە ڕێگرتن لە نوێژکردن لەساتەکانی کارکردندا، نەبوونی خواردنی حەڵاڵ لە فرۆشگاکانی خواردندا، گرانی وەدەست هێنانی گۆشتی حەڵاڵ بۆ ماڵەوە کە بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام سەربڕدرابێت. بەشی هەرەزۆری زەرەرو زیان و گرفتەکانی ئەوا بەرۆکی منداڵان دەگرێتەوە. کچەکان بەهۆی پۆشینی باڵا پۆشین ئەوا دووچار بە گاڵتە پێکردن دەبنەوە. یان کاتێک بەشداری وانەی مەلەکردنی تێکەڵاو لەگەڵ کوڕان نابنەوە بەهەمان جۆرە. یان کە بەرگی مەلەکردنی قەراغ دەریا لەبەرناکەن کە دوو پارچەیە. ئەمەش ڕوبەڕووی لێپرسینەوەی دادگای بەڕێوەبردنیان دەکات. ئەوەی کەوا دڵخۆشی کردم ئەوەبوو کە دادگای بەڕێوەبردنی میونغ لە ساڵی ١٩٩٠ دا بڕیاری ئەوەی داوە کە سەبارەت بە مەلەکردنی کوڕوکچ بەیەکەوە مافی پەروەردەکردنی دایک و باوک دەکرێت ئەرک و داواکاری پەروەردە سنوردار بکات کە لە حوکمەت بڕیاردەریەتی. بەتایبەت ئەگەر هۆکارەکە ئاین بێت، هەر بەدوای ئەمەشدا لە ساڵی ١٩٩١ ڕوداوێکی تری بەسەردا هات دادگای بەڕێوەبردن قوتابییەکی کچی لەوە بەخشی کە ئامادەی وانەی مەلەکردنی تێکەڵ بێت، دیارە ئەمەش هەربە هەمان هۆکاری ئاین، ئەوەش کە جارێکیتر دڵخۆشی کردم ئەوەبوو کە ڕاڤەکردنی قورئان مافی دایک و باوک نەک بەرپرسان و حوکمەت. واتە کەس لە کەسانی نا موسڵمان بۆی نییە جۆرێک لە ڕاڤەکردنی قورئان

بەسەر دایک و باوکێکی تورکدا بسەپێنێت. ئەوەی منداڵانی موسڵمان زۆر بەدەستییەوە نارەحەت دەبن وانەی مێژووە. ئەمەش بەهۆی ئەو چەواشەو ساختەکارییەی کە ئیسلام مێژووەکەی لە دووتوێی وانەکانی خوێندندا روبەڕووی دەبنەوە. لەدیداری پێنجەمی موسڵماناندا ١٩٧٧ کۆمەڵێک کار بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بارووۆخە کرا. ئەم دەستەیە ناوی- کتێبی قوتابخانەیان- لێنرا دوایی لە کۆلۆنیا دەستەیەکی لێ دروست بوو کە بە پڕۆژەی-گەڕان بە دوای ئیسلام لە قوتابخانەکانی ئەڵمانیادا. عبد الجواد فلاتۆری پاڵپشتی ئەم کارەیەو پشتگیری دەکات و چەند کەسانێکی ناموسڵمانیش لەگەڵدایە. ئەم دەستەیە لە ماوەی ١٩٧٩_١٩٨٦ هەستان بە پشکنین و وردبوونەوە لە ٦٠٠کتێبی قوتابخانە کە ڕێگە پێدراون لەوانەکانی-مێژو-جوگرافیا- هەردو مەزهەبی کاسۆلیک و پرۆتستانت. دەرەنجامەکەی زۆر نارەحەت و مەترسی داربوو. ئەوەی بیرخستنەوە کە چۆن تاکێک دەتوانێت لەڕێی تاوان و ترسناکی و قێزەونەیە لەپشت کتێبخانەکەی خۆیەوە دانیشێت و ئەنجامی بدات. ئەمەش بەگرتنەبەری ڕێ وشوێنی بیرۆکراتییەت و فەرمان دەرکردن. بێ ئەوەی دەستی بەقوربانییەکانی بکەوێت (ئەمەش وەک -ئینهان- کەبووە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆری جولەکە کە تەنها بەفەرمان دەرکردن بێ ئەوەی خۆی دەستی بەر هیچ کام لە قوربانییەکان بکەوێت). ئایا دوای چاو گێڕانەوە بەو کتێبانەدا دەتوانین ئەو ناوەڕۆکە خراپەی لە زیهنی ویادەوەری خراپ بەرامبەر بەئیسلام بسڕینەوە کە یەکێکە لەپاڵنەرەکانی توندو تیژی دژی موسڵمانان، یان یەکێکە لەو ڕقە بەردەوامەی کە ئەڵمانییەکان بەرامبەر بە ئیسلام هەیانە، کە ئەمەش دەرەنجامی هەوڵی سوتاندنی مەڵبەندی ئیسلامی-میونغ-ی لەساڵی ١٩٩٤دا لێ کەوتەوە. بەگەڕانەوە بۆ ئەو شیکردنەوەیەی کە فلاتۆری ئەنجامی دابوو ئەوا هەستا بە پێشکەش کردنی چەندین پێشنیار کە ئامانج لێی باسکردنی ئیسلام و مێژووەکەی لە پڕۆگرامەکانی خوێندادا بابەتیانە بێت. لەگەڵ ئەو

هەوڵەی فلاتۆری ئەوا نارەحەتییەکانی ٥٠٠ هەزار منداڵی موسڵمان لە قوتابخانەکانی ئەڵمانیادا هەر بەردەوامە، چونکە تا ئێستا خوێندنی وانەی ئاینی ئیسلام نەبۆتە بڕیارو کاری لەسەر بکرێت.

هەرچەندە وەزیری خوێندن لەکەرتی هیسن ڕایگەیاند کە یەکسان بوونی ئیسلام لەگەڵ کەنیسە فەرمانێکی دەستوورییە. هەندێک لە وڵاتانی یەکێتیی دەڵێن کە خوێندنی وانەی ئاینی ئیسلام لە قوتابخانەدا پێویستی بەدان پیانان هەیە وەک ئاینی کۆمەڵێک کە لەمافی گشتی بەهرەمەندبێ. هەندێکی تر وەک falen West, Nordthein ئامادەن وانەی ئیسلام بڵێنەوە، بەڵام بەپێی ئەو پەیڕەوەی خۆیان دایدەنێن. لە هەندێک وڵاتی تر پۆلی تایبەت بە موسڵمانان سازدەکەن تاوانەی ئاینی ئیسلامی تیایا بخوێنرێت، بەڵام ڕۆژوبوونی کرێکاران و منداڵان لە مانگی ڕەمەزاندا دووچار بە تەنگژەیی و خەمساردی دەبێتە، منداڵان چەندە دڵخۆش دەبن کە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانیان لە قوتابخانە بۆ بکرێتە پشوو، بەڵام سەبارەت بە مزگەوت و دروستکردنی مزگەوت، ئەوا بەهۆی ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەوە نیگەرانم لە باسکردنی، جا کۆسپەکان حەق بن یان ناحەق، بۆسنەو ناوچەکانی ئەلب تاڕادەیەکی زۆر لەکەرتی بایرن دەچن، سروشتیان وەکو یەک وایە، بەڵام ئەو کاتەی منارەی مزگەوتەکان لەگەڵ سروشتدا دیمەنی جوان و سازە، کەچی لایان وایە لە بایرن سروشتەکە دەشێوێنت.

خەڵکی ناوچەکە لەو دوکەڵ کێشانەی کارگەکانیان کە چڕە دوکەڵ بڵاودەکاتەوە لایان وایە بەهایەکی جوانتریان لەمنارەی مزگەوتەکان پێ دەبەخشێت ئیتر کەسەکان جاری واهەیە لەسەر وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ دروستکردنی مزگەوت بکەوێتە شەڕەوە ، هاوڵاتییەکی شاری kani لە ١٩٨٩ دا شەڕێکی خاچ پەرستانەی کوێرانەی دژ بەدروستکردنی مزگەوتێک بەرپا کرد. تا ئەوەی شەڕەکەی گەیاندە دادگای بەڕێوەبردنی

فیدڕاڵی. ئەم هاوڵاتییە داوای ئەوەی لە دادگا کرد کە شەوانە کاتی بانگی بەیانی لە بێزارکردن بیپارێزێت، بەڵام لە بێ بەختی ئەو کەسە ئەو شەقامەی لایماڵیان پڕ بوو لەدەنگە دەنگ و دەنگی زەنگی کەنیسە. لەوەش شەرمەزارتر مەسەلەی مامەڵەکردنە لەسەر بەرزکردنەوەی منارەی مزگەوت. هەتا ئەگەر لایەنی پەیوەندی دار ڕەزامەندیشی نواند بۆ دروستکردنی مزگەوت ئەوا نابێت منارەی مزگەوتەکە لە بورجی کەنیسەکە بەرز تربێت. سەرکەوتنی موسڵمانانی شاریpforznein بەوەی توانیان منارەی مزگەوتەکەیان ٢٦ مەتر بەرز بێت بۆخۆی موعجیزەیەکە لە لێبوردن، بەڵام براکانیان لە شاریBoBinggen ناچارکران کە منارە ٢٦ مەترییەکە بەرزەکەیان بهێننەوە بۆ خوار ١٢مەتر، تائێستاش کێشەکەیان لە دادگایە، بەڵام لە شاری -ئاخن- ئەوا موسڵمانان بۆ فراوانکردنی مزگەوتەکەیان کە تەنگە بەرە زۆر نارەحەتیان دێتە رێ. لەم شارەدا پارتی سەوز هۆکارەکەی ناشارێتەوە، تەنانەت دیبلۆماسیانە دەری نابڕێت کە بۆچی هێندە کەندو کۆسپ دەخرێتە ڕێی موسڵمانان ئەو هۆکارەش سیاسییە. ئەوان بەم کارەیان ٢٠ هەزار موسڵمانی شاری-ئاخن-لە ئەنجامدانی ئازادی ئاینی خۆیان بێ بەش دەکەن.

بەکورتی وانە ئەوان جاڕی شەڕکردن دژ بە ئیسلام دەدەن. کارەکە بە ئەمەندەشەوە ناوەستێت، بەڵکو وێنەکە سەر دەکێشێت بۆ وێنەیەکی زاڵمانەتر. هەندێک ڕێگە دەدەن بەوەی کە وا منارە دروست بکرێت، بەڵام دەبێت پەیمانی ئەوە بدەین کە بۆ کاری سەرەکی خۆی بەکاری ناهێنێت ئەویش بانگدانە!! خۆ ئەگەر ڕێگری لە دەنگی زەنگی کەنیسەش بکرایە تا ڕادەیەک شیاوبوو، بەڵام ئەم کارە ناکرێت چونکە کەنیسە لەلایان لەلایەن-مافی عورفی-دەپارێزرێت. وەک ئەوەی ئەو ئەومادە دەستورییە یان لەبەرامبەر-هەقی عورفدا-هیچ مانایەکی نەبێت.

موسڵمانانی ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٩٤ دا پەنایان بردە بەر ئەم بەڵگە یاساییە وە تیایا سەرکەوتوو بوون کە دوای ٥٠٠ ساڵ توانرا جارێکیتر لە مزگەوتی-قورتبە-بانگ بدرێت. زۆرجار بە گاڵتەوە بە خۆم دەڵێم ئایا ئەگەر مزگەوتەکان لەجیاتی بانگدان بۆ نوێژ وەک کەنیسەکان زەنگ لێدەن پێیان قەبوڵ دەکرێت؟ یان بانگ بێژ لەجیاتی ( الله أكبر)بڵێن ...بم..بم...بم....بم..؟! ئەوەش جێگای سەیرو سەرسوڕمانە ئەوەیە کە موسڵمانان بۆ ئەم کارە پەنا دەبەنەر دادگا تاوەکو ئازادانە ئەرکی ئاینی خۆیان جێ بەجێ بکەن. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئێمە لە وڵاتی یاساو دەستوردا دەژین، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بە ڕۆحی دەستور کار ناکرێت!! لەوانەیە لاتان وابێت ئەم گرفتانە بە مەرگی موسڵمان کۆتایی بێت، بەڵام..هەیهو!!! وە جارێکیتر ڕێ و ڕەسمی بەخاک سپاردن بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام کەندو کۆسپی دەکەوێتە ڕێ زۆر ڕێگری لێ دەکرێت.

موسڵمان لەسەر شانی ڕاست و ڕوەو کەعبە دەخرێتە ناو گۆڕ، ئەم مەرجەش لەچەند گۆڕستانێکی زۆر کەم و دیاریکراو نەبێت بوونی نیە. وە پێویستە موسڵمان لە٣ کفنەوە بپێچرێت و نەخرێتە ناو سندقەوە. گۆڕستانی ئەڵمانیاش ڕێ بەمە نادەن.( ئەوان هێندە کاتەکە درێژ دەکەنەوە کە جەنازەکە بەرەو خراپ بوون بچێت). دیسان جارێکیتر مەرگ کۆتایی بە گرفتەکان ناهێنێت. موسڵمانان پابەندی ئەو یاسا میراتییەن کە قورئان دیاری کردووە. ئەگەر یەکێک لە میراتگرەکان بەمە ناڕازی بوو، ئەوا هەوڵی موسڵمان بۆ جێ بەجێ کردنی یاسای شەریعەت سەرکەوتوو نابێت، هەندێک لایان گیروگرفتی موسڵمان بەوشێوەیەی کە باسمان کرد ئەگەر لایەنێک نوێنەرایەتیان بکات ئەوا کەمتر دەبێت و کۆڵیان سوک دەبێت کە ئەو لایەنە دەبێتە هاوبەش لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەرپرسانی ئەڵمانیا و پەڕلەماندا، ئەم قسەیەش

لەدوەم دیداری موسڵمانان لە ٨-٩ ئۆکتۆبەری ١٩٧٦وە جێی قسەوباسی موسڵمانانە، ئیتر پرسیارێکیتر دێتە پێش ئایا دەکرێت لەڕێی هاندان و پەرەپێدانەوە خزمەت بە ئیسلام بکرێت و بەرزکرێتەوە، واتە ڕێگای- لە لوتکە وە بۆ خوارەوە، یان ( لەخوارەوە بۆ لوتکە) ؟! من هەمیشە ئاوا وەڵامم داوەتەوە کە ئەمە دوو بژاردەی جیاوازنین، بەڵکو دو ڕێگان کە یەکتری تەواو دەکەن ئیتر دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کەدەبێت لەهەردوو ڕێگاکەوە دەست بەکاربین.

چەمکی (لەلوتکەوە بۆ خوارەوە) بەپلەی یەکەم بەوهەوڵ و کۆششە دەوترێت کە لەپێناو بەدەستخستنی دان پیانانی حوکمەت دێت بە ئیسلامدا بۆئەوەی نوێنەرەکانی بتوانن بەئازادی لەناو ژیانی گشتی ئەڵمانیادا کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام بکەن و حکومەت بیانپارێزێت. ئەمەش داواکردنی هەمان ئەو مافانەیە کە کەنیسە کاسۆلیک و پرۆتستانت و کەنیسەی چاکسازی و کۆمەڵە جولەکەکان هەیانە. دیارە لە حاڵەتی دان نان بەمەدا ئەوا شوێنەواری جۆراو جۆری لێ بەجێ دەمێنێت. لەوانە هەر بۆ نموونە- قوتابخانە- داهاتی دارایی- ڕێکخستنی جەژنەکان. مامەڵە کردن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و زۆر بواری تر. لەبارەی مەرج و ئەگەری دان نان بەم ئامانجانەدا کۆنگرەیەکم بەڕێوە برد، ئەم کۆنگرەیە لە-خانەی ئیسلام – ولە ٧-٨ی مارس ١٩٨٧ بەڕێوەچوو. کۆنگرە کە جەختی لەسەر پێشنیارێکی من کرد بۆ وە کە پێشتر من بڵاوم کردبۆوە بابەتەکەش دامەزراندنی- کۆمەڵەیەکی ئیسلامی- بوو وە بۆ ئامادەبووانم ڕوونکردەوە کە مادەی چواری دەستور خاڵی دەستپێکی دان پیانانی یاساییە بە ئیسلام لە ئەڵمانیادا، چونکە ئەم مادەیە دەتوانرێت ئەوەی لەسەر بنیاد بنرێت کە دەستور مافی جێ بەجێ کردنی ئەرکە ئاینییەکانی بۆ هەموو کۆمەڵەکان دەستەبەر کردووە. چەمکی (ئایندادری کردن بەبێ ئیزعاج) کردن چ ڕاڤەیەکی هەیە لە مادەی تایبەت بە ئاین

دا ئەمە هاتووە. کەلە مادەی ١٤٠ وە هاتۆتە ناو دەستوری ئێستا. هەروەک سەرنجم بۆ خاڵێکی سەرەکی ڕاکشان کە لە مادەی ١٣٧ دایە باس لەوە دەکات. بەرپرسان لەهەرکەرتێکدا-هەریم-دا مافی ئەوەیان هەیە کە هەر کۆمەڵەیەکی ئاینی ڕێکخراو بەپێی یاسای یەکیەتییەکان ڕێگای بدەن و دەستەیەکی ئاشکرایان هەبێت، ئەمەش بەپێی مادەی ١٣٧ ئەوە دەخوازێت کە ئەو کۆمەڵە ئاینییە لەڕێگای دەستور ژمارەی ئەندامانی بۆ بەردەوامییان خۆیان بسەلمێنن، هەمووان یەکدەنگ بوون کە لە ئەڵمانیا ژمارەی موسڵمانان زۆرە، بەڵام (دەستوری)نین، واتە ئەوانە لەناو ڕێکخراوێکی ئیسلامی گەورەدا ئەندام نین کە هەموویانی کۆکردبێتەوە. لەبەر ئەوە ئێمە جەخت لەسەر دروستکردنی کۆمەڵەیەکی ئیسلامی لە ئەڵمانیا دەکەینەوە، بەڵکو دەیکەینە یەکەمین کاری خۆمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەگەری ئەوەمان لەپێش چاوەکە سەرەڕای مەرجەکانیان و خۆڕێکخستنمان بەشێوەیەکی (دەستوری) کۆسپ و گرفتی ترمان بخەنە سەر ڕێ. بۆ ئەوەی ڕێکخراوێکی ئیسلامی دروست نەکەین، ئەو مەرجەی ئەوان کە (گرەنتی بەردەوام بوون) ە کۆسپێکە دەیخەینە ڕێمان، چونکە زۆرێک لە موسڵمانان ماوەی مانەوەیان دیاری کراوە، چونکە بۆکارکردن دێن. ئەوان ئەو چەمکە بەرزدەکەنەوە کە ئەڵمانیا وڵاتی-کۆچبەران نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانان کەوتنە خۆیان تاوەکو دانیان پیایابنرێت. ئەمەش لەمیانەی خۆ ڕێکخستنێکی باشتر بۆ کۆمەڵە موسڵمانەکان لە ئێستا لە ئەڵمانیادان. لەم ساڵانەی دواییدا موسڵمانان هەستیان بەناڕەحەتییەکی زۆرکرد لەبارەی ئەوەی کە ڕێکخراوێکی گەورە نییە بێتە نوێنەریان. ئەلەکسەندەری کورم-کەموسڵمان نییە-هەوڵیداوە لەچەند خاڵێکدا ئەوەی کە دەکرێت جێ بەجێ بکرێت کۆبکاتەوە کە ( یەکێتی موسڵمانان) بتوانێت جێ بەجێ بکات:

١- نوێنەرایەتی موسڵمانان لە گشت بوارەکانی دەرەوەدا

٢- هەڵبژاردنی پێشەوای گەورەی موسڵمانان لە ئەڵمانیا.

٣- کارکردن بۆ دان نان بە ئیسلام وەک دامەزراوە یان کۆمەڵەیەکی ئاینی

٤- بەڕێوەبردنی کتێبخانەی ناوەندی و ئەرشیف بۆ ئەوەی بۆ مەبەستی دیکۆمێنتاری بگەڕێنەوە سەری.

٥- دەرخستنی مەرجەعێک بۆ موسڵمانانی ئەڵمانیا.

٦- ڕێکخستنی دیدارەکان-گەشتی حەج کردن و گەشتە بەکۆمەڵەکان.

٧-دەرکردنی بڵاوکراوەیەک کە ڕاگەیانراوەکانی تیایدا بێت، لەوانە ڕاگەیاندنی هاوسەرگیری.

٨- هاندان و دروستکردنی مزگەوت.

٩- دابەشکردنی دەرفەتی خوێندن بەسەر ئەو قوتابییە موسڵمانانەی توانای دابین کردنیان نییە.

دانانی پرۆژەیەکی ئاوایی لەلایەن لاوێکی ٢٣ساڵە کە کوڕەکەمە نموونەییە، بەڵام بۆتۆپیا زۆر سود بەخشە ئەگەر بتوانیت ڕێگا بۆ نێراوێکی وا خۆش بکات. ئیتر هەوڵدان بۆ دروستکردنی نەخشەیەکی کارکردن بووە هۆی هاوکاری نێوان موسڵمانانی ئەڵمانیا، هاوکارییەک کە سنوری ناوخۆیی تێپەڕاند. ئەمەش ساڵی ١٩٨٨ بەرهەمی خۆی دا دروست بوونی( کۆمەڵەی کاری بەردەوامی کۆمەڵە ئیسلامییەکانی ئەڵمانیا)لێ کەوتەوە. ئیتر هەر لەم کۆمەڵەوە ئەنجومەنی ناوەندی موسڵمانانی ئەڵمانیاLM.Dی لێ دروست بوو وە دکتۆرێکی سعودی-ئەڵمانی -ندیم ئەلیاس سەرۆکایەتی دەکات ڕۆژنامەی فرانکفۆت خۆشی لێ خۆی بەم ئەنجومەنە دەربڕی. ئەم ئەنجوومەنە بە گوێرەی حاڵی خۆی – ئەگەر بە ئەرک و کارەکانی ئەنجومەنی ناوەندی جولەکانی ئەڵمانیا بپێوی. هاوبەشی گفتوگۆیە کە لایەنێکە لەگەڵ حوکمەتی

ئەڵمانیادا قسە دەكات، هەروەك لەگەڵ كۆمەڵە و دەزگا ئیداریەكانیش بە پێكهاتەی جیاوازەوە لەگەڵیاندا دەدوێت. ئەم ئەنجوومەنە لە ١٥ ڕێكخراوی ناوەندی دروست بوو كە ئەوانیش ١٢٠٠كۆمەڵەی ئیسلامی پێكهاتبوون. واتە ئەنجوومەنەكە هەر لەسەرەتاوە نوێنەرایەتی ٧٠٪ی موسڵمانانی ئەڵمانیا دەكات. لەئەنجومەندا ئەو كۆمەڵانە ئەندام نین كە ئەڵمانییەكان خۆیان بەڕێوەی دەبەن وەك كۆمەڵەی موسڵمانانی یۆن- یان (خانەی ئیسلام) وەبیگرە ئەوانەش كە بیانییەكان سەرۆكایەتیان دەكەن وەك یەكێتی قوتابیانی ئیسلامی وكۆڕبەندی ئیسلامی لەئەڵمانیا و بەشدارنەبوونی كۆمەڵەی بەشداری توركی لەم ئەنجومەنەدا هیچ جێگای سەرسوڕمان نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەمانە پەیوەندییان بەكەش و هەواو گەشەكردنی ئیسلامە لە دەوڵەتی توركیادا. ئەم ئەنجومەنەی ناوەندییە ناو ناوبانگی خۆی بەرزكردەوە كاتێك لە ١٩٩٥/٦/٢٨ هەڵوێستی ئیسلامی لەبەردەم لیژنەی تەندروستی سەر بە پەرمان ڕاگەیاند، ئەویش گفتوگۆ كردن بوو لەسەر چاندنی ئەندامی لاشەو مردنی دەماغ. د.ندیم ئەلیاس ناڕەزایی خۆی لە بەرامبەر دەستاو دەست پێكردنی بڕیاری مردن لەكاتی لەكار كەوتنی ئەندامەكانی دەربڕی كاتێك كە مێشك بە تەواوی لە كار دەكەوێت، چونكە ئەوە پێچەوانەی ڕێزگرتنە لە كەرامەتی مرۆڤ جا بە زیندوویی بێت یان بە مردوویی، وەپشتگیری نەشتەرگەری چاندنی ئەندامی لاشەشی كرد ئەگەر بێت ئەم هۆكارە دوا چارەسەر بێت بۆ نەخۆشەكە. وە ئەگەری سەركەوتنی بەرچاوبێت و وە ڕازی بوونی كەسی بەخشەری دەوێت ودڵنیابن كە خۆی زیانی بەر ناكەوێت. وە لەحاڵەتی دەرهێنانی ئەندامێك لە ئەندامانی كەسی مردوو ڕەزامەندی كەس و كاری دەوێت. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە كە سەرۆكی ئەڵمانیا وا سەیری سەرۆكی ئەنجومەنی ناوەندی بكات وەك كەسێكی هاوبەش لەئاستێكی باڵادا لە گفتوگۆدا. كردنی لەگەڵیدا. لە ١٩٩٥/١٢/١١-دا كاتێك سەرۆك ڕۆمان

هرتزۆک لەکۆشکی Bellevueپێشوازی  لە نوێنەرانی موسڵمانان کرد ئەم هەڵوێستەی دەربڕی.

شایەنی باسە ئەو یەکەمین سەرۆک کۆمارە کە ئەم دەست پێشخەرییەی کردووە بۆ سازدانی ئەو دیدارە لەگەڵیدا. مەسەلەی بەتەنیا مانەوەی ئەم ئەنجومەنە لەسالآنی داهاتوودا بەندە بە کارو سەرکەوتنەکانی وە ئاستی تێپەڕاندنی ڕای جیاواز لەناو کۆمەڵەکەدا. ئێمە لەهەوڵی پێکهێنانی یەکدەنگییەکی ئاینین. وە پێویستە لەسەر هەندێک هەڵوێستی ڕوونمان هەبێت و تێڕوانینی ئیسلامی لەبارەوە یەکخەین، بۆ نموونە سیاسەتی بازاڕو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی. مافی ئافرەت، چەمکی دیموکراتی، دەبێت هەڵوێستمان وابێت خزمەت بە دان نان بە ئیسلامدا بکات، بەڵام دان نان بە ئیسلامدا بەم نزیکانە قسەیەکە جێگای گومانە، چونکە زەمەنێکی دەوێت کە زۆرینەی زۆری ئەڵمانییەکان بەگیانی لەخۆبردنەوە لەگەڵ هەقیقەت و ڕاستی ناواخنی ئیسلام تێبگەن.

ئەو ئیسلامەی ئەمڕۆ دیاردەیەکی زیندوو فرەڕەنگی ئەڵمانیایە، وابکرێت بەئاشتیانە لەگەڵ ئیسلام هەڵبکەن، بەڵام هێشتا ڕێگا دوورو سەختە بۆ گەیشتن بەو خاڵە. واتە تا ئەو کاتەی گەلی ئەڵمانیا بەوپەڕی چاکەو خێرەوە بۆ ئیسلام دەڕوانێت و پێشوازی لێدەکەن. گۆتە پێشبینی ئەمەی کردووە و قسەیەک دەڵێت کە واتاکەی ئەمەیە. لێبوردەیی ئەخلاقێکە پێویستە لێی تێپەڕ ببن و جێمان هێشتبێت. ئەمە دەمانگەیەنێتە دان پیانان، بەڵام قەبوڵ کردن کارێکی شەرمەزارانەیە، ئێمە نەگەیشتووین بەهیچ کام لەمانە، بۆیە من پشتگیری – ئەحمەد فۆن دنفر– دەکەم کە پێش چەند ساڵێک وتی ( ئێمە بەڕاستی شانمان نەداوەتە بەرکارەکە. ئێمە بە ڕۆشنبیری لاوەکی و ئەو شتانە خۆمان سەرقاڵ کردووە، ئەمەیە بارودۆخمان لەمە باشترمان نیە، من لەوە

دەترسم کە ئەم لێبوردنە سنوردارەش بەرەو پووکانەوە بچێت بەتایبەتی دوای مەسەلەی سەلمان روشدی و جەنگی کەنداوی دووەم کە گومانی دەست گرتنی موسڵمانانی بە دەستورەوە هێنایە گۆڕێ. وە هەروەها ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و توانای مامەڵەکردنیان لەگەڵ دیموکراسییەت، بۆیە بەم جۆرە کۆسپ و ئەگەری جیاواز دەخرێتە ڕێی دان نان بە ئیسلامدا- فەسڵی دواترمان قسەوباسی ئەمەیە.

## فەسڵی دوانزەهەم

# دوژمــن: ئیســـلام

له فەسڵەکانی پێشوودا تا ئەو ڕادەیەی گومان نەمێنێت باسم لەوە کردووە کە کەسی تازە موسڵمان بو ڕوبەڕووی زۆر گۆڕانکاری دەبێتەوە کە مەبەست لێی هەر تەنها خودی خۆی نیە، بەڵکو ئەو گۆڕانکارییە پەیوەندی ئەو بە کۆمەڵگاو هەڵوێسی دەردەخات، ئەمەش خۆی بەو ئاڕاستە دیالەکتیک دەچێت کە هەندێک جار سەر دەکێشێت بۆ کۆچ کردن. پەرچە کرداری خێزان وهاوڕێ و دراوسێ و هاوکاران لەبەردەم وشەی – سوپاس بۆ خوا من موسڵمانم بەندە بەئاستی ڕۆشنبیرییان و سروشت ڕادەی ئاینداریيان. ( دەرکردنی هەندێک بڵاوکراوە لە کەنیسەی ئنجیلی لە ناوچەی ڕورر – لە ساڵنامە و ڕۆژ ژمێری ساڵی ١٩٩٦ کە تیایدا جەژنەکانی جولەکە و مەسیحی و موسڵمانی تیا دیاری کراوە، بەڵگەی پەیوەست بوونی تاکە بە ئاینەکەیەوە جا ئەرێنی یان نەرێنی – و لە قەبوڵ کردنی بەرامبەردا )، من خودی خۆم موسڵمان بووم لەناو خێزان و هاوڕێکانمدا کێشەی بۆ دروست نەکردم. واسەیرم نەکراوە کە کەسێک بم لە ناوەڕاستی تەمەندا عەقڵی خۆم لەدەست دابێت و تێک چووبم. بگرە بەپێچەوانەوە دوای ئەوەی سەیری یەکەمین کتێبی ئیسلامیان کردم کە بڵاوم کردبۆوە. وەک – ڕێگای فەلسەفەی بەرەو ئیسلام و ڕۆڵی فەلسەفەی ئیسلامی) ئەوا دەروازەیەکی گفتوگۆم

بەسەردا والآبووە کە بکەومە وتوێژ کردن لەسەر بابەتەکانی وەک –الله– و بەراورد کردنی لێکچووکەی مەسیحییەت، بەڵام کامیان ئەوەیان لە یاد بوو کە لەجیاتی سەری ساڵ پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزان و قوربانم لێ بکەن. مەسەلەی موسڵمان بوونم لەلای دایکم زۆر لەسەر شانی قورس و گران بوو. ئەو ئافرەتێک بوو زۆر بەتوندی دەستی بە کاسۆلیک بوونی خۆیەوە گرتبوو، چونکە ئەو لەبەردەم خوادا هەستی بە بەرپرسیاریەتی دەکرد کە وا من موسڵمان بووم و تووشی بەڵا بووم.!! لە میانەی ناردنی نامەیەکدا ویستم بۆی ڕوون بکەمەوە، وتم ( موسڵمانان بڕوایان وایە کە مەسیح یەکێکە لە پێغەمبەرانی جولەکەیە، وە گەورەشیانە لە دایکبوونی لە مەریەمی پاک داوێن بە موعجیزە دەزانن. لەبەر ئەوە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو ئاینەدا –ئیسلام و مەسیحیەت دوو بژاردەم لە بەردەستدا بوو، یەکێکیان کەسێکی لاواز ئەوی تریشیان کەسێکی زۆر گەورە دایە. منیش ئەو کەسەم هەڵبژارد کە تۆ بەلاتەوە زۆر گەورەیە. لەسەر ئەم کارەم ڕوبەڕووی هیچ تەنگ پێ هەڵچنین نەبوومەتەوە. بەهۆی موسڵمان بوونمەوە کەس زیانی پێ نەگەیاندووم.

سەرۆکی ئەڵمانیا د.کارل کارستن دوای ٣ ساڵ و نیو لە موسڵمان بوونم لە١٩٨٤ مەدالیای پێ بەخشیم ( وسام الإستحقاق) هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ئەو کتێبەم ( ڕۆژانەی موسڵمانێکی ئەڵمانی) بەسەر باڵێوزخانەکانی وڵاتی ئیسلامی دابەشکرد. ئەمەش بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی و ڕێنوێن بێت بۆیان . هەروەهاwalfgang GunTer Lern کتێبەکەی لە ڕۆژنامەی فرانکفۆتر – خستە بەردەم گفتوگۆ قسە لەسەر کردن . ئەمەش لە ١٣/فبریر١٩٨٦ بەناونیشانی (ئەڵمانییەکی موسڵمان – یادەوەرییەکانی دیبلۆماتیک سەبارەت بە ئاین گۆڕین بۆ ئاینێکی تر) هیچی بەدوادا نەهات. هەر هەمان شێوەی ئەمیش لە بەدواداچوونێکی وێنەیی لەچەند لاپەڕەدا ژیانی کەسایەتی

خۆم و خێزانمی خستبووه ڕوو. لەو ڕۆژگارەدا كەس لەوەنەدوا كە دەبێت سودو قازانجی ئەڵمانیا لەچیدا بێت كاتێك كە كەسێكی موسڵمان نوێنەرایەتی دەكات، پەیوەندیشم لەگەڵ نوێنەرانی كەنیسە زۆر باش بوو. بگرە سەرچاوەی بەختەوەریشم بو زۆرێك لەوانەی دەزانن كە موسڵمان و مەسیحی وەك یەك لەسەر پشتی بەلەمێكن لە دونیایەكدا كە بەرەو دەمارگەرایی و نازانم گەڕایی مل دەنێت. لە هەندێك لە ئەندامانی كەنیسەدا سەرسام بوونم دەبینی، بەڵام (شتی تیایا بەدی دەكرا بەپێچەوانەی تێڕوانینی زۆرێكەوە كە لایان وابوو هەر گوێشم نادەنێ. نوێنەرێكی پایەبەرزی كەنیسەی ئینجیلی لە ئەڵمانیا لە میانەی ئاهەنگی یۆبێلی ٢٠ ساڵەی دروستكردنی مزگەوتی میونیخ ڕایگەیاند كە ئەو لەناو موسڵمانانەدا هەست بەشادی و بەختەوەری دەكات، چونكە ئەوان كە باسی خوا دەكەن بواری گومان بردن تیادانیە، كە بەداخەوە ئەمە لەناو هەندێك لەفەرمانگە ئینجلییەكاندا بوونی نییە. هەر ئەم كەش و هەوایەش باڵی كێشاوە بەسەر دیداری گفتوگۆی ئیسلامی- مەسیحی لە هانۆفەر- ١٣-١٥-نۆفەمبەری ١٩٩٥. كەنیسەی ئینجلی و ئەكادیمای شاهانەی ئەردەنی بۆ توێژینەوە شارستانیەتی ئیسلامی ( دامەزراوەی ئەهل یش تیایا بەشدار بوون، منیش وەك ئەندامێكی وەفدی ئەردەنی لەو گفتوگۆ بە سودەدا بەشدار بووم. ئەم گفتوگۆیانە تا ئیستا لەبواری پەیوەندی مرۆڤ دۆستانە. نەك گفتوگۆی ئاینیانە سەركەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە. ئەگەر كەنیسەی كاسۆلیكی لەكۆتایی ئەنجومەنی دووەمی ڤاتیكاندا لەساڵی ١٩٦٥ ئەوەی ڕاگەیاند بێت كەوازی لەوە هێناوە كە هەر خۆی بەتەنها- ڕۆحەكان لە گوناه پاك دەكاتەوە – وە دانیش دەنێت بە ئیسلامدا وەك ڕێگایەك بۆ ڕزگار بوون، بەڵام لەبارتەقای ئەم قسانە ئەوا ڕۆما هیچ هەنگاوێكی كرداری نەناوە كە بەشێوەیەكی لۆژیكی دەبێتە دەرهاویشتەی ئەم دان پیانانە . بەوەی دانبنرێت بە محمد –(ﷺ)- كە سەركردەو ڕێ نیشاندەری ئەو ڕێگایەیە.

وە دانی نەناوە بە قورئان وەک نیگایەکی خوایی. لەلایەکی ترەوە ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە هەندێک جار ئەم گفتوگۆی ئیسلامی- مەسیحییە هیچ بەرێکی نیە. بگرە هەندێک جار زیانی زۆرترە و نائومێدت دەکات و دەرەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. لە ١٩/ نۆفەمبەری /١٩٨٨ لە جەزائیر شتێکی وام بینی. کاتێک- کەسایەتی زانا- کۆنگ- وتارێکی پێشکەش کرد. کاتێک بەوردی لەئیسلام و مەسیحییەت ورد بۆوە بەوردی باسی هەردووکیانی کرد. خێراترین پرسیار کە ڕوبەڕووی کرایەوە ئەوە بوو ( ئەگەر جەنابت باوەڕت بەوەبێت کە تائێستا باست لێدەکرد، بۆچی تائێستا هەر مەسیحیت.؟ وەڵامی ئەمەش لەدوتوێی کتێبێکدا ئەوە بوو بەناونیشانی (بۆچی هەر بەمەسیحی دەمێنمەوە) وە بو؟!! ئیتر کوڕەکە بە ئاراستەیەکی هەڵەدا ڕۆیشت، هیچ شتێک گفتوگۆی نێوان ئاینەکان تێک نادات بەقەد ئەوەی کە لایەک بیەوێت لاکەی تر بخاتە ژێر باڵی خۆیەوە. لەئاسۆوە گرنگی ئەگەری لەیەک نزیکبوونەوەی فیقە ش- تروسکەی داوە، چونکە زانایانی ئایینی هەردوو کەنیسەکە جارێکیتر چاودەگێڕنەوەو دەکۆڵنەوە بە چەمک واتای- مەسیح- دا هەروەکو ئەوەی مەسیحییەکانی سەرەتا باوەڕیان بووە. واتە ئەو جولەکانەی بوونە مەسیحی، پاشان مەسیحییە ئاریۆسەکان. وە Harnach von Aaolf کە ساڵی ١٩٣٠مردووە سەرنجی ئەوەی داوە کە حەوارییەکان- حەزرەتی -عیسی-یان بەخوا نەزانیوەو نەیان کردۆتە خوا. واتە شایەتی دان بەوەی کە مەسیح خوایە کە دراوەتە پاڵیان — لە حەوارییەکانەوە دەرنەچووە وە دەنگدانەوەی هەقیقەتی ئیمانی ئەوان و کرۆکی بیروباوەڕیان بەو جۆرە نەبووە، ئەم ڕەوتی ڕەخنە گرتن و وردبوونەوەیەی سەرچاوەکان کە دەقەکانی پەیمانی نوێ -ئنجیل- دەخاتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە هەر لەسەدەی نۆزدەوە سەری هەڵداوە. بگرە ئەم ڕەوتە گەورەترین پایەی قایمی بیروباوەڕی مەسیحییەتی هێناوەتە لەرزە. وە ئەوەی سەلماندووە کە ئەو تاکە

شوێنەی کە بیرۆکەی سێکوچکە پەرەستی ئاماژە پێ داوە لە گوتاری یوحەنای یەکەم – اصحاح ئایەتی ٧. ساختەکارییە و ساختەکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣٨٠ دوای مەسیح.!! وە ئەو شتەی کە مەسیحییەکان زۆر پێی نارەحەت دەبن بریتییە لە بەدوادا چوونی کار و دەرەنجامەکانی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی یەکەم. کە ساڵی ٣٢٥ ز لە نیقیە _ گیرا کە تیایدا کەمینەیەکی مەسیحی توانیان ئەو قسەی خۆیان سەر خەن کە دەڵێت مەسیح خەلق نەکراوە، بەڵکو لەدایک بووە ئەوەی کە زۆر مایەی بێزاریە ئەوەیە کە بانگەشەکاری بەستنی ئەم کۆڕبەندە بووە و سەرۆکیش بووە. ئیمپڕاتۆری بت پەرست - قستنتین- بووە ئەم دەستەواژەیە ئاینیە لەسەر داوای ئەو داڕێژراوە وە بۆ مەبەستی سیاسی خۆی سەپاندوێتی ئەویش پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی وڵات بووە. دەکرێت لێرە ئاماژە بەهەوڵ وکۆششی گەورەی زانایانی هەردوو کەنیسە مەسیحی بدەین بۆ گەڕانەوەیان بۆ پێش کۆڕبەندی -نیقە- وە وەستان لەسەر ڕاستییەکان . بەتایبەت ماهیەتی خودی حەزرەتی مەسیح- کە وادەبین ئەو کەسێک بووە و خوا خۆی هەڵیبژاردووەو بەس ئەمەش ڕای هەر یەکە لە Hans kung.. shwarzenav pavl Karl Rahmer، هەروەها ئەمەش تەواو هاوڕای تێڕوانینی قورئانی پیرۆزە کە دەفەرموێت:

﴿مَّا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٞۖ كَانَا يَأۡكُلَانِ ٱلطَّعَامَۗ ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ ثُمَّ ٱنظُرۡ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾المائدة: ٧٥

سەبارەت بە کەسانی -نادینی- ئەوا دوای موسڵمان بوونم تووشی هیچ کێشەو گرفتێک نەبوومەوە لە گەڵیان ئەوان قەناعەتیان وایە ئاین شتێکە پەیوەستە بە کەسەکە خۆیەوە وە یەکێکە لەهەرە تایبەتمەندییەکانی تاک. لاشم وایە ئەوەندە لێبوردەیی دەچێتە خانە نا -مبالاة- ی لە ٤/ یۆنیۆی ١٩٦٠ تووشی هەڵوێستێکی پێکەنیناوی هاوشێوە بوومەوە. لە

و ڕۆژەدا چووم بۆ کەنیسەیەکی ئینجلی بچکۆلە ئەم کەنیسە بڕوای بە سێکوچکەیی نیە و لە زانکۆی هارفارد- بۆچوونەکەشم بۆ مەبەستی تەواوکردنی ڕێ و ڕەسمی یەکەمین هاوسەرگیریم بوو. ئەو پیاوە ئاینیەی کە لەوێ بوو هیچ پرسیاری لەبارەی ئاینەکانەوە لێ نەکردین. بەس ویستی بزانێت ئێمە کەسێکی-شاز- و هاوڕەگەزباز نین؟! لەسەر پەیکەرەکە بەشێوەی -أبجد-نوسرابو بوزا- کۆنفۆشیۆسی-عیسی- شێوازی ژیانی ئەمریکی لەم دەستەواژەیە دا کورت دەبێتەوە، هەریەکەو ئەوەی پێ خۆشە..!! یەکێکیتر لەو دیاردانەی کە بەئاسانی هەستی پێ دەکەیت ئەوەیە ڕۆژئاوا کاتێک یەکێک پێناسە دەکەن و پێشکەشی دەکەن- باس لە موسڵمان بوونی ناکەن – تاوەکو مەسەلەی زیرەکییان گومانی پێنەبرێت. لەمیانەی گەشت و گەڕانەکانمدا هەڵوێستی لەم جۆرەم زۆر بینوە ئەو کات کە وتارم پێشکەش دەکرد وەک بەڕێوەبەری بەشی زانیاری لە پەیمانی ناتۆ، جا لە وڵاتە یەکگرتووەکان بووایە یان لە ئەوروپا، کاتێک کە ژیاننامەکەم دەخوێنرایەوە باسی موسڵمان بوونم دەشاردرایەوە. وەتێبینی ئەوەشم کردووە تەنانەت بە ئاماژەیەکیش باسی کاریگەری ئیسلام و بەشداری لە گەشەکردنی ڕۆشنبیری شارستانیەتی ڕۆژئاوا ناکەن.

تائێستاش کەلێنێکی گەورەی ڕۆشنبیری و زانیاری تاکە کەسە، بەڵام بەداخەوە هەمو هەڵوێستەکان لەبارەی موسڵمان بوونمەوە پاک و بێگەرد نەبوون، وەک ئەوەی لەم چەند دێڕەی پێشوودا باسم لێ کردن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ترس و تۆقینەی لە دڵی ئەڵمانەکاندا هەیە، سەبارەت بە هەموو شتێکی ئیسلام، ئەم ترسە مێژوویەکی هەیە تا ئەو ڕادەیەی سەردەکێشێت بۆ زۆر ناماقوڵی. ئیتر خێرا ئەمەش دەبێتە دوژمنایەتی کردنێکی سەرسەختانە، ئەم ترسەش لە یادەوەری بەکۆمەڵی ئەڵمانییەکان خۆراک وەردەگرن. کە ئەڵمانییەکان نەوە دوای نەوە

لەباسی شەڕو پێکدادانی نێوان جیهانی مەسیحی و ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست بۆیان ماوە. ئیتر ئەمە لەمێشکیاندا نەسڕدراوەتەوە و زۆر ئاگایانە بوونی موسڵمانانیان لەماوەی چەند سەدە لە ئیسپانیا و نەمسا و صقلية. هەر لە یاد ماوە دیارە شەڕی خاچپەرست ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە گەورەکردنی ئەم شەڕ و فووکردن بە کوانووی دوژمنایەتی دژ بە ئیسلام و موسڵمانان. ئەم شەڕە لەگەڵ ئەوەی لەڕووی سەربازییەوە سەرکەوتن بوو، بەڵام لەو لاوە دووچار بە یەکدادانێکی ڕۆشنبیری گەورەو ترسناک بوونەوە، چونکە بۆیان دەرکەوت کە ئەو خەڵکە کافرە -بودەڵە- ی لە وڵاتی شامن خاوەنی شارستانییەکی پێشکەوتوون، بگرە لە زۆر ڕوەوە لە شارستانیەتی مەسیحی-ئەوروپی پێشکەوتوتر بوون. هەندێک لە ئەوروپییەکان هەر ئەوکاتە لەوە تێگەیشتن، ئەو ڕاستیەش زۆر بۆیان قورس بوو، کە ڕۆژئاوا ئاوابوونی بەرە بەیانێکە کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتەوە گزنگی داوە. مەسەلەی بێداری ئیسلام و گەڕانەوەی گیان و ڕۆح کە لەم چەند دەیەی ڕابردوودا ڕوویدا ئەمیش خۆی بووە هۆکارێکیتر لە هۆکارەکانی ترسانی ڕۆژئاوا لە ئیسلام. بەتایبەت کە ئەم بێدارییە پێچەوانەی هەموو ڕاڤەو شیکاری و رەمل لێدانەکانی کەسانی پسپۆڕی تایبەت بە ڕۆژهەڵات بوون، کاتێک لە ساڵی ١٩٠١ قورئان بە وەرگێڕدراوی لەلایەن Henning Max بڵاوکرایەوە ،(کە دوای دەیان چاپی جۆراو جۆری لێ چاپ کرا). وەرگێڕ لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت ( وەک دەردەکەوێت ئیسلام توانای سیاسی خۆی لەدەستداوە.) ئەم قسەیە بۆ ئەوکاتە تاڕادەیەک ڕاستییەکی تیادا بوو، چونکە جیهانی ئیسلامی ١٠٠٪ لەژێردەستی وڵاتی ئیستیعماریدا بوو، ئیتر ئەو کەسانەی ئەوکاتە ئیستیعمار و تەنانەت تا ساڵی پەنجاکانی سەدەی بیست لایان وابوو کە بە یەقین ئیسلام مردووە و تەواو بووە. تەنانەت ئەوان دەستیان کرد بە گەڕان بە دوای ئیسلامدا پێش ئەوەی خۆر ئاوابێت، تاوەکو وێنەی بگرن وەسفی بکەن، هەر وەک زانایانی

ئەنسرۆپۆلۆجیا و زانایانی بواری ڕووەک لایان وابوو کەتازە بواری گومان نەماوە کە ئیتر ئاینی خەڵکە ڕەسەنە. سەرەتاییەکە لەبەردەم تیشکی خۆری مۆدێرنەی ڕۆژئاوادا دەتوێتەوەو لە ناو دەچێت. ئەوەی کەوا بووە مایەی شۆک و نارەحەت بوونی زۆری حوکمەت و وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەو پێشکەوتنە بەرچاوی بێداری ئیسلامی و وە لوتکەی ئەمەیان لەوەدا بینی کە دەوڵەتێکی شیعەی وەک ئێران ساڵی ١٩٧٩ سوکایەتی بە ئەمریکا کرد و بەرگەی سزاکەی گرت. وەلەو لاشەوە ئەفغانییەکان سوپای سوری سۆڤیەتییان لەخاکی خۆیان وەدەرنا. زۆرێک لە ڕۆژئاواییەکان لایان وایە پێداگیری و پاشەکشە نەکردنی ئیسلام لەسەر شانۆی ڕوداوەکان دەرچوونە لە ڕیتمی کات و مێژوو، بگرە سوکایەتییەکی گەورەشە بە ڕۆژئاوا. بەتایبەت دوای ئەوەی سەرمایەداری پشتی بەرامبەرەکەی کە کۆمۆنسیتی بوو لە زەویدا و خستی. ئیتر لەوکاتەوە زۆرێک دیاردەیەک دەبینن و دیارییان کردووە کە ناویان لێناوە خۆبەزل زانینی سەرکەوتنی ڕۆشنبیری ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا. وەبەرچاوترین ڕووی ئەم باسەش کتێبی ( یەکەمجار مەقالە بوو) ((کۆتایی مێژوو)) ی نوسەر فرانسیس فۆکۆیاما، ئەوکاتە – فۆکۆ یاما- بەڕێوەبەری بەشی نەخشەکێشانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو هەر هەمان تێڕوانین لە نووسینەکانی برنارد لویس و ساموئیل هنگتۆن سەبارەت بە بەیەکدادانی شارستانییەتەکان لەبەرچاو دیارە. ئەم میراتە فکرییە ئسولییەی مۆدێرنە وا دەینێت کە دوای مۆدێرنە واتە شارستانیەتی ڕۆژئاوا- یان بە وردتر بڵێن شێوازی ژیانی ئەمریکی – باشترین نموونەیە کە مرۆڤایەتی پێی بگات. ئیتر شارستانیەتی ڕۆژئاوا کەوتۆتە خۆی بەڕێکخستنی بەهاکان دەست بەسەر کارەکاندا بگرێت. بگرە دەست بەسەر دوا ڕۆژی هەموو مرۆڤایەتیدا بگرێت. ڕۆژئاوا بەم فەلسەفە و دنیا بینییەی بۆ ژیان سیستمی ئابوری و سیاسی و ناوەندە زانستییەکان و تەکنەلۆژیا و چەمک و تێڕوانینی بۆ مافی گەلان

و زۆر بۆچوون و تێڕوانینی تری بۆ ژیان و فیکر ئەوا خۆی دەکات بە نموونەیەک کە پێویستە گەل و وڵاتانی دنیای سێ سەیری بکەن. ئیتر گەلان و وڵاتانی سێهەم دەخاتە بەردەم دوو ئیرادە کە سێهەمی نییە. یان ئەوەتا بێ هیچ کۆت و بەندێک دەبێتە ڕۆژئاوا (موسڵمانەکان بەمە دەڵێن کۆکا کۆلایی)، وەیان ئەوەتا پەراوێز دەخرێیت و لێرەوە هیچ نرخ و بەهایەکت نامێنێت و ئیتر دواتر دەبێت لە مێژوو بچێتە دەرەوە. ئەو شیکارو ڕاڤەکارانەی پێشوو باسمان کردن یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە یەک شارستانییەت هەیە هەروەها (کۆنفۆشیوسیەتیش) کە لە هەوڵی خۆڕزگار کردنە باڵا دەستی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی پەلامارەکانی بۆ توانەوەی تایبەتمەندییەکان. ئەو شارستانییەتەش شارستانییەتی ئیسلامە. ئەوەی کە ڕوونەو لەپێش چاوە ئەوەیە ئیسلام بوێرانە خۆی بە بە دیل و ئەڵتەرناتیڤی شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەخاتە ڕوو. بۆیە هەردوو =برنارد لویس و هنتنگتۆن- لایان وایە پێشبینی بەیەکدادانی نێوان هەردوو شارستانیەتی ئیسلام و ڕۆژئاوا دەکەن. ئەم هۆکارەش پاڵی نایە سکرتێری پەیمانی باکوری ئەتڵەنتی کە لەو کاتەدا -کلایس- بوو داوا لە نەخشەسازانی سەربازی بکات لەپەیمانی ناتۆ خۆیان بۆ بەیەکدادانی باکور و باشور ئامادە بکەن.

جارێکیتر هاواری(تورکەکان هاتنەوە) ئەوە بیر یادەوەری ئەوروپییەکان دەگێڕێتەوە کە چۆن بەوەی تورکەکان لە دەرگای ڤیەننای نەمسایان دا چۆن تووشی شۆک بوون، دوژمنێکی تازەیان ڕوبەڕوو بۆ ئەوە ئەویش ئیسلام و موسڵمانانن هەروەک تائێستاش عەقڵیەتی ڕۆژئاوایی لەژێر کاریگەری ئەو وێنە ناشیرین و خراپ و شێوێنراو نیشاندراوەی سەدەکانی ناوەڕاستە کە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کێشراوە کە وێنەکەیان وەک -شەیتان-کێشاوە. لەوسەردەمەدا هەرچی خراپەیەک بە زاریاندا هاتووە بەرامبەر بە پێغەمبەر دەمیان

نەگرتۆتەوە. لە ئەوروپا وەک سەختەکارو فێڵباز، ئارەزووباز و خراپتر لەمانەش ناوزەد کراوە. خاتو ئانا ماری شمیل دەڵێت (کەسایەتی محمد لە دنیای مەسیحییەتدا لەهەموو کەسایەتییەکانی تری دنیا و دووچار بە سوکایەتی پێکردن و ناوزڕاندن و ترس و ڕق لێبوونەوە کراوەتەوە، کاتێک- دانتێ- لەکۆمیدیای خۆیی- دا دەیخاتە ناوەڕاستی جەهەنەم. ئیتر ئەو بەم کارەی گوزارشتی ژمارەیەکی لەبژاردن نەهاتووی مەسیحییەکانی سەردەمی ناوەڕاست کردۆتەوە). لەڕاستیدا کەسایەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە جێگای ڕێز و تەقدیری زیاتر لەیەک ملیار کەسە ئەوا لە ڕۆژئاوادا لە ڕووی یاساییەوە هیچ پارێز بەندی نییە، سوکایەتی پێکردنی لە ڕۆژئاوادا وشێواندنی وێنەی کەسایەتییەکەی ناچنە خانەی یاساوە. بگرە لەڕووی سیاسییەوە بە کارێکی پەسەندیش گیراوە. لێرەوە موسڵمان سەیری شوێنەواری ئەو تێروانینە خراپەی دڵ و دەروونی ڕۆژئاواییەکان دەکات. بگرە ڕۆژانەش ئەمەی زیاتر لەلا دەبێت بەقەناعەت کە دەبێت سیاسەتی بانێکە ودوو هەوا لەهەموو گرفتێکدا پیادە دەکرێت ئەگەر لاکەیتر موسڵمان بێت. لەوەش سەیرتر لێبوردەیی ڕۆژئاوایە لە بەرامبەر-سۆپەر مارکێتی ئاینی- کە تیایدا هەرچی تیایە بە هەموو کەسێک دەفرۆشێت. شوێنکەوتووانی ڕێچکەی ئەنسرۆ بۆسینیا بۆ دەزگای Steiner Rudolf بوزییەکان وەکو krish-na gunger و ئەوانەی ئافرەت بە خوا دەزانن وە دەیپەرەستن وەکو mulck christerو شەیتان پەرستەکان کە ڕێوڕەسمی شەیتان بەخوا زانین پیادە دەکەن. کاتێک ئەستێرەی سینەمایی دیتشاردحیر ڕای گەیاند کە ئەو بۆتە بودایی هیچ قسەو باسێکی خراپی بەدوادا نەهات، نە تەنگی پێ هەڵچنراو نەقسەی سوکی ڕوبەڕوو بۆوە. واتە هەموو شتێک ڕێگە پێدراوە جگە لە موسڵمان بوون نەبێت، ئەگەر دەتەوێت لەمانە بە دوور بیت کەواتە موسڵمان مەبە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن ماوە ماوە زۆر بە ئەدەب و ڕێزەوە باسی لە ڕێ و ڕەسمی پەرستشی

جولەکە توندڕەوەکان دەکەن. بەتایبەتی تایەفەی her Lubevitse وەتیایدا لە یەک جیاکردنەوەی هەردوو ڕەگەزی لەیەکتری ڕێکخستنی قژی سەریان بەپێی خواستی ئاین- جۆری جل و بەرگیان، سەرپۆش دان بەسەردا، خواردن و خواردنەوە یان، سەربڕینی ئاژەڵ ونەخواردنی گۆشتی بەراز بەرچاوە، کەچی کەس باس لەوە ناکات کە مافی ئافرەت پێشێل دەکەن ، یان ئەم ڕێ و ڕەسمە ئاینییە یان کۆنە پەرەستییە، بەڵام ئەگەر موسڵمانان ئەم کارانە ئەنجام بدەن ئەوا خێرا ناو ناتۆرە یان دەدەنە پاڵ. مەسەلەی بانێکەو دووهەوا زۆرتر لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا زەق و بەرچاوە کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەبێتەوە کە باس لە تیرۆر دەکات، کەسیان باس لە هیتلەری کاسۆلۆکی ناکەن یان ستالینی ئەرسەزۆکسی نادوێن. هەروەک خۆیان لەوە دەپارێزن کە سەرکردەی سربەکان کارادیچ – بە مەسیحی ناو ببەن، بەڵام هەر عەرەبێکی چەک بەدەست ببینن ئەوا یەکسەر بەخێرایی پێی دەڵێن موسڵمانی تیرۆرسیت. جا با ئەو عەرەبە مەسیحییەکی فەڵەستینی یان بەعسییەکی خوانەناس بێت، کەس بەخەیاڵیشیدا نەهاتووە کە ئەو چەکە کۆمەڵکوژی بەسەر ناکازاکی – و هێرۆشیمادا درابە بۆمبای مەسیحی) ناو بەرێت، بەڵام ئەگەر لێرەو لەوێ قسەیەک بکرێت یان هەر شایعەیەکیش بێت کە وا فلان حوکمەتی ئیسلامی خەریکی چەکی ئەتۆمییە. ئەوا خێرا باس لە بۆمبای ئیسلامی-دەکرێت- هەروەها من قەناعەتم وایە سیفەتی دەمارگیر- هەر لە زووەوە لەسەر موسڵمانان تاپۆ کراوە. قەزافی-سەدام- خومەینی دەمارگیرن، بەڵام- میلۆڤیچ- نا هێرشە چەکدارییەکانی کاتۆلۆنیا و هەرێمی باسک و ئێرلەندای باکور ئەوا- باسکیە دەمارگیرەکان) و(کاسۆلیکییە دەمارگیرەکان) نین، بەڵکو ئەندامانی کۆمەڵەیRAi وETA-یت.

ئەم ڕەفتارە یان بەرەو سەرو هەڵکشا تا ئەوە بو شێوازێکی زۆر بێ مانای وەرگرت. موسڵمان نوێژ و ڕۆژو زیاتر هەرچییەک بکات ئەوا لەلای

خۆ یان دەیخەنە خانەی دەمارگیرییەوە. ئەگەر ڕیشی هێشتبۆوە ئەوابێ یەک و دوو لە خانەی تۆمەتباردایە، لەلایەن کارمەندانی فڕۆکەخانە و پاسپۆرت دووچار بە نارەحەتی دەبێتەوە، ( بەڵێ ئەو ڕیشەی لای خۆیان بەڕیشی گیڤارا یان دەزانی و لایان پشکەوتنە) لەهەمووان نارەحەتتر لەماوەی ڕابردوودا ئەو هەڵمەتی چەواشەکارییەیە کە وێنایەتی هەڵە ناشرین لە ئیسلام دروست دەکات لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە وە کلێپەی ترسان لە ئیسلام و شوێنکەوتووانی لە گیانی خەڵک بەردەدات وە ئیسلام لەلایەن ئەم نووسەرانەوە کرایە ئامانج peter Gerhard latour sholl , ئەوەدا ئیسلا١٩٨١)وەkonazelmamn

bAssamo stolz Rolfمەلا علی کەناری رایت-هەڵکشانی ئیسلام بەرەو ئەوروپا-میونغ-١٩٩٤) ئەمە سەرەڕای کۆمەڵێک مەقالەی تر لە گۆڤارو بەرنامەییەکاندا. خەڵکی گوێبیستی ئەم بەرنامەیە نە بووبوون (ترساندن بەناوی خواوە ١٩٩٤/٩/١٨کەناڵی TN شەڕی پیرۆز بەناوی خواوە-١٩٩٤/٩/١٥کەناڵی ( ARD RTL) باڤاریا ئەم نووسینانەی گۆڤاری BunTeهێنایە سەر خەت کە لە ژمارەی ١٩٩٥/١/١٩دا ئەم پرسیارە بکات، بڵێی مەڵبەند و چەقی هەڕەشە لە مۆسکۆ وە گوێزرابێتەوە بۆ مەکە؟..

گۆڤارەکەش بەو پەڕی بوێرییەوە بڕوای بەخۆی هەبوو کە کەس لە خوێنەرانی ئەوەندە بوێرییان نییە بڵێن وانیە و یان نەیاری قسەکەیان بن، بەڵام زۆر ترین و مەترسیدارترین هێرش بۆسەر ئاشتی ئاینی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان ئاینەکانی لە ئەڵمانیا، ئەوا دکتۆرە بسام الطیبي- کە بە ئەسڵ دیمەشقییە و مامۆستای زانستی سیاسییە لە -Got tingen رابەرایەتی دەکات. ئەم بسام-ڕۆژانێک مارکسی بووە، بەڵام لەمڕۆدا بڵێن خۆی بە- خاوەن رۆشنبیرییەکی ئیسلام دەزانێت. وە زۆر بە پڕۆژەی مۆدێرنەی ئەوروپی سەرسامە کە سەردەمانێکە لە خۆی

بەگومانە. وە ئەو- ئەگەر هەڵەنەبم- ئیسلام بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەو پڕۆژە ئەوروپییە دەزانیت. وە بە ناماقوڵ وەسفی دەكات و دەڵێت ئاینێكی شمولییە و ناتوانیت لە پێكەوە ژیانی ئاشتیانە هەڵبكات. مەقالەكەی لە گۆڤاری- شبیگل- ی ساڵی ١٩٩٤ شایەتییەكی باشی شێوازی نووسینەكانیەتی. مەقالەكەی ناونیشانێكی بریندارکاری هەبوو بەناوی نیشانی-ئاو وئاگر- بوو وە ئایەتی قورئانی لە وتارەكەیدا بەكارهێنابوو، بەڵام واتاكەی شێواند بو جارێكیتر لە مەقالەكەیدا بانگەشەی ئەوەی كردبوو كە (مەحاڵە ئیسلام و مافی مرۆڤ و تاكە كەس بەیەكەوە هەڵكەن). وە ئەو دكتۆرە موسڵمانەی نیشتەجێ ئەوروپا ئاماژە بەوە دەدات كە پێویستە بگەنە- ئیسلامێكی ئەوروپی لەگەڵ مۆدێرنە هەڵبكات و زۆرێك لە ئەوروپا و كەمێك لە ئیسلام بێت. موسڵمانانی ئەوروپا لە بەرامبەر ئەم نووسینەدا خۆیان بە منەتباری ئەو جۆرە كەسانە دەزانی!، چونكە كەسانی نا موسڵمانیش لەسەر ئەم شێواندنی ئیسلامە نارەحەت و بێزاربوون، ئەمانە لەلای خۆیانەوە بێزاری و نارەحەتی خۆیان دەربری Gerontrotterپەردەی لەسەر konzelmannلادا كەوا كەس پێشتر ئاوا پەردەی لەسەر لانەدرا بوو. هەروەهاscholl-latourلەساڵی ١٩٩٣ دابەمە لەلایەن klemm veronaبەهەمان دەرد برا. وە لەهەمان ساڵدا Bolke porothcaپەردەی لەسەر هەموو ئەمانەی پێشتر باسمان كرد لاداو ڕاستییەكانی خستە ڕوو. وە هەردو ڕەخنەگرGlTch eher lung mara Heim bach , لەساڵی لەمیانەی چارەسەركردنی تێكشكاندنی بیری. بسام الطبي- سەرنجیان بۆ ئەوە ڕاكێشا كە ئەو بەردەوام خەریكی ئاگاداركردنەوەی ئەوەیە كە لەمیانەی -تحدی كردنی- كەسانی- ئیسلامی ئوسوڵی گەڕاوە. ئەوروپا ڕوبەڕووی مەترسی دەبێتەوە. وە مەبەستی لە ئوسوڵ گەراكان تەنانەت ئەوانەشە كە وشەی-قورئان- ئیسلامی- بەكاردەهێنن. ئەو دوو ڕەخنەگرە لای خۆیانەوە گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی كە وێناكردنی یەكلایەنە ئەوا دەرەنجامەكەی كەش

و هەوایەکی پڕ لە ڕق و کینە بەرهەم دەهێنێت. توانایەکی زۆر لە دوژمنایەتی و ڕق وایکرد لە ٥٠ساڵی پێشوودا جولەکە قڕ بکرێن، وەهەر وەک چۆن لەئەمڕۆدا موسڵمانانی یوگوسلاڤیا ڕوبەڕووی کوشت و بڕدەبنەوە. وە Heller Marleوەک ئەوانیتر تێڕوانیکی هەیە کە جیهانی ئیسلامی لەمیانەی گەشەکردنی جیهان بەرەوە دیموکراتییەت ومافی مرۆڤ حاڵەتێکی- شازەو- نەرێنی-یە-. واتە سروشتی موسڵمانان وایە کە ناتوانن لەگەڵ لە دیموکراتییەتدا هەڵبکەن. هەندێک لایان وایە ئەم تەرزە لەبیرکردنەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی تری ڕەگەز پەرەستی رۆشنبیری لە چوارچێوەی دوای مۆدێرنە. ئەم بیردۆزەش لەلایەن کۆمەڵێک مەقالەوە بەناونیشانی(دیموکراتیەتی بێ دیموکراتییەکان ) تێکشکێنرا. خانمە زانای موسڵمانی ئەڵمانیBoon Gudrun kramer بەهەوڵ وکۆششکی زۆرەوە لەم کارەدا بەشدار بوو. ئەم لێکۆڵینەوانە بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو بە ئەو دەرەنجامە گەیشتن کە ئاین هیچ پەیوەندییەکی بە زوڵم و زۆرداری جیهانی ئیسلامیەوە نیە. وە هیچ ناکۆکی و دژایەتی بوون لەنێوان موسڵمان بوون و دیموکراتی بووندا نیە. بگرە بە پێچەوانەوە سیستمی دەسەڵاتی نا دیموکراتی لە جیهانی ئیسلامیدا هیچ پاڵەپەستۆیەکی لەسەر نییە کە بەرەو دیموکراتییەت بچێت، مەگەر ئەوانە نەبێت کە لەلایەن بزاڤە ئیسلامییەکانەوە لێیان دەکرێت قەت هاوشێوەی ئەمان ڕۆژئاوا پاڵەپەستۆی نەخستۆتە سەریان. لەچەند قسەیەکی تردا: ئیسلام تاکە مەترسییە کە ڕوبەڕووی دەسەڵاتدارانی ستەمکاری جیهانی ئیسلامیدا دەچنەوە. نەک ئەوەی بە گژ ئەوروپادا بچنەوە. ئەوانەی واسەیری موسڵمانان دەکەن کە دوژمنی یاساو دەستورن، ئەوا لە ڕاستیدا دوژمنی ئەو سیستمە شمولییە ئیسلامییەن کە تایبەت بە مافی مرۆڤە. ئەو سیستمە کە مل کەچ و گوێ لە مستی مرۆڤ نییە، بەڵکو یاساو دەستورێکی خواییە. هەروەک نەیاری توانای دیموکراتی بوون و هەنگاونان بەرەو دیموکراتیەتی

دەكەن. سەرەڕای ئەمەش خۆیان لە ئاست مافی كەمایەتییەكان كە ئیسلام بۆیانی دەستەبەر كردووە كەڕ و كاس دەكەن. شەرع زانانی ئیسلام بەدرێژای مێژوو بەشێوەیەكی چڕوپڕ. خەریكی باس لە خواسی بارودۆخی یاسایی پابەندبوونی یاسای موسڵمانانی نیشتەجێ وڵاتانی ناموسڵمانن، لەو كەسانە- الماوردی-١٠٥٨كۆچی كردووە) كە ئەو پشتگیری ئەو ڕایە دەكات كە دەبێت موسڵمانان یاسای وڵاتی خانە خوێ پیادە دەكەن. لە مەزهەبی حەنەفی پێیان وایە كە موسڵمان لە وڵاتێكی مەسیحیدا نیشتەجێ بوو دەشبێت قازانجی پارە -سود- وەرگرێت، چونكە ڕێنماییەكانی قورئان تایبەتن بە سیستمێكی ئابوری كە لەوێ پەیڕەو ناكرێت. ئیتر چۆن و لەكوێ وە موسڵمانانی ئەڵمانیا- لە سایەی ئەم یاسایەدا بەوە تۆمەتبار دەكەن كە وا هەر هەموویان دوژمنی دەستور و یاسان؟! بەڵام ئەگەر قورئان بە دوور لە سیاسەتی گشتی بخوێنرێتەوە و پەڕە بە پەڕە بە دوای كەموكورتی لە مافی مرۆڤدا بگەڕیت تیایدا، كەواتە دەبێت ئەم كارە لەگەڵ پەیمانی نوێ-ئنجیل-یشدا بكەن. بۆ نموونە هەندێك دەقی گوماناوی لە پەیامی یەكەمی پۆلس-دا بەرچاوە كە ئاڕاستەی خەڵكی كۆرتكۆس -ی كردووە. تیایا دەڵێت (سەبارەت بەوەی بۆمنتان نووسیوە باشترە بۆ پیاو ژن نەهێنێت)[(١)]*.

وە (چونكە ژن دەسەڵاتی بەسەر لەشی خۆیدا نییە) وە لەشوێنكیتردا دەڵێت (ئەگەر تۆ ژنت هەبوو داوای جیابونەوە مەكە، بەڵام ئەگەر ژنت نەبوو مەگەرێ بە دوای ژنهێنان) -ئۆرنسۆس٧-٢٦. وە لە قسەكانی پۆڵس لە پەیامی ئاڕاستەكراوی تیمۆتاوسدا هاتووە (ژن دەبێت بەبێ دەنگی و ملكەچی فێر بێت من ڕێگا نادەم بە ژن خەڵكی فێربكات و زاڵ بێت بەسەر پیاودا، چونكە خودا یەكەمجار ئادەمی دروست كردووە ئینجا حەوا) ٢-١١. وە دەتوانم لێرەدا شایەتییەكی تر لە قسەكانی پەیامی

---

(١) * ئینجیلی پیرۆز-چاپی دوەم ١٩٩٩-ل٣٨٤

یەکەمی پەرترۆس بهێنینەوە (هەروەها ئێوەش ئەی ژنەکان گوێڕایەڵی مێردەکانتان بن). ئەم رەوتەی کە دەیەوێت هەڵەی بەرامبەر تۆمار بکات لەکەسانی خاوەندارانی مەسیحی ئەوا هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە مافی دیموکراتیەتیان نییە. هەروەک ئەوانەی کە ئاماژەمان تێدا لەگەڵ جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەککگرتوەکان پێچەوانەیە(١)**.

ئەمە جۆرێک لەخۆ لەگێلی دان و نەزانینە، کارێکی مەترسییە لە ئیتر لەپای چی وا بەرەو ڕووی ئیسلام دەبنەوە؟ کەس تووشی سەرسوڕمان نابێت ئەگەر دان بەم راستییەدا بنێن، وا دەزانم کەسیش دژی راکەمان نییە کە: گەشەپێکردنی ڕەوتەکانی دژ بەئیسلام وپشتیوانی لێکردنی شوێنەواری خۆیان لەسەر سیاسەتی باڵاو بڕیارە چارەنووسسازەکان جێبهێڵن. بەرچاوترین نموونە لە مێژوویەکی نزیکدا هەردوو وڵاتی- جەزائیر و هایتی- یە لەهەردوو وڵاتدا دوو سەر کردەی ئوسوڵی هەڵبژێردران بەهەڵبژاردەکە لەڕێی کەناڵی دیموکراتییەتەوە بوون، بەڵام ئەم گەشەکردنی دیموکراتییەتە لە ڕێگەی کودەتی سەربازییەوە سەرکوت کراو دیموکراتییەت پەککخرا. هەریەکە لە نەتەوە یەککگرتوەکان و ئەمریکا هاتنە ناو یەکێک لەو وڵاتەکە - هایتی-بوو. ئەمریکا هێزەکانی مارینزی خۆی دابەزاندە سەر هایتی، بەڵام لە جەزائیردا ئەوا حوکمەتەکانی ئەوروپا کە کودەتای سەربازی بەسەر عباس مەدەنی-دا کرا ئەوا خۆشی خۆیان نەشاردەوە لەبەر ئەوەی -عباسی مەدەنی ئیسلامییەکی ئوسوڵی بوو، بەڵام -ئەرستید-ی هایتی مەسیحییەکی ئوسوڵی بوو. لەڕوانگەی ئیسلامەوە ململانێی بۆسنە شایەتحاڵێکی بەرچاوە بۆسیستمی بانێکەو دووهەوا، وڵاتێکی بچووکی ئەندامی نەتەوە یەککگرتوەکان کە بۆسنەیە- هەروەکو کوێت- کەوتە بەر هێرشی داگیرکاری وڵاتانی دراوسێی، بەڵام جوڵەی نەتەوە یەککگرتووەکان تەنها

---

(١) ** ئینجیلی پیرۆز-چاپی دوەم ١٩٩٩-ل٥٤٠

کەوتە ئەوشوێنەی کە بەرژەوەندی-نەوت- یانی تیایدا بوو. جارێکیتر دەگەڕێنەوە بۆ-بۆسنە-قوربانیانی کوشتارگە بە موسڵمان ناو دەبران، بەڵام چەقۆکێش و دەستدرێژکاران ئاماژە بە ئاینەکەیان نەدەکرا. دەزگاکانی ڕاگەیاندن خۆیان لەقەرەی ئەوە نەدەدا کە ڕەشەکوژ و چەقۆ بەدەستەکان بەمەسیحی ئەرسەزۆکس و کرواتی کاسۆلیک ناوبەرێت، بەمەرجێک هەموولا ئاگاداری تاوانکاری سڕبەکانن و چەندە تینووی خوێنی شەڕی ٦٠٠ساڵ لەوەوپێشن لە polge kosovoکە هەر یەکە لە پەتریارکی سڕبی ئەرسەزۆکسی و یۆنانی ئەرسەزۆکسی فوویان لە کورەی شەڕ دەکرد وئاگرەکەیان خۆشتر دەکرد. ڕۆژئاوا زۆر جەختی لە ئەوە دەکردەوە کە ڕەشەکوژی و پاکتاوکردنی ڕەگەزی کە موسڵمانانی بۆسنی ڕوبەڕووی بوونەتەوە ئەوا هیچ پاڵنەرێکی ئاینی لە پشتەوە نییە، بەڵکو خۆپەرستی و بەرژەوەندی گەلانە و لە سیاسەتی وڵاتانە، بەڵام موسڵمانان بڕوایان وایەکە پاڵنەری ئاینی ڕۆڵی سەرەکی لە ئاراستەکردنی ململانێی بۆسنەدا گرتەبەر. ئەم هەڵوێستە هاوشێوەی شکستی ساڵی ١٤٥٣ڕۆژئاوایە .کاتێک قستنتنیە- کەوتە دەست سوڵتانی عوسمانی لاو -محمد الفاتح- بەڕوونی لە کتێبەکانی Reinci- steven manڕق و بێزاری کاسۆلیکەکان لە ڕۆما و ڤینیسیاو پاریس و بەرامبەر کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی-مرتد-لە ئاین دەرچوو دیارە وە ئەو دوژمنایەتییە بووە هۆکاری سەرەکی و خاڵی یەکلاکەرەوەی ئەوەی کە واز لە ڕۆمای ڕۆژهەڵات بهێنن بۆ عوسمانییەکان.

بەهەرحاڵ موسڵمانان ئەوە باش دەزانن کە ڕۆژئاوا لە ڕووی سەربازییەوە هێرشی نەدەکرد ئەگەر سڕبەکان- بەو هەموو تاوانەی کە ئەنجامیاندا موسڵمان بوونایە- وە بۆسنیەکانیش بەو هەمو ئازار و نارەحەتییەیان مەسیحی بوونایە. ئێمە بڕوای تەواومان هەیە کە ئەوکاتە چەخماخەی شەڕێکی گەورەی دژ بەو موسڵمانانەن ڕەشەکوژ و دژ بە

مرۆڤانە ڕادەگەیاند، لە هەموو ئەمانەش ناوی مافی مرۆڤ، بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەهای مرۆڤایەتی ڕۆژئاوایی پاکانە دەکرد. وە قەتیش باوەڕم نەدەکرد کە قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەک بە بۆسنەی کاسۆلیکی ڕوویدات لەمەسەلەی چارەسەرکردنی قەیرانی بەڵکاندا ڕۆژئاوا خۆی بنەماو ڕێسای پەیمانی ئەتڵەنتی کەڕ کرد کەبەردەوام دەگەڕایەوە سەری لەسەر ئەم بناغەیە موسڵمانان بەو دەرەنجامە گەیشتن گویێ پێ نەدان و پشتگویێ خستنیان چارەنووسی گەلانی ئیسلامی ئەوروپایە، دەکرێت پاشبەندی ئەم بۆ چوونە ئەوە بێت کە ناکرێت بڵێن هەموویان وا بوون، چونکە زوڵمە لەهەندێکیان کە حەزیان بەبێ لایەنی بوو ئەویش لەبەر هەندێ هۆکاری بابەتی دوور لەئاین سیناتۆرێکی ئەمریکی هاواری ئەوەی کرد ((شەڵا موسڵمانەکان دۆلفین بوونایە))!! ئەمەش ئاماژەدانە بە کۆمەڵەی ئاشتی سەوز کە بایەخ بە دۆلفین-دەدات، بەڵام هەموو ئەمانە هیچ لە تێڕوانینی موسڵمانەکان سەبارەت بە ڕۆژئاوا ناگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی -کە زۆریش دواکەوت. لە پاییزی ١٩٩٥دا هاتە ناو باسەکەوە ئەوا زۆرێک لە موسڵمانان لەئێستاو لە داهاتووشدا بە جۆرێک لە گاڵتەو لاقرتێ لە چەمکی مافی مرۆڤ و دیموکراتییەت ڕۆژئاوا دەڕوانن. لە زۆرگەنجی عەرەبم بیستووە کە مافی مرۆڤ تەنها- بۆ قژکاڵ و چاو شینەکانە!!!

بەسروشتی حاڵیش لەو گلەییانەی کە لەلایەن ئەڵمانی نا موسڵمانەکان ئاڕاستەی موسڵمانان دەکرێت تێدەگەم کە موسڵمانان چەند بە سیما و دیاردەکانی دژایەتی کردنی ئیسلام ناڕەحەت دەبن، بەڵام بەگوێرەی ئەو توندوتیژییەی کە ئاراستەی کەسانی بیانی دەکرێت- لە زۆرینەی جار موسڵمانانن. ئەوا ئەم ناڕەحەت بوونەی موسڵمانان لە جێی خۆیەتی بەتایبەت ئەگەر لە ڕابردووی نزیکی سەردەمی سۆسیالیستی نەتەوەیی

ئەڵمانی بڕوانین. ئەوا نیو سەدە تێ نەپەڕیوە بەسەر هاوڵاتیانی ئەڵمانی کە لە نیشتمانی خۆیاندا بە ژمارەی زۆر ڕووبەڕووی ئازار و ناڕەحەتی دەکرانەوە. تاکە تاوانیشیان جیاوازی ئاین وپۆشاک ودابونەریت بوو، بگرە یان ئەوەتا بەزاراوەی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی قسەیان کردووە. مەسەلەی دۆژمنایەتی کردنی سامییەکان کە ڕیشەیەکی قوڵی لە ئەوروپادا هەیە ڕێگەی داوە کە ئەم کارە بکرێت لە ناویشیاندا لە ئەڵمانیا. ئەم دوژمنایەتییە وای کردووە کە هیچ بەربەستێکی ئەخلاقی بەری پێ یە و دوژمنکارییە نەگیرابێت. موسڵمانەکان لە وە دەترسن کە ئەگەر سەرهەڵدانی میکانیزمێکیتری لەو شێوە بێتە گۆڕێ، بەڵام ئەم جارەیان ئاراستەی گەلێکیتری سامی بکرێت ئەوانیش عەرەب و ئاینە کەیان، واتە دژایەتی سامی عەرەبی.(کاتێک کە دوانامەم لەمەکەوە بۆ دایکم نارد وتی – با لە لای عەرەبەکان بمێنێتەوە). زۆر دەبیستم کە گۆڕانکاری لەو جۆرە ڕوو نادات. منیش پێم خۆشە باوەڕ بەمە بکەم، بەڵام هەرنیەت باشی بەس نیە. تەنها قسەش هیچ نیە، بەڵام دەبێت ڕێگری بکرێت لەوەی کە موسڵمانان بڵێن توانای هەڵسوکەوت کردنیان لەگەڵ دیموکراسیەت نییە و دوژمنی دەستورن. وە کەمترین ڕێز لە مافی مرۆڤ ناگرن. وە شەوان لە هەوڵی دروستکردنی کۆماری ئیسلامی جەرمەستانن کە دەسەڵاتداری ئاینیە. من هیوادارم قسەکردن دژ بە ئیسلام لە ئەڵمانیا بەوریاییەکی زیاترەوە بکرێت. ئەمەش لە هەندێ ناوەند و بواردا دەبینم، بەڵام لەلایەکی ترەوە موسڵمانان دیاردەیەکی نیگەرانی تر دەبینن کە ئەویش ئەوەیە لەڕووی سیاسییەوە شیاو نییە هەڵوێستێکی پۆزەتیڤت لەبارەی ئیسلامەوە هەبێت. واتە کەمێک لەگەڵ ئیسلام هاوسوزی دەربڕین.!!

ئەلیکس توکفیل( ١٨٠٥_١٨٥٩)سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە دەکرێت میکانیزمی دەستە جەمعی و ئامراز لە ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی تەنانەت لە سیستمە دیموکراتی لیبرالییەکانیشدا بوونی هەبێت.

ئەم ڕاو بۆچوونانەی لە چوارچێوەی کتێبکدا خستۆتەڕوو بەناونیشانی- دیموکراتییەت لە ئەمریکا. هەرواش بوو ئەمریکا تووشی هیستریای مەکارسی-بوو کە خۆی لەو شەڕەدا بینییەوە کە سیناتۆر جۆزیف مەکارسی پەرلەمانتاری ویلایەتی -وێنکنس- هەڵی گیرساند دژبە (چالاکی نامەشروع و نا ئەمریکایی) هەروەک لە قسەکانیدا دەردەکەوت. ئەگەر لەمڕۆدا مامەڵەی تیۆری لەگەڵ سۆشیالیستیدا یاساغ نەبێت و بەدواداچوونی یاسایی بەدوادا نەیەت. ئەمە مانای کۆتایی مەرگی- مەکارسیی- نیە. ئەوەی نەیارە ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە بەجۆرێکیتر تۆمەتەکەی ئاڕاستە بکرێت ناونیشانی جیاواز لە تۆمەتی بۆ بدۆزنەوە. ئێستا تۆمەتی- نا ئەمریکی – نادرێتە پاڵ، بەڵام تاڕادەیەک لەگەڵدا بەکاردێت کە واتای ئەوەیە کە ئەم (بیرکردنەوەیەکی سیاسی نا دروستە).

ئیتر کەسەکە لە مڕۆدا خۆی ڕوبەڕووی تۆمەتێکی کوشندە ( کوشندەی سیاسی و زانستی) دەکاتەوە ئەگەر لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بچوکترین دەست پێشخەری ئەوە بکاتەوە یان گومان دروست بکات لە بارەی ئەم -٣تابۆ- محرمات-انەوە:

١- یەکسانی پیاو ژن

٢- یەکسانی سپی پێست و ڕەش پێست

٣-پەیوەندی سیاسی دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ هاوشێوەکەی کە جولەکەیە.

لە زستانی ١٩٩٤ لە ڤیەننا- کۆنگرەیەک لەبارەی ( ئەوروپا و ئاینەکان لەنێوان شەڕی ئاینی و لێبوردنی مەدەنیدا) بەسترا. لێرەدا RoBert spaemannدانی بەوەدا نا کەش و هەوایەکی نالیبڕاڵی باڵی بەسەر ئەوروپادا کێشاوەو بەناوی لیبڕاڵیەتی گەردوونیشەوەیە. لەبەر ئەوەی نەبوونی مەزهەب زیانی کەمتر نییە لە بوونی. بەکورتی لیبڕاڵییەکان لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکانی غەیری خۆیدا لێبوردەیی نییە. واتە ئەمیش وەک هەر

ئایدۆلۆژیەکی تر خاوەنی زەمینەی سیستمی فیکری خۆیەتی، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە نابنە بیرکردنەوەی سیاسی دروست لە وڵاتەکەماندا. تابۆ- محرمات- لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. دەرخستنی هەڵوێستی باش بەرامبەر بە ئیسلام لە ئەمریکادا بەهەڵە دانانرێت. کەچی لە ئەڵمانیا و بەریتانیا هەڵەیەکی گەورەیە بگرە کوژەریشە.( ١٩٩٥/١٠/٢) کە سەردانی خانەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی خۆمم کرد بەئینگلیزی پێیان وتم کتێبخانە وخانەی بڵاوکردنەوەکان شەرم دەکەن لەوەی کتێبەکانم لە ڕووکاری دەرەوەی کتێبخانەکەدابنێن، چونکە دانانی کتێبێک کە بە باشە باسی ئیسلام بکات لە ڕووکاری کتێبخانەکە کارێکی خوازراو نیە. من خۆم بوومە قوربانی دەستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دوای ئەوەی لەلایەن خانەی بڵاوکردنەوەی Diederichلەسەرەتاکانی ساڵی ١٩١٢ کتێبی- السلام کبدیل-م بڵاوکرایەوە ئەوا لە کۆتایی مانگی -مارس-ی هەمان ساڵدا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تایبەت وەک ARDوێڵد و -یەکشەممە- ناونیشانی کتێبەکەم بوو وە مایەی ئەوەی هەڵمەتێکی چڕوپڕم بکرێتە سەر. تۆمەتی زۆریان دایە پاڵم، لەوانە من پشگیری ئەوەم کە پیاو زیاتر لەیەک هاوسەری هەبێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەم لەئافرەت بدرێت وە دەستی بپەڕێنرێت و زیناکار ڕەجم بکرێت، بگرە گۆڤارەکە زیاتر پێی لێ هەڵبڕی و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە من ئەو ئافرەتانەی لە باڵوێزخانە لەگەڵ مندا کاردەکەن ناچارم کردوون کە سەرپۆش بپۆشن. لوتکەی ئەم هەڵمەتە لەقسەکانی خانمە جێگیری سەرۆکی پارتی سۆسیاستی دیموکراتی ئەڵمانیابوو SPDکەلە هەمانکاتدا پسپۆری کاروباری یاسایی پارتەکەش بوو لە یەکەمین مەقالەیدا نووسیبووی: (ئەم پیاوە بەکەڵکی ئەوە نایەت بێتە باڵوێزی وڵاتەکەی و نوێنەرایەتی بکات.) وە داوای لە وەزیری دەرەوە کردبوو کە بەزووترین کات کتێبەکەم بخوێنێتەوە. بۆ ئەوەی کارێکی وا بکات کە ئەم پیاوە نەبێتە نوێنەری وڵاتەکەمان (لەگەڵ ئەوەی چەپەکان لەگەڵ دەرکردن لەسەر کار نین) وە وتی کە

(ئەم کتێبە کاری مرۆڤێکی سادەو بێ ئاگایە تەنانەت نازانێت بنەمای دەستوریشمان چییە؟ کاتێک ئەم خاتوونە داوای لە وەزیری دەرەوە دەکرد تا کتێبەکەم بخوێنێتەوە شوێنی تۆمەتەکانی بزانێت ئەوا بۆ خۆی کتێبەکەمی نەخوێندبۆوە، چونکە هێشتا کتێبەکەم دەرنەچووبوو.!! بەڵام کاتێک کە پشکنین و گەڕانیان بۆ کردم و چاویان بە کتێبەکەدا گێڕا ئەوا گەیشتنە ئەو قەناعەتەی هەرچی ئەو بانگەشەو هەراو هوریایە هەبوو کە دابوویانە پاڵم ڕاست دەرنەچوون و هەمووی درۆ و بوختان بوون، وە قورئان ڕاستی فەرمووە لە سورەتی ٥٣ ئایەتی ٢٨دا . هەموو ئەمانە لەکاتی بەرەوپێش هاتنی مانگی ڕەمەزاندا بوون، زۆر بەئارامییەوە ڕۆژوەکانم گرت .ئیتر من زۆر ئەو ئایەتەم بیردەکەوتەوە لە( سورەتی ٢٩–ئایەتی٢) دایە وە هەروەها سورەتی٤ئایەتی١٣٢.

هاوڕێکانم لەبەرامبەر ئارامی و لەسەر خۆی من بەرامبەر بەو هەڵمەتە گەورەیە سەریان سوڕمابوو کە ئاڕاستەی کەسایەتی من دەکرا، بەڵام من ئەوکاتە- یەقینی تەواوم هەبوو- هەروەک ئێستاش هەروام – کە ئەو بانگەشەیە لە ئەودیو کەسایەتی منەوە بوون. ئەوان مەبەستیان لێدان لە ئیسلام بە گشتی و موسڵمانانی ئەڵمانیا بەتایبەتی بوو. لەڕوانگەی ئەوانەوە من هەڵەبووم .هەڵوێستی ئەرێنی منیان ١٩٩٠ لەڕووی سیاسییەوە بەدڵ بوو، بەڵام ١٩٩٢دا هەڵوێستمیان بە دڵ نەبوو. ئەمەش هەڵوێستی نوێنەری دەزگاکانی ڕاگەیاندنە کە کار بەچەمکی بنەڕەتی- گوێ لەوی تریش بگرە- کاربکەن ئەمەش لەکاتی گەرمەی هەڵمەتی تۆمەتبار کردنم. ئەوان پێویستیان بەوە نەبوو کە من بەرگری لەخۆم بکەم، چونکە من پێشتر تاوانە گەورەکەم ئەنجام دابوو کە بە ئاشکرا گوتبووم( من موسڵمانم).

لەپایزی ١٩٩٥یشدا هەڵوێستێکی وا دووبارە بۆوە ئەویش هەوڵدان بو بۆ زۆر لێکردنم لەمیانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ ئەوەی

هەڵوێستێکی- لەڕووی سیاسییەوە شیاو- بەسەرم دادەن ئەمەش سیاقیکارێکدا کە ئیسلام لایەنێک بێت تیایا. ئەم جارە کەسایەتی گەورەو بەرچاو خاوەن پلە و پایەی دیار ئەویش زانای گەورەی ئیسلامی ئەڵمانیا- ئاناماری شمیل بوو کە ویستیان خەڵاتی ئاشتی یەکێتی نووسەرانی ئەڵمانیای ساڵی١٩٩٥ ی بدەنێ. بەڵی بیدەن بەو خانمە زانایەی کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەوڵاتانی ئیسلامییەوە هەیە بەتایبەت- پاکستان- ئەم خانمە پێشتر بەرپەرچی فەتواکەی کوشتنی سەلمان روشدیدا بۆ وە کە لەلایەن خۆمەینەوە دەرچوو بوو وە فەتواکەی بە ( تۆقێنەر و مەترسی دار) پێناسە کردبوو.

ئەم قسەیەی لەلایەن ڕای گشتی هەڵوێستێکی سیاسی قەبوڵ کراو بوو، بەڵام هەر لەوێشدا ئاماژەی بەوەدا بوو کە سەلمان روشدی( بەم کارەی هەست وسۆزی زۆرێک لە باوەڕدارانی بریندار کردووە) وە ( من موسڵمانم دەبینی لە نارەحەتی نووسینەکانی کتێبەکە دەگریان). ئەم خانمە موسڵمان نییە، بەڵکو لێکۆڵەرەوەیەکی مێژووی ئاینەکانە. کەچی دووچار بە شۆکێکی گەورە بۆوە لەگەڵ ئەوەی هەموو قسەکانی ئەم لەسەر -رۆمان-ێک بووە، بەڵام دان نان بەو ڕاستییە و گوزارشت دان لە هەست و سۆزی خۆی لەڕووی سیاسییەوە شتێکی قەبوڵ کراو نەبوو وە لەلایەن ڕای گشتییەوە لێی قەبوڵ نەکرا.وە سەبارەت بە قوتابی و هاوڕێکەی Rotter Gernot کە گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و لە گۆڤاریspiegelبڵاوکرایەوە ئەوا ئەوەی ڕەت کردەوە کە ئایەتەکانی شەیتان – هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر جیهانی ئیسلامی هەبێت. وتی (من هەر لەسەر ڕای خۆمم-محمد- لە کێشەکەی سەلمان ڕوشدیدا سوکایەتی پێ نەکراوە)، کەچی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لەلایەن نووسەرانەوە ڕووبەڕووی هەڵمەتی هێرشکردنە سەر بۆوە کە چەند مانگێکی پێچوو کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون خەڵاتی ئاشتی پێ نەدرێت

ئیتر هەڵمەتەکە تا کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە لە ١٩٩٥/١٠/١٥ بەردەوام بوو. وە لەهەڵمەتەکەدا ئەو قسەیە زەق کرایەوە ئەم کەسایەتییە شایەنی ئەوە نییە زانا بێت. ئەو لەگەڵ مادەکەی خۆیدا کە -ئیسلام-ە زۆر هاوسۆزە کە لە ڕووی سیاسی و زانستییەوە قەبوڵکراو نییە، ئیتر قسەو باسی خەڵاتی ئاشتی ڕای گشتی ئەڵمانیای بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد تا ئەو ڕۆژەی دیاریکراوە دیارییەکەی وەرگرت. دەبێت سوربوونی خەڵکەکە لەسەر بەدواداچون بۆ ڕووداوەکانی لەبەرچاو بگرێت، چونکە ئەگەر خەڵاتەکە بە هۆی لایەنێکی دیاری کراوەوە بکێشرایەتەوە و نەبەخشرایە ئەوا ئەودەم یەکێتی نووسەران دەکەوتنە ژێر پرسیارەوە ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدار بوو ئیتر ئەگەر وابوایە -کە وا نەبوو- ئەودەم وەک ئاگادار کردنەوەیەک دەبوو هەڕەشەیەکیش دەبوو بۆ سەر ئازادیی ڕادەربڕین و گوزاشت دان لە قەناعەتی خۆت کە خەڵکی ئەڵمانیا هەیانە.

سەرۆکی بەشی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی لە -بۆن- هەوڵیدا لەمیانەی لێدوانێکدا سەرنجی خەڵکی بۆئەوە ڕابکێشێت هەوڵێک هەیەکە دەیەوێت خاتو ئاناماری شمیل بەهۆی گەیاندنی هەواڵی خراپەوە سزابدات، بەڵام مامۆستاwild دەیتوانی پەنجەی تۆمەت ئاڕاستەی Rot- Getonter درێژ بکات کە کەلەڕەقی وای لێ کردووە ئەوروپا بەتاکە چەقی گەردوون بزانێت. سەرۆکی وڵات باش لەکەش و هەوای فیکری وڵات تێگەیشتووە، بۆیە ڕایگەیاند کە خۆی لە ١٩٩٥/١٠/١٥ لەکەنیسەی بادل لە فرانکفۆرت خەڵاتەکە پێشکەش دەکات، قسەکانی-عمدە-ی Betra Rothهەروا لە خۆڕا نەهاتوون کە ئیسلامی وەک دوژمن پێناسە کرد. هەروەک وتارەکەی سەرۆکیش هەروا لە خۆڕا نەبوو کە لە وتاری ئاهەنگەکەدا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دوا کە دەیانەوێت ڕایەکی تایبەت بەسەر ڕای گشتی بسەپێنن. من پێم باش بوو ئاماژە بە ئەم دیاردەیە

بکات لە -ئەڵمانیا-دا، چونکە ماوەیەکە دیاردەی لێنەبوردەیی فیکری لەم وڵاتی ئەڵمانیادا هێلانەی کردوە.

من پرسیار دەکەم، ئەگەر لە ئەڵمانیادا دەست بە دەممانەوە گیرا، ئێمە بەرەو کوێ هەنگاودەنێین، چونکە لەبارەی ڕاستییەکەوە دەدوێت کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو یەک نایەتەوە چیمان لێدێت ئەگەر مامۆستایان و زانایانی ئەڵمانیا ئەو مافە بەخۆیان بدەن کە ببنە ئاڕاستەکاری هەست و سۆزی زیاد لەیەک ملیار کەس (کە حەز بە چارەیان ناکەن). خوا ئەڵمانیا بپارێزێت -نەک لەموسڵمانەکان- بەڵکو لەبەرامبەر لێنەبووردەیی ئوسوڵی گەرایانی لیبڕاڵی کە ئیسلام وەک دوژمن وێنە دەکێشن .!!

# نــاوەڕۆك

پێشەکی----------------------------------------------٥
فەسڵی یەکەم: گەشت بەرەو مەككە ----------------------------٦
فەسڵی دووەم: ڕێگای فەلسەفە بەرەو ئیسلام------------------- ٣٦
فەسڵی سێیەم: نوێژ پایە گرنگەکەی ئیسلام -------------------- ٥١
فەسڵی چوارەم: بەئاگاهاتنەوەی دواى بێهۆشی------------------ ٦٣
فەسڵی پێنجەم: تاقیکردنەوەی خۆڕاگری ----------------------- ٦٩
فەسڵی شەشەم: لەگەڵ مسوڵمانان لەسەر سفرەی نان خواردن--- ٧٧
فەسڵی حەوتەم: قــەزاو قــەدەر ---------------------------- ٨٨
فەسڵی هەشتەم: خۆشەویستی ماڵی دونیا----------------------١٠٢
فەسڵی نۆیەم: بەدوای ئافرەتانی مسوڵماندا بگەڕێ -------------١١٠
فەسڵی دەیەم: مرۆڤایەتییەکی سارد و سارد وەک سەهۆڵ ------١٣٠
فەسڵی یانزە: ئیسلام لە ئەڵمانیا.... ئیسلامی ئەڵمانی....؟--------١٤١
فەسڵی دوانزەهەم: دوژمــن: ئیســلام ----------------------١٦٩

هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional - Iraq
Council of ministers

| | |
|---|---|
| سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان<br>کتێبخانەی گشتی سلێمانی<br>بەشی سپاردن<br>ژمارە :<br>رۆژ: / /کوردی ٢٧١٩ | رئاسة مجلس الوزراء<br>وزارة الثقافة والشباب<br>المديرية العامة للمكتبات العامة<br>المكتبة العامة/ السليمانية<br>ژمارە : ٦٣٥<br>بەروار ١٨ / ٢ / ٢٠٢٠ |

بەڕێوبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی
رۆیشتوو

بۆ/ ناوەندی ڕێنوێن
بابەت / ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی ( ١٢٨٩ ) ی ساڵی ٢٠٢٠ تەرخانکراوە بۆ کتێبی ( گەشتێک بەرەو مەککە ) کە لە نووسینی (مراد هۆفمان )ە، وە لە وەرگێڕانی ( عەبدولقادر عەلی رەشید )ە، بە تیراژی ( ١٠٠٠ ) دانە، کە بابەتەکەی ( فکری )ە، بە مەرجێك (٥) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن رەوانە بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

فەرمانبەری ڕێنماو

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن
ژمارە/
رۆژ ٢٠٢٠/٢/١٨

ساکار عەلی عەبدوڵڵا
جێگری بەڕێوەبەر

تێبینی:

-١ دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لەسەر کتێبەکە چاپ بکرێت، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( )ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە.
-٢ هەر چاپخانەیەك پابەند نەبێ بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە، ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.
-٣ ئەم نووسراوە سکان بکرێت ولە دوا لاپەڕەی کتێبەکەدا دابنرێت .

وێنەیەك بۆ/
- دوسیەی سپاردن

slemanylibrary@yahoo.com
www.slemanylibrary.com
ژمارەی تەلەفۆن/ ٣٢٠٢٧١٦